# فاکت

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2016

فاکت

2016

ناوی کتێب: فاکت
نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)
بابەت: گۆشەی ڕۆژنامەنوسی
پێداچونەوە: ئەرسەلان حەسەن - زریان محەمەد
تایپ: نیاز کەمال، نیاز جەمال، کەیوان عومەر
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 4000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1816 )ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

# پێرست

قۆناغی دووەمی ئاشتی لە باكور ........................... 13
كێ لەپشت تیرۆری كاوە...یە؟ ........................... 16
ڕەهەندە سیاسییەكانیهەڵوەشاندنەوەی یەكلیستی........... 19
ململانێی دۆست و نەیارانی ڕۆژئاوای كوردستان.......... 22
سەركردایەتی )ی.ن.ك(یش بەرپرسیارە؟ ..................... 26
قەیرانی فڕۆكەخانەكان ........................... 30
كەمپینێك بۆ كوردەكانی رۆژهەڵات ........................... 33
كۆبونەوەكەی ماڵی فەتاح رەباتی ........................... 37
غەدر لە سەرەك وەزیران ........................... 40
ڕێككەوتنی ستراتیژی یەكێتی - PKK ........................... 43
لیستی 102 بێ ئەڵتەرناتیڤە ........................... 46
ورد و درشت ........................... 50
دووڕوویی ئەمەریكا دۆستایەتی مجاهیدینی خەلق و
دژایەتی PKK ........................... 54
نۆبل بۆ تاڵەبانی و سیستانی ........................... 56
سواڵی مۆسیقا ........................... 62

سلێمانی لە نێوان دوو پارێزگاردا ........................................ 65
دیاردەی خۆکوشتن ........................................................ 68
ئاسیاسێڵ ............................................................... 71
گوناهی کورد بوون...! .................................................... 74
دەبێت حکومەتی سوید ئەم کوردانە دیپۆرت بکاتەوە.............. 77
شۆڕشی ئاوارەبوون ....................................................... 80
غەدر لە ئۆپۆزسیۆن، سیاسەتی تەندروست ............................ 83
تەڵەی نەوت ............................................................. 88
هەرێمی کوردستان لە لیستی ڕاوچیانی ڕۆژنامەنووساندا نیە ...... 92
سیناریۆکانی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری ................................ 96
ماندووکردنی هاووڵاتیان .................................................. 100
ناسیۆنالیزمی بارزانی و ئۆپۆرتۆنیستی ئەمریکا ........................ 104
فەتواکەی سەڵاحەدین بەهادین ........................................ 109
پشتیوانی لە BDP) و (PYDو گلەیی لە PKK ...................... 113
میدیای باشووڕوو لە ڕۆژهەڵات و پشتیوانی
لە ڕۆژهەڵاتییەکان ........................................................ 117
موزایدەی پەرلەمانتار ...................................................... 121
ئەگەرەکانی بەردەم کۆنگرە ............................................... 124
PKK لە غیابی ئۆجالان دا ............................................... 128
کاتی گۆڕانکارییە...؟! ..................................................... 133
بەم پرەنسیپانە یەکێتی بناسەوە ......................................... 137
کێ لە پشت تیرۆرەکانی )پاریس(ەوەیە...؟ ............................ 141
کۆتایی سەبری ئەیوبی کۆمەڵەو دیموکرات....! ........................ 146
ئۆجالان یان مەلالا شایستەی خەڵاتی نۆبڵ-ن ......................... 151

شڵەژان و نۆرماڵ بوون ........................................ 156
مۆدێل و سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت ........................ 159
ئەلتەرناتیڤی قەیرانەکانی هەرێمی ................................ 163
مەترسی هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکان ................................. 167
داخوازیەکانی خوێندکارانی داخلی رەوایە...؟ ...................... 170
شین لە قامیشلۆ و شایی لە قاهیرە .............................. 174
دروستکردنی کارەکتەرو ئەفرێنەر لە زانکۆدا...!؟ .................... 177
ترافیك و ترافیکەکان ........................................... 181
مفاوەزاتی ئێران و کوردەکان ..................................... 184
ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش نییە...؟! .............................. 188
جەهەننەمی خواو دیکتاتۆرەکان .................................. 191
ئەگەر یەکێتی نەبێت؟ ........................................... 195
ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزسیۆنی سوننەتی...؟! .......................... 199
شکستی خواستەکانی گۆڕان ....................................... 202
کۆنگرەی نەتەوەیی ............................................. 205
مۆدێلی حزبی نوێ ............................................... 209
حکومەتی هەرێمی کوردستان(رۆژئاوا) ............................. 212
تەنگەژەکانی بەغداو هەولێر ...................................... 216
قائمقام؟ ....................................................... 220
وەزیرچاکەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی دایەوە...! ........................ 224
فشارەکانی سەر کەرکوك و پارێزگار...؟! ........................... 227
بارزانی لە ئامەدەوە بۆ قەندیل .................................. 231
تێوەگلان لە تۆڕە مافیایەکان ..................................... 235
رۆتین و ئەنتی رۆتین ............................................ 238

بارزانی کوڕ، چاو لە بارزانی باوك بکات...؟! ............ 242
ئاوازی ناشاز ............ 247
5000 کوردی رۆژهەڵات لەمەترسیدان ............ 251
بۆچی بردمانەوە...؟! (1) ............ 255
بۆچی بردمانەوە...؟! (2) ............ 259
یەکێتی هاوپەیمانێتی نوێ...؟! ............ 263
22ی نیسان رێزگرتن لە رێنسانسی رۆژنامەگەری ............ 266
دژایەتی کەرکوك، د.نەجمەدین، دژەتیرۆر بۆچی...؟ ............ 270
پیلانگێڕییەک لەڕێدایە دژی یەکێتی؟ ............ 274
ئەوەی گۆڕاوە، گۆڕانە ............ 277
قەیرانەکانی تەشکیلکردنی حکومەت ............ 280
ئەردۆگان دەیەوێت شوێن پێی ئۆزال هەڵگرێت! ............ 283
ئەڵتەرناتیڤی ئەو بارودۆخە...؟ ............ 287
کەی سلێمانی دەکرێتە پایتەختی رۆشنبیری..؟ (بەشی یەکەم)....... 291
کەی سلێمانی دەکرێتە پایتەختی رۆشنبیری؟ بەشی دووەم........ 295
تەشخیص و ئەڵتەرناتیڤ ............ 299
کۆبانێ بێ مۆراڵی تورکیاو پۆپۆلیستی ئەمریکا ............ 303
کۆبانێ پەرجویەکی کوردانە ............ 308
ئەرکی، ئەنتی فەندەمێنتالیستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ......... 310
کورد بەشێکە لە هاوپەیمانێتی ئەمریکا ............ 319
مەحکومبوون بە عیراقیبوون ............ 324
قەیرانی بەنزینسازی ............ 328
داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟ ............ 332
تورکیا سیناریۆکانی داعش دادەڕێژێت...! ............ 336

داعش کۆنترۆڵی عیراق دەکات؟ ........................ 341
لەنێوان مەسیحییەکان و کوردەکانی رۆژهەڵاتدا .................... 344
تاڵەبانی و سیستانی عیراق ........................ 353
رۆتینیات ........................ 350
جەهەنەمێك، کە ناوی عیراقە ........................ 353
لەچاوەڕوانی حکومەتێکدا...! ........................ 356
ئەنتی فەندەمێنتاڵ و داعش و ماسککراوەکانیان...؟! ................ 359
سیناریۆکان ی دەوڵەتی کوردی...؟ ........................ 365
چەواشەکاری بەرامبەر مێژووی حزبەکانی رۆژهەڵات ................ 369
داعش نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا ........................ 375
داعش، لە بەرگی سوننیزمدا ........................ 379
کەشتییەکی بێ ناسنامە ........................ 384
کۆنگرەی نەتەوەیی کەی دەستپێدەکاتەوە؟ ........................ 388
رەهەندە نێگەتیڤەکانی سەردانەکەی ئۆغلۆ ........................ 392
تێڕوانینی جیا بۆ تیرۆریزم ........................ 397
رێککەوتنی چاوەڕواننەکراو ........................ 400
جنسیە، ئیقامەو پاسپۆرت کرێچین...! ........................ 404
تاکسی: موڵکی هاووڵاتیانە ........................ 408

## پێشەکی

فاکت: بەرهەمی کۆکراوەی ئەو گۆشەو ستونە رۆژنامەنوسیانەیە، کە لەماوەی ساڵانی 2012 – 2013 لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام کۆکردنەوەیان وەکو فاکتێك لە دووتوێی ئەم کتێبەدا، قسەکردنە لەسەر روداوگەلێکی سیاسی، کە لەو چەند ساڵەدا روویانداوە و بۆچوونی خۆمم لەبارەیانەوە دەربڕیوە.

جا لەهەندێك شوێن، رەنگە باشم پێکابێت، لەهەندێك شوێن نەمپێکابێت، بەڵام بەلامەوە گرنگ بووە قسەیەکی لەسەر بکەم و لە ستونێکی پێنج سەد تا شەش سەد وشەیی، بیخەمەروو، لە هەرکات و ساتێکدا روداوەکان گەرمتر بووبن، ستونەکان گەرمتر بوون.

بەڵام خاڵێکی تر کە گرنگە باسیبکەم و لەکتێبەکانی پێشوو تریشدا (تیرستان، فایل، دۆکیۆمنێت)، کە سێ کتێبی گۆشەی رۆژنامەنوسی بـوون باسمکردووە ئەویش ئەوەیە، «ستونی رۆژنامەنوسی بۆ کات و رۆژی خۆی دەنوسرێت».

واتا نوسینە سەبارەت بەرووداوگەلێك، کە ئەوکاتە روویداوە، بۆیە کە کۆدەکرێتەوە دەکرێتە کتێب، رەنگە کاتێکی زۆر بەسەر رووداني رووداوەکە تێپەڕ بووبێت و خوێنەر وابزانێت، ئەوەی

دەیخوێنێتەوە کۆنە، ئەوە راستە، بەڵام سیفاتی گۆشەی ستونی رۆژنامەنوسی وایـە، کە دەبێت بەڕەچاوکردنی زەمەنی ئەو رواداوانەی، کە روویانداوە سەیری بکرێت.

بۆیە گەر لەو بارەیەوە کەموکوڕی هەبوو، دەبێت ببورن، ئەگەر نا وەکو دەق، ئایدیاو بۆچونەکان، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

دەبێت سوپاسی رۆژنامەو گۆڤارو سایتەکانی (کوردستانی نوێ، لڤین، ئاوێنە، هاوڵاتی، شار، خەندان، .....هتد) بکەم، کە ئەم ستونانەیان بڵاوکردۆتەوە.

بەسپاسەوە

ئەنوەر حسێن
2016/1/3

# 1
# قۆناغی دووەمی ئاشتی لە باکور

لە کاتێکدا پرۆسەی ئاشتی نێوان (PKK و تورکیا) پێدەنێتە قۆناغی دووەمی، چاوەڕوان دەکرێت هەنگاوی باشتر بنێت و بە یەکجاری کۆتایی بە شەڕێکی خوێناوی سی ساڵە بهێندرێت.

ئەگەرچی هەندێك لایەن پێیانوایە ئەنکەرە هیچ هەنگاوێك نانێت بۆ ئەو پێڤاژۆیە لە بارەی (هەموارکردنی دەستوور، کەمکردنەوەی ڕێگری 10% ی ڕێژەی پەرلەمان، خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی، هەڵوەشاندنەوەی سیستمی جاشایەتی، ئازادکردنی گیراوەکان و باشترکردنی ڕەوشی ئۆجالان).

ئەمانە ئەگەرچی راستن، بەڵام (AKP) چاوەڕوانی ئەوەیە بە کەمترین ماف بۆ کوردو زۆرترین ئیمتیاز بۆ خۆی لە پرۆسەکە دەربچێت و پێدەچێت لە داهاتوودا ناچاربێت هەنگاو هەڵگرێت، چونکە ئەنکەرە ئەوە دەزانێت جگە لە سەرکەوتنی پرۆسەکە، تاکە ئەڵتەرناتیڤێك نیە جگە لە دەستپێکردنەوەی شەڕ.

شەڕێك کە سی ساڵە بەردەوامە، بێگومان مەنتقی نیە ئەگەر ئەنکەرە بیەوێت ئـەم پرۆسەیە شکست بخوات و جەنگ دەستپێبکاتەوە.

بەڵام بە ئەزموونی وڵاتانێك کە پڕۆسەی دیالۆگ و ئاشتی تێیدا سەرکەوتوو بووە، بە چەند مانگ قەیرانەکان چارەسەر نەبوون، تاکو چەند ساڵ زیاتریشیان ویستووە، کێشەی نێوان باڵی شین فینی ئێرلەندا و حکومەتی بەریتانیا، فەلەستین و ئیسرائیل یان بڵێم فەتح و تەلئەبیب، زاباتیستا و حکومەتی مەکسیك، ماندێلا، ئاپارتاید و زۆر لایەنی تر، کات و هەوڵێکی زۆری ویست تا پڕۆسەکە گەیشتە ئاکام.

ئەوە ڕاستە کە PKK هەنگاوی یەکەمی ناوە، بەڵام هێشتا ئەم هەنگاوە تەواو نەبووەو ڕەنگە تەواوی هێزەکانی گەریلا پاشەکشەیان نەکردبێت. بـەڵام بەهەرحاڵ ئەنکەرە ئەگەر هەنگاویشی نەنابێت تۆمەتبارە بە چەند ڕووداوێـك لەناو پڕۆسەکەدا، لە بابەتی تیرۆر کردنی چانسز و هاوڕێکانی لە پاریس، ڕووداوەکانی لیجە و کوشتنی چەند کەسێك، دروستکردنی (14) قەرەقولی تازە لە شێرناخ، لەوانەش خراپترین فشار خستنەسەر حکومەتی دانیمارك بۆ داخستنی هەرسێ کەناڵی (نوچە، mmc، ڕۆژ TV) کە خراپترین هەنگاون لەناو پڕۆسەی ئاشتیدا.

بەڵام دیسان نابێت ئەو بۆچوونانە ببنەوە واقیع کە لە بەرامبەر ئەم کارانەی ئەنکەرەدا، باڵی سەربازی (کەجەکە) لەدوای کۆنگرەی (9) دۆخەکە بەرەو شەڕ دەبات، یان دەرچوونی ئەو باڵە ببێتە هۆی سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، بەڵکو دەبێت ئەوە بە کارێکی سروشتی حزبێك دابنرێت کە لە کۆنگرەکانیدا

ئاڵوگۆڕ پێكدێت، ئەگەرچی دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، لەم پڕۆسەیەدا بە تایبەتی بە تەنها قەندیل و (HPG) نین کە بڕیار دەدەن، بەڵکو چوار هێزی سەرەکی هەن (ئیمراڵی، قەندیل، ئامەد، برۆکسل) کە چوار هێزو پێگەن و هەرکامیان کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەوشەکە هەیەو هەرگیز نابێت ڕێگا بدرێت سیناریۆکەی پێشووی (شەمدین ساکیك) دووبارە ببێتەوەو کەسانێك جەنگ هەڵبگیرسێننەوە، بەڵکو دەبێت دەستپێکردنەوەی شەڕ دواین ئەڵتەرناتیڤی ناچاری بێت.

بەپێی چەند ئامارێك، خەرجی شەڕی سی ساڵەی تورکیاو پ.ک.ک (400)ملیار دۆلار بووە، ساڵانە لانی کەم (17) ملیار دۆلار خەرجی شەڕە، خەرجی شەڕ (51%) کۆی داهاتی نیشتمانی تورکیایە، خەرجی جەردەوان (جاشەکان) (1,3) ملیار دۆلارە، لە کاتێکدا هاوکاری تورکیا بۆ باکوری قوبرس (0.5) ملیار بووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوێکی سویدی خەرجییە سەربازییەکانی جیهان (1,75) ترلیۆن دۆلارە، بە تەنها لە تورکیا (18,2) ملیار دۆلار بووە بۆ ساڵی 2012، بەمشێوەیە تورکیا لە ڕیزبەندی (5)ـەمینە لەسەر ئاستی جیهاندا.

ئەنکەرە دەکرێت بپرسێت ئایا ئەم خەرجییە زەبەلاحەی بۆ پێشکەوتن و گەشەی تورکیاو ناوچە کوردستانییەکانیش بێت باشتر نیە لە جەنگ؟

ئایا جەنگ ئەڵتەرناتیڤە..؟!

## 2
## کێ لەپشت تیرۆری کاوە...یە؟

کێ لەپشت تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی-ـەوەیە..؟

دڵنیام کاوە نە یەکەمین کەسە و نە دوواهەمین کەسیش دەبێت کە لەم وڵاتەدا تیرۆردەکرێت، چونکە پێشتر چەندین ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتی تر تیرۆرکراون و بکوژەکانیان نەدراونەتە دادگا.

لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا (900) کەیسی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە، بـەڵام یەك پۆلیس ئیجرائاتی بەرامبەر نەکرا، هەرچەندە داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان کرا کە هەنگاو هەڵبگرن بۆ جێبەجێکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی - ژمارە (35) کە داکۆکی لە مافەکانی ڕۆژنامەنووس دەکات و هەمان ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرێکی حکومەتی پێدەدات، بەڵام هەنگاو نەنراو بگرە پێشێلکاری بەردەوام بوو، تا دەگاتە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی.

هەمیشە دەبێت ئەو پرسیارە بکرێت، کێن ئەوانەی تەنها دڵیان

به تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێك ئاو دەخواتەوە..؟!

خۆ دەكرێت دادگـا، یان نوسین و وەڵامـدانـەوە لە جیاتی تیرۆرکردن ببێتە پرۆسە، بـەڵام کاتێك قینەکە هێندە توندو نامرۆڤانە بێت، یاساو دادگاکانیش نەتوانن هەڵوێست وەربگرن و نەیاندۆزنەوە، ئیتر تیرۆر بە ئاسانی بە ئاکام دەگات.

بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا تیرۆری کاوەو تیرۆرەکانی پێشووتر، ڕێکخراوون؟ ئایا حکومەت، یان حزب دەستیان هەیە لەوکارەدا..؟ ئەم خاڵە گرنگە، خۆ ئەگەر ئەم دیوەیان بێت، زۆر مەترسیدارەو دەبێت هەموو کەس سڵ لە کوشتن بکاتەوە، کە هەستناکەم تیرۆرەکانی کوردستان ڕێکخراو بن و هیچ کام لەو دوو لایەنەی لەپشتەوە بن، چونکە ئەوە گەورەترین مەترسییە لەسەر سیستمی سیاسی کە پەنا بۆ کوشتن و تیرۆرکردنی تەنانەت نەیارانیش بەرێت... چ جای ئەوەی ئەو حزب و حکومەتە بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی، ئازادی عەقیدەو بەیان، ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی بکات، مایەی سەرنج و لەسەر وەستانە..!

ئەگەر ڕاستە، ڕێکخراو نیە، ئەی چۆن ڕێگا بە گروپێکی مافیایی یان گێرەشێوێن دەدرێت لە پێناو ئامانج و ڕق و قینی شەخسی ئەوکارانە ئەنجامبدات...؟ ئەی دۆزینەوەی ئەمانە ئەرکی یەکەم و کۆتای حکومەت و دامودەزگا ئەمنییەکان نیە...؟

خەڵکی زۆرجار پرسیار دەکەن، بۆچی حکومەت هێندە ورياو چاوکراوەیە لە بەرامبەر گروپە تیرۆریستەکان و پلانەکانیان و زوو دەیاندۆزێتەوە، کەچی لە بەرامبەر تەقەکردن لە شاسوارو سەروەت و تیرۆری کاوە و سۆران و زەردەشت واقی وڕدەمێنێت...؟

ئـەوەی زۆرتریش مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە ماوەیەکە

بارودۆخێکی مەترسیدار ڕوویکردووەتە سنووری سلێمانی، ئەوە گەرمیانیشی گرتەوە، چەندین حاڵەتی کوشتن و تیرۆر ڕوویداوە، جگە لەوەی بووەتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ خەڵك و هەستکردن بە مەترسی، کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر باری ئەمنی و بازرگانی و سیاسی، هەرێمی کوردستان کە دیارە هەندێك لەوانە بە مەبەست و مەرامی سیاسی دەکرێن، بەڵام لەژێر هەر ناو و بیانوویەکدا، ناکرێت حکومەت و دامودەزگا ئەمنییەکان خۆیان لەو بەرپرسیارییەتیە بدزنەوە کە ناتوانن تاوانباران بدۆزنەوە، هەمیشە ئەوە بڵێن کە سەرەداوێکمان دۆزیوەتەوە، بەڵکو دەبێت بە ڕۆشنی بە خەڵك بوترێت کە  کەسەکان کێن و ئەو کەسانەن و خەڵك دڵنیا بکرێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم بەرپرسیارییەتیەش هەڵوێست وەرگرتن و جێهێشتنی گومان لای خەڵکی، دەکرێت بەهەر جۆرێك بێت بکوژانی کاوە بدۆزنەوەو بیاندەنە دادگا، لانی کەم متمانەیەکی باش دروستدەبێت، خۆ ئەگەر وەکو ڕووداوێکی ئاسایی بڕوات، دڵنیام مانگێکی تر نابات هاووڵاتیەکی ترو ڕۆژنامەنووسێکی  تر دەکوژرێت و ئیتر مەترسییەکە دەبێتە یەکجارەکی و کوشتن و نائارامی و تیرۆرەکانیش لە حاڵەتەوە دەبنە دیاردە...

# 3

# ڕەهەندە سیاسییەکانی هەڵوەشاندنەوەی یەکلیستی

سەرئەنجام ئەو هاوپەیمانێتییەی کە چەند ساڵە لە نێوان یەکێتیی و پارتی بە گشتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان پێکهاتبوو، بە بیانووی بوونی نەجمەدین کەریم وەك سەرۆکی لیست، پارتی لێیکشایەوە، بەمەش وردە وردە کۆتایی بە یەکلیستی ناوچە جێناکۆکەکان دێت و هەر دوای ئەوەش یەکێتیی لە موسڵ بەلیستی جیا دابەزینی خۆی ڕاگەیاند، کە پێدەچێت لە دیالەو شوێنەکانی تریش بەهەمان ڕێچکە بڕوات، پرسیار ئەوەیە، بۆچی لەمکاتەدا پارتی ئەمکارەی کرد...؟

ئایا نەجمەدین کەریم سەرەڕای ئەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو زۆربەی خەڵکی کەرکوك بە تورکمان و عەرەبیشەوە لێی ڕازین، لە ماوەی ڕابردوودا توانیویەتی خزمەتی زۆری شارەکە بکات، بە قسەی خەڵکی شارەکەش لە دوای ڕووخانی بەعسەوە کەرکوك هێندە گەشەو خزمەتی بەخۆیەوە نەبینیوە.

ئایا نەجمەدین کەریم هێندە خراپە کە ناکرێت کاری لەگەڵدا بکرێت...؟

یان مەسەلەکە رەهەندە سیاسییەکەیەتی! کە ئەگەر ئەو سەرۆکی لیستەکە بێت و یەکێتیش خۆی لە کەرکوك هێزی یەکەمە، ئەوانی تر پاشەکشە دەکەن.

خۆ ئەگەر لەسەر پۆست و ئیمتیازیشە، هەر زوو لیستی یەکێتیی کە لە موسڵ هەستی بەو غەدرە کرد نەشکشایەوەو یەکڕیزی لیستەکەی تێکنەدا...!

لە مـاوەی ڕابـردووشـدا، هەندێك میدیا هێرشێکی زۆریـان کردەسەر پارێزگارو تەنانەت لە کاتی ڕووداوەکانی پەلاماردانی دەزگای هەواڵگری وتیان کە پارێزگار کەرکوکی جێهێشتووەو دژەتیرۆر زیادەیە هاتووەتە شارەکە.

دیـارە لێکهەڵوەشانەوەی ئـەم یەکلیستییە لە کەرکوك، ڕەنگە وردە وردە درز بخاتە سەردەمی ڕابردووی هاوپەیمانی یەکێتیی و پارتی، کە بێگومان دیوی نێگەتیڤی زۆریش بەدوای خۆیدا جێدەهێڵێت و ڕەنگە ئەم ئاڵوگۆڕانەش لە دەرئەنجامی، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی دیکەی ڕابردوودا ئەنجامدرابن کە (ی.ن.ك) پاشەکشەی کردو هێزەکانی تریش بیر لە هاوپەیمانی نوێ بکەنەوە، کە ئاساییەو ڕەنگە ئەمە لە لیستی پەرلەمانی عیراقیش ڕووبدات.

تا ئەو شوێنەی پارتی گلەیی لە نەجمەدین کەریم هەیە، ئاساییە بکشێتەوە، بەڵام سەیرە بۆچی هەر کە پارتی کشایەوە، گۆڕان و ئیسلامییەکان و حزبە بچووکەکانیش کشانەوە...؟

خۆ ئەگەر پارێزگار کێشەی لەگەڵ بەرپرسی حزبی، حکومی

پارتی بووبێت، وەکو خۆیان دەڵێن، خۆ هێزەکانی تر پارێزگاریان بەدڵ بوو، ئەی بۆچی کشانەوە..؟

وەڵامەکەی ڕوونـە کە بۆچی و چـۆن...؟ بیانەوێت یان نا، دەیانەوێت بڵێن پشت لە یەکێتیی و ڕوو لە پارتی دەکەین...؟

لـەوەش سەیرتر، گـۆڕان زوو لە لیستەکە کشایەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕێکخەری گۆڕان بەڵێن بە خەڵك دەدات کە لەگەڵ پارتی ڕێککەوتوون چوار ساڵی داهاتوو ساڵی ئارامی و ئاسایش دەبێت و تەنانەت لە حکومەتیش ناکشێنەوە...

ئەوەش مانای وایە، گۆڕان لە هەرکوێ بۆی بکرێت درێغی ناکات لە دژایەتی یەکێتیی و هاوپەیمانێتی و گۆڕینی هەڵوێست و بۆچوونەکانی، وەکو چۆن هیچ لە بارودۆخی کوردستان نەگۆڕاوە کە گۆڕان لەپڕدا موقفی وا پۆزەتیڤ بووە بەرامبەر حکومەت، بەڵکو تاکە شتێك کە گۆڕاوە، گۆڕان و هەڵوێستەکانێتی، وەکو چۆن لەسەر پارێزگاری کەرکوکیش زوو هەڵوێستەکەی گۆڕی.

لە ماوەی ڕابردوودا، لە کۆبوونەوەیەکی یەکێتیی و پارتی کە سەرۆکی هەرێم ئامادەبوو، بەرپرسێکی یەکێتیی لە کۆبوونەوەکە ئەو گلەییانەی کردبوو کە لە موسڵ پارتی غەدری لە یەکێتیی کردووە، بۆیە دەکرا لەسەر کەرکوکیش، پارتی ئەو گلەییانەی بردایەتە لای سەرۆکی هەرێم و دواتریش ئاشکرا بکرێت کە نەجمەدین کەریم چی کردوووە هێندە پارتی نیگەران کردووە، یەکلیستی کەرکوك هەڵدەوەشێنێتەوەو موقفی کورد بێهێز دەکات.

ئایا گلەییەکان وا بکرایە باشتر نەبوون، تا چارەسەر بکرایەو ئەم قەیرانەی لێنەکەوێتەوە.

4

## ململانێی دۆست و نەیارانی ڕۆژئاوای کوردستان

ڕۆژئـــاوای کوردستان تا دێـت پڕئەهیمەتترو ڕەهەندی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و دەکەوێتە چوارچێوەی ململانێکانی وڵاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانی وەك واشنتۆن و مۆسکۆ.

لەسەرەتای ئەم مانگەدا ئیڤیسگینی بریماگۆڤ وەزیـری دەرەوەی ڕوسیا لەگەڵ هاوتا ئیتاڵییەکەی، جەختی لەسەر کوشتاری کوردەکان کردەوەو پشتیوانی و هاوکاری خۆشی بۆ دەربڕین، واشنتۆن لەسەر زاری وتەبێژی کۆشکی سپییەوە داوای لە سەرۆکی هەرێم کرد کە پێشمەرگە نەچێتە ڕۆژئاوا، چونکە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات.

دانیشتنە دووقۆڵییەکەی ساڵح موسلیم و بەشار حەکیم، لە تاران گرنگیپێدانی تارانە بەڕەوشی سیاسی ڕۆژئاواو قوڵبوونەوەی ململانێکانی نێوان تاران و ئەنکەرەو دەربڕینی پشتیوانی بۆ ئیدارەی خۆجێیی کوردەکانی ڕۆژئاوا.

هەرکام لەم دۆسیانە گرنگیدانە بەڕەوشی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستی

ناوچەکەو جیهان، بەوپێیەی لەلایەك گرنگی خودی ناوچەکەیە کە لەڕووی جوگرافییەوە وەکو ناوچەی نفوزی PKK دادەنرێت و لە قەندیلەوە ئاڕاستەدەکرێت، ئەنکەرە لەم حاڵەتە زۆر نیگەرانەو دەیەوێت سەرەڕای هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ PYD هاوکاریکردنی ئەلقاعیدەو نـەسرەو گروپە تیرۆریستییەکان، ڕێگریش لەدروستکردنی ئیدارەی خۆجێیی و هەڵبژاردن و حکومەتی ڕۆژئاوا بکات.

بانگهێشتکردنی PYD و پارتی ئـازادی و الپارتی و حزبی یەکێتی بۆ ئەنکەرەش بۆ سازانە لەسەر خواستەکانی ئەنکەرە کە ئاسۆیەکی ڕوونی لێ چاوەڕوان ناکرێت، چونکە داوایەکە لەگەڵ پشتگیرییەکانی ڕوسیاو تاران یەکناگرێتەوە.

لەئاستی مەیدانی، تا ئەمکاتەش PYD پارسەنگی هێزی بەلای خۆیدا پاراستووەو ڕێگەی نەداوە هیچ هێزێکی تر چەکداربێت، تا ڕادەیەك ئیدارەیەکی سەرکەوتووی بونیادناوە، پشتیوانی PKK و هەندێك هێزی باشوورو ڕاگەیاندنی کارکردن بۆ دەستوورو حکومەت و ئیدارەی کاتی بەتەواوی ئەنکەرەو سوپای ئازادو گروپە تیرۆریستییەکانی نیگەرانکردووەو دەیانەوێت شکست بە PYD بهێنن.

تەنانەت ڕووداوەکانی ڕۆژئاواو سەرنەگرتنی چوونی وەفدێکی کۆنگرەی نەتەوەیی بەبێ PYD نەیتوانی بچێت، تەنانەت یەکێك لەفاکتەرەکانی دواکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەییش بارودۆخی ڕۆژئـاواو دارایی بووە، کەواتە ڕۆژئـاوا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی هەیەو تەنانەت هێزەکانی ناو کۆنگرەی کردووەتە دوو ئاڕاستە.

فاكتەرێكی تر كە ئینكاری ناكرێت، پشتیوانی (ی.ن.ك)ە لە هەوڵەكانی ڕۆژئاوا بۆ سەركەوتن و لابردنی كێشەو گرفتەكانە كە زۆر لەپێشتر پێشبینی كردبوو  لەگەڵ لایەنەكان دانیشتنی بووەو هاوكاری كردوون.

لەلایەكی تر فاكتەرەكانی PKK و ڕاگەیاندنی جەمیل بایك كە دوامۆڵەت بۆ ئەنكەرە سەرەتای ئەیلولە، ئەگەرنا ڕەنگە جەنگ ڕووبـداتـەوەو لێدوانەكانی دەمیرتاش هاوسەرۆكی BDP ش دەڵێت ئەگەر لەگەڵ ئۆجالان پرسەكە چارەسەر نەكەن با بچن كارەكان لەگەڵ جەمیل بایك تەواوبكات.

ئەم دوو پەیامە ئەگەرچی بەشێكی پەیوەستە بەپرۆسەی ئاشتی و فشار لەسەر ئەنكەرە بۆ سازش ....، بەڵام فاكتەرێكی سەرەكی فشارە لەسەر ئەنكەرە بۆ پاشەكشە لەدەستێوەردانی ڕۆژئاواو وازهێنان لەپشتیوانی گروپی ئەلقاعیدەو نەسرەو سوپای ئازادە، ئەگەرنا لە ئەیلوولی داهاتوو زەنگی لێدانەوەی شەڕ جارێ دوورەو هێشتا زووە.

خاڵێكی تر كە ڕۆژئاوای كردووەتە چەقی ململانێكانی بۆچوونە سیاسییەكانی وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و بەتایبەتی گێچەڵی توركیاو گروپە تیرۆریستییەكان فاكتەری نەوتە.

بەپێی سەرچاوەكان، نەوتی ناوچە كوردنشینەكان كە لەژێر دەسەڵاتی PYD ن ساڵانە دەتوانێت 11 ملیار دۆلار داهاتی بێت، ئێستا ڕۆژانە (250000) بەرمیل بەرهەمدەهێنێت، لەناوچەی حەسەكە لەكێڵگەی رومێلان كە دەكەوێتە 200 كم خۆرهەڵاتی سەری كانێ، بۆیە نەوتیش یەكێكە لەفاكتەرەكانی ئەو كێشانە، بەڵام زۆربەی ئاماژەكان باس لەسەركەوتنی هەنگاوەكانی كورد

دەکەن لە ڕۆژئـاواو هیچ کام لەهێزە لایەنەکان کە دژایەتی خواستەکانی خەڵکی ڕۆژئاوا دەکەن ناتوانن ڕێگری و لەمپەری زیاتری بۆ دروستبکەن و پاشەکشەی پێبکەن، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاوبگرین بەهەموو کێشەو گرفتەکانەوە کە ڕۆژئاوا هەیەتی، بارودۆخی ڕۆژئاوا زۆر لەساڵی 1992 ی باشوور باشترە کە توانی حکومەت و پەرلەمان پێکبهێنێت و بگاتە ئێستاو سەرکەوتوو بێت.

## 5
## سەرکردایەتی (ی.ن.ك)یش بەرپرسیارە؟

ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) کۆبوەوە، بۆ تاووتوێکردنی بارودۆخی یەکێتیی دوای هەڵبژاردنەکان و سازدانی پلنیۆم و ئەگەرەکانی بەشداری کردن و نەکردنی یەکێتیی لە حکومەت، سەرەڕای ئەوانەش وەکو بیستوومە: هەندێك لە سەرکردایەتی دەیانەوێت لەسەر پاشەکشەی یەکێتیی لە هەڵبژاردنەکان و کێشەو گرفتەکان قسەبکەن.

بێگومان سەرکردایەتی وەکو یەکێك لە دەسەڵاتە گرنگەکانی حزب ڕۆڵی کارا دەگێڕێت، دەتوانێت ئاڕاستەی سیاسی حزب بەشێوەیەك ئاڕاستە بکات کە کاریگەری لەسەر مەکتەبی سیاسی و قاعیدەی خواروش کاریگەرییان لەسەر دابنێت.

دۆخــی یەکێتیی بەشێوەیەکە، کە هەموو کەس خەریکە خۆی لە بەرپرسیاریەتی پاشەکشەو دەنگدان و قەیرانەکانی دەدزێتەوە، بەخودی سەرکردایەتیشەوە، ئەگەر سەرکردایەتی پێیوایە مەکتەبی سیاسی بەرپرسە بەتەنها، هەڵەیە، بەڵکو خودی

سەرکردایەتیش بەرپرسن، چونکە ئەگەر گلەیی لە نامونسەجیمی ناو مەکتەبی سیاسی بکرێت، لە سەرکردایەتی دووهێندەیە، ئەگەر قسە لەسەر فرەلێدوانی مەکتەبی سیاسیە، لە سەرکردایەتی فرە فرەلێدوان هەیە، ئەگەر قسە لەسەر نەهاتنە ناو خەڵکەوە لە مەکتەبی سیاسی بکەن، سەرکردایەتیش هەیە، ساڵی کۆڕێك، کۆبوونەوەیەك ناکات و لەگەڵ چوار کادیر دانانیشێت، دوو ڕاپۆرتی باش بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئامادە ناکات و لە مەکتەبەکەی خۆی، لە دەزگاکەی خۆی سەرکەوتوو نەبووەو لایەنگران، ئەندامان، کادیرانی مەکتەبەکەی و دەزگاکەی لێی ڕازی نین، سەرکردایەتیمان هەیە چوار پۆستی هەیە، بەس فریای کاری حزبی یەکێتیی ناکەوێت.

زۆر لەم سەرکردایەتیە بەڕێزانەش بە هـەزاران غەدریان لە کادرەکان و ئەندامانی خوار خۆیان کردووە.

زۆریشیان هێشتا گلەیی ئەوە دەکـەن کە مافی ئـەوان لە مەکتەبی سیاسیە، نەك سەرکردایەتی، خۆیان لە زۆر لە مەکتەبە سیاسییەکان بە موستەهەقتر دەزانن و پێیانوایە غەدریان لێکراوە، کە ئەم قسەیە تەنها چەند کەسێك مافی ئەوەیان  هەیە بیکەن، بەڵام خۆ لەدوای مەکتەبی سیاسی ئەوان بە پلەی یەکەم بەرپرسن، خۆ ئەوان لێپرسراوی مەڵبەندو مەکتەبەکان بوون، ئەوان دەبوو لەناو کاری مەیدانی و عەمەلی ڕۆژانەدا بن، ئەی کە جگە لە قەزای شارباژێڕ یەکەم بووین کە مەڵبەندی لێ نییە، کێ بەرپرسە لەو پاشەکشەیەو دەنگدانی دۆست و لایەنگرانی یەکێتیی لە سنوری مەڵبەندەکانی ئەواندا، کوا ئامارو داتاو فاکتەرەکانیان، چ بۆ سەرکەوتن، چ بۆ پاشەکشە..؟!

بەداخەوە گەر مەکتەب سیاسیەك ویستویەتی بۆ خۆی باڵێکی بێت، خەڵکی هەبێت، سەرکردایەتیش هەیە هەمان کاری کردووەو جگە لە کۆمەڵێك خەڵك بەدەوری خۆیەوە کاری بۆ کەس نەکردووەو گوێی لە کادیرەکان نەگرتووە، ئەگەر مەکتەبی سیاسی بۆ خۆی لێدوانی داوە، سەرکردایەتی وایە سەدان لێدوانی داوە کە زیانی لە خێری زیاتر بووە.

سەرکردایەتی وا هەیە ساڵی ستونێك بۆ ڕۆژنامەکەی نانووسێت، لە 17ی شوبات ئامادە نەبووە بێت بۆ گەرماوگەرم، ساڵی چوار کتێب ناخوێنێتەوە، ئاخر سەرکردایەتیەك بەم حاڵەوە، چۆن دەتوانێت ڕابەرایەتی سەرکردایەتی حزبێك بکات کە بەشێکی زۆر لە قاعیدەو کادیرەکانی بەتواناو زیندوون، بێگومان بەشێکیش لە کادیرەکان لە پای ئەندام مەکتەبی و ئەندام مەڵبەندو کارگێڕەکان، بەرپرسن، بـەڵام دوای سەرکردایەتی و لەکاتێکدا زۆرینەی کادیرەکان چالاکن، چونکە یەکێتیی بە حزبی کادیری پێشکەوتوو ناسراوە.

بۆیە هیوادارم کە ئەمڕۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆدەبێتەوە خۆیان ڕەخنە لە خۆیان بگرن و خۆشیان لە بەرامبەر ئەو پاشەکشەیە بە بەرپرسیار بزانن و هەرکەسیشیان سور ئەزانێت ئەو بەرپرسە لە شکستی یەکێتیی لە ناوچەکەی خۆی دەست لەو پۆستە بکێشێتەوەو کارێکی تر وەربگرێت، یان دەبێت یەکێتیی لێرەوە بڕیار بدات ئاڵوگۆڕ لە هەموو حزبدا بکات، ئاڵوگۆڕ لە هەموو ئۆرگانەکانیدا بکات، لانیکەم وەکو ئەزموونێك تا بزانێت کام لێپرسراو لە شوێنەکەی خۆی هۆکار بووە بۆ پاشەکشەی و کێ

سەرکەوتوو بووە، یان با ئەزموونێکی تازە بێت کە هەرکەسێك بتوانێت لە پۆستێکی تردا کاربکات، چونکە خەلەل هەیە لە زۆربەی ئۆرگانەکاندا.

هیوادارم لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا، سەرکردایەتی یەکێتیی وەکو چۆن ڕەخنە دەگرن، ڕەخنەش لە خۆیان بگرن، ئەگەرچی دڵنیام خەڵکی بەتوانا هەن لەناو سەرکردایەتی کە شایستەی مەکتەبی سیاسین و دەتوانن داکۆکی لە مافی کادیرەکانیش بکەن.

## 6
## قەیرانی فڕۆکەخانەکان

تکتی فڕۆکە بۆ سەفەر لەکوردستان گرانترین نرخە لەجیهاندا، کاتی هاتنو رۆیشتنی هاووڵاتیان لەفڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە بۆ سەفەر خراپترین کاتی هاتنو رۆیشتنە کە لەهیچ کوێی دنیا وێنەی نییە.

لەبەرچاو نەگرتنی حاڵەتی ئەمنی، زۆرجار خراپترین حاڵەتە لەفڕۆخانەکانی کوردستان، لەبابەتی ئەوەی فڕۆکەیەك توشی کێشە بێو بیەوێت لەهەولێر بنیشێتەوە و رێگەی پێ نادرێت، وەکو لەرابردودا روویدا.

وەکو میدیاکان پێشتر بڵاویانکردەوە کەهەندێجکارە بازرگانی چەك لەم رێگایەوە کراوە.

یان لەهیچ کوێی دنیا نییە، تەنها بەرپرسان یان واستەت هەبێت ئینجا بتوانیت ئۆتۆمبێلەکەت ببەیتە تەرمیناڵ، بەڵام لێرە بۆ هەندێك کەس ئاسایی‌و بۆ هاوڵاتی ئاسایی نائاساییەو دەبێت بەپاس بڕواتو بێت، کە دەبێت ئەم دیاردەیەش چارەبکرێتو بۆ هەمووان وەك یەك بێت، یان هەمووان بەئوتۆمبێلی خۆیان، یان

هەموویان بەپاس بگوێزرێنەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا کردنەوەی دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی، دوو دەستکەوتی گرنگن لەمێژووی نوێ سیاسی هەرێمی کوردستاندا، رێزگرتن لەهاووڵاتیان تاڕادەیەك بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت.

بەڵام بێگومان ئەم خاڵە باشانە، مانای ئەوەنییە کەس لەلایەنە نێگەتیڤەکانی فڕۆکەخانەکانی کوردستان نەپرسێتەوە .

بۆنموونە، هاووڵاتی کاتێك دەیەوێت سەفەربکات بۆ سوید، ئەڵمانیا، یان بەریتانیا لەسلێمانیو هەولێرەوە هەمووجار (2-3) کاتژمێر لەسەر کاتی خۆیەوە لەچاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە، ئەمە چییە؟ یان کۆمپانیا دەیەوێت تکتی زیاتر بفرۆشرێت، یان کۆمپانیای فڕۆکەوانی دەیەوێت نەفەری زیاتر سواربکات تاقازانجی زیاتر بکات، یان حکومەتو وەزارەتی گواستنەوە ئاگای لەم حاڵە نییە...!

ئەی هاووڵاتی گوناهی چییە کە دووقات و سێ قاتی وڵاتان پارەی لێ دەستێندرێت؟!، دواتر سێ کاتژمێریش پاش کاتی خۆی ئەنجا سواری فڕۆکە بێت، لەوسەریشەوە بەهەمانشێوە.

نمونەیەکی تر، راستە لەهەموو دنیا هەندێك کات نرخی بلیت گران دەبێت وەکو سەری ساڵ، بەڵام لەکوردستان هەموو کات گرانەو لەو کاتانەشدا دەبێتە دوو هێندەو هەمووشی لەگیرفانی هاووڵاتی دەردەچێت، لەکاتێکدا زۆربـەی کۆمپانیاکان خۆیان بەبەرپرس نازانن لەم کێشانەو کەسیش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات، دەبێت هۆکارەکە چی بێت؟ بۆیە وا باشە بیر لەبەرژەوەندی هاووڵاتیانیش بکرێتەوە.

جگەلەوانەش وەکـو چەندینجار لەمیدیاکان بڵاوکراوەتەوە

دەستگیراوە بەسەر چەکی نایاسایی، لەرێگای فڕۆکەخانەکانەوە، بێگومان ئەم کارە زۆر خراپەو دیاردەیەکە دەچێتە بواری کاری ڕەش‌و قاچاغچێتییەوەو سیمای فڕۆکەخانەکان ناشیرین دەکات‌و هەرێم دەخاتە لیستی رەشەوە، بۆیە هەق نییە فڕۆکەخانەکان رێگا بەم کارە بدەن، جا هی هەرکەسێك بێت لەم وڵاتەدا..

سەرەڕای ئەوەش نابێت رێگا بدرێت پارەی کاش لەبابەتی دۆلار یان زێڕ زۆر بنێردرێتە دەرەوە، چونکە کاریگەری لەسەر ئابوری کوردستان دروستدەکات، کە چەندین جار لە فڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە ئەم کارە روویداوە.

دەبێت حکومەت‌و وەزارەتی گواستنەوە خۆی بەبەرپرس بزانێت، لەنرخی بلیت‌و کاتی هاتن‌و رۆیشتن‌و جۆری فڕۆکەو کۆمپانیاکەو خزمەتگوزاری ناو فڕۆکە، کە بێگومان هەر کەس لەکوردستان سەفەربکات دەزانێت کەهەموو ئەو خزمەتگوزاری‌و نرخانە، زۆرو خراپن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت حکومەتی هەرێم بیر لەوە بکاتەوە کۆمپانیای کوردستانی دروستبکات‌و خۆی فڕۆکە بکڕێت، یان لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی ببێتە هاوبەش‌و چارەسەری ئەم گرفتانەو چارەسەری کێشەی هاوڵاتیانیش بکات.

# 7
# کەمپینێك بۆ کوردەکانی رۆژهەڵات

"لەم رۆژانەدا کوردێکی رۆژهەڵات لەسنەوە هاتبوو بەهۆی بارودۆخی ناهەموارەوە بۆ ئیش دەگەڕاو تەنانەت گەر بەشی خواردنو خەوتنەکەشی بکردایە رازی بوو، بێگومان هەر ئێستا بەهەزاران گەنجو لاو و خێزانی رۆژهەڵات پەنایان بۆ باشور هێناوە".

پێشتر بینیمان بەهۆی کەمپینی کەناڵی کوردسات بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان، لەماوەی رابردودا هاوکاریو یارمەتیەکی زۆر بۆکوردەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان کۆکرایەوە، کەبێگومان کارێکی ئینسانیو نەتەوەیی، مۆراڵی تاکی کوردی باشورە بەرامبەر برا کوردەکانیان، لەدەرئەنجانی شەڕی دووساڵەی ناوخۆی وڵاتی سوریاو قەتڵو عامی بەشار ئەسەد، کوردەکانی سوریا بەشێکی زۆریان رویانکردوەتە کوردستانی باشور.

بەڵام قسەکە ئەوەیە لەساڵانی هەشتاکانەوە، لەژێر زەختو فشاری ئێران، شەڕی کۆمەڵەو دیموکرات لـەدژی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، بەهەزاران خێزانی ڕۆژهەڵات و بەهەزاران پێشمەرگەو ماڵە پێشمەرگە رویانکردوە کوردستانی باشور کە لەبارودۆخێکی خراپدان.

بـەڵام لەئێستادا ناکرێت دان بەو واقیعەتەدا نەنرێت کەهۆکاری چییە جیاوازی کراوەو دەکرێت لەنێوانی کوردەکانی ئێرانو سوریا، بەداخەوە لەماوەی بیست ساڵی رابـردوودا کوردەکانی ئێران لەکەمپی رومادی ژێر دەسەڵاتی بەعسو دواتریش بۆ سنورەکانی ئەردەن بۆ گەرمای تاقەت پڕوکێن، راگوێزران، پاشانیش بۆ کامپی باریکە لەعەرەبەتو کەسنەزان لەهەولێرو زۆر ناوچەی تری کوردستان ، ئاوارەبوون، تەنانەت زۆر لەوانەش لەژێر هەڕەشەی تیرۆرکردندا بوونو لێشیان تیرۆرکراو زیاتر لەسی ساڵە لەئاوارەییدا دەژینو چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ وڵاتەکەیانو تەنانەت بۆ یەکجاریش نەیانتوانی بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان تا ئەم کاتەش لەبارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین.

پێشتریش لەبابەتێکدا ئـەوەم نوسی کەیەکێك لەو ژنە کوردانەی ڕۆژهەڵات لەکامپی باریکە دەڵێ"پارەی یەك کیلۆ تەماتەم نییە بیکڕم" تەنانەت ژنێکی تر وتبووی "کچەکانم بەسەر جلەکانیان لەبەردەکەن بۆچوونە بازاڕ".

سەڕەرای ئەوانە، بەهەزاران خێزانی (کۆمەڵەو دیموکرات) تەنانەت سازمانی خەبات، لەکامپەکانی هەولێر، کۆیە، زڕگوێز لەبارودۆخێکی خراپدانو هێشتا لەناو ئەو خانەوادانە کەساڵانی

هەشتاكان دروستیانیكردووە ئەگەر ناچاری نەبێ بۆ ژیانو حەوانەوە نابێ، ئەگەرچی حكومەتی هەرێم یارمەتیان دەدات، بەڵام هێشتا لەزۆر پێویستی سەرەتایی بێبشەنو كەدەكرێت لەئێستادا بۆیان دابین بكرێت.

بۆیە دەكرێت هاوكات لەگەڵ كۆمەكو كەمپین بۆ كوردەكانی رۆژئاوا. لەئێستاشدا كۆمەكو كەمپین بۆ كوردەكانی رۆژهەڵات لەباشور كۆبكرێتەوەو چ خەڵك چ حكومەت و كەناڵەكان بەشداربن لەو كەمپینە.

راستە لەئێستادا ئەوان بەهۆی بارودۆخی شەڕو نەهاتوون، بـەڵام هـەر ئێستا كـوردەكـانـی ئێرانیش بەهۆی گەمارۆ ئابوریەكانو فشارە ناوخۆیەكانەوەو سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستان رویانكردوەتە باشور، لەكەمپو ئوردوگاكان ژیانو خەبات دەكەن.

دڵنیام گەر بەراوردیش بكرێتو بارودۆخی كوردەكانی ئێران لەكوردەكانی سوریا باشتر نییە، ئەگەرچی لەئێستادا چاوی میدیاكانی جیهان لەسەر سوریاو كوردستانەكەیەتی، بەڵام ئەوە گومان هەڵناگرێت كەبارودۆخی كوردەكانی ئێرانیش هیچی لەوانە كەمتر نییەو لەبارودۆخێكی خراپدان دەبێ ئەوەش بڵێم لەهەموو ئەو ئاوارەبوونانەی كوردی عیراق توشی بووە لەساڵانی هەشتاكان بەهۆی فشاری بەعسەوە، كوردەكانی ئێران زیاتر لەهەر پارچەیەكی تـری كوردستان داڵـدەی پێشمەرگەو هێزە سیاسیەكانی كوردستانی باشورو خەڵكانێك كەلەژێر دەسەڵاتی بەعس رایاندەكرد داوەو لەراپەڕینو بەهاری (1991)و لەرووداوەكانی (31ی ئابی 1996)و لەكێشەو

گرفتەکانی (2003)ش، بەپلەی یەکەم کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو باوەشی بۆ کوردانی باشور کردبووەو داڵدای دابوون.

ئێستا ناڵێین یارمەتی نەدراون، بەڵێ دراوون، بەڵام وەکو پێویست نییەو دەبێ هاوکاری زیاتر بکرێن بەکەمپینێك.

## 8
## کۆبونەوەکەی ماڵی فەتاح رەباتی

لەچەند رۆژی رابردودا (2014)، کۆبونەوەی نێوان کۆسرەت رەسوڵ، بەرهەم ساڵح و نەوشیروان مستەفا لەماڵی فەتاح رەباتی، ئەوەندەی پرسیار و گومان و قسە لەسەر (شوێن)ی دانیشتنەکە کراو پرسیار و وەڵامی زۆر و زەوەندی بەدوای خۆیدا هێنا، هێندە کۆبونەوەکە جێگەی پرسیار نەبوو، خەڵکی پرسییان " بۆچی کۆبونەوە لەماڵی سەرمایەدارێك دەکەن...؟

بەداخەوە کە پەیوەندی یەکێتی و گۆڕان گەیشتوەتە ئاستێك لە غیابی مام جەلالدا، لەجیاتی دانیشتن لە دەباشان و قەڵاچوالان یان لە مەکتەبی سیاسی لایەکیان کە لە حەساسترین کاتەکانی دوای 17 شوبات مام جەلال پێشوازی لە نەوشیروان مستەفا کرد لەماڵەکەی خۆی لە دەباشان، بەئاشکرا و بەبەرچاوی میدیاکانەوە، بەڵام ئێستا سەرکردەکانی ئەم دوو حزبە دەچنە ماڵێك و دوور لەچاوی میدیاکان کۆدەبنەوە. بەڵێ، کاتێك رێککەوتنامەی دەباشان جێ بەجێ ناکرێت و هەوڵەکانی مـولازم عومەر

سەرناگرێت، هەرئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت. لەکاتێکدا روون نیە کە ئایا هەموو مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی هەردوولا ئاگاداربوون، کە دڵنیام هی یەکێتی هەموویان ئاگادارنەبوون و تەنانەت گلەیی و نارەزایشی لێکەوتەوە.

بەڵام شوێنی دانیشتنەکە جێگەی پرسیار بوو، چونکە فەتاح رەباتی پێشینەیەکی سیاسی نیە و رۆڵیشی نەبووە لەدانوستانی نێوان لایەنەکان، بەڵکو وەکو کەسایەتیەك و سەرمایەدارێك ناسراوە. ئەوەش ماناو مەغزای زۆری جێهێشت لای خەڵکی و بەو ئاراستەیەدا چوو کە رەنگە مەسەلەکە پشك و سەهمی ئابوریشی تێدابێت یان ئەوە بەتەنها خەڵکی سادەنین گلەییان لە کەمی پرۆژە و خزمەتگوزاری هەیە و بەس.

کە لەراستیدا وەڵامی پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، گەر تا دوێنێ تەنها سیاسیەکان لەمەترسی کێشە و قەیران و هێرشەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی تێدەگەیشتن، بەڵام ئێستا سەرمایەدارەکان و خاوەن پرۆژە  ئابوریەکان و پرۆژە زەبەلاحەکان لەهەموو کەس زیاتر هەست بە مەترسی دەکەن لەسەر ژیان و سەرمایەکانیان.

بۆیە فەتاح رەباتی و فاروق مەلا مستەفا و ئاسۆ بامۆکی و دەیان نمونەی تر کە خزمەتی گەورەی سلێمانیان کردوە و بەدەیان ملیار دۆلاریان خستوەتە پرۆژەکانیانەوە، هەقیانە نیگەرانبن و هەستبکەن کار و ژیان و سەرمایەکانیان لەم بارودۆخەی شاری سلێمانی زامن و پارێزراو نیە، بۆیە دوو رێگاشیان لەبەردەمدایە، یان  سەرمایەکانیان بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان یان هەولێر، یان قسەی خێربکەن و ئەم دانیشتنانە سازبکەن، جا لەبەر خاتری خۆیان بێ یان شارەکە، کە بێگومان دیوە پۆزەتیفەکەی جێگەی

دەستخۆشی و دڵسۆزیە، بەڵام دیوە سیاسیەکەی جێگەی تێڕامانە، چونکە دەبێ یەکێتی و گۆڕان ئەوە بزانن ناکرێت دانیشتن و گفتوگۆکانیان ڕۆژێك بە میزاج و نهێنی و لەماڵان بەڕێوەبچێت و قاوە و کێکی تێدا بخورێت و ڕۆژێکیش گۆڕان لەسەر پارێزگارێك ژیانی هەموو خەڵکی بخاتە مەترسیەوەو هەرەشە بکات و خەڵك دڵیان لەسەر دەستیان بێ کە هاکە شەڕ ڕوویدا و کارێك بکات کە سەرمایەدارەکان لە هەموو کەس زیاتر هەست بە مەترسی بکەن.

خۆ ڕەنگە ئەمە ببێتە کلتور، ئیتر ماڵی سەرمایەدارەکان و خاوەن کۆمپانیاکان جێگەی شوێنە ڕەسمیەکان بگرێتەوە و لەپێشتریش و لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ، شاهیدی ئەوەبووین کە یەکێتی و پارتی ئامادە نەبوون بچنە ناو هۆڵی پەرلەمان، کۆبونەوەیان لەناو چادرێکدا پێ باشتر بوو تا ناو هۆڵی مقەدەسی پەرلەمان و تەنانەت هاتبووە سەرئەوەی بوترێت لەمەیدانی حەیوانان کۆدەبینەوە، بەڵام ناچینە ناو هۆڵی پەرلەمان.

ئەگەرچی ڕێکخستنی ئەم کۆبونەوەیە لەماڵی بەرێز فەتاح ڕەباتی  لە دڵسۆزیەتی، بەڵام بۆچی لەم وڵاتە گەورەیەدا کە هەزاران بارەگا و مقەڕی حزبی و حکومی تێدایە سازناکرێت.

ئایا ئەمە گومان ناخاتە سەر شەرعیەتی زۆر شت...؟

## 9
## غەدر لە سەرەك وەزیران

هەرچەندە دێتە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، هەر کەس و لایەنێك دەیەوێت لە حکومەت چی کردوە لەرابردوودا بیکاتە ئیمتیاز بۆخۆی و هەندێکجار بخرَتە قاڵبی بانگەشەوە.

بەڵام ئەوەی گرفتە نا عەدالەتی هەیە لەوەی کە ئایا کابینەکانی حکومەت لەیەکەوە تا حەوت و چ سەرەك وەزیران و جێگیرەکەی، یان وەزیرەکانیش رۆڵیان نەبووە لەو دەستکەوت و خزمەتگوزاریانە، ئەوەی من هەستی پێ دەکەم زۆرتر باسی چەند کەسێك دەکرێت بە تایبەتی لای (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کە هەموو کابینەکان بەدەست یەکێتی و پارتیەوە بووە، بەڵام ناکرێت، ئەوانی تر فەرامۆشبکرێن و هەوڵ و ماندوبوونەکانیان بەفیرۆ بڕوات.

عومەر فەتاح، چ لە هەرێمی سەوز و چ لە کابینەی یەکگرتوو رۆڵی گەورەی هەبووە لە حکومەتەکاندا و بەتایبەتی لەشاری سلێمانی.

دەبـێ خەڵکی کوردستان بزانن، تونێلی سلێمانی، خەتی دووهەمی ئاوی سلێمانی- دوکـان، دووسایدکردنی عەربەت- سلێمانی، دوکان- سلێمانی، پرۆژەی ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای چەمچەماڵ، پاڵاوگەی بازیان، نەخۆشخانەی شار، کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی، کەوتنەکاری هێڵی تەلەفونی ئاسیاسێڵ و کۆرەك لە سلێمانی و هەولێر. پردەکانی ناوشار یاریگاکانی تان، تان هەموویان لەسەردەمی ئەو و بە هەوڵی ئەو و کابینەکانی ئەو بوون کەچی بە ئاشکرا ئەو کارانە باس ناکرێت.

دەگێڕنەوە رۆژێك هەڤاڵ مام جەلال بڕیاردەدات بەناو شاری سلێمانیدا پیاسەیەك بکات، پاش ئەوەی ئەو هەموو پرۆژە و کارانە دەبینێ، دەڵێ؛ کاك عومەر ئەمانە هەمووی لەسەردەمی تۆ کراون و هیچیش ناڵێ، پێی دەڵێ، لەمەودوا هەرچی وتی هیچ نەکراوە، ئەمانەی نیشانبدە و هیچی تر..

دڵنیام ئەو قسەیەش، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەستی بەغەدر کـردووە لەو کابینەیە و کارەکانی عومەر فەتاح و کابینەکەیی و وەزیرەکانی کراوە.

دڵنیاشم بەشێکی زۆری وەزیرەکان لە کابینەکانی پێشو و پێشووتر کاری باشیان ئەنجامداوە و پرۆژەی باشیان هەبووە.

بـەڵام بـەداخـەوە هـەوڵ و ماندوبوونی هەموو کارەکانی وەزیرەکانی پێشوو، جاری وایە دەکەوێتە گیرفانی وەزیرێك کە ئێستا لە حکومەتدایە. کە راستیەکەی ئەوەیە هەر کابینەیەك کارەکانی کابینەی پێش خۆی تەواوو دەکات و هەر وەزارەتێکیش کارەکانی وەزارەتەکەی پێش خۆی تەواوو دەکات، بەڵام ئەوە مۆدێلێکی خراپە کە هەوڵ و ماندوبونەکانی پێشوو باس ناکرێت

و بە مەبەست یان بێ مەبەست فەرامۆش بکرێت.

لەتازەترین کتێبی دیکۆمێنتی حکومەتی مالیکی کە باس لە مێژووی عێراق دەکات لە دروستبونیەوە تا ئێستا، باس لەیەك بەیەکی کابینەکان و سەرەك وەزیران، وەزیرەکان و کارەکانیان دەکات. کە رەنگە هەندێکیشیان تەنها ماڵوێرانیان بۆ عێراق جێهێشتوە. ئەی ئەمە بۆ لە کوردستان نابینین...؟

هیوادارم وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم هەمان کاری حکومەتی عێراق بکات و کۆی ئەو کار و پرۆژە و چالاکیانەی هەر حەوت کابینەکە بڵاوبکاتەوە. تا خەڵکیش راستیەکان باشتربزانن و تێبگەن، کام سەرەك وەزیر و جێگیرەکەی، کام وەزیر توانیویانە خزمەتی زۆرتر و زیاتری خەڵکی بکەن و کەمەشییان نەیتوانیوە خزمەت بکەن. نەك بانێك و دوو هەوابێت

بەکورتی دەمەوێت بڵێم گەر قەراربێت باسی کابینەکانی حکومەت بکرێت، جا لە هەولێر یان سلێمانی، رەنگە رۆڵ و هەوڵەکانی چەند سەرۆکی حکومەت و جێگیرەکانیان چالاکترین و پڕ کاراترین و پڕ پرۆژەترین بێت لە مێژووی سیاسی حکومەتی هەرێمدا.

بەڵام واهەست دەکەم، پێویستە بەچاوی یەکسان و بەپێی کار و پرۆژەی خزمەتگوزاریی و لێهاتوویی سەیری هەرکەس و هەر کابینەیەك و هەر کەس لەهەر پۆستێکدا بکرێت.

# 10
# ڕێككەوتنی ستراتیژی یەكێتی - PKK

كاتێك دوو هێزی سیاسی تێڕوانینی سیاسیان بۆ ڕووداو و پێشهاتەكان سەبارەت بە كوردو ستراتیژیان لێكنزیك دەبێتەوە، یان لە هەمبەر ڕووداوەكانی ناوچەكە بە تایبەتی ڕۆژئاوای كوردستان، تا ڕادەیەكی زۆر بۆچوونەكانیان لێكنزیكە، ئەمە هەنگاوێكی باشە كە دوو هێزی سەرەكی كوردستانی دەتوانن لەسەر پرسێكی وا گرنگ بسازێن، پێدەچێت یەكێتی هاوكاری ماددی و سەربازیش پێشكەش بە pyd بكات لەو بارودۆخەی گروپە تیرۆریستەكان و وڵاتانی ناوچەكە بەسەریاندا سەپاندویانە، جیالەوەی یەكێتی لەناو هێزەكانی تری ڕۆژئاوا جێگەو پێگەی تایبەتی هەیەو دۆستایەتی مێژوویی هەیە لەگەڵیان.

خاڵێكی تری هاوبەش و ستراتیژی نێوان ئەم دوو هێزە، پرسەكانی باكورە، گوتاری ی.ن.ك لەدوای كۆنگرەی BDP لە ئەنكەرەو گوتارەكەی مەلا بەختیار پێی نایە قۆناغێكی تازەوە.

دوابەدوای ئەوەش گوتارو تێڕوانینی یەکێتی سەبارەت بە پرسی ئاشتی لە باکورو پێداگری و پشتیوانی لێی، PKK ی گەیاندە ئەو قەناعەتەی بڵێن "ئەو گوتارانە خزمەتی گەلی کورد دەکات و شانازییە بۆ هەموو کوردێك".

فاکتەرێکی تر لە ماوەی ڕابردوودا نەك هەر هیچ لێدوانێکی دژبەیەك نابیندرێت لەناو ئەم دوو هێزە، بەڵکو میدیاکانی ی.ن.ك جیاواز لە هەموو میدیاکانی تر ڕوومالّی تایبەتی ڕووداوەکـانـی ڕۆژئـاواو پرۆسەی ئاشتی باکور دەکـەن بە ئاڕاستەیەك کە بۆنی هاوپەیمانی و نزیکبوونەوەی کوردایەتی لێدێت.

جیا لەوانە دەبێت ئەوەش بزانین لە میحوەری ناوچەییشدا تورکیایە، چ لە پەیوەست بە باکور، چ لە پەیوەست بە ڕۆژئاوا، ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەگێڕێت، ئەگەرچی یەکێتی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەنکەرە نیە، بەڵام لانی کەم تێڕوانین و هاوکارییەکانی بۆ ڕۆژئاواو گوتارە پڕحەماسی و هاونەتەوەییەکانی ئەنکەرەو برۆکسل ڕێگانادات زۆریش دۆست بن.

بە واتایەکی تر ئەم دوو هێزە هەردووکیان لە میحوەرێکی ناوچەییشدا دەسوڕێنەوەو بەرژەوەندییەکانیان لێکەو نزیکە، لانی کەم لەگەڵ بۆچوون و سیاسەتی ڕەقیبەکەیان کە تورکیایە، لە میحوەری تێڕوانیندان.

پەیوەست بە باشووریش، پارتی چارەسەری وەکو هێزێکی نزیکی PKK تا دێت یەکێتی پەیوەندییەکانی باشتر دەکات و پێدەچێت یەکێتی زیاتر هاوکاریان بکات و دەرفەتی کاری سیاسیان بۆ بخوڵقێنێت.

هەر سەبارەت بە ڕۆژهەڵات، جیا لەوەی یەکێتی دۆستایەتی و نفوزی زیاترە لەو پارچەیە لەچاو PKK و هەر هێزێکی تر، بەڵام پژاك کە لە PKK نزیکە، لە سنورەکانی یەکێتیدان، کەم و زۆریش کاریگەرییان هەیە بە خاتری PKK چاوپۆشی لە زۆر کارو چالاکیان دەکات، ئەگەرچی دژی میحوەری ناوچەییشیەتی.

لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێرانیش ئەگەرچی PKK بێ دەخالەت دانانیشن بەهۆی ڕۆڵی پژاکەوە، بەڵام پێناچێت یەکێتی نیگەران بێت لە ڕۆڵی PKK لەو پارچەیەدا، ئەگەرچی هێزی هاوپەیمان و دۆستەکانی یەکێتی لە ڕۆڵی کۆمەڵەکان – دیموکرات – پـژاك زۆر خۆشحاڵ نین، بـەڵام لە سایەی دۆستایەتی PKK دا وا دیارە یەکێتی ڕێز لە ئیدارەی هەمووان دەگرێتو هاوکاریان دەبێت.

لەکاتێکدا ئەو هەموو خاڵە هاوبەشە لەنێوان ئەم دوو هێزە سەرەکییەی کوردستاندا (ی.ن.ك) و (PKK) هەیە، بۆیە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لە نێوانیاندا خزمەتێکی گەورە بە دۆزی کورد دەکات.

## 11
## لیستی 102 بۆ ئەڵتەرناتیڤە

سەرئەنجام (ی.ن.ك) بڕیاریدا بەجیا، بە لیستی تەنهاو پشت بە یەكێتییەكان و دۆست و دڵسۆزانی بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بكات، ئەگەرچی!

یەكێتیی: سەرنجی زۆری لەسەر لیستی هەڵبژاردنەكان هەبوو لە بارەی ساختەكاری و نەسڕینەوەی ناوی مردووەكان، دووبارەبوونەوەی ناوەكان، تەنانەت پێی باش نەبوو پرۆسەی هەڵبژاردن بەوشێوەیە بكرێت، بەڵام بەهۆی ئەو بانگەشەیەی كە گوایە یەكێتیی دەیەوێت هەڵبژاردنەكان نەكرێت، بۆ دوانەكەوتن و تێكنەچوونی پرۆسەكە بڕیاریدا بكرێت، بەڵام! دەبێت ئەوە بزانرێت كە لایەنەكانی تر هۆكار بوون كە لیستی ناوی دەنگدەران پاك نەكرێتەوەو پەرلەمانتارەكانی یەكێتیی ئەو باسانەیان بە بەڵگەو دیكۆمێنتەوە جوڵاندو بڵاوكردەوە، ئێستاش كە بە لیستی (102) دەیەوێت پێشەنگی پاكی و نەزیهی هەڵبژاردنەكان بێت، لەهەمانكاتدا دەیەوێت لیستی

یەکەم و براوە بێت و ئیمانیشی زۆر پتەوە بەوەی کە سەرەڕای ئەندامانی خۆی، خەڵکانی دەرەوەی حزبەکەشی دەنگی پێدەدەن، بەو دەلیلەی یەکێتیی حزبی هەموو خەڵکانی ئازادیخوازو دیموکراسیخوازە، حزبی هەڵبژاردن، خەڵکانی خانووە قوڕەکان، خەڵکانی بێ دیفاعە، یەکێتیی واتا حزبی شەهیدان، بنەماڵەی ئەنفال، قوربانیانی کوردستانە.

بێگومان خەڵکی کوردستان ئەوە باش دەزانن، بردنەوەی یەکێتیی، واتا سەرکەوتنی دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادی ڕاگەیاندن، عەقیدەو بەیان و سەردەمێکی نوێ لە ژیانی خەڵکی کوردستان لە خۆشگوزەرانی زیاتر، کرانەوە، رەفاهیەت، ئاوەدانی گەشەکردن.

سەرکەوتنی یەکێتیی واتا گەشەکردنی داواو خواستەکانی ژنان، لاوان، دابینکردنی پێداویستییەکانیان و خوڵقاندن و فەراهەم کردنی خەون و خۆزگەکانیان.

سەرکەوتنی یەکێتیی واتا گەشەی مۆدێلی حزبایەتی، پلۆرالیزم، میدیا، ئازادیە شەخسییەکان و ڕێگەنەدان بە دەخالەت لە ژیانی تاکەکان، ڕێزگرتن لە عەقیدەو بیروبۆچوونە دینییەکان و بەرقەرار کردنی کۆمەڵگەی سیکۆلار.

سەرکەوتنی یەکێتیی واتا هەنگاونان بەرەو گوتاری نوێخوازی هاوچەرخی کوردایەتی، هاوکاری خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستانە.

ئەو ڕەخنانەش بە دڵفراوانییەوە وەردەگرێت کە لە ڕابردوودا لەلایەن خەڵکانی دڵسۆزەوە هەبووە لە یەکێتیی، ئەوەش وا دەکات لە بردنەوەی ئەمجارەی لیستی (102) گشت ئەو

کەموکورتییانە چاك بکرێن و ڕێز لە داواو خواستەکانی خەڵکی کوردستان بگیرێت.

هەر بۆیە لە ئێستاوە چەند لایەنێك دەیانەوێت خۆیان وەکو فریشتە نیشان بدەن کە گوایە ئەوان لە بەرەی (هەق، عەدل، ئیسلاح،...دان)، بەڵام خاوەنی ئەم بۆچوونانە دەبێت بزانن کە خەڵکی کوردستان بەم بانگەشە چاواشەکارییانە، ڕاستییەکانیان لێ ناشێویێت، دەزانـن ئەگەر هێزێك داکۆکی لە هەق، یەکسانی، چاکسازی، داواو خواستەکانی خەڵك بکات (ی.ن.ك) و لیستەکەیانە (102) نەك هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکان کە لەناو تەم و تۆزدا دەیانەوێت مەلە بکەن و کۆمەڵگە بەرەو توندوتیژی و هەڵاواردن بەرن، ئێستا کاتیەتی، ئەگەر دەمانەوێت ڕێگەی ئەوانەی دوێنێ لە شاخ خۆیان کردە قوربانی، ئەم ڕێبازە ئاوەدان بێت و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێت.

ئەگەر دەتانەوێت ئازادییەکان قەتیس نەکرێت، دیموکراسی، پلۆرالیزم بەرقەرار بێت و کۆنزەرڤاتیڤەکان پاشەکشە بکەن.

ئەگەر دەتانەوێت ئازادی ڕاگەیاندن، عەقیدە، بەیان، ئازادی شەخسی، جلوبەرگ، سەفەر، خۆشگوزەرانی ببێتە مۆدێلی شیاوی ژیانتان.

ئەگەر دەتانەوێت مانیفێستی ڕێبەرو کارێزمای کوردایەتی، ئازادی مافەکانی مرۆڤ، هەڤاڵ مام جەلال بەرەو سەرکەوتن بچێت و بگاتە مەنزڵ.

ئەگەر دەتانەوێت ڕێز لە ئیرادەو ڕەخنەو بۆچوون و هەڵوێستەکانتان بگیرێت، سانسۆر هیچ جێگەیەکی نەبێت لەم

وڵاتەداو ئەوەی لە ڕابردوودا نەکراوە لە داهاتوودا بکرێت، هیچ ئەلتەرناتیڤێك نیە لەم وڵاتەدا جگە لە لیستی (102) لیستی (ی.ن.ك) و لیستی دڵسۆزانی.

بەرەو سەرکەوتن...

## 12
## ورد و درشت

نازانم بۆ لە بەردەم ئازیزان و مامۆستاکانم و گەورە نوسەران دا ناتوانم وەکو پێویست رێز لە گەورەییان بنێم و بارتەقای ئەزمون و داهێنانەکانیان کە تا ئەوپەڕ جاویدانین، بنوسم.

لە یادمە پارساڵیش کاتێک بۆ مامۆستام و هاورێم حەمە نوری تۆفیق، چەند شتێکی کورتم نوسی ، بەڵام هیوادارم ئەم نوسینەم بۆ مامۆستایەکی گەورە کە هێشتا لە ژیاندایە شایانی رێزگرتن بێ لەو.

من ئەوم درەنگ ناسی لە نزیکەوە، بەداخەوە هەمووی چەند ساڵێکە ئەگەرچی پێشتر وەکو ناو و ناوبانگ و نوسینەکانی لە مێژبوو ئاشنابووم.

کەخوازیاربووم ، زۆر زوتر لەنزیکەوە بمناسیایە چونکە ئەو بۆ خۆی مێژوویەکە کە دەبێ بنوسرێتەوە.

عومەر مارف بەرزنجی، ناوێکی نـاسراوی دونیای ئەدەب و لێکۆڵینەوە و مێژووی کوردستانە، کاتێك ئینسان سەرنج و

ڕەخنەکانی گوێ لێ دەبێ، هەست دەکات لەبەردەم مێژوویەکدا ڕاوەستاوە کە زۆربەی نەبیستوە و نەیزانیوە.

من دەبێ بڵێم ئەوەندەی لە نزیکەوە گوێم لە مامۆستا گرتووە، ئەوەندە کتێبەکانیم نەخوێندۆتەوە، بەڵام کاتێ دەدوێ و مرۆڤ لە نزیکەوە گوێی لێ دەگرێ واهەستدەکەی مێژوویەکت بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆرنیە ڕوویـداوە لە کاتێکدا ئەو جاری وایە باسی، سێ یان چوار دەیەی پێشترت بۆ دەکات.

جیالەوەی لای عومەر مارف بەرزنجی، مێژوو حیکایەت نییە چۆنت بوێ وا باسیکەی و بیگێڕیتەوە، بەڵکو کات و شوێن و ڕوداوەکان وا باسدەکات.

کە ئەرشیفکردنی مێژووە بۆخۆی و نە ستایشی کەس دەکات نە زەمی کەس ، بەڵکو ئەوەی ئەو باسیدەکات ڕاستە و ڕاست مێژوو خۆیەتی.

بۆیە چۆن کاتێ گوێم لە مەزهەری خالقی دەبێت سروشت و مۆسیقای ڕەسەنم دێتە بەر گوێ و چاو.

چۆن کە نوسینەکانی یەشار کەمال دەخوێنمەوە، ئینسانی زوڵملێکراوی و کورد وکەسانی یاخی دەبینم.

بەهەمان شێوە کە مامۆستا عومەر بەرزنجیش دەبینم، یەکسەر واهەستدەکەم مێژوو دەخوێنمەوە.

هەر بۆیە ئەوەی بزانم مامۆستا ئێستا خەریکی دوو پرۆژەی گرنگی نوسینە.

یەکێکیان بەناوی " ماڵتان ئاوا نەبێت" و ئەوی تریش "ورد و درشت" کە هەردوکیان گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی.

تۆ بڵێ ، مەبەست کێ بێ کە دەڵێ " ماڵتان ئاوا نەبێ" دڵنیام ماموٚستا دڵی لە هەندێ کەس رەنجاوە و دەشزانم لەسەر هەقە.

چونکە ماموٚستا زۆر زیاتری لە هەندێ کەس و لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆی بۆ کورد و کوردستان و مێژوو و ئەدەبی کوردی کردووە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز، نیوەی ئەوان سودمەند نەبووە.

کەمیشن ئەوانەی بەنیوەی ماموٚستایان نەکردووە و هێندەش خزمەتی گەل و نەتەوەکەی خۆیان نەکردوە و بگرە زۆر جار بەدژی ئاراستەی گەل و نەتەوەکەشیان بوون.

بەڵام بەهۆکاری جۆراوجۆر ئیمتیاز و ئیمکانیەتی باشیان خراوەتە بەردەست کە دڵنیام ئەمە هەم غەدرە لە ماموٚستا و هەم لە مێژوو و هەم لە نوسەران و ئەدیبانی وەکو ماموٚستاش.

بۆ نمونە دەزانم ، تا ئێستا ماموٚستا، چ وەکو ماموٚستا ، چ وەکو نوسەر، ئەدیب، مێژوونوس نەخێر وەکو ئینسان و هاوڵاتیش پارچەیەك زەوی پێ نەدراوە یان خانوویەکی باش یان مووچەیەکی باش و شیاوی بۆ نەبڕدراوەتەوە.

ئەگەرچی کاتی خۆی لای کاك ئازاد جندیانی باسی ئەوم کرد لەبارەی ماموٚستاوە، یەکسەر کتابی کرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی حکومەت و تەنانەت، نمونەیەك لە کتابەکەم بۆ خۆیشی برد، بەڵام تا ئێستا حکومەت وەڵامی پێ نەداوەتەوە و هەر ئەو کاتیش کاك ئازاد بڕیاری دا هاوکاریەکی لە مەکتەبی راگەیاندن لەگەڵا سەلاح جەلال بۆ ببڕێتەوە وەکو رێزگرتن لە قەڵەم و نوسینەکان، مەبەستم لەم دوو هەوڵەی کاك ئازاد بوو، بەڵام پێویست بوو خەڵکانی تر لە حزب و حکومەت و

هەرکامیان لای خۆیەوە وەکو کاك ئازادیان بکردایە و ئیستاش نەچوە بچێ و دەتوانن، ئەم سەرمایە مێژوویەی گەلەکەمان رێزی بگرن و هاوکاری باشتر و باشتری بکەن.

خۆ من دەزانم مامۆستا موحتاج و پێویستی بەوەنییە، بەڵام وەکو سەمەدی بهرەنگی دەڵێ: "ئەگەر نان نیە پێویستە بۆ هەموان نەبێ و ئەگەر هەیشە پێویستە بۆ هەموان بێ"

نەك بۆ کەسانی بەزۆر و بۆ کەسانێکی تر بە کەم، هیچ، هیوادارم حکومەت بارودۆخی ژیانی مامۆستا باشتر بکات و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا رێزلێنانێکی تایبەتی بۆ سازبکرێت و رێز لە خۆی و نوسین و مێژووەکەی بگرێت.

چونکە مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی پێویستی بە گوڵێکە لە ژیاندا بدرێ لە ئێخەی نەك چەپکێك گوڵ بخەنە سەر گۆڕەکەی.

هیوادارم مامۆستا هەر تەمەن درێژ و تەندروست باش بێت و هیوادارم رۆژێ لە رۆژان کە گیانی لەدەستدا وەسیەت نەکات بەناچاری لەسەر گڵکۆکەی بنوسرێ " ماڵتان ئاوا نەبێ"

ئەوەی ماوە بڵێم ، لەم رۆژانەدا مامۆستا تەلەفۆنی بۆ کردم منیش، وەڵامم دایەوە و بەهەڵە وتم دکتۆر چۆنی وتی: کوڕە وەڵڵا موزەمیدیش نیم.

ئەوەی کە تائێستا باسی رۆژی من و مامۆستایە ئەگەرچی زۆر تایبەت و شەخصیە، بەڵام مۆڵەتم لێوەرگرتووە.

کە بۆچی مامۆستا تا ئێستا ژنی نەهێناوە و هاوسەری نییە، مامۆستا بەڵێنی داوە بەوردی بۆم باسبکات جا نازانم کەی؟

## 13
## دووڕوویی ئەمەریکا
## دۆستایەتی مجاهیدینی خەلق و دژایەتی PKK

سیاسەتی ئیزدواجیانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەمیشە بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆی کەوتوە و بگرە زۆرجار خۆی لەراستی و هەقیقەتەکان گێل کردوە و بەپێی رۆژ مامەڵەی لەگەڵ هێزەکان کردوە.

رەنگە وەڵامەکەی هەر ئەوەبێ خۆ ئەمەریکا شتێکی نوێ و سەیری نەکردووە. گەر وا جوڵابێتەوە و هەر ئەمە دروستە.

ئەوکاتەی خەڵکی کوردستانی عێراق کیمابارانکران هەڵەبجە وێرانکرا، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دۆست و پشتیوانی پلەیەکی بەعس بوون، کاتێکیش بەعس پەلاماری کوێت (واتا پەلاماری بەشێك لەبەرژەوەندیەکانی ئەمەریکای دا) ئەمەریکا تا روخانی دەستی لەدژایەتی بەعس هەڵنەگرت.

کاتێ مجاهیدنی خەڵقی ئێران، دەجەنگا دژی ئێران، ئەمەریکا رێکخراوەکەی خستە لیستی تیرۆرەوە، چونکە وایدەخواست

که بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ ئێران بەرێتە پێش، که دواجار رووداوەکان وەها نەچووە پێش که واشنتۆن دەیخواست و ئێران لەوە زیرەکتر بوو. که ئەمەریکا پیلانی چنی بوو، بەڵام لەکۆتایی ئەیلولی 2012، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڕیاریدا مجاهیدینی خەڵق لەلیستی تیرۆر دەربکات.

ئەگەرچی ئەم سازمانە کەم و زۆر دەستی لەتیرۆر و بەتایبەتی لەکوشتنی خەڵکی کوردستان و عێراق هەبوە و هاوپەیمانی سەرەکی حزبی بەعس بووە.

بــەڵام خــۆ کــە شــەڕی چــەکــداری کــردوە، وەکــو هەموو بزوتنەوەیەکی چەکداری شەڕ رویداوە و خەڵك کوژراوە.

بەڵام دیارە ئێستا دەرکردنی ئەم سازمانە لەلیستەکە پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕ لەهاوکێشەکانی ئێران و ناوچەکە. که ئەمەریکا پێیوایە پێویستە لەبەرامبەر ئێران مجاهیدینی خەڵق و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پشتیوانی بکات.

ئەمەریکا بەم پەیامەی دەیەوێت کۆماری ئیسلامی ئێران بترسێنێت و مەسجێکیش بێ بۆ ئیسرائیل و پشتیوانیەکیش بێ بۆ تورکیا و ئۆپۆزسیۆنی سوریا. که ئێران بە هاوپەیمانی بەشار ئەسەد دەزانن.

بەڵام راستیەکە ئەوەیە که ئەمەریکا بەهەڵەدا چووە لەم سیناریۆیانەدا، چونکە دەبێ باش بزانێ بەدەرکردنی مجاهیدینی خەلق لەم لیستەدا ناتوانێ هەرچی هەیەتی لەگەڵ ئێران یەکلای بکاتەوە و بە ئاسانی ئێران بکاتە نێچیری خۆی، چونکە مجاهیدینی خەلق ئێستا ئەو هێزە کاریگەرەنیە که ئەمەریکا چاوی لێیەتی و خاوەنی پێگە و نفوزێکی ئەوتۆنیە لەئێران، که

ئەمەریکا دەیەوێت ئێرانی پێ بروخێنێت و بگرە ئەوەش نەماوە کە زانیاری لەسەر پرۆژە ئەتۆمیەکانی ئێرانی بۆ کۆبکاتەوە.

کە بێگومان دوورنیە دەرکردنی ئەم سازمانە لەم لیستە هێندەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی و کاری هەواڵگری ئەم ڕێکخراو هەیە بۆ ئەمەریکا، ئاماژەنیین بەوەی کە ئەم ڕێکخراوە تیرۆریست نەماوە.

بەڵام ئیزدواجیەتی واشنتۆن لێرەدا دەردەکەوێت کە گوێی لەشەڕ و کوشتار و تەقینەوە نیە تا بەرژەوەندیەکانی.

دیقەت بدەن چەند ساڵە پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk)ی خستوەتە لیستی تیرۆرەوە لەبەر چی؟ لەپای چی؟

ئایا کەس هەیە لەم سەرزەمینە بڕوا بەو درۆیەی ئەمەریکا بکات کە (pkk) تیرۆریست بێت؟

بێگومان نا...!

بەڵکو ئەوە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری واشنتۆنە بەخاتری هێزی عەسکەری تورك. بڕیاردەدات (pkk) و پژاك بەتیرۆریست بناسێ.

ئەگەر چاوێك بەلیستەکەدا بگێڕی کە ئەمەریکا خستوینە ناو لیستی تیرۆرەوە و پارە و داهات و سەرمایەکانیانی بلۆك کردوە، زۆربەی زۆری ئەو ڕێکخراوە و چەپ و شۆڕشگێڕانە دەبینی کە بۆ بەرگری لەماف و داواکانیان خەباتیانکردوە.

بزوتنەوەی فارك لە کۆلۆمبیا، پڵنگەکانی تامیل لە سریلانکا و (pkk) لە تورکیا...

ئایا تیرۆریستی بوونی ئەم ڕێکخراوانە لەکوێ و لەچی دایە؟ بۆ نموونە پڵنگەکانی تامیل لە هەرێمی جافنای سەر بەسریلانکا کە

بزوتنەوەیەکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ بون و لەساڵی (1983) وەکو گروپێکی چەکدار دەرکەوتن و داکۆکی لەگەلی تامیل لە سریلانکا دەکـەن کە بەهەموو شێوەیەك دەچەوسێندرێنەوە لەکاتێکدا تامیلەکان گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی سەر زەوین.

کەچی ساڵی (2010) ئەمەریکا و سریلانکا بەوە نەوەستان کە لەناو لیستی تیرۆر دایانبوون، بەڵکو لەهەرێمی جافناش دەری پەڕاندوون و سەرۆکەکەشیانی کووشت.

خۆ ئەمەریکا لەساڵی(1988)هەمان کاریشی بەگەلەکۆمێ لەدژی(pkk) و رێبەرەکەی. راستەوخۆ ئەمەریکا و CIA و موسادی ئیسرائیلی، دوژمنی PKK، یۆنان، روسیا، هۆڵندا و کینیا و تورکیا عەبدوڵڵا ئۆجلانی لەکینیا تەسلیمی تورکیا کردوە...

ئێستاش هەر بەوە نەوەستاوە. PKK بخاتە لیستی تیرۆرەوە رێبەرەکەی دەستگیر بکات. بەڵکو باشترین جۆری فرۆکەی بێ فرۆکەوانی بۆ سوپای تورکیا دابینکردوە، کە هێندەی خەڵکی مەدەنی قەندیل دەبنە قوربانی، هێندە گەریلا شەهید نابن. (کەچی باسی لەمافی مرۆڤ دەکـات) سـەرەرای ئـەوەی لەساڵی 1995 لەگەڵ یەکەم. کەناڵی ئاسمانی سەتەلایتی PKKو دواتریش مەد و رۆژ(میدیا TV) ئەمەریکا هەمیشە لەگەڵ تورکیا، لەپیلان و فشار و داخستنی ئەم کەناڵانەدا بوە و ساڵی پار بە فشاری ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا، دانیمارکی وڵاتی دیموکراسی، بەناچاری ملی دایە فشارەکان بۆ داخستنی (ROJ TV)ئێستاش دیسان هەر بەفشاری ئەمەریکا و تورکیا کەناڵەکانی (NUCH TV, MMC) دادەخەن، لەهەوڵی داخستنی (sterk tv)یشدان ئەمەیە سیاسەتی ئینسانیانەی واشنتۆن بەرامبەر گەلانی چەوساوە و بێ کیان و دەوڵەت.

یان راستیەکەی هەریسەکەیەو کەی ویستی ئەم ڕێکخراو دەکاتە تیرۆریست و ئەوی تر شۆڕشگێڕ و ئەوی تر مەترسیدار دەکات.

ئەگەرنا (pkk) کێ بڕوا دەکات کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بێ، لەکاتێکدا نزیکەی (16000) گەریلای شەهید بوون لەپێناو مافەکانی گەلی کورد لەتورکیادا.

(20) ملیۆن کورد لەم وڵاتـەدا لەزمانی دایك و سادەترین مافەکانیان بێ بەشن و خۆ ئەو کەمە مافانەی بەدەستهاتوون دەبێ ئەمەریکا بزانێ ئەوە تورکیا نییە بەخشیویەتی. بەڵکو بەخەبات و قوربانیدانی (pkk) و خەڵکی باکور بەدەستهاتوون و بەدەستدێن.

بۆیە واشنتۆن دەبێ بزانێ بەدژایەتی (pkk) و خەڵکی باکور ناتوانێ هەموو بەرژەوەندیەکانی تورکیا بپارێزێت.

بێدەنگیش لەبارودۆخی ژیانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەزیندان لەهیچ چوارچێوەیەکی ئینسانی و مافی مرۆڤ و کارێکی مۆراڵدا جێگەی نابێتەوە.

بۆیە دەبێ بزانرێت، دەکردنی مجاهیدینی خەلق لە لیستی تیرۆر و مانەوەی PKK لە لیستەکەدا. هیچ پێوەرێکی سیاسی و موراڵی... نیە، جگە لەشەڕی بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن و ئیزدواجیەتی ئەمەریکا.

## 14
## نۆبڵ بۆ تاڵەبانی و سیستانی

خەڵاتی نۆبڵ بۆ تاڵەبانی و سیستانی، مافێکی سروشتییە، وەکو دوو کەسایەتی لە ململانێ و کێشەو قەیرانە تائیفی و مەزهەبییەکانی وڵاتێك کە ناوی عیراقە، رۆڵێکی یەکجار گەورەی ئاشتی و پێکەوە ژیانیان تا رادەیەکی باش دابینکردووە.

ئەگەرچی عیراق، لە ئەزەلەوە هەمیشە پڕ ئاریشەو قەیران و خوێنڕشتن بووە، بەڵام ئەگەر چەند هەوڵێك هەبووبێت بۆ بەرگرتن لەم ململانێ لە مێژووی عیراقداو بەتایبەتی لە دوای رووخانی بەعسەوە، تاڵەبانی و سیستانی بوون.

تاڵەبانی وەکو کەسایەتییەکی دیموکرات و ئازادیخواز، سیستانی وەکو مەرجەع و کەسایەتییەکی ئایینی شیعە، لە رابـردوودا هەمیشە ویستویانە پردی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی شیعە، سوننەو کورد بن، ئەمە بەو مانایە نیە کە بێ رۆڵ و کاریگەر بوون لەناو پێکهاتنە ئیتنی و مەزهەبییەکانی خۆیاندا، یان هیچ

کاریگەری نەتەوەی کوردو لایەنگری بۆ کێشەی گەلەکەی نەبووە، یان لایەنگری بۆ مەزهەب و هەستی شیعە گەرایی نەبووە.

بەڵام هەرگیز نەزعەی نەتەوەیی کوردی و نەزعەی مەزهەبی شیعە گەرایی، نەبووەتە هۆی دژایەتی و دوژمنایەتی لایەنەکانی تر، یان رەوایەتی دان بەهەر زوڵم و زۆرییەك کە کرابێتە سەر لایەك، یان بەتایبەت سوننیەکان یان مەسیحییەکان و پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی کە ساڵانە دەدرێتە کەسایەتییەکی جیهانی و نێودەوڵەتی لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ، بۆ کەسانێك کە خزمەتی ئاشتیان کردبێت یان خەڵکانێکی دیموکرات و عەدالەتخوازو رابەرێکی مەزنی کۆمەڵگاکانی خۆیان بن.

زۆرن ئەوانەی ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە (ئون سان سوگی لە بۆرما، ئیسحاق رابین، شیملون پێرێز، شیرین عبادی، فریدریك دیکلێرێك، کوفی ئەنان، مارتن لوسەر کینگ، نیڵسۆن ماندێلا، محەمەد ئەنوەر سادات، محەمەد بەرادعی، میخائیل گۆربی چۆف، هینری کیسنجەر، یاسر عەرەفات...).

ئەم ناوانەو زۆری تریشن، کە هەندێکیان نەك ئاشتیخواز نەبوون، بەڵکو بەرپرسن لە کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع یان لە سیاسەتی ئاپارتایدو هەڵاوێردنی رەگەزی، بەڵام دیارە پێدانی ئەو خەڵاتە بۆ دوایین هەنگاوی ئەم کەسانە بووە بۆ ئاشتی و رێککەوتن لەگەڵ نەیارەکانیان، بەڵام خەڵکانی ئازادیخوازو تێکۆشەری زۆریشیان تێدایە کە قوربانی زۆریان دا لە پێناو گەل و نیشتمان و ئازادی و دیموکراسی و لە بابەتی (ئان سان سوگی و ماندێلا)، کە بێگومان مام جەلال و سیستانی ئەگەر لەمانەیان زۆرترو زیاتر نەکردبێت، کەمتر نەبووە، بەڵام قەدەری عیراقییەکان

و لەناویشیاندا کوردەکان وایە کە هێشتا فۆکەسی جیهان و لیژنەی دادوەری خەڵاتی نۆبڵی سوڵح باش نەچووەتە سەر کوردو عیراقییەکان، وەکو چۆن لە رابردووشدا لە بواری ئەدەب، غەدریان لە یەشار کەمالی نووسەری کورد کرد لە تورکیا.

دڵنیام خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی زوو یان درەنگ دەدرێتە مام جەلال و سیستانی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تا لە ژیاندان ئەو مافە سادەو ئەو رێزە گەورەیان لێ بگیرێت، هەستبکەن وەڵامی هەوڵ و خەبات و ئاشتی و قوربانییەکانیان وەرگرتووەتەوە.

# 15
# سواڵی مۆسیقا

مامۆستاکەمان لە زانکۆ، بە خوێندکارێکی خاوەن بەهرەی هونەری وت: "بۆچی، ناچیت لەسەر شەقامەکان بە دەفەکەت، پارە کۆبکەیتەوەو مۆدێلێك لە گێڕانەوەی حورمەت بۆ مۆسیقا پیادە بکەیت و ببیتە هۆکارێك تا سواڵکەرەکانیش لە جیاتی دەرۆزەرو سواڵ، ڕوو لەم شێوازەی سواڵ بکەن".

خوێندکارەکە وتی: مامۆستا؟ خۆم زۆرم پێخۆشە، بەڵام باوکم ڕازی نابێت پێی بڵێن کوڕەکەی لەسەر جادە دەف دەژەنێ و پارە پەیدا دەکات.

چەند ڕۆژ دوای ئەم حیکایەتەی نێوان مامۆستاکەی زانکۆ و خوێندکارەکە، لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینیم چەند کەسێك لەسەر جادە مۆسیقا دەژەنـن، خەڵکیش هاوکاریان دەکات و پارەیان دەداتێ، کە یەکجار مایەی خۆشحاڵییە، خەڵك ئاوا سەیری ئەو دیاردەیە دەکات، کە دڵنیام جاران گاڵتەیان پێدەکردو ئێستا ڕێزی لێدەگرن.

ئەگەرچی ئەم مۆدێلە لە ئەوروپاو تەنانەت ئێرانیش، زۆر دەمێکە بەڕێوەدەچێت و هەیە، تەنانەت چەند کەسێك ژیانیان لەسەر ئەم مۆدێلی کارکردنەیە، خەڵك بە عیشقەوە گوێ دەگرێت بۆ نەغمەی (کەمان و سەنتور و چەلۆکانیان) و بە دڵ هاوکاریان دەکەن.

لە کوردستان مۆدێلە کۆنەکانی سواڵکردن، هێشتا لەسەر شەقام و کۆڵانەکان درێژەی هەیە.

دیقەت بدەن، کەسانێك هەن، گروپ و باندیان لە کوڕو کچی گەنج دروستکردووە بۆ سواڵکردن، سواڵیان پێدەکەن تەنها لە بەرامبەر ژەمێك نان یان سەرپەنایەکیان پێداون، واتا وەکو کۆیلە مامەڵەیان پێوە دەکەن.

مۆدێلێکی تریان، سواڵکەرەکان دەرگا بە دەرگای ماڵان دەگەڕێن و داوای پارە دەکەن.

مۆدێلێکی تر لەسەر شەقامەکانن، یان دانیشتوون و قوماشێکی ڕاخستووە کە هەموویان جیا لەوەی دیاردەیەکی ناشرینن، ڕەنگە خەڵکێکی بیانی بێتە کوردستان وا بزانێت بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بارودۆخی ئابووریان خراپە کە ئەو هەموو سواڵکەرە دەبینێت.

ئەمە جگە لەو هەموو منداڵ و قەرەجانەی سەر شەقامەکان لە بەردەم ترافیکەکان وەستاون، کلێنس یان بنێشت دەفرۆشن.

لەپاڵ ئەوانەدا، لە وڵاتانی دراوسێوە هەندێك کەس وەکو سواڵکەر دەنێرنە هەرێم بۆ کاری سیخوڕی، کە ئەمە دیوە مەترسیدارەکەی سواڵکردنە، هەندێکجار بۆ کاری لەشفرۆشیش بەکاردەهێندرێن.

ئێستا سەبارەت بەوەی کە ئەرکی حکومەت و لایەنی

پەیوەندیدارە بەم کێشەیەوە، ئەگەر چارەسەری ئەم کێشەیان پێنەکراوە لە چەند ساڵی ڕابـردوودا، جا بەهەر فاکتەرێك بێت، ئیتر ئێستا ئەرکی ئەوانە کە ڕایانبێنن یان تێیانبگەیەنن، کە ئەگەر هەر سواڵ دەکەن، پێویستە فۆرم و شێوازی سواڵکردنەکە بگۆڕن بەم مۆدێلە نوێیەی کە هەم دیمەنێکی هونەری و جوانە بۆ شارەکان، هەم ڕێزگرتنە لە یەکێك لە هونەرەکان، هەم بۆ خودی سواڵکەرەکانیش بە دەستکەوت و قازانجترەو خەڵکیش بە چاوێکی جیاواز لە شێوەی ڕابردوو سەیریان دەکەن.

ئەگەرچی مـەرج نیە هەر بە شێوازی مۆسیقا ژەنین بێت، دەکرێت نمایش یان گۆرانی یان شێوازێکی تر، ئەم شێوازە ئەگەرچی مۆدێلێکی خۆرئاوایەو بۆ پارە پەیداکردن یان سك تێرکردن، خۆ دەکرێت لانی کەم باشتر لە شتەکانی تر تەقلیدی ئەم مۆدێلە خۆرئاواییە بکەینەوە، کە سادەترین کارە.

بەڵام بەداخەوە لە کوردستان، سواڵکردن هێندە کارێکی بێ گرفت و سەرکێشەیە، خەڵکێکی زۆر دەستیان داوەتە ئەمکارە، کە ڕەنگە داهاتی یەکێك لەوانە، لە داهاتی ڕۆژانەی کرێکارێك زیاتر بێت، ئەگەرچی ڕەنگە ئەگەر لەگەڵ خۆشیان قسە بکەیت، هەزار گرفت و کێشەیان هەبێت و بڵێن، "ئەگەر حکومەت دامانبمەزرێنێت، دەست لەوکارە هەڵدەگرین".

خۆ ڕاستە ئەوانیش ئینسانن و مافی ژیانیان هەیە لەم هەرێمەدا، بۆیە ئەگەر حکومەت ناتوانێت موچەیان بۆ ببڕێتەوە، خۆ دەتوانێت فێری سواڵکردنیان بکات بە مۆسیقاو وۆرکشۆپیان بۆ بکاتەوە بە ناوی سواڵی مۆسیقا.

# 16
# سلێمانی
# له نێوان دوو پارێزگاردا

بۆ ئەوەی پشکی زۆرتر وەربگریت، دەتوانیت هەندێکجار گێچەڵ بە شتێکی تر بکەیت، هەروەکو ئەوەی گۆڕان ماوەیەکە دەیەوێت پشکی زۆر لە حکومەت وەربگرێت، ئەگەر توانی بەشدار بێت، بەڵام داوای پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەکات، بە بیانووی ئەوەی پارێزگای سلێمانیان بردووەتەوە.

گۆڕان دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە، ئەی بۆچی کاتێك پارێزگاری پێشوو کە گۆڕان بوو، شاری وێران کردو دەیان دۆسیەی گەندەڵی بەسەردا ساغبووەوە، ڕازی بوون ڕابکات و ئەم پارێزگایە تازە دابنرێت...؟

ئەی بۆچی ئەوکات، نەیانوت، با ئەم پارێزگارە، یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بە تەکلیف دەربازیان کرد.

خۆ ئەگەر قەرار بێت لە بارەی پارێزگارەوە هەر بڕیارێك بدرێت، دەبێت فایلی پارێزگاری پێشووش یەکلایی بکرێتەوەو

بخرێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە هەڕەشەو هێرشی ڕاگەیاندن، ناتوانرێت ئەم پۆستە لە پارێزگار وەربگیرێتەوە یان وەکو دەڵێن پارێزگارێکی تر دادەنێن، چونکە ئەم بۆچوونانە ڕەوشەکە بە شێوەیەك ئاڵۆز دەکات وەکو لیژنەی ئەمنی ڕایگەیاندووە، یاساو هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای داهاتوو ئەم کێشەیە یەکلایی دەکاتەوە، نەك کودەتاو هەڕەشەو تێکدانی شاری سلێمانی، ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت کە گۆڕان هێزی یەکەمە لە شاری سلێمانی.

بۆ گۆڕان وا باشە زۆرتر قسە لەسەر ئەوە بکات کە هەڵبژاردنەکان وادەیەکی بۆ دیاری بکرێت، ئەوکاتە داوای پۆستی پارێزگار بکات، نەك ئێستا بیر لە کودەتا بکاتەوە بەسەر پارێزگارێك کە ماوەی چەند ساڵە خەریکی پینە کردنی گەندەڵییەکان و کارە نایاسایی و ناشەرعییەکانی پارێزگاری پێشووە.

خۆ ئەگەر بگاتە ئەوە، هەقە ئەو گەندەڵی و کەیسەکەی بڵاوبکرێتەوە، کە چ زەرەرێکی لەم شارە داوەو پارەی وشکە ساڵی چۆن خواردووە، چۆن پڕۆژەکانی پشتگوێ خستووە، تەندەرەکانی داوەتە کۆمپانیاکانی نزیك خۆی و بۆ تورە کردنی خەڵکی سلێمانی، فۆڕمی بە گەنجان پڕدەکردەوەو وەڵامیشی نەدەدانەوەو زۆر شتی تریش.

ڕەنگە گـۆڕان و لایەنگرانی ئـەوەش بزانن، جیاوازییەك لە نێوان پارێزگارەکەی یەکێتی و پارێزگارەکەی گـۆڕان، ئەوەیە کە پارێزگارەکەی یەکێتی کەمترین حزبایەتی کـردووەو هیچ دۆسیەیەکی گەندەڵی نیەو زۆرترین دڵسۆزی بۆ ئەو شارە نواندووەو ڕێزی لە هەموو لایەنەکانیش وەك یەك گرتووەو

هەمیشە جەختی لەسەر یاساو شێوازی تەندروست کردووەتەوە، کە ئەمەش ڕێك پێچەوانەی پارێزگارە کۆنەکەی گۆڕانە، بۆیە ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی پشت ئەو هەڵا ئیعلامییەی گۆڕان بەڕێخستووە دڵسۆزیی و بە یاسا کارکردنی پارێزگارو قائیمقامی نوێ و هەوڵەکانیانە بۆ خزمەتی زیاتری شاری سلێمانی.

ماوەیەکە خەڵکی سلێمانی هەست بە نیگەرانی و مەترسی دەکەن، هۆکارەکەشی ئەو هەرایەیە کە گۆڕان ناویەتیەوە، بۆیە هەقە چیتر ئەم شارە تووشی کێشەو گرفت نەکەن و نەبنە هۆی نائەمنی و دەستێوەردانی دەرەکی و مەترسی و پشێوی زیاتر.

چونکە، پارێزگار، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایناوەو لیژنەی ئەمنیش پشتیوانی خۆیان بۆ کارەکانی دەربڕیووە، نە گۆڕان نە هێزێکی تر ناتوانێت بە کودەتا لایبەرن و کاتێك هەڵبژاردنی پاریزگاکانیش کرا، بەبێ کێشەو گرفت خۆی واز لە کارەکەی دەهێنێت، ئەگەر مەسەلەکەش بەشداری کردنە لە حکومەت و وەرگرتنی ئیمتیازی زیاترە، پێویست ناکات پارێزگارو پارێزگای سلێمانی بکرێتە بابەت.

## 17
## دیاردەی خۆکوشتن

"باوکە، دایکە گیان، ئیتر ئێواران لەسەر سفرە نانتان لەگەڵ ناخۆم"

"کێشەم لەگەڵ کەس نیە و حەزم لە ژیان، نەماوە"

"فەرموون ئەوە تەرمی کچەکەتان ببەن بۆ گۆڕستان، کە دەتانوت بڕۆ خۆت بسوتێنە"

ئەمانە سێ نموونەی، ناو نامەی ئەو سەدان کوڕ و کچ و ژنانەیە کە پاش خۆکوشتن، یان خۆخنکاندنی خۆیان جێیانهێشتووە.

بەتەنها لەماوەی سێ مانگی رابردوودا زیاتر لە (100) کەس لەهەرێمی کوردستان خۆیان کوشتووە و خۆیان خنکاندوە.

باسی ئەوەش ناکەم، چەند کەسی تر کـوژراوون و چەندین کەسی تر بونەتە قوربانی.

هەرچەندە هۆکارە دیارەکانی ئەم کارەساتانە بەپێی پێوەری جیهانی (بێکاری، نەخۆشی دەروونـــی، هۆکاری خێزانی و کۆمەڵایەتی، ...)یە، بەڵام ئایا لەهەرێمی کوردستان هۆکار گەلێکی

تری وەك (کاریگەری خراپی میدیا، خراپی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، فیئودالیزم و کۆمەڵگای سوننەتی کوردی، نەبوونی سزا و یاسای گونجاو، نەبوونی پێداویستیەکانی ژیان، خراپی گوزەرانی گەنجان و لاوان، عەیبە و قەدەغەکردنی عشق و خۆشەویستی، بڵاوبونەوەی چەك و ماددەی بێهۆشکەر...)

هۆکار گەلێکی تایبەت نین، بۆ هەڵکشانی رێژەی خۆکوشتن و قوربانیبوونی کوڕان و کچان؟

ئایا حکومەت و وەزارەتـی پەوەندیدار کامە رێ و شوێنیان گرتۆتەبەر؟ ئایا وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، کام ئاماری لایە و کام لێکۆڵینەوەی جدی بۆ ئەم گرفتە کردووە؟

ئایا چەند خول و دەورەی راهێنان و چەند بەڵگە و دیکۆمێنتی لەسەر قوربانیەکان و هۆکاری خۆکوشتنەکانیان و گرفتی ئەم گەنجانە بەدەستەوەیە؟

ئایا حکومەت و ئەم دوو وەزیـر و وەزارەتــەش هەروەکو خەڵکانی ئاسایی لە میدیاکانەوە ئەم هەواڵانە نابیستن.

بێگومان بەڵێ هەر وادەبیستن و گومانیشم نییە، کە هیچ رێگا چارە و بەدواداچونیان بۆ ئەم کێشە مەترسیدارە لانیە و پێ نییە.

لەکاتێکدا دەبـوو ئەم وەزیرانە بانگی پەرلەمان بکرێن و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ...!

داوایان لێبکرێ، کوا فایلی ئەم هەموو کوڕ و کچە گەنجەی کە لەم وڵاتە خۆیان کوشتووە؟

کوا هۆکار و چارەسەر و قسەی ئێوە؟

کە دڵنیام وەزارەت و لایەنی تریش هەن کە لەم کارەساتە بەرپرسن، بەڵام بەهەموویان خۆیان لەم مەینەتیە نەبان کردووە

و پێیانوایە کێشەی ئەوان نییە...!

بێگومان ئەم بەرێزانە لەکەسی تر لەم میحنەتە تێناگات تا کەسێك و ئازیزێکی خۆی نەکوژێت و نەبێتە قوربانی، دەبێ ئەم جەنابانە، ئەو باوکە ببینن کە شەش مانگە توشی نەخۆشی بووە بەهۆی لەدەستدانی ئازیزێکیەوە.

بەڵام بەداخەوە هەندێك لەم وەزارەتانە وادەزانــن ئیشیان تەنها بڕینەوەی چل هەزارە بۆ گەنج و بێوەژنێك یان لێدانی رۆژنامەنووسانە.

گومانم نیە لەوەی خۆکوشتن. کوشتن و خۆخنکاندن مەترسیەکی گەورەیە و دڵنیاشم ئەگەر ئەمەی ئەم ماوەیە لەکوردستان روویداوە. لەوڵاتێکی تر بوایە. هەردوو جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ .... دەستیان لەکار دەکێشایەوە...!

## 18
## ئاسیاسێڵ

بەداخەوە کە لە عیراق و کوردستانیش زۆرجـار هەموو شت تێکەڵاو بە سیاسەت دەکرێت و بە پێوەرە سیاسییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەکو ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوودا بەرامبەر کۆمپانیای مۆبایلی ئاسیاسێڵا کراوە، وەك بڵاوکردنەوەی هەندێك زانیاری ناڕاست کە بێگومان ئەمجۆرە زانیاریانە کاریگەری لەسەر خودی کۆمپانیاکەو حکومەتی عیراق و پەرلەمانتارەکەش و رێڕەوی یاسایی و ئاسایی کارەکانیش دەبێت، بـەڵام بۆ دەبێت ئەم راگەیاندنانە بڵاوبکرێتەوە بە هەڵەو ببنە هۆی چەواشەکردنی خەڵکی، ئایا نەدەکرا ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزە پێش بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان پەیوەندییەکی لەگەڵ ئاسیاسێڵ بکردایە بۆ وەرگرتنی زانیارییە دروستەکان.

بۆ نموونە کەس نییە نەزانێت ئاسیا لەپارساڵەوە ریکلام بۆ فرۆشتنی بەشێك لە پشکەکانی دەکـات، یەکەم کۆمپانیای

مۆبایلیش بووە ئەمکارەی کـردووە، سەرکەوتووش بووەو خەڵکێکی زۆریش بەشداربوون و پشکەکانیان کڕیووە.

سەبارەت بەو پارەیەی لای ئەو کۆمپانیایە جگە لە ئاسیاسێڵ ئەوانی تر چ لە کوردستان و عیراق پارەکەیان نەداوە کە دەزانم هەر قەرزێك بڕەکەی (یەك ملیارو دوو سەدو پەنجا ملیۆن دۆلارە)، بگرە جگە لە ئاسیا هەندێك لە کۆمپانیاکانی تر، پارەکەیان تێکەڵ پارەی بودجەی هەرێم و عیراق کراوەو بە واتایەکی تر تێکەڵ سیاسەت کراوە.

سـەرەڕای ئەوەی ئاسیاسێڵ لە ئێستادا یەکەم کۆمپانیایە بەشدارابووانی لە هەموو عیراق و کوردستان زیاترە لە (9) ملیۆن بەشداربوو  زیاتر لە شەش هەزار کەس وەکو کارمەند لە کۆمپانیاکە کاردەکەن و سوودمەندن، جگە لەوانەش ساڵانە بە هـەزاران خوێندکار لە کوردستان لەلایەن کۆمپانیاکەو خاوەنەکەی هاوکاری دەکرێت.

بۆیە دەبێت پەرلەمانی عیراق یان حکومەت و پەرلەمانتارانی ئەوە بزانن کە هەرزانیارییەکی ناڕاست لەسەر کۆمپانیایەکی وەها زەبەلاح کاریگەری لەسەر کارەکانی دەبێت و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر بەشدارابووانی دەبێت، بێگومان ئەم کۆمپانیایەو هەر کۆمپانیایەکی تریش لە جیهاندا مانای ئەوە نییە هەڵەو کەموکوڕی نەبێت، بەڵام بۆ پەرلەمانتارێکی کورد، کە هەندێك لە زانیارییەکانی ناڕاستن بیەوێت یان نا، کاریگەری لەسەر کۆی کارەکانی ئاسیا هەیە.

پێموایە مەسەلەی سیمکارتی بێ خاوەن هێشتا مەسەلەیەکە گرفتی زۆری بەدواوەیەو جگەلەوەش ئەو نامانەی لەدەرەوە

دێن بۆ موبایلەکانی هاووڵاتیانی عیراق دوو گرفتی دەبێت، ئاسیاسێل بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانی و باشترکردنی خزمەتگوزاری مشوریان بخوات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین تائێستا ئاسیاسێڵ هاوکارێکی زۆر باشبوون لە ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئەو تاوانانەی کە رەنگە دۆزینەوەیان ئاسان نەبێت، ئەمەش جێگەی دەستخۆشییەو رەنگە راست نەبێت کە سیمکارتی بێ ناونیشان هەیە، دیسان دەبێت بڵێم ئاسیا بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام لەسەر هەموو ئەوانەوە هێشتا باشترین کۆمپانیای مۆبایل و باشترین کۆمپانیای خزمەتگوزاری و دڵسۆزی هاووڵاتیان و گروپی کۆمپانیاکانیش وردەوردە دەردەکەوێت کە چەند رۆڵی گەورەی هەیە لە گەشەکردنی ئابوری کوردستان چ لە ئاستی تەندروستی و گەشتوگوزارو پێشوازی لە میوانان چ لە پرۆژەکانی داهاتووی کە پرۆژەی گەورەن و هەمووشیان لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندان.

# 19
# گــونـــاهـــی کـــورد بــــوون...!

کاتێ ئەم یادانە دەکەینەوە، خەریکە گەلی کوردو خانەوادەی ئەنفالکراوەکان، خەونی لەمێژینەیان دێتەدی، بەوەی وردە وردە وڵاتانی گەورەی دنیا، سوید، بەریتانیاو وڵاتانی نەرویژو یەکێتی ئەوروپا کەیسی ئەنفال وەکو جینۆساید بەرەسمی دەناسێتو ئەو مافە سەرەتاییە بۆ کورد دەگێڕنەوە کە لەسایەی غەدری مێژوودا لەبەرامبەر بەرژەوەندی خۆیان لەکوردیانکرد.

ئەمەش کارێکی مۆراڵیە لەلایەك هەست بەئازاری ویژدان دەکەنو لەلایەکی تریشەوە دەیانەوێت دان بەهەقیقەتێکدا بنێتو ئەو مافە بۆ قوربانیانی ئەنفال بگەڕێتەوە.

ئەرمەنەکان پێش کورد کەوتن لەو کارەو بەرەسمی ناسینی کەیسەکەیان بەجینۆساید، کەلەجەنگی جیهانی یەك ملیۆنو نیو ئەرمەن لەلایەن تورکەکانەوە قەتڵو عام کرانو پاش ئەوەی بوونە دەوڵەت، تورکیایان ناچارکرد دەست بەقەرەبووکردنەوەیان بکاتو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، دژی تورکیا دەنگیاندا.

پێش ئەوانیش جولەکەکان ئەو مافەیان لەئەڵمانیا وەرگرتەوە کەهیتلەرو نازیزم کردیان.

تازەگیش کروات و کۆسۆڤۆیەکان، هەمان مافیان لەسربەکان وەرگرتەوە.

ئێستاش سەرەی کوردە ئەم مافە وەربگرێتەوە کەسەرەتاکانی دەرکەوتووە، بۆیە دەبێت ئەرکو هەمی حکومەتی هەرێم بێت ئەم کەیسە بگەیەنێتە مەنزڵ.

لەسەر ئاستی ناوخۆش، دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە جیا لەسەرژمێریەکی کوردو راستی، گۆڕستانو مونۆمێنتێکی شایستە بەو قوربانیانە بونیاد بنێو بکەوێتە مەڵبەندی قوربانیەکانەوە کەدواجار وەکو مۆزەخانەیەکی نەتەوەیشی لێبکرێت.

سەبارەت بەداهاتووی خێزانو کەسوکاری ئەم قوربانیانە، جارێکی تر چاو بەژیانو گوزەرانیاندا بخشێندرێتەوە.

بەواتایەکی تر دەبێ ئـەوان لەپاڵ کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە و خێزانی شەهیدانی کوردستان ژیانێکی پڕ لەرەفاهیان بۆ دابینبکرێت.

من ناڵێم زۆر شتیان بۆ نەکراوە، بەڵام هێشتا شایستەی قوربانیو نەهامەتیەکانی ئەوان نییە، چونکە یابیهێنینە پێش چاوی خۆمان، کاتێك خێزانێك شەش، حەوت کەسی لەدەستبدات، یان بوکێك چاوەڕێی گەڕانەوەی دەستگیرانەکەیەتی، یان ئەو وێنەیە ببینین کەمناڵێك سەگ دەیخواتو تارمایی تاریکی شەوی بیابان هێواش هێواش نوزەیان لێدەبڕێ...!

کێ دەتوانێ ئەم دیمانانە بێنێتە پێش چاوی خۆیو توشی فۆبیاو سەدان خەیاڵی ترسناك نەبێ...؟

چ بەختەوەریەك دەتوانێ ئەم نەهامەتیانە لەبیر ئینسان بەرێتەوە...؟

کەواتا دەبێ حکومەت بیر لەوە بکاتەوە، چۆن دەتوانێ بۆ ساتێکیش بێ ئارامیان پێبداتو حەزو خولیاکانیان بۆ فەراهەم بکات...!

خۆ ئەمانە عەبدی خوا بوون، خۆ ئەمانە موسڵمان بوون، خۆ ئەمانە بێ گوناه بوون، خۆ ئەمانە ئینسان بوون... بەڵام تەنهاو تەنها گوناهیان ئەوە بوو کورد بوون.

ئاخۆ چ قورئانو ئینجیلو تەوراتێك چ دینو مەزهەبێك، چ ویژدانو یاسایەك جگە لەفەلسەفەی فاشیسزمی بەعسیزم رێگا بەم کارەساتە دەدات.

تەنها لەبەر کورد بوون، ئەم جینۆساید بکرێت. سەرەئەنجام دیـمان مانیفسێتی فاشیزمی بەعس چـووە مێژەوە، کارێزما کارتۆنیەکەشیان لەتۆڵەی ئەم گیانە ئازیزانە ملی کرا بە پەتدا و خاوەنی جێبەجێکاری قەتڵو عامەکەیش سزای خۆی وەرگرت.

شۆفڵەکانی بەعس ئەسەریان نەما، تەنها جیاوازی ئێمەی کورد لەگەڵ جولەکەو ئەرمەن، کرواتو کۆسۆڤۆیەکان یەك شتە، کەنەبوینە خاوەنی دەوڵەت، دڵنیام ئەمەش بەرێگاوەیەو روحی پاکی قوربانیانی ئەنفال شاد دەکات، بەڵام ئەمەیان ئەرکی مێژەوە، کەممکن نییە تراژیدیانە دوبارە بێتەوە.

## 20
## دەبێت حکومەتی سوید ئەم کوردانە دیپۆرت بکاتەوە

دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، نەترسێ و بڵێ ئەم کوردانە دیپۆرت بکەرەوە.

ئێستا پرسیارەکە روونە، کام کوردانە دەڵێین

وڵاتی سوید وەکو یەکێك لە وڵاتانی ئەوروپا، زۆرترین کوردی هەرچوار پارچەی گرتوەتەخۆی کە بەشێکی زۆر لە مافە ئینسانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ دابینکردووە.

بەڵام بەداخەوە، ئەگەر لە وڵاتێکی وەکو سوید رەوشی کوردەکان وەربگرین هەندێکیان نمونەی زۆر خراپ و ناشرینیان نیشانداوە، لەچاو نەتەوەو رەگەزو کەمینەکانی تری سویددا.

رەنگە هەندێ لە کوردەکانی دانیشتووی سوید ئەمە بە خراپ بزانن دەرهەق بەخۆیان بەڵام رەنگە تەنها چەند کەسێك کوردبن کە، ئەوانی تریش تووشی ئیحراجی بکات.

لەماوەی رابردوودا لە شاری یۆتۆبۆری لە سوید چەند حاڵەتی نەخوازراو روویداوە، کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی کوردبوون.

یەکەم: لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەپێی ئامارەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەو شارە لەکۆی (9) ئافرەت یان ژن کوژراوون تەنها (1) ژن لە کوژراوەکان ئەفغانین و باقیەکەی تری کوردن و لەناو کوردەکانیش بەداخەوە هەر هەشتیان کوردی باشور یان عێراقن و هەمووشیان بە دەستی کەس و کارو مێردو کوڕەکانیان کوژراوون.

هەر بۆیە، چەمکی "ناموسپەرستی" و قەتڵی ژنان و بکوژی ژنان لەو شارەو ئەو وڵاتە بەر کورد دەکەوێت.

دووەم: هەر لەم شارەداو دوو کەسی کورد، بۆ مامەڵەو بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بە سود وەرگرتن لە منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵی کوردو سویدی و بیانی،

کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی ئەم مەوادانە بەم منداڵانە بۆ شارەکانی تر لەپێناو بڕێك پارەو قازانج.

پاش ئەوەی دەوڵەت پێیدەزانێ و ئەو دوو کەسە دەستگیردەکات کە کورد دەردەچن، پۆلیس ئاگاداری خێزانەکانیان دەکاتەوە کە ئاگاداری منداڵەکانتان بن تا نەکەونە داوی ئەو باندە مافیایانەو گوێش لەو هەڕەشانە مەگرن کەتووشی منداڵەکانتان بوون و لە هەرکاتدا پۆلیس ئاگاداربکەنەوە.

لە هەشت منداڵ کە بۆ ئەو کارانە بەکاربراون تەنها یەك منداڵیان کورد بووە.

سەرۆکی شارەوانی یەکێك لە کۆمۆنەکان کە بەو کارە هەستاوە بۆ رزگارکردنی منداڵەکان لە مەترسی لەلایەن هەر حەوت بنەماڵەکەی ترەوە چەپکێ گوڵی پیرۆزبایی دەنێرێت

بۆ ئەو کەسەو بۆی دەنووسێ "تۆ مرۆڤێکی زۆر بەسودی بۆ ئەم کۆمەڵگایە".

بەڵام تەنها خێزانە کوردەکە دەڵێت "بابە بوختان بۆ کوڕەکەی ئێمە دەکەن و کوڕی ئێمە لە شتی وادا نییە".

کە ڕاستیەکەی کوڕەکەی ئەوانیش بە ناچاری تووشی ئەو تۆڕە بووە.

## 21
## شۆڕشی ئاوارەبوون

ئەگەر ئەوە راست بێ کەنەهامەتی بەباڵای کورد بڕاوەو بەردەوام دەستو پەنجەی لەگەڵ ژانو ئازارو رەنجو مەینەتی نەرمکردوە.

بەڵام ئەوەش راستە، کەهیچ کات ئەم ئازارانە چۆکیان پێ دانەداوەو نائومێدیان نەکردوە لەروانیین بۆ گرنگی خۆر جا زوو یان درەنگ.

رەنگە ئەو بۆچوونە زۆرجار راست بێ کەمێژوو تراژیدیانە دوبارە دەبێتەوە، بەڵام خۆ لەناو هەموو یاساو دەق و بۆ چونێکی فەلسەفیش ، شتی شاز روودەدات.

جا گەر جارێکیش بێتو رەنگە کـورد لەپاڵا ئەو هەموو بەشمەینەتیەی مێژووی پێداوە ئەمجارە بۆ یەکجاریش ئەوجانسە شازەی پێ ببڕێ.

خۆ گوناه نییە، جارێك چەرخی فەلەك بەئارەزووی کورد بگەڕێ زۆر دوور نییە، مێژووی ئاوارەبوونی کوردەکانی باشور لەساڵی

(1991)و دەربەدەر بوونی سەدان هەزار کەس بۆ سنورەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتو باکور.

کۆچی مێژووی خەڵکی کوردستانی باشوور، رەتکردنەوەی دەسەڵاتی بەعس بوو، قبوڵکردنی ئاوارەیی بوو، هەڵبژاردنی سەرماو برسێتی بوو، هەڵبژاردنی بوو لەنێوان ژیانو مەرگدا. هێشتا سەرماو باران و دڵۆپەی خێمەو خێوەتگەکانو برسێتیو مردنی سەدان منالاًو پیرو لاو...

لەغەریبیدا لەبیرەوەری زۆربەماندا هەیە.

بـەڵام سەرئەنجام دەرکــەوت، ئاوارەبوونی کــوردی باشور لەشۆڕشێك بوو کەحکومەتی هەرێمی کوردستانو سەربەخۆبوونی لێکەوتەوە.

سەرئەنجام ئـاوارەبـوونـی (1991) بۆ یەکجاری کۆتایی بەئاوارەبوونی خەڵکی هێنا لەبەرامبەر زوڵمو زۆر و چەوساندنەوە.

ئێستا جارێکی تر کوردەکانی سوریا دووچـاری ئاوارەبوون بوونەوە، بەڵام بەختەوەرن کەزۆرینەیان روویانکردوەتە وڵاتە بچکۆلەکەی خۆیان "هەرێمی کوردستان"، روویانکردوەتە ناو هاونیشتمانیەکانی خۆیانەوە، بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێم، زۆر زیاتر لەوە هاوکاریان بێت

دڵنیاشم کوردەکانی رۆژئاوا داهاتوویەکی باشیان دەبێ کەلانی کەم (حکومەتی هەرێمی کوردستانی رۆژئـاوا) دێتە بەرهەمو لەپاڵ باشووردا، ئەو سنورە دەستکردانە دەسڕنەوە کەنزیکەی سەد ساڵە بێ خواستی کوردەکانی باشورو رۆژئاوا کێشران لەجیهاندا و ئێستا سنورەکان نامێن و دەسڕدرێنەوە لەنێوان کورد پێکەوە دەنێردرێنەوە.

ئەو هەنگاوەی کوردسات نمونەیەکی جوانی ئەو هاوکارییەیە.

هەنگاوەکانی سەرکەوتنی کوردستانی باکوریش دڵخۆشکەرن بەوەی کەخەریکە دایکی پارچەکانی کوردستان ، هەنگاوی گەورە دەنێت بەشکڵێك زوتر لەرۆژهەڵات، خرۆشانە جەماوەرییەکانی باکورو فشارە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئەنکەرەو خەباتی مەدەنیانەی کوردەکانی باکورو سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە سپیەیی باکورو نزیکبوونەوەی خەونی کوردەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵات نزیك دەکاتەوە.

ئێستا کاتی دواپین قسەیەکە رەنگە مێژوو بەم نزیکانە لەچانسی کورد باش دوبارەبێتەوە.

رەنگە ئاوارەبوونی کوردەکانی رۆژهــەڵات، ئەو مێژووی دوبارەیە بێتو دەبێ هەر لەئێستاشەوە باوەشیان بۆ بگرینەوەو لەپێشوازی ئاوارەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا بیینو رەنگە ئەوەشو دواین ئاوارەبوونی کوردی پارچەکانی کوردستان بێت.

دەبێ پێشوازی لەو ئاوارانە، لەو ئاواربوونە بکەین، کەهەمیشە حکومەتێکی هەرێمی کوردستانی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## 22
## غەدر لە ئۆپۆزسیۆن،
## سیاسەتی تەندروست

تا دێت پرس و ماناکانی دیموکراسی و هەڵبژاردن و ئیستیحقاقی هەڵبژاردن خەریکە دەکەوێتە بەردەم مەترسی، لەدوای شەش مانگ لە دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و هەرپێنج لایەنە براوەکە یەکتری تۆمەتبار دەکەن بە دواکەوتن، کە لە ڕاستیدا، هۆکاری یەکەم پارتی و یەکێتیی-ن وەکو دوو هێزی سەرەکی.

ئەگەرنا، سەرەڕای ئەوەی (سێ هێزە سەرەکییەکە) دەیان ڕەخنەو سەرنجیان لەسەرە لەڕووی سیاسییەوە، لە بابەتی ئەو نەرمی نواندنەی هەیانە لەهەمبەر بۆچوونەکانی پێشوویان، کە بارزانی دیکتاتۆرە، حکومەت کاربەڕێکەرە، سەرۆکی هەرێم ماوەبەسەرچووە، حکومەت گەندەڵە... بۆچی ئێستا رەوشەکە گۆڕاوە، لەکاتێکدا یەکێتیی و پارتی هیچ نەگۆڕاوون، بەڵکو ئەوەی گۆڕاوە (گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو)ن لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان.

قسە ئەوەیە، سەرەڕای ئەم قسانە، بەڵام پێموایە ئەوان مافی

خۆیانە بە (40) کورسییەوە، وەزارەت و پلەو پۆستیان پێبدرێت، بە وەزارەتی ناوخۆشەوە بۆ گۆڕان.

کە هەقە ئەگەر پارتیش دژ بێت، یەکێتیی پێشنیار بکات بۆ ئەو داوایەو داواکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ، چونکە مەبەستەکە ئەوەیە یان نابێت باس لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی بکرێت، یان دەبێت بەشی خۆیان پێبدرێت، چونکە چەند خاڵێك گرنگە:

یەکەم: ئەگەر پارتی پێیوایە حزبی براوەی یەکەمە، ئەوە بە خۆی ڕەوا دەبینێت، چۆنی بوێت ئاوا بڕیار بدات و حکومەت تەشکیل بکات، هەقە ئەو چوار هێزەی تر پاشەکشە بکەن، با خۆی لەگەڵ هێزە گچکەکان حکومەت پێک بێنێت چوار ساڵی ئایندە وڵات بەڕێوەببات، ئەمکارەش بە نۆرماڵ سەیربکرێت، نەك بە ڕق و قین و هەڵوێست، دوژمنانەی لە بەرامبەردا بگرێتەبەر، بەڵکو ئاسایی سەیربکرێت.

دووەم: ئەگەر یەکێتیی پێیوایە، پاش پاشەکشەی 21-9 بە (18) کورسییەوە هەمان دەسەڵات و ئیمتیازی جارانی هەبێت، ئەوە بۆچوونێکی سیاسی و مەنتیقی و تەنانەت بیرکاریش نییە، چونکە نە پارتی و نە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش ئەمەیان قبوڵ نییە، بۆیە وا باشە، کە یەکێتیی هەم ڕێز لە براوەی یەکەم و هەم ڕێز لە داواکانی سێ هێزەکەی تر بگرێت، ڕەغمی هەموو بۆچوونە سیاسییەکان و ئیمتیازەکان و دەسەڵات و حکومەت، تەنها بۆ پشتیوانی سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا، چونکە سادەترین پرۆسەی دیموکراسی چۆن سەرکەوتنە بەسەر پەیژەیەکدا، هاتنە خوارەوەشە بەهەمان پەیژەدا، ئەمە پرۆسەی دیموکراسییە، نەك مانەوەی هەمیشەیی لە دەسەڵاتدا.

سێیەم: یەکێتیی و پارتی دەبێت لەوە تێبگەن مۆدێلی حوکمڕانی (50-50) و دوو حزبی کۆتاییهات، بۆیە هەر بیرکردنەوەیەکی لەو بابەتە خوێندنەوەیەکی ناسیاسی و نامەنتیقییەو ڕەنگە هەرێمی کوردستان پەلکێش بکات بۆ بیرکردنەوە لە سیستمێکی نادیموکراسی.

دەبێت یەکێتیی و پارتی لەمبارەیەوە هەندێك رەهەندی قەیرانەکان بخوێننەوە لە بابەتی:

یەکەم: ئەم سێ هێزە ئۆپۆزسیۆنەش، جەماوەرو کادیریان هەیە، حەزو ئارەزوویان هەیە، بۆ دەسەڵات و وەرگرتنی پلەو پۆست، ئیمتیازی ماددی و مەعنەوی، ئەگەر بەشداری حکومەت نەکەن، جارێکی تر دەبێت جەماوەرەکەیان بە دژایەتی حکومەت ڕاگرن و قەناعەت پێبهێنن، جا بە خۆپیشاندان و شەڕو ناکۆکی و بگرە کوشتنیش بێت، چونکە بۆ ئەوانیش رێگەی سێیەم نییە، یان حکومەت، یان ئەنتی حکومەت، پێشموایە، ئەگەر یەکێتیی و پارتیش لە شوێنی (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) بن، هەمان هەڵوێستیان دەبێت، بۆیە دەبێت یەکێتیی و پارتی ئەم رەهەندە ئاوا بخوێننەوەو درك بە خۆزگەو گرفتەکانی ئەوانیش و جەماوەرەکەیان بکەن.

دووەم: بێگومان حکومەت و دەسەڵات، هەم خۆشەو هەم ئیمتیازی زۆریشی هەیە، لە ڕابــردوودا سەرۆکی حکومەت هەبووە، بە دەیان ملیۆن دۆلار سوودی وەرگرتووە، جێگری سەرۆکی حکومەتیش هەبووە تەنها ئیشی بۆ خۆی و چەند کەس لە حزبەکەی و چەند کەسی نزیکی خۆی کردووە، تەنانەت نەیانتوانیوە بە یەك چاو سەیری ئەندامان و کادیرانی حزبەکەی

خۆشیان بکەن، چ جای هەموو جەماوەر یان جەماوەرو لایەنگر و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان.

وەزیـری وا هەبووە لەم چەند ساڵەدا، لە هیچەوە بووەتە خاوەنی چەندین پرۆژەو ڤێلا و ئیمتیازی زۆر.

بەرپرسی وا هەبووە ئەوەندەی بە خزمایەتی و هاوڕێیەتی و تەکەتول کاری کردووە بۆ ئەوانەی خۆی، هیچی بۆ کەسی تر نەکردووە.

بۆیە ئۆپۆزسیۆنیش، ناهەقیان نییە، کە داوای ماف و ئیمتیازی حکومەت و دەسەڵات بکەن، ئەگەرنا ڕەنگە تێکیبدەن.

سێیەم: لەڕاستیدا، ئەرکی یەکێتیی و پارتیە، کە هەم هەوڵی جددی بدەن بۆ ڕازیکردنی ئەو سێ هێزەی ئۆپۆزسیۆن بەشداری بکەن، کە ئەمە لێبوردەییە، هەم لەوەش تێبگەن کە شەریکیان بۆ دروستبووەو دەبێت شەریکیان بکەن و هەندێك لە کێکەکەی خۆیانیان پێبدەن، ئەگەرنا ناهێڵن بەدڵیانەوە بنوسێت، ڕەنگە نەتوانن بە تەنها بیخۆن.

چـوارەم: ئیتر کاتی ئـەوەش هاتووە، یەکێتیی و پارتی لەو ناشەفافیەت و گەندەڵییەی هەرێمی گرتووەتەوە، چاکسازی بکەن، ئەوەش یەکەم هەنگاو بە دوورخستنەوەی بەشێکی زۆر لەو دەموچاوانەی کە چەند ساڵە لە حکومەتدان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، کە بەڕاستی بەشێکیان شکڵ و ماناو ناوەڕۆکی حکومەت و ئیداری-شیان ناشرین کردووە، بۆیە کاتی ئەوەیە لەکۆڵ ئەم خەڵکەیان بکەنەوەو دووریان بخەنەوە.

ئاخر گوناهە، خەڵکێك و دەموچاوێك چەندین سـاڵ لە حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگا ئیدارییەکان بکەیتە واجیهە،

کە نەك جەماوەری ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو کادرو لایەنگرو جەماوەری حزبەکەی خۆشت حەز لە چارەیان ناکەن، ئیتر ئەم داسەپاندنە لەپای چی و بۆچی...؟ وەڵڵا گوناهە...!

چونکە دڵنیام بەم هەنگاوانە، کە هەندێکیان بەخۆدا چوونەوەیە، لە قازانجی یەکێتیی و پارتییە، هەندێکیان پراکتیزەکردنی چەمکی لێبووردەییە کە یەکسانە بە چەمکی گەورەیی، هەندێکیان دەچێتە چوارچێوەی درککردن بە بەرپرسیاریەتی، بەشێکیان غەدرێکی درەنگ وەختە دەبێت ڕابگیرێت، بەتایبەتی غەدر لەو سێ هێزە ئۆپۆزسیۆنە، هەندێکیشیان ئەرکێکی سیاسی، ئەخلاقی، ئینسانی، ویژدانی، دیینی و دونیایشە.

## 23
## تەڵەی نەوت

بۆچی هەرێمی کوردستان، توشی ئەم قەیرانە داراییە بوو لەمکاتەدا؟

پرسیارێکی جەوهەری و گرنگە، کە دەکرێت، فاکتەرو هۆکارە سیاسییەکانی بزانرێت، کە ئایا ناوخۆیین، یان ناوچەیی و دەرەکین؟

ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین، لایەنە سیاسییەکەیەتی، کە دیارە رەهەندی، ئابوری، یاسایی... هەیە.

قەیرانە سیاسییەکانی ناوچەکە، شەڕەکانی سوریا، گەمارۆکانی سەر ئێران و کێشە ناوەکییەکانی، دەخالەتی وڵاتانی پشت ململانێکانی شیعەو سوننە، دەخالەتی ئەمریکا لەهەموو ئەو کێشانە، چەند فاکتەری گرنگن.

بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم بە دوو بۆچوونی جیاواز، دوو ئاڕاستەی جیاواز لە کێشەکانی سوریاو رۆژئاوا، دوو دۆست و رەقیبی بۆ هەرێم دروستکردووە کە ئێران و تورکیان بە خۆیان و جەمسەرەکانی ناو ئەو گروپانە، کاریگەری لەسەر کۆی سیستمی

سیاسی هەرێم و قەیرانە داراییەکەشی هەیە.

دەرهێنانی نەوتی هەرێم و پێدانی ڕێژەیەکی بەرچاو بە کۆمپانیا زەبەلاحەکان، ڕاکێشانی بۆری نەوت بۆ بەندەری جیهان، هەرێمی گلاندووەتە، چوار سیناریۆی پڕ لە ناکۆکی:

یەکەم: تورکیا، هەموو ڕابردووی لەبیرکرد کە دژی حکومەتی هەرێم و فیدراڵی کوردستان بوو، ڕێگا خۆشکەربوو بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت، بەخاتری داهاتە گومرگییەکەی و مەسەلەی کوردەکانی باکور، بەکارهێنانی وەکو کارتی فشار دژی ڕەقیبەکەی ئێران و ململانێکان لەگەڵ عیراق، بەڵام تائێستا نەوتی ڕۆیشتووی هەرێم لە بەندەرەکان بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو نەفرۆشراوە، ئەوەش ڕوونە کە تورکیا لەبەردەم هەڕەشەکانی ئەمریکا، ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی هەرێم لەبەرچاو بگرێت، کە نەیکردووە..

دووەم: ئێران، کە خۆی بە یەکێك لە دۆستەکانی هەرێم دەزانێت، خۆی بە کارەکتەری سیاسی و پڕهەیمەنەی ناوچەکە دەزانێت، هەست بە نیگەرانی زۆر دەکات لە هەیمەنەی تورکیای ڕەقیبی لە هەرێم و داهاتی گومرگی، فشار دروستکردن لەسەر عیراق و حکومەتە شیعەکەی دۆست کە (مالیکی) نوێنەرایەتی دەکات، بۆیە لەلایەکەوە نیگەرانە لە هەندێك سیاسەتی هەرێم سەبارەت بە سوریاو خۆرئاوا، لەلایەکی تریشەوە فشار دەخاتەسەر مالیکی کە فشار بخاتەسەر هەرێم.

سێیەم: عیراق، جیالەوەی پێیوایە، مەسەلەکانی نەوت نادەستوورییە، پاش مشتومڕێکی زۆر، سەرکەوتوو نەبوو لە دەرپەڕاندنی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی وەك (ئەکسۆن موبێل، شیفرۆن، ئەنێرجی، DNO، گاز پرۆم) کە لە کوردستان.

بەڵام ئێستا کە نەوتەکە دەرهاتووە، بۆری ئامادەکراوە بۆ ناردنە دەرەوە، کارتی فشاری بودجەو دروستکردنی قەیرانی دارایی بۆ هەرێم خوڵقاندووە، لای مالیکی (بودجە یەکسانە بە پارەی فرۆشراوی نەوت)، واتا ئەگەر هەرێم نەوت دەفرۆشێت، نابێت داوای بودجە لە ناوەند بکات، یان فرۆشتنی بە ئاگاداری و تصرفی عیراق بێت لەڕێگەی (سۆمۆ)وە، کە لە ئەنجامدا پێدەچێت مالیکی سەرکەوتوو بێت، واتا حکومەتی عیراق، تەڵەی دانابوو بۆ هەرێم، کە نەوت دەربکات و بۆریشی بۆ حازر بکات، بەڵام کاتی فرۆشتنی قسەی خۆی دەکات، (کە بە چرای سەوزی ئەمریکاو کێشانی نەخشەی ئێران کراوە).

چوارەم: ئەمریکا، هەر لە سەرەتای مشتومڕی دەرهێنانی نەوت لە هەرێم، رایگەیاند کە دەبێت هەرێمی کوردستان بە رەزامەندی ناوەند، نـەوت دەربهێنێت و بیفرۆشێت، چونکە جیالەوەی نادەستوورییەو لە قەیرانەکانی (2010)ی نێوان هەرێم و ناوەند، لە ئێستاشدا کە واشنتۆن بێدەنگە، بەمانای پشتیوانی لە مالیکی و حکومەتی عیراقە لەو کەیسەدا، کە هەم مالیکی، هەم هەرێم و تەنانەت تورکیاش ئەم سیناریۆیە دەزانن.

هەربۆیە، دەرکەوت:

- ئەمریکا، لە قەیرانەکانی هەرێم و ناوەند، پشتیوانی لە ناوەند دەکات.

- ئاگاداری حکومەتی تورکیای کردووە، کە نابێت بێ رەزامەندی عیراق، مامەڵە لەگەڵ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بکات و تورکیاش بەقسەی کردووە.

- دروستکردنی قەیرانەکانی تورکیا لە بابەتی سەرهەڵدانەوەی

ململانێکانی گولەن و ئەردۆگان، بە ئاگاداری ئەمریکایە، بەتایبەتی کە لەچەند ساڵی رابردوودا کە گەمارۆ لەسەر ئێران بووە، ئەردۆگان، ڕۆڵی هەبووە لە سپیکردنەوەی پارەو کەمکردنەوەی گەمارۆکان، سەرەڕای مەسەلەی نەوتی هەرێم.

- ئەمریکا داوا دەکات لە هەرێم، کێشەکانی لەگەڵ ناوەند چارەسەربکات و نەوتەکەشی لە رێگەی (سۆمۆ)وە بفرۆشێت.

واتا ئەمریکا، لە رێگەی نەوتی هەرێمەوە، کارتی فشاری دژی دۆستەکەی کە تورکیایە بەکارهێنا کە نابێت لەبەر پارەو گومرگ، بەرژەوەندی سیاسی و مەسەلەکانی رۆژئاواو سوریا، نەوتی هەرێم بێ ڕەزامەندی ناوەند بفرۆشێت.

بە هەرێمیشی وت، سەرەڕای ئەوەی کە دۆستی ئەمریکایت، بەڵام فرۆشتنی نەوت بەوشێوەیە، رەنگە ململانێی دژواری لێ پەیدابێت کە کۆنترۆڵ نەکرێت.

عیراقیش، باش کارتەکانی دەخوێنێتەوە، کە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات، ئەگەرچی بە نزیکترین دۆستی رەقیبی خۆیشی (ئێران) دەزانێت، رەنگە ئەو بۆچوونەش راست بێت، کە بۆچی لەچەند ساڵی ڕابردوودا، زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکەش توشی قەیرانی دارایی گەورە هاتن، بەڵام هەرێم هیچ زیانێکی نەکرد؟! ئێستاش کە هەموو هاوکێشەکان لەدژی هەرێمن، دەبێت هەرێم باش مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسەدا بکات، نەکا نەوتیان کردبێتە تەڵەیەکی سیاسی بۆ شکاندنی هەیبەت و پێشکەوتنەکانی، (سەرەڕای قەیران و گرفت و ناشەفافیەکانی ناوخۆشی).

## 24
## هەرێمی کوردستان لە لیستی ڕاوچیانی ڕۆژنامەنووساندا نیە

میدیا یەکێکە لەپایە گرنگەکانی دیموکراسی و پراکتیزەکردنی دیموکراسی.
بەڵام جێگەی داخە کە هێشتا وڵاتانێکی زۆرو زەوەندە هەن کە نەك میدیا نەبووەتە دەسەڵاتی چوارەم، بەڵکو بووەتە فاکتەرێك بەدەست دەسەڵات و ڕژێمە تۆتالیتارەکانەوە، بۆ چەواشەکردنی کۆمەڵگاو ترساندنی هاووڵاتیان.
هێشتا دەیان وڵات هەن کە میدیا ئازاد نیە، تۆڕەکانی ئینتەرنێت و فەیسبووك داخراون و ڕێگانادەن خەڵك بنووسن و قسەبکەن، لەوەش ترسناکتر، دەستگیرکردن و کوشتنی ڕۆژنامەنووسانە لە وڵاتەکانیاندا.
هەرێمی کوردستانی عیراق لـەدوای ڕاپەڕینی 1991 بووە خاوەنی میدیاو یەکەم تەلەفزیۆنی لۆکاڵی دامەزراند، دواتر ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی نوێ، برایەتی،دەرچوون، بەڵام

له (1991-2013) ژمارەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گەیشتووەتە (1200) کەناڵ، کە (760) لەوانە ڕۆژنامەو گۆڤارن، (85TV) کەناڵی ڕادیۆیی لۆکاڵی و نزیکەی (200) ماڵپەری ئەلیکترۆنی، ئەمەش گەشەیەکی خێراو بەرچاوە لەڕووی چەندایەتییەوە، کە هەموو کەس و لایەنێك، حزبێك، ئازادەو مۆڵەت بەدەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار یان کردنەوەی کەناڵ و ڕادیۆ و TV دەدرێت.

بۆ ئەم گەشەکردنەش، یاسایەك هەیە بەناوی (یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی - یاسای ژمارە (35) ساڵی 2007).

کە لەبەندێکیدا دەڵێت: "مۆڵەت دەدرێت بەهەر ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵێك و بیەوێت ڕۆژنامە دەربکات بەهیچ شێوەیەکیش ڕێگانادرێت لەژێر هیچ بیانوویەکدا کەناڵێکی ڕاگەیاندن دابخرێت"، هەر بۆیە تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەژێر هیچ فشارێکدا دانەخراوە.

ئەگەرچی پێشێلکاری ڕوویداوە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و زۆرجار ڕوبەڕووبوونەوە ڕوویـداوە لەنێوان هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و ڕۆژنامەنووسان، بەڵام پرۆتستۆی پێشێلکاری مافی ڕۆژنامەنووسانیان کردووە، هەوڵیانداوە لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆو دادگاکان ئەو پێشێلکارییانە ڕابگرێت، هەندێکیشیان تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بووە، کەچی هێشتا کۆتایی بەپێشێلکاری بەرامبەر بەڕۆژنامەنووسان نەهاتووە، بەڵام ڕۆژنامەنووسان و سەندیکاو ڕێکخراوەکان سوورن لەسەر بەدیهێنانی تەواوی مافەکانیان بەپێی یاسا.

هەموو ئەم هەوڵانە بەپشتیوانی چەند پەرلەمانتارێك و لەسەروویانەوە سەرۆك پەرلەمانی کوردستان لەچەند ڕۆژی

ڕابردوودا یاسای بەدەستهێنانی زانیاری پەسەندکرد کە ڕێگا بە ڕۆژنامەنووسان، هاووڵاتیان دەدات دەستیان بگات بەزانیاری گرنگ و بەسوود، بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی تری کاری ڕۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان دەباتەپێشەوە، چونکە پشتیوانی زۆرتری یاساییان بۆ بەدەستدەهێنێت.

ئەوەش زۆر بەگرنگ دەزانین کە هیچ کام لەسەرکردە کوردەکانی هەرێمی کوردستان لەناو لیستی (ڕاوچیانی ڕۆژنامەنووسان) دا نین کە بەدەیان سەرۆکی دەوڵـەت و سەرۆك وەزیرانن و بەرپرسانی تێدایە کە خاوەنی دەوڵەت و سەدان ساڵ حوکمن و ساڵانە لەلایەن (CPj) بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ڕێگا بە هاووڵاتیانیان نادەن خاوەنی ڕۆژنامەو گۆڤارێك یان کەناڵی TV بن لەنێویاندا (ئێرانی دراوسێمان، سوریا، سۆدان،...).

بەپێی ئامارەکان ژمارەی ڕۆژنامەنووسان لەناو زیندانەکان بەهەزارانن، لەوڵاتێکی وەك تورکیا (86) ڕۆژنامەنووسی کورد هەن کە تەنها لەبەرئەوەی کوردن دەستگیرکراون، وەکو ڕاپۆرتی (CPj) ئەمساڵ دەڵێت لەتورکیا ڕۆژنامەنووسان لەزینداندا لەخراپترین حاڵدان.

بەپێی ئامارەکان (232) ڕۆژنامەنووس لەزینداندان، کە زۆرترینیان لە تورکیاو وڵاتی چینن لەسەر ئاستی جیهان کە سێ وڵاتی مەترسیدارن بۆ ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسان تاوانبار دەکەن بە خیانەت و تیرۆر...، لەکاتێکدا لەماوەی ڕابردوودا دەیان ڕۆژنامەنووسی کورد لەسێدارەدران و تەنها هۆکاریش کورد بوون و نووسینی کوردییەو بەشداریانکردووە لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و چونکە لەو وڵاتانەدا ئەگەر هەموو شت دەستبکەوێت،

بەڵام هەرگیز ئازادی سیاسی، میدیا، ڕۆژنامەگەری بوونی نییە.

ئەریتریاو سوریاش تۆمارێکی ڕەشیان هەیە لەدوای تورکیاو وڵاتی چین (32) ڕۆژنامەنووسیان زیندانیکردو ئەریتریا (28) ڕۆژنامەنووس، سوریا (15) ڕۆژنامەنووس، ڤێتنام (14)، ئەسیوبیا (6)، ئۆزباکستان و سعودیە (4) ڕۆژنامەنووس، بەداخەوە لەوڵاتی عیراق لـەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە (2003)دا (93) ڕۆژنامەنووس کوژران و بەمدواییانەش بەڕێز مالیکی بڕیاری داخستنی چەندین کەناڵی ڕادیۆو TV و ڕۆژنامەی داوە، ئەگەچی ئەمە مانای ئەوە نیە لەهەرێمی کوردستان ڕۆژنامەنووسان تەواو ئازادن و هیچ گرفتێکیان نیە، نەخێر، بەڵام هەوڵێکی زۆرباش هەیە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی کاری میدیا، ڕۆژنامەوانی لەهەرێمی کوردستان کە چەندین جۆر میدیا وەك میدیای حزبی، ئەهلی، ئۆپۆزسیۆن، وجودی هەیە.

بەڵام پشتیوانییەکی زۆر هەیە لەناو حکومەت، حزبەکان، خەڵکانی پێشکەوتوو، دیموکراتیخواز کە پشتگیری ئازادی کاری ڕاگەیاندن و بوونی بەدەسەڵاتی چوارەم دەکەن.

بێگومان سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان، وابەستە بەسەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسییەوە، لەناویشیاندا ئازادی ڕاگەیاندن و کاری میدیایی و دەستەبەرکردنی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان.

بەمەش هەرێمی کوردستان دەتوانێت باشتر بچێتە ناو ئەو پرۆسەیە کە پێیدەوترێت (پرۆسەی کرانەوەو بەدەستهێنانی زانیاری).

## 25
## سیناریۆکانی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری

لە چەند ڕۆژی ڕابــردوودا(2013)، حکومەتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئـاوا پێکهات، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم حکومەتە لە بەردەم هەڕەشەدایە؟ یان بارودۆخ و ئاڵوگۆڕی ناوچەکە چەندە یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی، بە بەراورد بە حکومەتی هەرێمی باشوور؟

هیچ سەیر نییە ئەگەر بڵێین ئـەم حکومەتە کوردییەی خۆرئاوا، زادەی ئاڵوگۆڕەکانی بەهاری عەرەبییە، هەروەك چۆن حکومەتی هەرێمی باشووریش زادەی پرۆسترویکاو گلاسنۆست و ئاڵوگۆڕەکانی دوو جەمسەرگیری خۆرهەڵات و خۆرئاواو شەڕی کوێت بوو، (وە لە هەست و ورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان کەمناکاتەوە).

بە واتایەکی تر، ڕووداوەکانی سوریا چاوەڕواننەکراو بوون، کە بەم ئاڕاستەی ئێستادا بڕوات و لانی کەم کورد باشترین چانس بهێنێت لەچاو پێکهاتە ئیتیکی و مەزهەبییەکانی تردا، کە ئەمەش

ڕەنگە داهاتوویەکی پرشنگداری لێ بخوێندرێتەوە.

ڕەنگە بۆ وەڵامــی سەرکەوتنی پرۆسەکە، وا باشبێت کە بەراوردێکی مێژوویی و سیاسی، ئاڵوگۆڕەکان بکەین لە نێوان حکومەتی باشوورو حکومەتی ڕۆژئاوادا؟

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، ڕێك هاوكێشەكە پێچەوانە بووەتەوە، ڕوسیا پشتیوانی لە کوردانی خۆرئاوا دەکـات، لە بەرامبەردا ئەمریکا دژە، کە ئەمەش ڕێك پێچەوانەی سەردەم و دروستبوونی حکومەتی باشوورە، ئەگەرچی هیچیان پشتگیری و دژایەتیان لەسەر بنەمای دۆستایەتی گەلی کورد نییە، بەڵکو پەیوەندی بە تێڕوانین و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و جیۆگرافی و جێوپۆلیت و  و نەوتەوە هەیە.

لەسەردەمی ئاستی ناوچەیی، ڕۆژئاوا لەلایەن ئێران، عێراق و ڕەقیبەکانی تورکیاوە پشتیوانی دەکرێت، بگرە خودی سوریاش دژی نییە، جگە لە تورکیا دژە، لەکاتێکدا لە سەدەی باشووردا هەرسێ وڵاتی سنوری ئێران، سوریاو تورکیا دژ بوون، عێراقیش دوژمنی سەرەکی و بە هەموویان گەمارۆی باشووریان دابوو.

لەسەر ئاستی کوردستان، هاوکێشەکە خوێندنەوەی بەدیقەتی دەوێت، بە واتای ئەوەی لە سەردەمی باشووریشدا سەرەڕای هەوڵی ئەمریکی و ئەوروپییەکان، شەڕی ناوخۆی یەکێتیی و پارتی سەریهەڵدا، کە ئەجێندای وڵاتانی ناوچەکەشی جێبەجێ کرد، تا دواتر شەڕەکە (PKK) شی گرتەوە.

لە ئێستادا گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئایا ئاستی کوردستانی تا چەند پشتیوان یان مەترسیدارە لەسەر حکومەتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا..؟!

دەکرێت بڵێین، ڕۆژئاوا کە لەلایەن تاکە هێزی سەرەکی جەماوەری و چەکداری (PYD) وە بەڕێوەدەبرێت و سەر بە (PKK) یە.

لە قەندیلەوە، (وەکو باڵی سەربازی) پشتیوانی عەسکەری و سەربازی و گەریلایی پێشکەشدەکرێت لەلایەن (PKK) کە هۆکاری بەهێزبوونیشی هەر لە سەرەتای پاڵپشتی گەریلا بوو.

لە ئامەدەوە، (وەکو باڵی مەدەنی) پشتیوانی جەماوەری و دبلۆماسی و ڕێکخراوەیی و ئابووریش دەکرێت لەلایەن (BDP) وە.

لە برۆکسلیشەوە، ( وەکو باڵی دارایی و ئەجێنداسازی) لەلایەن (PKK) وە ئەجێنداسازی کارەکانیان بۆ دەکرێت و پشتیوانی داراییان بۆ دەنێردرێت و هەوڵدەدەن بە کۆمەڵگەی خۆرئاواییان بناسێنن، سەردانە خێراو گەرموگوڕەکانی ساڵح موسلم-یش باشترینیانە.

لەسەر ئاستی باشووریش، (ی.ن.ك) پشتیوانی لە (PYD) و ئەو حکومەتە خۆبەڕێوەبەرییە دەکات و (پ.د.ك) یش خیلافی لەگەڵ (PYD) و میکانیزمی بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا هەیەو یارمەتی دۆستە نزیکەکانی خۆی دەدات، واتا نیوەی هێزەکەی باشوور پشتیوانی لە خۆرئاوا دەکات.

کەواتا مەترسییەکانی سەر ڕۆژئاوا لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان زۆر کەمترن بە بەراورد بە مەترسییەکانی سەردەمی حکومەتی باشوور، (کە سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەش سەرکەوت).

بۆیە لە ئێستادا ڕوسیاو ئەمریکا لە ململانێیەکی سەختدان لەسەر سوریا.

ئێران و سوریاو عێراق و حزبوڵڵا بونەتە بلۆکێك بۆ پشتیوانی ئەسەد کە خۆرئاواش لەناو ئەم بلۆکەدا جێی گرتووە.

تورکیاو وڵاتانی کەنداو، دژی ئەسەدن، بەڵام نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن.

خاکی سوریا بووەتە مەیدانی ڕمبازێن و ململانێی قەتڵ و عامی نێوان گروپە ئیسلامی و نەتەوەیی و تیرۆریستەکان.

(PKK) ش ئاگربەستی هەیە لەگەڵ تورکیا، پێدەچێت بەدوای ئەم حکومەتە خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاواش ئاگربەستەکەی لەگەڵ ئەنکەرە درێژەپێبدات، تا حکومەتەکەی ڕۆژئاوا سەقامگیردەبێت، (یان ڕەنگە پرۆسەی ئاشتی (PKK) یەکسان بێت بە نەرمی نواندنی ئەنکەرە لەدژی خۆرئاوا).

واتا هەموو سیناریۆکان لە قازانجی حکومەتە خۆبەڕێوەبەرەکە ڕۆژئاوان، جگە لە یەك مەترسی جددی کە ئەویش ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوایە لە نێوان (PYD) و لایەنگرانی لەلایەك و دژەکانیشی لەلایەکی تر، کە ئەو حکومەتە بە ڕەسمی ناناسن، بۆیە شەڕی ناوخۆ گەورەترین هەڕەشەیە لە بەردەم ئەم حکومەتەدا، ئەگەرچی هاوشێوەی یەکێتیی و پارتی کە هەردووکیان چەکدار بوون، لایەنەکانی تری کە دژی (PYD) ن لە ڕۆژئاوا چەکدار نین و بەهێندەی (PYD) کاریگەر نین، بەڵام دیسان مەترسی هەڕەشەی ناوخۆیی ئەگەرێکی دوور نییەو مەترسییەکی کەم نییە لەسەر حکومەتی ڕۆژئاوا.

## 26
## ماندووکردنی هاووڵاتیان

لە هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی شتەکان فۆرمی رۆتینی بەخۆیەوە گرتووە، دامودەزگاکانی حکومەت هێندە بێنەو بەردە بە هاووڵاتیان دەکەن، هاووڵاتی هیلاك دەکەن، تا ئەو شوێنەی حاڵەتەکان یاساییە، ئاساییە یاسایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر ماندووبونیشی بـەدوادا بێت، بەڵام بەداخەوە زۆربەی کێشەو گرفتەکانی هاووڵاتیان لە دامودەزگا حکومییەکان هیچ نییە، جگە لە رۆتین.

لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی هاووڵاتیان بە دوو سێ پاس ئینجا دەگەنە لای ترمیناڵەکە، بەڵام بۆ بەرپرسەکان و خێزانەکانیان لەو شارە ئۆتۆمبێلەکانیان ڕێگەپێدراوە بێنە بەردەم ترمیناڵەکە، کە پێشتر ئەو حاڵەتە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی هەبوو و ئێستا چاك بووە.

لە ئیقامەی هەولێرو سلێمانی، هاووڵاتیانی زۆرم بینیوە، بەتایبەتی کوردەکانی پارچەکانی تر کە چوار ڕۆژ ڕاگیراون

له پێناو ئیقامەیەکدا، کە پێویستە لەسەر سنور زۆربەی کارەکانیان بۆ تەواوو بکرێت، نەك لە بازگەکان دایانبگرن و ڕایانبگرن و کێشەو گرفتیان بۆ دروست بکرێت.

هاووڵاتیەك دەچێتە فەرمانگەیەك، بەڵام چونکە جەنابی بەڕێوەبەر لەوێ نییە، دەبێت هاووڵاتی سەعاتێك چاوەڕێی ئیمزایەك بکات و کەسێك لە شوێنی خۆی دانانێت.

یان ڕۆژ هەیە جەنابی بەڕێوەبەر دوو سەعات لەکاتی گەرمەی دەوامدا کۆبوونەوە سازدەکات و دەبێت دەیان هاووڵاتی چاوەڕێ بن تا کۆبوونەوەکەی بەڕێزیان تـەواوو دەبێت، کە دەبێت کۆبوونەوە کاتێکی دیاریکراوی هەبێت، لانی کەم دوای دەوام یان لە کۆتایی هەفتەو کۆتایی سەعاتەکانی دەوام بێت.

خۆم بەڕێوەبەرم بینیووە لە کاتی دەوامی ڕەسمی و وەستانی هاووڵاتیاندا، بیست دەقیقە بە تەلەفۆن قسەی کـردووە کە پەیوەندی بە کاری ئیدارەو فەرمانگەکەیەوە نەبووە.

ئەوەش لەولاوە بوەستێت، بەشێکی زۆر لە فەرمانگەکان هێندەی دەرچووی زانکۆ، پەیمانگا، ناوەندی و دواناوەندیان دامەزراندووە، جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکی دروستکردووە، تەنها کێشەی بۆ هاووڵاتی و فەرمانگەکە دروستکردووە، کاتێك پرسیارێکت دەبێت یان داوای هاوکاریان لێدەکەیت، ئامادە نییە لەسەر کورسییەکەی بەرزبێتەوە، خەریکی یاریکردن بە مۆبایلەکەیەتی، ئەوە لەکاتێکدا هەر ئەم فەرمانبەرە هەتا دادەمەزرێت چەندین واسیتە دەکات، کاتێکیش دادەمەزرێت ئەوەی لێدەردەچێت.

خۆ ئەگەر بکەویتە یەکێك لە بنکەکانی پۆلیس، ئەوە هەر مەپرسە، یەك هەفتە هاتوچۆت پێدەکەن بۆ ونبوونی ناسنامەیەکی

فەرمانگەکەت یان زانکۆ یان ... کە هیچ گرنگ و زەرور نییە، ئەو هەموو رۆتین و پارە خەرجکردن و ماندووبونەی هاووڵاتیان و دەیان ئەڵتەرناتیڤی تر هەیە بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی.
خۆ ئەگەر لە خێزانەکەت جیابیتەوە یان پێکدادانی ئۆتۆمبێل بووبێت یان سکاڵایەکت لە یەکێك کردبێت یان شتێکی تر، مەگەر هەر خۆیان بزانن چەند ماندووت دەکەن.

ئەگەر لادانێکت هەبێت لە بـازاڕ لە بابەتی خواردنەوەی بیرەیەك یان دەستبردن بۆ ئافرەتێك (ئەگەرچی کارێکی نەشیاو و ناشارستانییە) لە پۆلیسی پرسگەکەوە لێتدەدات تا دەگاتە سەرەوە، ئەوە جگە لە سوکایەتی و جنێودان و ڕەچاونەکردنی پێوەرەکانی ڕێزگرتن لە هاووڵاتی و پرەنسیبەکانی مافی مرۆڤ.
ئەوە لەولاوە بوەستێت کە سەدان بابەت و مەقال و ستوون بنووسە، بە ئەمەی منیشەوە، کەس نییە جوابت بداتەوەو بەدواداچوونی بۆ بکات و هەر بڵێت نووسینەکەت ڕاست نییە، کەس هیچ ناڵێت، بەڵکو وایلێهاتووە "فەرموو بۆ خۆت هەر قسە بکەو بنووسە" و "کەس گوێت لێناگرێت".
ئەو هەموو ڕاپۆرتەی دەدرێت بە وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە پێشێلکاری دژی ڕۆژنامەنووسان، حکومەت ...، هەر جوابیشیان نەدایەوە، نزیکەی (900) ڕۆژنامەنووس پێشێلکاری بەرامبەر کراوە، کەس لە یەك ڕۆژنامەنووسی نەپرسی.
ئەو هەموو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی ژنان لە بارەی کوشتن و لێدان و سوکایەتی و دەستدرێژی، کەس گوێیان لێناگرێت یان زۆر بە کەمی.

ئـەوە خانوو یان شوقە بەکرێگرتن لـەولاوە بوەستێت کە موختارو پۆلیس و نوسینگەو ئاسایشی دەوێت، یان دەرهێنانی مۆڵەتی دەزگـای ئەدەبی و ڕۆشنبیری، یان ڕێکخراو و مۆری دەزگاو ڕێکخراوەکە، هەزار بێنەو بەردەی دەوێت.

بەکورتی، رۆتینی ئەم وڵاتەی کوشتووەو هاووڵاتیانی تەواوو هیلاك کـردووە، یەقینم کە کاریگەری لەسەر ژیـان، گـوزەران و داهـات و سایکۆلۆژیاو هاووڵاتیانی کوردستان و تەنانەت حزبایەتی و دەنگدانیش هەیە.

## 27
## ناسیۆنالیزمی بارزانی و ئۆپۆرتۆنیستی ئەمریکا

دواجار بارزانی قسەی خۆیکرد و نائەخلاقی ئەمریکای باشتر دەرخست، لە وەڵامی بەرپرسانی ئەمریکادا کە وتی "ئامادەنیم سەردانی ئەمریکا بکەم و خۆم شەرمەزاری گەلەکەم بکەم، لە کاتێکدا ئێوە خاوەنی هیچ مۆراڵێکی سیاسی و دبلۆماسی و تەنانەت ئابوریش نین"

بێگومان قسەکانی بارزانی هەرچەندە درەنگ بوون، ڕەنگە بە دڵی بارزانی و ئێمەش هاوکێشەکان نەچنەپێش و بگرە بە پێچەوانەوە هەموو روداوەکان لە قازانجی ئەم زلهێزە بێ مۆراڵ تەواوبێت...!

ئەمە چ نا ئەخلاقیەکە، ئەمریکا دەیکات کە چەندین ساڵە یەکێتی و پارتی خستۆتە لیستی تیرۆرەوە...!

خۆ رەنگە پارتی و یەکێتی خاوەنی دەیان کاری خراپ، گەندەڵی، شەڕی ناوخۆ بن، بەڵام تیرۆر مانای چییە؟

نەك لەبەرئەوەی یەکێتی و پارتی فریشتەن، بەڵکو بەپێی پێوەرەکانی ئەمریکاش (کە تەنیا بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆی لێکدەداتەوە، ئەم دوو هێزە ناچنە چوارچێوەی گروپە تیرۆریستیە نێو دەوڵەتیەکانەوە، گەر ساڵانە سەیری ئەم لیستە بکەین کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و کۆشکی سپیەوە بڵاودەکرێنەوە، بە ناوی ((لیستی تیرۆر)) ناوی دەیان رێکخراوی سیاسی و شۆڕشگێڕ و چەپ و مارکسیستی تێدایە. کە تەنها و تەنها تاوانیان ئەوەیە، یان چەپ و مارکسیستن ئەمریکا بەمەترسیان دەزانێ لەسەر وڵاتە دۆستەکانیان، یان ئەو گروپانەن لە بەرخاتری وڵاتە ملهوری تۆتالیتارەکان ئەمریکا هێزە دژو ئۆپۆزسیۆنەکان دەخاتە لیستی تیرۆرەوە، تا لەلایەك چەك و کەلوپەلی سەربازیان پێ بفرۆشێت. لەلایەکی تریشەوە. نیاز و مەرامە سیاسی و ئابوریەکانی ئەو وڵاتانە مسۆگەر بکات.

ئەگەر نا، هێزێکی وەکو پڵنگەکانی تامیل لەسریلانکا گوناهی نیە بخرێنە لیستی تیرۆرەوە کە داکۆکی لە مافی (50) ملیۆن تامیل دەکەن لە سریلانکاو هندستان. هەر بە پاڵپشتی ئەم سیستەمە سیاسیە بێ مۆراڵەی ئەمریکا سەرۆکەکەیان بکوژن و لە هەرێمی ئازادکراوی جافناش دەریان پەڕێنێت...!

ناوبردنی بزوتنەوەی فارك لە کۆلۆمبیا بە تیرۆریستی چ مانایەکی هەیە و جگەلەوەی ئەمریکا دەیەوێت پشتیوانی لە کۆڵۆمبیا بکات و دژی ڤەنزویلا و کوبا بکات یان دەرهێنانی موجاهیدینی خەلقی ئێران لەناو ئەو گروپانە جگە لە هۆکاری سیاسی چی تر هەیە. ئەی PKK، گەلێ قبوڵی دەکات ئەوەندەی نا مۆراڵ بێت جگە لە ئەمریکا ئەم هێزە بکاتە لیستی تیرۆرەوە

تەنها لەبەرئەوەی تورکیای دۆستی ڕازی و شەڕی ئێران و سوریای بۆ بکات و بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکە بپارێزێت و ئەمریکاش گوێ ی خۆی لەو هەموو قەتڵ و عامەی کوردانی باکورکەڕ بکات.

بۆیە لیستی تیرۆری ئەمریکا هیچ نییە، بە ناوی گروپە ئیسلامیە تیرۆریستیەکانیشەوە جگە لەوەی تاکە پێوەر تەنها و تەنها بوونی بەرژەوەندی و خواستە شەرەنگێز و نانیشتمانی و هەلپەرستیەکەیەتی و هیچی تر.

دیقەتی ئەو دووفاقیەی ئەمریکا بدەن، لەلایەك خۆی بە دۆستی کوردی باشور دەزانێ. بەڵام دژی کوردانی باکورە.

لە باشور دەیان کۆمپانیای نەوتی گەورەی چاوچنۆکی کار دەکەن و بە هاوبەشی یەکێتی و پارتی نەوت دەبەنە دەرەوە و کەچی هەر خۆشی دەڵێ یەکێتی و پارتی تیرۆریستن. ئەمە جگە لە نا ئەخلاقی چیترە.

گەر ئەم دوو هێزە تیرۆریستن، ئەی چۆن ئەم کۆمپانیا زەبەلاحانەی نەوتت لە کوردستان کاردەکەن کە سەرمایەکانیان چەندان ملیار دۆلارە...؟!

گەر ئەم دوو هێزە تیرۆریستن، چۆن دەیان ئەفسەری (CIA) ت لەم ناوچەیە بڵاوکردۆتەوەو دەیان ڕێکخراوی میدیایی و ڕێکخراوی (NGO)ت دروستکردوە و پارەیان پێ ئەدەی و زانیاریت بۆ کۆدەکەنەوە.

ئەمە هیچ نیە جگە لە دوو فاقیەت و ئیزدواجیەت.

سەبارەت بە خاڵی دووەمی وەڵامەکەی بارزانی ڕێك و راست و دروستە و شایستەی پشتیوانیە.

بە حساب ئەمریکا کونسوڵگەری کردۆتەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم. بەڵام بۆ پێدانی فیزایەك بە هاوڵاتیانی کوردستان هەزار گرفتی بۆ دروست دەکەن و هەزار پرسیاری قۆڕو بێمانای ڕووبەڕوو دەکەنەوە و کاتێ دەگەیتە فرۆکەخانەی ئەمریکا لێکۆڵینەوەی وردی لێ دەکەن و بگرە هەندێکجار سوکایەتیشی پێدەکەن لەو وڵاتە بەناو لیبراڵ و دیموکراتیەدا. تەنها لە بەرئەوەی کوردی یان عێراقی.

کەچی کە دەچیتە کونسوڵگەری ئەڵمانیا ڕێك بەپێچەوانەوە تا ئەوپەڕی ڕێزو ئیحترامت دەگرن و پرسیار و وەڵامیش هەر نییە.

خۆ خەڵکی کوردستان و عێراق هێشتا بیریان نەچۆتەوە. سەربازو ئەفسەرەکانی ئەمریکا چۆن تەعدایان لە زیندانەکانی ئەبو غرێب کرد. ئەوەیان لە یاد نەچووە سوکایەتیان بە خەڵك کرد.

ئەوەیان لە یادە هەرکات دوو سەیارەی ئەوان لە ڕێگەکانی عێراق- کوردستان بوونایە هیچ سەیارەیەکی هاوڵاتیان بۆی نەبوو پێشیان بکەوێت و تەقەیان لێ دەکرد.

خۆ هیتلەر و مۆسۆلۆنیش هەر ئەمەیان دەکرد بوونە نازیزم و فاشیزم. کەچی ئەمریکا بانگەشەی درۆزنانەی لیبرالیزم و هیومانیزم و عەدالەت و ماف دەکات.

ڕۆشن نیە تا کوێ و کەی بارزانی لەسەر ئەم هەڵوێستە دروستانەی دەبێت و یەکێتی و پارتی لە ناچاریشدا دەبێت، خۆیان بە دۆستی ئەمریکا بزانن و دەبنە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی، بەڵام بە پێی خوێندنەوەی مێژوو لە زوو یان درەنگ دەبێ لەم

هێزە ئۆپۆرتۆنیستە، بێ مۆراڵە دووربکەونەوە..

چونکە تەنهاو تەنها. بەرژەوەندی هەیە لای ئەوو هەموو پێوەرەکانی تر فەرامۆش دەکات.

## 28
# فتواکەی سەڵاحەدین بەهادین

لە چەند ڕۆژی ڕابـردوودا ، بێ هیچ هۆکارێك ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو، چونکە بێ ناونیشانی سیاسییە، لە دوو ئاستدا، زمانی دەربڕینی خۆی تیژ کردووە:

ئاستێکیان پەنگخواردنی تەریك کەوتنی مامۆستایە لە بڕیارو سەرکردایەتی یەکگرتوودا، دووەمیشیان کاردانەوەی هەمان شتە بەدیوی کێبڕکێ و موزایەدە لەلایەن ئەمیندارو سەرکردایەتی ئێستای یەکگرتوودا.

مامۆستا سەڵاحەدین بەهادین دوای دوو دەیە لە سیاسەت لە ڕووداوەکانی کوردستان تیژتر دەیەوێت بۆ یەکگرتووەکانی بسەلمێنێت کە هەڵوێست و دووانی ئەو لە هی ئەمیندارو سەرکردایەتی ئێستا توندترە، ئەوەتانێ ئەو قسە دەکات لەسەر یەکێتی و ترسی هاوکێشە سیاسییەکانی نیەو وەك لەکارکەوتوویەکیش ترسی ئەوەی نیە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، قسەکانی بە خروقات تۆماربکات و لەسەر ئەم خروقاتانە

یەکگرتوو سزابدات، کە تێکڕای قسەکانی دژی بەندو بڕگەکانی کۆمسیۆنە.

مامۆستا سەلاحەدین لە فتواکەیدا هیچی بۆ کەس نەهێشتووەتەوەو یەکگرتووی خۆی کردووە بە فریادڕەسی مێژووی کورد، هەرچی خاڵی درەوشاوەی مێژوویی هەیە داویەتییە پاڵ یەکگرتووی نۆزدە ساڵە دامەزراوو هەڵتۆقیوی تازە هاتووەی سەر سفرەی حازری، ئەو دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی کوردستان کە لەڕێی باسکردنی شانازی و سەروەرییەکانی گەلی کوردەوە خۆی لە شاخی ئەم شانازییانە بسوێت، وەك بڵێی ئەم مێژووە پرشنگدارە پاوانی یەکگرتووەو خەڵکی تر داگیریان کردووە، شانازییەکانی گەلی کورد هی گەلی کوردەو نەوە لەدوای نەوەی کۆمەڵی کوردەواری هی خەبات و بەرخودانە نیشتمان و نەتەوەی کوردە کە مەعلومە یەکگرتووی ئیخوانی دەولی و یەکگرتووەکەی مامۆستا هیچ سەهمێکی تێدا نیە.

شانازی شۆڕش و خەباتی یەك لەدوای یەکەکانی کورد لەسەر بەشێکی بەرچاوی هی یەکێتیی و هی بەستنەوەی کوردایەتی نەبێت ئەوا هیچی هی یەکگرتووی بەسەرەوە نیە.

مامۆستا لە ئێستاوە دەست پێناکەن لە کوردستان، لەلایەك هەزار تۆمەت دەخاتە پاڵ حکومەت، بەڵام هەر بە ڕاسپاردەو ڕەزامەندی خۆی بوو چەند دەورە بەشداری حکومەتی هەرێمی کردو لەبەر بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی گوێی لە زۆر مەسەلەی نیشتمانیی و نەتەوەیی و دینی پۆشی، بەڵام خەڵك دەزانن مامۆستا ئەوەی ڕابردووی لە چی و ئەمەی ئێستای لە چی ...؟!

ئەوەش ڕوونە کە ئەم فتوایە ناڕاستە، ناوەختەی لەم کاتەدا بۆ ئەوەیە کە بە هەوادارانی لەناو یەکگرتوو بڵێت: هێشتا قسەم هەیە و بەتەنها گوێ لە ئەمینداری تازە مەگرن ، منیش خاوەن قسەم و دانەبڕاوم لە تۆمەت بەخشینەوەو چەواشەکاری، لەلایەکی ترەوە منافسەکانیشی لە ئەمیندارو ڕێبەری حزبەکەی بترسێنێت.

مامۆستا بیری چووە ئەو و حزبەکەی هەمیشە بەشێك بوون لە دەسەڵات و بە شانازیشەوە بەشداری حکومەت و پەرلەمان بوون، بەڵام بۆچوونەکانی بەپێی سیاسەتی ڕۆژ دەگۆڕێت و چۆن لە قازانجی بێت ئاوا دەیانهۆنێتەوە، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە کە دیعایەی بەئۆپۆزسیۆن بوون و بەم جۆرە فتوا دەدات.

ئەوەشمان بیر نەچۆتەوە چەند مانگ لەمەوبەر مامۆستا لەگەڵ ڕووداوەکانی میسرو تونس نەشئە گرتبووی و بەهۆی خوێندنەوەی سەقەتی بۆ سیاسەت و ڕووداوەکان داوای (ارحل) ی لە حکومەت دەکرد، لەژێر کاریگەری دۆست و ئیخوانەکانی میسرو سەرئەنجام هەم خەونەکانی ئێرەی و هەم خەونەکانی ئەوێی مایەپوچ دەرچوون....

ئێستاش کە مەرجەع و مامۆستاکانی و هاوپەیمانەکانی لە میسر، ئیخوان و مورسی لە دەرئەنجامی فەشەلی دەسەڵاتەکەیانەوە خەڵك هێنایانە خوارەوەو کۆتایی بە حوکمی یەك ساڵەیان هات، کە دڵنیاین مامۆستا وەزعی زۆر خراپەو هیچیشی پێناکرێت.

بە ناچاری لە تۆڵەی شکستی مورسی و ئیخوان، هاتووە پەلاماری یەکێتیی و حکومەت دەدات، بەڵام ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو، سەڵاحەدین بەهادین لێی تێکچووە کە ئێرە کوردستانە

نەك میسرو تونس، لێرە حکومەت بە دیموکراسی و دەنگی خەڵك هاتووە، یەکێتیی کە هێزی سەرەکی گۆڕەپانەکەیە هێزی چل ساڵی تێکۆشان و خەبات و قوربانیدانە، هێزی بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی بەعسە، خۆ وەکو مامۆستاو حزبەکەی نیە لە پڕو بەبێ شەهیدو قوربانی هاتبنە سەر حازری، خۆ وەکو مامۆستا نیە دڵی بە کوردستان و حکومەتەکەی و ئەزموونەکەی خۆش نییە، بۆیە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ پەنا دەباتەبەر چەواشەکاری و ناوزڕاندن و بانگەشەی بێ بنەماو تۆمەت هێنانەوە، کە ئەمەش بەپێی شەرع تۆمەتە.

بۆیە داواکارین مامۆستا خوا هیدایەتی بدات بۆ خستنە سەر ڕێگای ڕاست و دوورکەوتنەوەی لەو و تۆمەت بەخشینەوەیە.

## 29
## پشتیوانی لە (BDP و PYD)
## و گلەیی لە PKK

لەچەند هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا، حکومەتی خۆسەری دیموکراسی خۆرئاوا پێکهات کە (PKK) داینەمۆی سەرەکی بەگەڕخستنی بوو (PYD)ش وەکو هێزی باڵادەستی رۆژئاوا، ئەجێنداکەی (PKK) پراکتیزە دەکات، کە بێگومان رۆڵی ئەکتیڤی (PKK) لە رۆژئاوا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە، چونکە تێڕوانینی تورکیاو پارتی و بگرە ئەمریکاش لەهەمبەر ئەو سیناریۆیانە نەرێنییە، لەکاتێکدا ئێران و عیراق و یەکێتیی و حکومەتە شکستخواردووەکەی ئەسەدیش پشتیوانی لێدەکەن.

لە سەردانێکی برۆکسلدا لە بارەگای (KNK)، یەکێك لە بەرپرسە باڵاکانی (PKK) وتی: "ئێمە نازانین یەکێتیی و مەلا بەختیار چییان لەخەیاڵدایە بەرامبەر بە ئێمە، لەکاتێکدا زۆر دڵسۆزو یارمەتیدەرمانن".

لەلای بەرپرسێکی باڵای یەکێتیی ئەمەم گێڕایەوەو وتی: "ئەگەر ئەمجارە ئەو برادەرەی (PKK)ت بینییەوە، پێیبڵێ یەکێتیی هەموو شتێکی باشی لەخەیاڵدایە بۆ کوردانی باکورو رۆژئاوا، بەڵام ترسی لە بێوەفایی (PKK) هەیە".

ئەم وەڵامە هەقیقەتێکی زۆری تێدایە، دەیان جاری تریش گوێم لێبووە، کە لەزۆر هەڵوێست، وێستگە، کاتی ئاسایی و هەستیاردا PKK لە بەرامبەر یەکێتییدا بێوەفایی نواندووە، لە بەرامبەر ئەو هەموو هاوکارییەی کە مام جەلال و یەکێتیی لە سەرەتای دروستبونییەوە لە سوریا، لوبنان و دواتریش لە بەرامبەر ئۆجالان و (PKK) کردیان، بەڵام زۆرجار بەئاسایی لەبیری کردووە.

لە ئێستاشدا، هەوڵە گەرموگوڕو سەردانە مەکۆکیەکانی بەرپرسانی یەکێتیی و خستنەگەڕی میدیای یەکێتیی بۆ پشتیوانی لە باکورو رۆژئاوا لە (BDP) و (PYD)، گوتاری حەماسی پڕ لە پشتیوانەکانی یەکێتیی بۆ ئۆجالان و پرۆسەی سیاسی و باکورو رۆژئاوا، تەنانەت هاوکاری ماددی یەکێتیی بۆ (BDP) و خەرجی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی (2010)ی باکور (BDP)و ئەوەش کە ئێستا دەیکات لە بەرامبەر رۆژئاوا.

کە هیچکام لە پارچەکانی تری کوردستان و هیچکام لە حزبەکانی ئەو پارچانەی تر، نەك هەروەکو یەکێتیی، پشتیوانی لە PKK و باکورو رۆژئاوا ناکەن، بگرە زۆر دژی سیاسەتەکانی (PKK)ن لە ناوچەکە، چ پارتی، چ دیموکرات و کۆمەڵە لە رۆژهەڵات و چ حزبەکانی رۆژئاوا، تەنانەت زۆربەی حزبەکانی باکوریش دژی رابردوو ئێستای سیاسەتەکانی (PKK)ن.

تەنانەت لەناو خودی یەکێتیی و باشووریش، هەندێك پێیانوایە

(ی.ن.ك) زیاد لەپێویست پشتیوانی سیاسی، ئیعلامی، ماددی و دبلۆماسی باکورو رۆژئاواو رۆڵی (PKK و PYD) دەکات.

خۆ ئەگەر چاو لە بێوەفاییەکەی (PKK)ش بەرامبەر یەکێتیی بکەین، ئەم بۆچوونەش راست و دروستە.

یان رەنگە پرسیاری ئەوەش بکرێت، ئەی ئایا (PKK) کام مەوقف و هەڵوێست و هاوکاری هەبووە بۆ یەکێتیی؟ یان ئەم هەڵوێستە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەی ئێستای یەکێتیی چۆن وەڵامدەداتەوەو بێوەفا نابێت بۆیان کە رەنگە ئەوەی لە رابردوو گوزەراوە من نەیزانم، بۆ داهاتووش دەبێت (PKK) وەڵام بداتەوە کە ئایا چۆن دەبێت و چۆن چاکەی یەکێتیی دەداتەوە.

خۆ رەنگە لەهەمبەر ئەو رەخنەیەی لە یەکێتیی دەگیرێت، کە زیاد لەپێویست گرنگی بە باکورو رۆژئاوا داوە، ڕاستی تێدا بێت، بەوەدەلیلەی خۆ کوردەکانی رۆژهەڵاتیش چ سنوورەکانیان بە سنووری دەسەڵاتی یەکێتییەو چ حزبەکانیشیان لەژێر ناوچەو دەسەڵاتی یەکێتیین، بەڵام وەکو (PKK و PYD) هاوکاری ناکرێن و گلەیشیان هەیە.

یان دەکرێت بپرسین لە سبەینێی دروستبوونی حکومەتی هەرێمی رۆژهــەڵات ئایا هەڵوێستی یەکێتیی بەهەمانشێوە دەبێت؟

یان رەنگە ئەو هەڵوێستانەی پارتی لەهەمبەر باکورو رۆژئاواش واقعیەتی تێدابێت، چونکە جیالەوەی سنووری پان و پۆڕی لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (PKK و PYD) هەیە لە رۆژئاواو باکور، لەکاتێکدا (PKK) رێگانادات پارتی وەکو پێویست رۆڵ و سیناریۆکانی خۆی لە رۆژئاواو باکور رازی بکات، بۆیە پارتی

تێڕوانینێکی نێگەتیڤی هەیە لەسەر (PKK)و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و ڕەنگە ئەو بێوەفاییەی (PKK)ش بزانێت و نازانم ئەگەر لە شوێنی ئێستای پارتی، یەکێتیی لەوناوچانە بووایە، هەمان بۆچوون و مەوقف دەبوو یان بەپێچەوانەوە هەروەکو ئێستای پارتی دەبوو، یان ڕەنگە باشتریش دەبوو.

بەڵام، کۆی پرۆسەکانی باکورو ڕۆژئاوا واباشە لەلایەن یەکێتیی و پارتی و هەموو هێزەکانی ترەوە پشتیوانی لێبکرێت، لانیکەم ئەگەر لەسەر (PKK و PYD)ش نەبێت، لەبەر کوردانی ئەو ناوچانە، چونکە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە.

بۆیە لە ئێستادا جێگەی دڵخۆشییە کە حکومەتی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژئاوا پێکهاتووەو ئەرکی هەموو لایەکە پشتیوانی لێبکەین، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە PKK زۆر گلەیی لەسەرە لە رابردوودا سەبارەت بە هەڵوێست و موقفەکانی، بۆیە دەکرێت ئەوەش بەهەند وەربگیرێت و (PKK)ش پێبزانێت کە لانیکەم یەکێتیی زیاد لەپێویست هاوکارییان دەکات و کردویەتی و گلەیی و ڕەخنەشی هاتووەتەسەر.

# 30
# میدیای باشوور
# ڕوو لە ڕۆژهەڵات و پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتییەکان

ماوەیەکی زۆر بوو، میدیای هەرێمی کوردستان، غەدرێکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، کە هەمان غەدر بوو کە لە ڕابردوودا لە ڕووی سیاسییەوە لەو پارچەیەو هێزەکانی دەکرا.

بە واتایەکی تر، کەناڵەکانی میدیای باشوور، بە مەبەست یان بەبێ مەبەست، خەبات و تێکۆشان، گرفت و ئازارەکانیان، چالاکییە سیاسی و هونەرییەکان، خەباتی سیاسی و حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان کە لە بندەستی میدیاکانی باشوور بوون، پەراوێز خرابوون.

بەڵام هەمان میدیای باشوور، پانتاییەکی گەورەو فراوانیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان تەرخان کردبوو.

بۆ نموونە، میدیاکانی یەکێتیی و پارتی ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە نیشاندانی کێشەو گرفتەکانی ئەو دوو پارچەیە، لە بابەتی دەستگیرکردنی ئۆجالان، ڕەوشی لە زیندان، دەستگیرکردنی سەدان

کادری PKK و KCK، هەڵبژاردنەکانی تورکیاو بایەخەکانی کـوردو بگرە هاوکاری مـاددی (BDP)شـیـان کرد بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی (2010) لە تورکیا، ئەگەرچی هێزێکی وەکو یەکێتیی لە ساڵی 1982 پشتیوانی لە کۆمەڵەو دیموکرات کرد لە خەباتی چەکداریداو دەیان شەهیدیشی لەو پێناوەدا.

لە پەیوەست بە ڕۆژئـاواش، تەرخانکردنی چەندین نەشرەی هەواڵ سەبارەت بە دۆزی کوردو هەنگاوەکانی، وەکو هەندێك دەیانوت، زۆر لە سنووری خۆی زیاتر گرنگی بە دۆزی ڕۆژئاوا دەدرێت.

بەڵام ئەم گرنگییە نەدرا بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات، تەنانەت لە کاتی شەهیدبوونی شوانەی قادری، لەسێدارەدانی بەردەوامی گەنجان و فشار بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنی اعتصام و مانگرتنەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و داخستنی دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار.

تەنانەت حزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات کە لە کۆیەو زرگوێز بوون، ئابڵوقەی میدیایان لەسەر بوو لەچاو PKK دا، لەکاتێکدا هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان نزیکتر و بەردەستر بوون لەچاو PKK کە لە قەندیل بوون.

ئەگەر ئەوەش بزانین هێزەکانی ڕۆژهەڵات، زیاتر لە هێزەکانی باکور، ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانیان کردو خۆشیان بە بەشێك لە ئەزموونەکە دەزانی، تەنانەت لە کاتی شەڕەکانی ڕووخانی بەعس، لە 2003 دا بە چەك و تەقەمەنی ئەوان شەڕی بەعس کرا، تەنانەت دەستیان لە خەباتی چەکداریش هەڵگرت، لە پێناو نەدانی بیانوو بۆ تێکدانی ئارامی باشوور، ئەوە

لەکاتێکدا بوو، لە دەیەی نەوەدەکان PKK شەڕی یەکێتیی و پارتیشی کردبوو.

جیا لەوانەش، میدیا نەك هەر ڕۆڵی نەبوو لە پەخشکردنی خواست و داواکانیان، بەڵکو کاتێك نزیکەی (300) پێشمەرگەی کۆمەڵەو دیموکرات و خەبات، تیرۆرکران، میدیای باشوور هیچ کات باسی ئەم تیرۆرانەی نەدەکرد.

ڕاستە حکومەتی هەرێم ڕەنگە هاوکاری ماڵی و دارایی کردبن، بەڵام خۆ هی باکور و ڕۆژئاوای ئەگەر بە زیادەوە نەکردبێت، کەمتری نەکردووە.

بەڵام ماوەیەکە، بەتایبەتی لە دوای کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی و پەخشی کەناڵی ڕووداو، هەستدەکرێت ڕۆڵی زیاتر بە ڕۆژهـەڵات، شۆڕشەکەی، حزبەکانی و خەبات و تێکۆشانی دەدرێت.

واتا کەناڵە میدیاییەکانی باشوور، پێدەچێت پێداچوونەوەیەکی تازەیان کردبێت، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات و هێزە شۆڕشگێڕو خەڵکەکەی سەرلەنوێ دارِشتبێتەوە کە ئەمە ئەگەر تێڕوانینی نەتەوەیی بێت زۆر باشە، خۆ ئەگەر پەیوەندی بە هاوکێشەکانی ناوچەکەشەوە بێت، بەشێك بێت لە تاکتیك، خراپ نییە.

بەڵام دەبێت بزانین، ئەوان پێش هەموو شتێك هێز لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە وەردەگرن، بۆیە لەهەر مامەڵەیەك لەگەڵیان دەبێت ئەمە لە بەرچاو بگیرێت.

دەکرێت بڵێم، گرنگیپێدانەکانی تەلەفزیۆنی ڕووداو، لە دوای پەخشی بەرنامەکانی، بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکو پارچەیەکی

فەرامۆشکراو لەناو میدیای باشووردا، رچەشکێنن و دەستپێشخەر بوو، کە ڕۆڵ و تایبەتمەندی خۆی هەیەو کاریگەریش دەبێت لەسەر بینەرانی کەناڵەکە لە ڕۆژهەڵاتدا.

میدیاکانی باشوور دەبێت ئەوە هەم بزانن ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەیەکی گەرم و گرنگی پڕ ڕوداووی داهاتووی ناوچەکە دەبێت، کە کارەکتەرەکانی هەم خەڵکەکەی و ئەم هێزانەن کە ئێستا لە باشوورن، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە کە دەستکراوە بە گرنگیپێدانی، ئەم فۆرمە بەردەوام بێت.

لەوانەش گرنگتر، ڕۆژی 14-2-2014 لە ساڵڕۆژی ئیعلانکردنی کۆمەڵەدا، لە مەراسیمی 26ی ڕێبەنداندا، هـەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و ڕووداو مەراسیمەکەیان تۆمار کردو هەواڵەکەیان گواستەوە و TV ڕووداو پەخشی ڕاستەوخۆی قسەکانی دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵەشی گواستەوە.

کە ئەو کارانە بە هەنگاوێکی مێژوویی دەزانم ڕوو لە ڕۆژهەڵات و بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵات و ڕێزگرتن لە هەموو ڕۆژهەڵاتییەکان.

## 31
## موزایدەی پەرلەمانتار

مرۆڤ هەندێکجار ساویلکەیەو باوەڕ بە هەندێك بەڵێن و قسە دەکات، وەکو چۆن هەندێکجار پەنا دەباتەبەر خورافات، نوشتە، جادوو شتی سوننەتی.

ماوەی چەند ساڵێکە، دەیان ئەندام پەرلەمان منەت بەسەر خەڵکیدا دەکـەن، کە پارە وەرناگرن و بۆ موچە نەچوونەتە پەرلەمان و بڕیاریانداوە نیوەی موچەکانیان بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت بێت.

بێگومان، ئەمە جارێك، دووان و سیان نییە، سەدان جار ئەمەیان لە کەناڵەکانەوە وتووەتەوە، تەنانەت بێتام بووەو زۆریشیان نەك هەر وازناهێنن لەم قسە سواوانە، بەڵکو یەك هەنگاویشیان نەناوە بۆ خزمەتی خەڵکی، هەژارو کەمدەرامەت، بەڵکو زۆرینەیان یان بۆ مەرامی سیاسی کە پێشتر دەیانزانی خۆیان کاندید دەکەن، یان خۆیان کاندید دەکەنەوە، یان بۆ هەڵبژاردن بووە.

بێگومان وەکو ئاگادارم، هەندێك لەو ئەندام پەرلەمانانە

یارمەتی خەڵکیان داوە، بەڵام کەمبوون،کەچی یەکێك لەوانەی لەناو ئەو ئەندام پەرلەمانانە نەبوو کە لەسەر شاشە منەت بەسەر خەڵکیدا بکات و بڵێت پارەم ناوێت، پارەکەم بۆ خەڵکە (بورهان محەمەد فەرەج)ـە بەکورتی ئەو هاش و هوشەی هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەکان کردیان، ئەم نەك هەر نەیکردووە، بەڵکو لە زۆرینەیان زیاترو زۆرتریارمەتی خەڵکی کردبوو، منەتی بەسەر کەسیشدا نەکردبوو تا ئەوکاتەی لە روژنامەی چاودێر بە ئامارو داتا بۆ یەکەمجار ئەو یارمەتیانەی بڵاوکردەوە کە لە (2010-2013) داویەتی بە خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی سلێمانی و گەرمیان، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆی ئەو پارەیە (217) ملیۆن دینارە لە ماوەی سێ ساڵدا، واتا لانی کەم هەر مانگەی (4.520.833) دینار یارمەتی داوە. لەکاتێکدا ئەندام پەرلەمانی وا هەیە کە (2) ملیۆن دیناری خەرجکردووەو (30) جار لە میدیاکان باسیکردووە.

یان هەندێکیان دەڵێن، ئێمە لەبەر موچە نەچووینەتە پەرلەمان، ئەم قسەیە جگە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵك هیچی تر نییە، ڕاستە تۆ حزب دایناویت یان کاندیدی کردویتەوە، بەڵام کە چوویتە پەرلەمان ئیشی خۆت بکەو هەموو رۆژێك لە میدیاکانەوە منەت بەسەر خەڵکیدا مەکەو خۆشتان ناشرین مەکەن، وەکو چۆن هەندێك لەو ئەندام پەرلەمانانە تا کاندید دەکرێن و دەخرێنە لیستەکانی حزبەوە، ژووری مەسئول نامێنێت خۆی پێدانەکات، بارەگەی حزب نامێنێت سەری پێدانەکات تا کاندیدی بکەن و هاوکاری بکەن ناوی بخرێتە لیستەکانەوە.

کەچی کاتێك دێتەسەر ئەوەی چۆن کاندید کراوە بە پۆزەوە دەڵێت؛ بەخوا تەکلیفیان زۆر لێکردم، لەبەر دڵی حزب کردم،

ئەگەرنا مەجالم نەبوو...!

یان لە شوێنان دەڵێ؛ جا من بە حەقی خۆم دەرچووم و بەتواناو قابیلیەت بووم، کە باش ئەوەش دەزانێت گەر حزب نەبێت، حزب پاڵپشتی نەکات لە گەڕەکەکەی خۆیان خۆی هەڵبژێرێت دەرناچێت نەك بۆ پەرلەمان.

ئەوەش لەولاوە بوەستێت، کە ئۆپۆزسیۆنەکانی رابـردوو، لە رابردوودا چیان نەکرد بە پەرلەمان کە ماوە بەسەرچووەو ئەندام پەرلەمانەکان تەنها خەریکی موچە وەرگرتن و قوتی خەڵك و داهاتی گشتی دەخۆن، بەڵام ئەوە خۆیان پێنج مانگە موچە وەردەگرن و دەنگیان لێ نایات و ئێستا نە دیکتاتۆر ماوە، نە بارزانی سەرۆکی ماوە بەسەرچووە، نە حکومەتیش گەندەڵە، لەکاتێکدا یەکێتی و پارتی وەك خۆیانن و وڵات هیچ نەگۆڕاوە، بەڵکو تاکە شتێك کە گۆڕاوە ئێوەن.

## 32
## ئەگەرەکانی بەردەم کۆنگرە

تەنها دە رۆژی ماوە بۆ وادەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك)، بەڵام زۆر کارو ئامادەسازی کە دەبوو بکرێن هێشتا تەواوو نەکراوون، ئەوەش پرسیار هەڵدەگرێت کە ئەوکارانە بەمزووانە تەواودەبێت؟

ئەگەرچی وەفدە سێ قۆڵییەکەش لە ئێران گەڕاونەتەوە، بەوپێیەی دانیشتنەکانیان لەگەڵ لێپرسراوی ئێران باشبووە، بەڵام بە واقیعی و بەتایبەتی لەسەر رەوشی کۆنگرەو خێراترکردنی کارەکانی کاریگەرییەکانی دەرنەکەوتوون...؟!

لەکاتێکدا دانوستانەکانی تاران بە سەنگ و قورساییەکی زۆرە دیار بوو کە واچاوەڕوان نەدەکرا، ئەوە فاکتەرێکی کاریگەر بێت بۆ چارەسەری بەشێك لە قەیرانەکان، هەنگاوێکیش بێت هەنگاوەکانی کۆنگرە خێراترو باشتر بکات.

سەرەڕای هەندێك بۆچوون، دەبێت ئەوەش بەهەند وەربگرین کە دانوستانێك ئێران رۆڵی تێدا بگێڕێت، باشەو

وەکـو وڵاتێکی دراوسێی سنورەکانی یەکێتیی، ئەگەرچی هەندێك بۆچوون هەبوون کە پێیانوابوو ئێران چ ڕۆڵێکی هەیە..؟ کە دیارە بۆچوونێکی واقیعی نییە، بەودەلیلەی پاش چەندین ساڵ کێشمەکێش و ململانێ، دواجار خۆرئاواو ئەمریکاش باشترین ئەلتەرناتیڤیان هەڵبژارد کە ڕێککەوتن بوو لەگەڵ ئێران و بەشداری پێکردنیەتی لە سیناریۆکانی ناوچەکەو ڕووداوەکاندا، ئیتر بۆچی، کاتێك ئێران ئامادەیە دانوستان بکات و هەوڵی چارەسەری بەشێك لە کێشەکان بدات، وەکو خۆی سەیری نەکرێت.

چونکە ئێران بێگومان ئارەزوویەتی کە هەرێمی کوردستان و سنورەکانی خۆی ئارام و سەقامگیر بێت و ڕۆڵیشی هەبێت لە ناوچەکە.

بۆیە کە ڕێککەوتنێك لەگۆڕێدایە تایبەت بە پێکهێنانی حکومەت و هەر بابەتێکی تر، واباشە جێبەجێبکرێت، چونکە کاریگەری لەسەر سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کۆنگرەش هەیە.

جیا لـەوەی یەکێتیی لە فاکتەرەکانی کە پێدەچێت کۆنگرە کارەکانی تەواوو نەکردبێت، هەڵبژاردن و سازدانی کۆنفرانسەکانە، چونکە وەکو یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی باڵاش ڕایگەیاندووە "کە گرفتێکی بەردەم کۆنگرە چۆنییەتی میکانیزمی بەشداریکردنی ئەندامانە، کە ئایا بە هەڵبژاردن دەبێت یان کۆنگرەی تەنها کادر دەبێت"، خاڵێکی تر وەکو لیژنەکە دەڵێت، بەشێك لە ئەندامان و کادران ڕێکخستنەکان و مەڵبەندەکان داوا دەکەن کۆنگرە دوابخرێت.

بێگومان هەرشتێك لە قازانجی (ی.ن.ك) بێت، دەبێت ئەوە بکرێت، جا ئەگەر پەیوەندی بە کۆنگرەوە هەبێت، بەڵام دوو شت گرنگە:

یەکەم: لەدوای هەڵبژاردنەکانی 28-9 ـەوە بەشێك لە کادرانی یەکێتیی داوای زوو بەستنی کۆنگرەیان دەکرد، وەکو یەکێك لە رێگاچارەکان بۆ وەڵامدانەوە بە پاشەکشەی هەڵبژاردن و گرفتەکان، کەچی ئێستا داوای دواخستنی کۆنگرەکە دەکەن، ئەگەرچی دڵنیام ئەم داواو بۆچوونانەش هەر لە دڵسۆزییەوەیە، بۆ ئـەوەی کۆنگرەیەك نەگیرێت کە نەتوانێت وەڵام بە پێداویستییەکانی بارودۆخی (ی.ن.ك) و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بداتەوەو ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ کێشەکان نەدۆزێتەوە، واتا ترسی کادرانی یەکێتیی لەوەیە کە هەر لەبەرئەوەی پلنیۆم بڕیاریداوە کۆنگرە بکرێت و سازبدرێت، ئەگەر وەکو پێویستیش نەبێت، دەبێت کۆنگرە ببەسترێت، بێگومان ئەمەش هەوڵێکی دڵسۆزانەیە، بەڵام دواکەوتنیشی رەنگە کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت.

دووەم: ئەوەی کە ناکرێت کۆنگرەی لەسەر دوابخرێت، ئەوەیە کە بەهەر مەبەستێك بێت کە لە بەرژەوەندی تایبەتدا بێت، کە رەنگە کۆنگرە لە قازانجی ئایدیاو بیروبۆچوونێك نەبێت، ئەمە کارێکی خراپە، چونکە چارەنووسی یەکێتیی لە هەموو ئەوانە گرنگترە.

بۆیە نابێت هەرکەس چی بۆ خۆی پێ باشبوو، یەکێتیی و کۆنگرەکە بەو ئاڕاستەیە بەرێت، بەڵکو دەبێت هەمووان لەسەر ئەوە کۆك بن کە چی بۆ هەموو یەکێتییەکان باشە، نابێت

بۆچوونێك هەبێت كە بیەوێت یەكێتیی بخاتە سوچێكەوە و تووشی قەیران و كێشەی سیاسی بكات، چونكە بەرژەوەندی خۆی وادەخـوازێـت، بۆیە كۆنگرەی یەكێتیی پێویستی بە رێككەوتن و چارەسەری گرفتەكان و دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی شیاوە بۆ هەڵسانەوە.

## 33
## PKK لە غیابی ئۆجالان دا

ئەوکاتەی ئۆجالان بەدیاری خرایە فڕۆکەیەکەوە لە کینیاوە ڕەوانەی تورکیا کرایەوە، درایە دەستی بۆڵند ئەجەوید، ئەنکەرە پێیوابوو، ئەوە کۆتایی هەموو شتێکە، شۆڕشی باکور و PKK کۆتاییان دێت.

بۆچوونەکانی ئەنکەرەو ئەجەوید، لە شوێنی خۆیدا بوو بۆ ئەو سات و سەردەمە، چونکە کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە لە پیلانێکی هەواڵگری نێودەوڵەتیدا، دەستگیرکرابوو، دەزگای میت، لە رابردوودا هێندەی کاری بۆ تیرۆرکردن و دەستگیرکردنی ئۆجالان دەکرد، چاوی لەسەر ڕێکخراوەکەو باڵەکانی و سەرچاوە داراییەکانی نەبوو.

بەڵام ئێستا (15) ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەی کە لە (15ی شوباتی 1999)دا لە ئەنکەرەوە دەستیپێکرد، سوریا بەشداربوو، ئەمریکا، ئیسرائیل و یۆنان ڕۆڵی هەواڵگریان بینی، ڕوسیا، روسیای سپی و کینیا وەکو

سەفەقەیەکی ئابوری مامەڵەیان لەگەڵدا کردو سوودمەند بوون و ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو هۆڵەنداش بەشداربوون.

سوریا، هیچ دەرەتانی نەمابوو، ئەنکەرە هێزی ناردبووە سەر سنوورەکانی یان ئۆجالان، یان دەرکردنی، دواجار بڕیاری دووەمیانی داو شەڕی تووشی خۆی نەکرد لەسەر ئۆجالان، کە ئێستا پاش (15) ساڵ PKK لە ڕێگەی PYD ـەوە هاوکاری سوریا دەکات، یان لانیکەم بەرەیەکی بێ گرفتی لە قەیرانەکانی ئەو وڵاتە لەدەستدایە کە دژی ئەنکەرە بەکاریدەهێنێت.

یۆنان، پایتەختی فەلسەفەو زێدی سوقرات، ئەفلاتون و ئەرستۆ لەبەر رازیکردنی ئەمریکاو لایەنگری لە کێشەکانی قوبرس و ئیبعەو هاوکاری سەربازی، نەك هەر هاوکاری ئەنکەرەی کرد، بەڵکو راستەوخۆ لەگەڵ CIA لەسەر خەت بوو، دواجاریش هەر یۆنان خۆی ئۆجالان رەوانەی کینیا دەکات کە بڕیاربوو بینێرێتە ئەفریقای باشوور.

ئیتاڵیا، کە لە هەموویان زیاتر رۆڵی باشی بینی لەژێر فشاری ئەمریکاو لە سەردەمی ماسیمۆ دالمیۆدا، ئۆجالانیان دەرکرد.

روسیا لەو سەردەمەدا، لەلایەن ئەنجومەنی دۆماوە پشتیوانی لە ئۆجالان کرد، بەڵام گرفتی چیچانییەکان و کێشەکانی ناوخۆ، ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابورییەکان، رێی پێدا بۆ قبوڵکردنی داواکانی ئەمریکاو دەرپەڕاندنی ئۆجالان.

ئیسرائیل، جیا لەوەی مێژوویەکی تاڵیان لەگەڵ PKK هەبوو لە پشتیوانی بۆ فەلەستینەکان، ئیسرائیل ئەوکات ئاسمانی تورکیای وەرگرتبوو بۆ مەشقی فڕۆکەوانەکانی، ئەو سەردەمە پەیوەندی تەلئەبیب و ئەنکەرە لەوپەڕی باشیدا بوو، بۆیە هیچ

درێغی نەکرد لە چاودێری کردنی ئۆجالان و دەستگیرکردنی.

ئەمریکا، کە هەمیشە لەژێر ناوی تیرۆرو گروپی تیرۆریستی شەڕی PKK ی کردووە، بەپێی سەرچاوە نزیکەکانی ئۆجالان و سەرچاوە خۆرئاواییەکان، رۆڵی CIA هێندە گرنگ و کاریگەر بووە لەو پرۆسەیەدا ئۆجالان بۆ CIA زۆر لە ئوسامە بن لادن گرنگتر بووەو مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ کراوە.

کە چۆن چاودێری تەلەفۆن و پەیوەندییەکانی و جوڵەی فڕۆکەکەی لە نێوان ئەو وڵاتانەو دانی پەیام بە ئەنکەرە، تا ئاگادارکردنی ئەنکەرە بە ناردنی تیمێکی کۆماندۆی تایبەتی میت بۆ کینیاو فڕاندنی ئۆجالان و رێخۆشکردنی، ناردنەوەی بە فڕۆکەیەك بۆ ئەجەوید، راستەوخۆ واشنتۆن لەسەر خەت بوو.

کینیا، کە وەکو دەڵاڵی قەیرانەکە رۆڵی بینیووە، دەزگای هەواڵگری ئەو وڵاتە، ئاگاداری چنینی پیلانەکە بووە، لە بەرامبەر ئەوکارەدا تەنها (5) ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە.

هۆڵەندای لانکەی دیموکراسی خۆرئاواش، لەو پیلانگێڕییەدا بەشی بەردەکەوێت، چونکە دواییجار ئەو شەوەی کە فڕۆکەکەی ئۆجالان بۆ جاری سێهەم لە یۆنانەوە فڕی بۆ هۆڵەندا، ئەگەر حکومەت فرمانی نەدایە کە ئاسمانی هۆڵەندا بەڕووی هەموو فڕۆکەیەکدا دابخەن و رێگریان لە فڕۆکەکەی نەکردایەو لەوێ بنیشێتەوە، ئۆجالان دەرباز بوو، بەڵام رێگەیان نەداو ناچار فڕۆکەکە گەڕایەوە یۆنان.

هەرچەندە باس لەوەش دەکرێت کە کانی یەڵماز بەرپرسی رێکخستنەکانی PKK لە ئەوروپا، لەگەڵ هەواڵگری ئەڵمانی لەو پیلانەدا ڕۆڵی هەبووە کە ناوبراو دواجار کوژرا، بەڵام نووسەری

کتێبی "گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرۆك" باس لە بوونی چەندین کەسایەتی کورد دەکات لەو پیلانگێڕییەدا، بەڵام ناوەکانیانی نەوتووە.

ئەگەرچی ئۆجالان پانزە ساڵە لە زیندانی تاك نەفەری لە ئیمراڵە، بەڵام بەشدارانی پیلانگێڕییەکەو ئەنکەرەش نەیانتوانی ئامانجەکانیان بهێننەدی، بەوەی کە دەیانویست شۆڕش لە باکور کۆتایی پێبێت و ئۆجالان لەسێدارە بدەن.

بەپێچەوانەوە، شۆڕشی باکور، لە غیابی فیزیکی ئۆجالاندا، بەڵام بە حزوری کارێزمایی و رۆحی و ڕابەریەتیکردنی ئەودا، زۆر لە دەیەی نەوەدەکان گەشترو پێشوەچووترە، بەم ئاماژانە:

- لە ئێستادا (BDP) و (HDP) وەکو دوو حزبی کوردی لەناو پەرلەمان حزوریان هەیە، کە خاوەنی (36) کورسی پەرلەمانین کە پێشتر نەبوون.

- لە سێ ساڵ لەوەو پێش، PKK پلانی (لێدەو بکشێرەوە) گۆڕی بۆ پلانی (لێدەو بمێنەرەوە)، توانی ناوچەکی (400) کیلۆمەتری لە شەمزینان و جولەمێرگ ئازاد بکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی (HPG) و کە ئەوە یەکەمجار بوو کاری وابکات لەدوای (15ی تەباخی 1984)و هەرئەمەش بوو تورکیای ناچاری دانوستان کرد.

- PKK نەك هەر بەرنامەی گرنگی بەڕێوەبرد، چەند کۆنگرەی بەست، بەڵکو بۆ باکور (BDP)، بۆ ڕۆژهەڵات (پژاك)، بۆ باشور (پچدك)، بۆ رۆژئـاوا (PYD) دروستکرد، کە جگە لە پچدك، هەرسێ هێزەکەی تر کاریگەری گەورەیان لەسەر پارچەکانی خۆیان هەبووە.

- پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی PKK لەگەڵ روسیا، سوریاو ئەرمینیاو زۆر وڵاتی تر، هەم گەڕایەوە دۆخی ئاسایی و هەم گەشەی کرد.

- ئاڵوگۆڕەکانی بەهاری عەرەبی، باشترین دەرفەت بوو کە PKK هێزێکی زۆری خۆی لە قەندیل بنێرێتە ناو ڕۆژئاواو هێزە پاشەکشە پێکراوەکانی ناوخۆی باکوریشی ناردە ئەوێ، هەم بۆ پشتیوانی و هەم بۆ حەسانەوە.

- لـەڕووی میدیاوە ئەگەر ئەوکات خاوەنی یەك کەناڵی (TV) بوو، ئێستا بووەتە خاوەنی (7) کەناڵی TV و ڕادیۆیەکی سەرتاسەری جیهانی و چەندین سایت و گۆڤار.

- سازکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بەلجیکا (KNK) و سازکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی باشورو رۆڵ و کاریگەری PKK ی بەسەرەوە دیاربوو.

- نووسینی زیاتر لە (5) کتێب لەلایەن ئۆجالانەوە لە زیندان کە کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی PKK زۆربوو.

- پێکهاتنی دانوستانەکانی ئۆسلۆ و ئەنکەرە هەنگاوی باش بوو.

ئەمانە هەموویان ئەو هەنگاوانەن کە PKK لە غیابی ئۆجالان ناویەتی، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لەدوای مەرگی ماندێلا، ئۆجالان وەکو کارێزمایەکی شۆڕشگێڕ لە زیندان ئازادبێت و دەرکەوێت.

# 34
# کاتی گۆڕانکارییه...؟!

(تەنها شتێك کە سەرکەوتنەکان دەپارێزێت، گۆڕانکاییە)، بە لێکدانەوەی ئەم چەمکە، دەبێت یەکێتی لە نزیکترین کاتدا ئەم ئەرکە قورسە، بەڵام گرنگە، بخاتە سەرشانی خۆی.

بە واتایەکی تر، ئەو میتۆدو فۆرم و شێوازە سوننەتییەی پێشوو وازلێبهێنێت و میتۆدێکی نوێ فەراهەمبکات بۆ کارکردن لەخۆبەڕێوەبردن، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، کارکردنی لە حکومەت و حزبدا.

دەکرێت باشترین و دڵسۆزترین کادر، وەزیر، ئەندام پەرلەمان، بەڕێوەبەری دامودەزگایەکی حکومی یان لێپرسراوی مەڵبەندو مەکتەبێك بێت، نەك تەنها وەکو پێشتر دەبێت مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی بێت، بۆ ئەمەش دیسان دەبێت حزب تەنها پێوەر، دڵسۆزیی، پسپۆڕیی، لێهاتوویی، یەکێتی بوونی هەبێت، کارەکانی تر لە ڕێگای (CV) بێت لەناو حزب یان خەڵکدا دەنگی لەسەر بدرێت، یان لانی کەم ڕەئێکی جەماعی لەسەربێت،

ئەوكات ئەگەر كەسەكە لە مەكتەبی سیاسی یان لێپرسراویش بێت، ئاساییە، بەڵام نەك لەبەر فاكتەرو هۆكاری سیاسی كەسێك دابنرێت كە نەك زەرەری بۆ یەكێتی و كۆمەڵگا زیاترە لە قازانجی، یان دانانی ناسیاوەكانی ئەم بەرپرس و ئەو كەس و لایەن، یەكێتی دەبێت واز لەمكارانە بهێنێت، چونكە ئەم مۆدێلە ئەگەر بۆ هەموو حزبێك لە كوردستان دەستبدات، دەركەوت بە خاسیەت و كلتوورو خەسڵەتەكانی یەكێتی ناخوات و دەستنادات.

خۆ ئەگەر كوڕی بەرپرسێك یان كچی بەرپرسێك، شایستەی ئەو پلەو پۆستە بێت، بە توانای خۆی و شایستەی و لێهاتوویی، هەقیەتی، بەڵام بە مەرجێك كادرو رێكخستنەكان بەدڵیان بێت، پیرۆزی بێت.

یەكێتی هیچ رێگاچارەیەكی تری نییە، جگە لە چاكسازی و گۆڕانكاری...!

لە حزبدا، دەبێت كۆنگرە ببەستێت و سەرلەنوێ پێناسەی خۆی بكاتەوە، گۆڕانكارییەكی گشتگیر لە پێكهاتەو سیستم و شێوازو مۆدێلی حزبایەتی بگۆڕێت، دەبێت لەسەر ئاستی هەموو حزب لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە هەموو مەكتەب و مەڵبەندو دامودەزگاكاندا، گۆڕانكاری بكات، نەك لە دوو، سێ مەكتەب و مەڵبەندێك، بەرامبەر دوو كەس، واتا دەبێت عام و هەمەلایەنە بێت.

نابێت رێگا بدات لەپاڵ سیاسەت و بە سوود وەرگرتن لە پلەو پۆستی، حزبی، خەڵكانێك و نزیكەكانیان خەریكی بازرگانی و تجارەت بن، كێ دەیەوێت بازرگانی بكات، ئـازادە، بەڵام با مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی حزبێكی سۆسیال دیموكرات

نەبێت، وەکو چۆن هەندێك لەو هەڤاڵانە دەستیان لە سیاسەت هەڵگرت و خەریکی بازرگانین، بۆ ئەمەش دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەموو بازرگانەکان بکرێت.

دەکرێت، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بوونیش ئەوپەڕی سێ خول بێت، رێگا بە خەڵکی تر بدرێت بچنە شوێنەکانیان، دەکرێت وەزیر بوون و ئەندام پەرلەمان بوون یەك خول بێت، وەکو چۆن دەکرێت بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسیاریەتی حکومەتیش یەك خول یان دوو خول بێت، بەڵام ناکرێت کەسێك یانزە ساڵە یان دە ساڵە، بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکە یان دائرەیەکی حکومەتەو تاکە هۆکاریش کە نەگۆڕدراوە، حزبی بوون و پشتیوانیکردنیەتی، کە بەداخەوە بەشێك لەوانە جگە لە زەرەر بۆ یەکێتی و نیگەرانکردنی خەڵك و باش بەڕێوەنەبردنی کارەکانی خۆیان، هیچیان نەکردووە.

یان خەڵکانێك هەیە لەبەرئەوەی لێهاتوو نەبووە لە بەڕێوەبردنی فەرمانگەیەك لادراوە، کەچی دواتر براوەتە شوێنێکی باشترو پلەکەی بەرزکراوەتەوە، بێگومان ئەمە بۆ هەموو حزبەکانی تری کوردستانیش راستە.

یەکێتی دەبێت بزانێت دانانی وەزیرێك و بەرپرسی فەرمانگەیەك لە حکومەت زۆر گرنگترو کاریگەرترە لە دانانی کەسێك لە پۆستێکی حزبیدا، چونکە حکومەت واتا مامەڵەکردنی رۆژانە لەگەڵ هاووڵاتیان، هاووڵاتیانیش لەم کەسەوە سەیری حزبەکە دەکەن، خۆ ئەگەر بتوانێت بێ جیاوازی سیاسی و ئایدۆلۆژی حزبی خزمەتی هەموو هاووڵاتیان وەك یەك بکات، یەکەم سوودمەند حزب و یەکێتی دەبێت، پێچەوانەکەشی راستە کە زۆر لەوانە زەرەریان زۆرتر بووە لە قازانج.

دەتوانم دوو نموونە بهێنمەوە لەمبارەیەوە:

یەکەم: ی.ن.ك، کەسێکی لە پۆستێکدا دانـاوە (......) لە حکومەتدا، لە خزمەتگوزاری فەرمانگەکەوە تا دەگاتە هاوکارو نزیکەکانی ئەوانەی لە چواردەوریدا کاردەکەن و رۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، واتا لە سەرەوە بۆ خوارەوە لێی بێزارن و هەمیشە گلەیی دەکرێت، ئایا یەکێتی کەسێکی لەمە باشتری نەبوو...؟!، ئایا بەڕاست منیش دەپرسم یەکێتی کەسێکی لەمە باشتری نەبوو؟

دووەم: هەر ئەم یەکێتییە، کەسێکی لە بەڕێوەبەری پۆستێکی وەکو پاسپۆرت لە سلێمانی داناوە، نەك هەر یەکێتی قازانجی کردووەو سوودی وەرگرتووە، بەڵکو هاووڵاتیان لە ڕوانگەی ئەم بەڕێوەبەرەوە سەیری یەکێتی دەکەن و ڕێزی لێدەگرن.

دەبێت یەکێتی لەم دوو نموونەوە مامەڵە بکات، ئەمەی دووەم بەرزبکاتەوەو پلەو پۆستی باشتری پێبدات، ئەوەی یەکەمیش دووربخاتەوەو نەبێتە واجهە وەکو دەوترێت ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبی، با لە شوێنێك لە حزب دایبنێت و نەیکاتە بار بەسەر هاووڵاتیانەوە.

بۆ شەرحی ئەم بابەتە، ڕەنگە چاوەڕوانی کاندیدو وەزیرەکان و پۆستەکانی کابینەی هەشت بکەین، باشتر لە یەکێتی گۆڕانکارییەکان تێدەگەین، ئاخۆ بەنیازی چییەو بەڕاست مەبەستیەتی گۆڕانکاری بکات.

## 35
## بەم پرەنسیپانە یەکێتی بناسەوە

(ی ن ك) وەکو دیموکراسیترین هێزی کوردستان ئەم جارە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم بڕیاریداوە لەسەر پێنج پرەنسیپی سەرەکی کاربکات :

یەکەم _ دابەزینی بە لیستی جیا :

بە لەبەرچاو گرتنی داواکاری کادر و ئەندام و لایەنگرانی و دۆست و دڵسۆزانی کە داوایان دەکرد بە لیستی جیا (ی ن ك) بەشداری هەڵبژاردن بکات ، ڕێزی لە داواکەیان گرت و بە جیا دابـــــەزی.

ئەگەر ئەوەش بزانین ئەو داواکارییەش کاردانەوەی ئەو قسانە بوو کە هەندێك لایــــەن و کەس دەیانکرد دژی (ی ن ك) و ببوە هۆی بریندارکردنی هەستی کادرەکانی و جیا لەوەش یەکێتی چونکە بڕوا و ئیرادەی بە خۆی و خەبات و ڕابردوو جەماوەرەکەی هەبوو، بێ منەت خۆی لەو خەڵکانە نیشاندا و بە پشت و پەناو ئیرادەی خەڵکەکەی هاتە مەیـــــــدان

و ئێستاش هەر بەو شێوەیە داوا دەکات لە ئێوەی خەڵـــــکی کوردستان دەنگ بە (لیستە جیاکەی) بدەن و بیانووی ئەوانەش ببڕن کە دەیانووت یەکێتی هاوپەیمانی بەستووە .

دووەم _ دژی ساختەکاریە :

پڕەنسیپی گرنگی (ی ن ك) لەو هەڵبژاردنەدا کە دیارە پێشتریش تەنانەت ڕەقیبەکانیشی ئەوەیان وتوە و سەلماندووە.

بەڵام بڕیاریداوە دژی هەر ساختەکارییەك بێ کە لە پڕۆسەی هەڵبژاردن بکرێت، چونکە لە ڕابـــردوو ئێستا و داهاتووش دژی ئەو کارەیە و دژی ئەوانەشە کە پەنا بۆ ئەو کارە دەبـــــــەن و ڕێگریان لێدەکات .

ڕاستە ئەمە ئەرکی (ی ن ك)ە وەکو هێزێکی دیموکراسیخواز و پێشەنگ بەڵام ئەرکی دۆست و ئەندام و لایەنگرانیشیەتی کە لەم هەڵوێستەی یەکێتی دڵنیا بکەن، ڕێز لەو هەنگاوە بگرن و دەنگیش بدەن بە هێزێکی وا کە دەیەوێت هەڵبژاردنەکـــــــە بە بێ ساختەکاری بە پاك و نەزیهی بەڕێوەبچێت.

سێیەم _ چاوی هەمووتان ماچ دەکات :

(ی ن ك) چاوی یەك بەیەکی ئەم هەڤاڵانە ماچ دەکات کە ڕۆژێك یان مانگێك یان ساڵێك تەمەنی خۆیان لەگەڵ یەکێتی بردۆتە سەرو خزمەتی ئەم حزبەیان کردووە و قوربانییان بۆ داوە، جا لەژێر هەرناوێك، گلەیی و گازاندەیـــــــان هەیە ، دڵیان زیزبووە و نیـــگەرانبوون یان تۆراوون و دانیشتون یان دوورکەوتونەتەوە.

(ی ن ك) دەستی یەك بە یەکیان بەگەرمی دەگوشێت و گلەییەکانیان قبوڵ دەکات و ئامادەشـــە ڕێز لە یەك بەیەکیان

بگرێت، بێگومان  بە دەنگدانیشتان خزمەتی زیاتر دەخەنە سەر خەبات و ماندووبون و قوربانی و شۆڕشتان.

چوارەم _ جەماوەری یەکێتی ڕوو لە هەڵکشانە :

ئامارەکان دەڵێن ، کێرڤی بەرزبوونەوەی جەماوەری یەکێتی لەسەرتاسەری کوردستان چۆتە پێشەوە و تەنها لە شارێکی وەکو سلێمانی (7% __ 10%) زیادیکردووە ، لە شارێـــــکی وەکو هەولێریش ڕێژەی دەنگەکان نزیکەی (80.000) دەنگ زیادیکردووە .

ڕەنگە باشترین بەڵگـــــەش بۆ ئەم کێرڤە هەڵکشاوە چەند خاڵێکی سادە بێت کــە هـــــەموو کەس دەیزانێت و بەتایبەتی دڵسۆزانی یەکێتی .

_سۆز و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە بۆ باری ناتەندروستی هەڤـــاڵ مام جەلال.

_یادی 2013/6/1 و خرۆشانی جەماوەر لە هەموو کوردستان.

_ سێیەم بەڵگەش جـۆش و خـرۆشـی جـەمـاوەری شـارو شارۆچکەکانی کوردستانە کە شەوان لـــــە شەقام و کوچە و کۆڵان و ناوماڵەکان دەیبینین، لەپاڵ ڕۆڵی گرنگی میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی (ی ن ك) کە ئینشکاساتی ئەو خرۆشە جەماوەرییەی سەر شەقامەکانە کەوا بووەتە دەوالیزمی ئایندەی نزیکی زەماوەندی سەرکەوتن .

پێنجەم _ یەکێتی و دیموکراسی پێکەوەن :

سادەترین و گرنگترین پرەنسیپی ئەو دیاردەیە کە هەموو کەس لە زاخۆ بۆ خانەقین و لە ناوچەکەش وە بەتایبەتی گەنجان و

کادیـــــــــران و هاوڵاتیانی کوردستان دەیزانێت ئەوەیـــــە لە کوێ یەکێتی گەشە بکات ، دیموکراسی گەشە دەکات، لە کوێش یەکێتی پاشەکشە بکات هێزە کۆنزەرڤاتیڤ و ئیرتیجاعی و کۆنە پەرستەکان گەشە دەکان .

لە کوێ یەکێتی دەنگی زۆرتر و زیاتر بێت علمانی و ئازادی و ئازادیە شەخسییەکان و ئـــــازادی میدیا و چاپەمەنی و ئەزمونی دیموکراسی و کوردایەتی و خیتابی هاوچەرخی کوردایەتی گـــــەشە دەکات .

# 36
# کێ لە پشت
# تیرۆرەکانی (پاریس)ەوەیە...؟

جارێکیتر لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی گفتوگۆکانی نێوان PKK و تورکیا، سێ ژنە چالاك و کارای PKK (ساکینە چانسز، فیدان تۆغان، لەیلا سولیمەز) لە بارەگای ئەنستیۆتی کوردی لە پاریسی فەرەنسا تیرۆرکران.

ئەگەرچی ئەمە یەکەمجار نییە، سەرکردەکانی کـورد لە ئەوروپا تیرۆربکرێن، بەڵام لانیکەم لە دەساڵی رابردوودا هیچ سەرکردەیەکی کورد تیرۆر نەکراوە.

بەڵام تیرۆرەکانی پاریس، خێرا سەرنجی هەموو لایەکی بۆ ئەوە راکێشا کە مەبەست تێکدانی دیالۆگەکانی نێوان ئۆجالان و PKK و دەوڵەتی تورکیایە.

ئەگەرچی هەرزوو میدیاکانی تورکیا ئەو تیرۆرەیان بۆ کێشەی ناوخۆیی PKK گێڕایەوە، بەڵام موراد قەرەیڵان سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستەوە، بەڵام گومانیش

لەوەدا نییە کە PKK لەمبارەیەوە گرفتی لەوجۆرەی هەیە، وەکو چۆن لە سەردەمی دانوستانەکانی PKK و ئۆزال بە ناوبژیوانی تاڵەبانی لە (1993) باڵێکی ناو PKK بە کوشتنی (33) سەربازی تورك لە بینگوڵ دانوستانەکان شکستیهێنا، چۆن شمدین ساکیك هەمان کاری کرد، بۆیە گومانی ئەوە دەکرێت کە شتی وەها روویدابێت.

لەلایەکی ترەوە چەند سەرچاوەیەك هەریەکە لە ئیسرائیل و ئێرانیش بەیەکێك لە کارەکتەرەکان دەزانــن لە بەرامبەر سەرنەکەوتنی دیالۆگ و دانوستانەکانی نێوان تورکیاو PKK، بەودەلیلەی هیچ خۆشحاڵ نین بە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە، کە پێیانوایە سازشی PKK، تورکیا لە ناوچەکە هێندە بێ کێشە دەکات رەنگە بەتەواووی جڵەوی ناوچەکە بکات و کاریگەری لەسەر رۆڵی ئیقلیمی تاران و تەلئەبیب دابنێت.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەرزوو هەموو سەرنجەکان بۆ ئەوە نەچوون کە بەرپرسی راستەوخۆی تیرۆری ئەو سێ ژنە چالاکەی کورد دەوڵەتی تورکیا، یان جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن یان ئەرگەنە کۆن و میت نین، کە بە شێوەیەکی رەها دەسەڵاتیان هەیە لە تورکیاو ئەوروپاو دژی هەر دانوستانێکن لەگەڵ کوردو .PKK

هەرچەندە حکومەتی فەڕەنسا لـەزاری وەزیـری ناوخۆوە رایگەیاند کە ئەوە کاری تیرۆریستییەو بـەدوای کەیسەکەوە دەبین، بەڵام گومان لەوە ناکرێت کە پاریس و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا زۆرجـار ئەم سـەوداو مامەڵەیان بە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتان و لایەنەکانیان لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی

ئابوری و بازرگانی کردووەو چاوپۆشیان لە مافی شەهیدانی کورد لە وڵاتەکانیان کردووە.

تیرۆری عەبدولڕەحمان قاسملۆ سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لە (1989) لە نەمسا، تیرۆری شەرەفکەندی لە (1992) لە ئەڵمانیاو رفاندنی ئۆجالان لە (1999) لە کینیا بە پشتیوانی ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەوروپا، لەماوەی رابردووشدا هەوڵی رفاندن و تیرۆرکردنی قەرەیڵان لە قەندیل بەشێکن لە پیلانی ئەوروپاو ئاگاداربوون لەو پیلانانە.

بۆیە گومانێکی دوورنییە کە پەنجەی تاوان بۆ میت رادەکێشرێت، بەتایبەت کە رۆڵێکی گـەورەی هەیە لە سەرکوت و تیرۆری سەرکردەکانی PKK، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا PKK چ لە رابردوو چ لە ئێستادا بەهۆی کێشەو ململانێ سیاسییەکان و رۆڵی PKK تێیدا بەتایبەت بەهۆی قەیرانەکانی سوریاوە نەیارو دووژمنی زۆری بۆ پەیدابووە، جا کوردی، عەرەبی، تورکی و خۆرئاوایش.. بۆیە هیچ دوورنییە پیلانەکە بە هاوبەشی ئەنجامبدرێت.

وەکو چۆن نووسەری کتێبی (گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك) کە کچێکی هۆڵەندیەو باس لە رەوشی ئۆجالان و سیناریۆکانی دەستگیرکردنی دەکات لە ساڵی (1999) لە کینیاو دەڵێت کوردیش لەو گەلەکۆمەك نێودەوڵەتیە تێوەگلابوون، هەربۆیە پاش چەند ساڵ PKK بۆی دەرکەوت کە گوایە کانی یەڵمازی بەرپرسی پەیوەندییەکانی PKK لە ئەوروپا زانیاری داوە بە دەزگا سیخوڕییەکانی ئەڵمان و لە شاری سلێمانی کوژرا.

بەڵام رەنگە کوشتنی ئەم سێ ژنە چالاکەی PKK لانیکەم سەرنجی سەرکردەکانی کورد بۆ ئەوە رابکێشێت کە وەرزێکی تری تیرۆر

دەستپێکردووەو دەبێت ئاگاداری خۆیان بن جا چ سەرکردەکانی PKK) چ ئەوانەی یەکێتی و پارتی، یان کۆمەڵەو دیموکرات و پژاك)، چونکە ئەگەر پێمانوابێت ئەوروپا شوێنی پاراستنی سیاسی و پەناهەندەیە هەرگیز وانییەو بگرە باشترین شوێنی تیرۆرکردنی ئەو سەرکردانەیە، هەربۆیە وڵاتانی تیرۆریست زۆربەی تیرۆرەکانیان لە دەرەوەو ئەوروپا ئەنجامدەدەن.

بۆیە دەکرێت لە چوون و مانەوەی ئەو سەرکردانە داوای پاراستن و ئیسکۆرتیان لێبکرێت، چونکە وڵاتانی ئەوروپا رێگا نادەن سەرکردە کوردەکان چەك هەڵبگرن بۆ پارێزگاری لە خۆیان، بەڵام تیرۆریستان ئاسان، چەك و دەمانچەی کاتمیان چنگ دەکەوێت جا لەڕێگای باڵیۆزو باڵیۆزخانەو پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانەوە بێت، یان لەڕێگای گروپی مافیاوە بێت، یان دوورنییە وڵاتانی ئەوروپا خۆیان هاوکاریان بکەن.

تیرۆری ساکینە، فیدان و لەیلا پەیامێکی ترسناکە بۆ ئەوەی کە هێشتا تیرۆری سەرکردەکانی کورد لەهەموو کات ئاسانترە بۆ دەوڵەتانی نەیار، بەتایبەتیش لە ناوجەرگەی ئەوروپا، بۆیە دەکرێت ئەم تیرۆرە بەمەترسی جددی سەیربکرێت کە وڵاتانی نەیاری کورد هێشتا لە هەل و دەرفەت دەگەڕێن بۆ تیرۆری سەرکردەکانی و بۆ دروستکردنی ململانێش لەناو خۆیاندا وەکو چۆن میدیاکانی تورکیا هەر لە سەرتاوە تیرۆرەکەیان بەدەستی خودی PKK و کێشەی ناوخۆ ناوبرد.

بەڵام وەکو سەڵاحەدین دەمیرتاش وتی: ئەگەر تورکیا خۆی پیلانەکەی دانەناوەو پێشوەخت سیناریۆشی بۆ سازنەکردووەو نایەوێت تیرۆرەکە لەسەر خۆی لابدات، چۆن وازوو رایدەگەیەنێت کردەوەکە پیلانی ناوخۆیی PKK یە...؟!

پرسیارێکی تریش کە دەکرێت ئەوەیە، ئایا بۆچی ئەمجارە سێ ژن دەکرێنە ئامانج، بۆچونێك هەیە کە دەڵێت لەبەرئەوەی ژنانی PKK لە ئەورووپا هێندە چالاکن کە لەهیچ کام لە ژنانی رێکخراوەکانی وڵاتانی سێهەم ناچن و کاریگەری گەورەیان لە خۆپیشاندان و میتینگ و کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بۆ PKK و رۆڵی کارایان لە چالاکی سیاسی و رێکخراوەییدا هەیە.

ئەگەرچی بۆچونێکی تر دەڵێت: ئامانج ساکینە بووە وەکو یەکێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی PKK و رۆڵبینینی لە چالاکی و دانوستانە گرنگەکانی PKK، ئەگەر حکومەتی پاریس خۆی گێل نەکات رەنگە دۆزینەوەی تاوانباران ئاسان بێت، بەداخەوە کە فەڕەنسا تەرمی سێ کەسی تر لە سەرکردەو شەهیدانی کورد لەخۆدەگرێت کە بە ناهەق لە پاریسی پایتەختی مافی مرۆڤ و رێنسانس و ئازادی تیرۆر دەکرێن.

## 37
## کۆتایی سەبری ئەیوبی
## کۆمەڵەو دیموکرات...!

- "نامە دەنێرین بۆ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەڵام ناداتەوە".

- "داوای بینینی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دەکەین، هیچ جوابێك نیە".

- "نامە دەنووسین بۆ وەزیری دارایی، وەڵامێك نیە".

- "نزیکەی ساڵێکە هیچ بودجەو هاوکارییەکیان پێنەداوین و کەسیش ئامادە نیە باس لە هۆکارەکانی بکات یان روونکردنەوەیەك بدات".

- "کەس ئامادە نیە، گوێ لە گریەو برسێتی منداڵانی ئۆردوگاکان بگرێت"

ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە، دیوەکەی تریشی ئەوەیە

- "هەرکات تیمێکی پێشمەرگەکانمان دەچنەوە رۆژهەڵات، سەد تەلەفۆن و دەیان نامەو گلەییمان بۆ دێت، کە بۆچی پێشمەرگەمان

ناردووەتەوە ئەودیو و ئێران نیگەران بووە".

- "یان بۆچونێك دەردەبڕین پەیوەست بە کێشەکانی ناوچەکە، گلەییمان لێدەکرێت کە بارودۆخەکە لەبەرچاو ناگرین".

- "کە فیشەکێك دەتەقێنن لەودیوو، دەڵێن بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو ناگرن و ئێران سنورەکان دادەخات".

- "کە هێزی پێشمەرگەمان دەنێردرێن بۆ بەرەکانی شەڕ لە باشوور، سوك و ئاسان دەڵێن پێویستمان نییە".

ئەوانە قسەی لێپرسراوان و بەرپرسان و فەرماندەکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتە لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و زۆربەشی ڕاست و دروستە".

ئەوان پرسیارێکی سادە دەکەن:

بۆچی PKK و پژاك حساب بۆ دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم ناکەن و لە سنورەکانی خۆیان گومرگیش دەکەن؟ کەی ویستیان پێشمەرگە دەنێرنەوە خاکی باکور یان ڕۆژهـەڵات و شەڕیش دەکەن و نە تورکیاو نە ئێران سنور داناخەن؟ کاتێکیش گرفتەکە پەرە دەسێنێت، هەر خودی حکومەتی هەرێم دێت و ناوبژیوانی دەکات و وەفد دەنێرێت و هەر خۆیشی دەبێتە لایەنی سێهەم بۆ ڕێککەوتنی پژاك و ئێران، یان PKK و تورکیا، وەك ئەوەی لە رابردوو روویدا بۆ پژاکیان کرد.

ئاخر جیاوازییەکە ئەوەیە، پژاك، حکومەتی هەرێم رازی بێت یان ناڕازی، کارو فەعالیات و چالاکی خۆیان دەکەن و گوێ بە حکومەتی هەرێم نادەن لە خراپترین حاڵەتدا، بەڵام کاتێك کۆمەڵەو دیموکرات تیمێك بنێرنەوە، دەبێتە ڕۆژی حەشرو بابەتەکە زیاد لە پێویست

گەورە دەکرێت و فشاریان دەخرێتە سەرو پێشمەرگەیان دەگیرێت.

ئایا هۆکاری مامەڵەی ئەو دوو جیاوازیەی حکومەتی هەرێم لەچیدایە؟

لەوەدایە کۆمەڵەو دیموکرات بە ئیحترامەوە هەڵسوکەووت دەکەن و رێز لە سیادەی حکومەتی هەرێم دەگرن و نایانەوێت دەردەسەری بۆ ئەم حکومەتە ساوایە دروست بکەن...؟

ئاخر بەوحاڵەوە ئیتر حکومەتی هەرێم دەبێت بزانێت کۆمەڵەو دیموکراتیش هەر (23) ساڵ دەتوانن ئۆقرە بگرن و دان بەخۆیاندا بگرن و چالاکی پێشمەرگانە نەکەن بەخاتری هەرێم و لە بەرامبەردا لێرەوەش ساڵێك هاوکارییەکانیان ببڕدرێت و وەڵامی نامە رەسمیەکانیان نەدرێتەوە.

سەرکردایەتی حکومەتی هەرێم، ئەوە باش دەزانن کە کۆمەڵەو دیموکرات لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان چیان کردووەو چەندە خزمەتی شۆڕشی باشوور و خەڵکی باشووریان کردووەو تەنانەت قوربانی زۆریشیان داوە، کەچی جاروبار گوێمان لە بۆڵەی ئەملاولا دەبێت کە ئەم هێزانە ناتوانن هیچ بکەن یان هەر خەریکی ئینسحاب و ئینشقاقن، کە ئەم قسانە هێندە ناسیاسی و کورتبینانەیە، خوێندنەوەی داهاتووی رووداوەکان و دووبارەبوونەوەی مێژووی لەبەرچاو نەگرتووە.

بەرپرسی یەکێك لەو حزبانە وتی: "هەست بە شەرمەزاری دەکەم، کە وا مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن و ئەرزش بۆ خەبات و تێکۆشانی رۆژهەڵات و هێزەکانی دانانێین".

هەموو ئەو رووداوانە، هەموو ئەو حیکایەتانە وایکرد ئیتر کۆمەڵەو دیموکرات، گەیشتونەتە بارودۆخێك کە ناتوانن هەر لە

ئۆردوگاکان دابنیشن.

گەیشتونەتە ئەوەی کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بۆچی کوڕان و کچانی ڕۆژهەڵات لە سنە، مهاباد، بۆکان، سەقز، بانەو مەریوانەوە دێن و دەبنە پێشمەرگەو گەریلای پژاك یان کۆدارو PKK و ئامادەن بچنە کۆبانێ، ئاخر وەڵامەکەی ڕوونە کە کوڕان و کچانی ڕۆژهەڵات نایانەوێت هەر بە بێدەنگی دانیشن و ڕەنگە ئەو کارانەیان توڕەبوونێك بێت لە کۆمەڵەو دیموکرات.

بەم دواییانە حزبی دیموکراتی کوردستان کە چەند تیمی پێشمەرگەی ناردەوە ڕۆژهەڵات، بە دیوێکدا توشی گلەیی و ناڕەزایەتی حکومەتی هەرێم بووەو لەولاوە لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە.

هێزەکانی تریش درکیان بەوە کردووەو دەیانەوێت فۆرم و شێوازی خەباتی سیاسی و چەکداریان بگۆڕن و نزیکتربنەوە لە خەڵکی ڕۆژهەڵات، ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نیە حکومەتی هەرێم ڕێگا بەخۆی بدات بڵێت "یان ئێرە یان ئەوێ".

چونکە لێرەش بوون و ساڵێکیشە هیچ هاوکارییەك نەکراون و دڵنیاشم ئەگەر فشاریان بخرێتەسەر، ئیتر هەرێم جێدەهێڵن و ملی ڕێگەی چارەنووسی خۆیان دەگرن، چونکە حاڵ و بارودۆخیان گەیشتووەتە ڕادەیەك لێرە هیچیان نەماوە لەدەستی بدەن، بۆیە ئامادەگیان نیە چیتر ئەو سوکایەتییە قبوڵبکەن کە وەڵامی نامەو داواکارییەکانیان نەدرێتەوە.

بۆیە واباشە حکومەتی هەرێم لەنزیکەوە دابنیشێت لەگەڵیان تا نەگەیشتونەتە ئەوەی سەبری ئەیوبیان کۆتایی بێت و قیروسیا لە هەموو شت بکەن.

چونکە نیگەرانی و تووڕەبوونی بەرهەقی کۆمەڵەو دیموکرات گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە، کە ڕەنگە بەدڵی هیچ لایەنێکی حکومەتی هەرێم نەبێت و لەدەست دەربچێت.

چونکە ئیتر نە خەڵکی ڕۆژهەڵات زیاتر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا دەبن و نە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەوە زیاتر لە چاوەڕوانی حکومەتی هەرێمدا دەبن، ئاخۆ مووچەیان پێدەدەن، یان وەڵامی نامەو داواکارییەکانیان دەدەنەوە.

ڕەنگە کۆمەڵەو دیموکرات نەتوانن وەکو PYD بکەن، بەڵام ئەوەش نیە کە نەتوانن غیرەت بدەنە بەر خۆیان و هاوشێوەی دەیەی هەشتاکان داستانی گەورە بخوڵقێنن.

دڵنیام دەتوانن شت بکەن کە دواتر هەموو شت لەدەست حکومەتی هەرێم دەردەچێت، بۆیە واباشە حکومەت ئێستا بەشوێن ئەو ڕووداو و قەیرانانەوە بێت، تا نەگەیشتووەتە ماڵئاوایی کردن لە سەبری ئەیوبیان، ببێتە دوایین ڕێگەچارەی ئەڵتەرناتیڤی ئەم دوو هێزە شۆڕشگێڕەی ڕۆژهەڵات (دیموکرات و کۆمەڵە).

## 38
## ئۆجالان یان مەلالا
## شایستەی خەڵاتی نۆبڵ-ن

وەکو زۆر جاری تر، لیژنەی دادوەری خەڵاتی نۆبڵ دوور لە چاوەڕوانی زۆربـەی شارەزایان و پسپۆڕان، دابەشکردنی خەڵاتەکانی جۆرێك لە تەم و ناڕوونی پێوە دیارە.

یان وەکو زۆر جاری تری لیژنەکە بە لێکدانەوەو تێڕوانینی سیاسی و کاریگەری سیاسەتی وڵاتانی زلهێز تۆمەتبار دەکرێت بۆ پێدانی خەڵاتەکە لە بابەتی ئەوەی ئەمساڵ روویداو خەڵاتەکەی دا بە دوو کەسی پاکستانی و هیندستانی.

مەلالا یوسفزای، رکابەری چەندین ناوی دەکرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، لەوانە (ئیدوارد سنودن، تشیلی مانینگ، پاپای ڤاتیکان، فلادیمێر پۆتین سەرۆکی روسیا) و سەرئەنجام خەڵاتەکە بە نسیبی مەلالای پاکستانی بوو.

مـەلالا، ئەگەرچی چالاکوانێکی چالاکی بـواری مافەکانی فێرکردنە بەتایبەت بۆ ژنان، لە ساڵی (2012) لەلایەن بزووتنەوەی

تاڵیبانەوە بریندارکراو دواتر ڕەوانەی بەریتانیا کرا بۆ چارەسەرو دواتریش میدیاکانی خۆرئاوا زیاد لەپێویست مەلالایان گەورە کردو وەکو سیمبولێکی بێ وێنە بۆ دژایەتی تاڵیبان بەرجەستەیان کرد، لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەمریکاو گەورە بەرپرسانی ئەوروپی پێشوازی لێکراو بە ملیۆنان نوسخە کتێبی جۆراوجۆر بە زمانە زیندووەکانی جیهان لەسەر ژیانی چاپکرا.

لەکاتێکدا مەلالا هێشتا زۆر گەنجەو تەمەنی (17) ساڵە، پێشتریش هیچ ئەفراندن و پەرجویەکی سەیرو سەمەرەی نەخولقاندبوو، بەڵام هەمیشە خۆرئاوا ئەم جۆرە سیاسەتانە بەکاردەهێنێت، کە بێگومان بە مەبەستی سیاسی و لێکدانەوەی باکگراوندی سیاسی.

لەپاڵ مەلالاشدا بە هاوبەشی خەڵاتەکە درا بە کایلاش ساکوارانی چالاکوانی مافی منداڵان، گوایە ناوبراو پارێزگاری لە تەقالیدو سوننەتەکانی غاندی کردووەو بەکاریهێناوە.

هەرکەس دیقەتی هەردوو ناوەکە بدات، تابلۆیەکی پەردەپۆشکراوی سیاسی هەست پێدەکات بۆ پێدانی خەڵاتەکە، بە واتایەکی تر پێدانی خەڵاتەکە ماناو مەغزا سیاسییەکەی ئەوەیە کە دراوەتە دوو کەسی هیندستانی و پاکستانی، کە ئەم دوو وڵاتە زیاتر لە (40) ساڵە لە شەڕو ململانێی تونددان و تەنانەت چەندینجار شەڕ لە سنورەکانیان روویداوەو بە هەزاران کەس بوونەتە قوربانی، هەمیشە ئەمریکاو خۆرئاوا مەترسی هەڵگیرساندنی جەنگێکی ئەتۆمی لە نێوانیاندا دەکەن، بەهۆی ئەوەی هەردووکیان خاوەنی چەکی ناوەکین، بۆیە هەمیشە ئەو

وڵاتانە دەیانەوێت دەستیان بەو دوو وڵاتەوە بێت و ئاگاداریان بن تا نیمچە کیشوەری هیندستان نەبێتە مەیدانی جەنگێکی گەورە.

بەتایبەتی کە هەردووکیان بە دۆستی ئەمریکاو خۆرئاوا دەناسرێن و لە ناوچەکەشدا سێ مەترسی گەورە هەن کە رۆڵی ئەوان دەتوانێت مەترسییەکان ئیحتوا بکات، ئەوانیش ئەفغانستان، ئێران، بزووتنەوەی تاڵیبان و قاعیدەیە.

واتا دەکرێت بڵێین، بەم تێڕوانینانە خەڵاتەکە رەهەندێکی سیاسی هەیە، وەکو چەندین خەڵاتی پێشووتر کە سەد دەر سەد رەهەندی سیاسی هەبووە، وەکو پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ نێڵسۆن ماندێلاو فریدریك دیکلێرك لە 1993 لە باشووری ئەفریقا لە نێوان دوو کەسایەتی شۆڕشگێڕو دیکتاتۆر.

دلالیلاما لە تبت (1989)، میخائیل گۆرباچۆڤ لە سۆڤیەت (1990)، ئون سان سوکی لە بۆرما (1991) بەتایبەتریش پێدانی خەڵاتی نۆبڵ، یاسر عەرەفات، ئیسحاق رابین، شیمۆن پێریز لە فەڵەستین و ئیسرائیل (1994)، تەواو خەڵاتێکی سیاسی بوو.

شیرین عبادی (2003) لە گەرمەی ململانێی نێوان تاران و خۆرئاوا، باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا (2009)، لیو شیار بوو لە چین (2010)، دواترینیشیان کایلاش ساتیارانی هیندستانی و مەلالا یوسفزای پاکستانی بۆ ساڵی (2014).

بە تێڕوانین لەو ناوانەی سەرەوە، دەکرێت وا خوێندنەوە بە پێدانی ئەو خەڵاتە بکرێت کە زۆرجار رەهەندێکی سیاسی رۆڵی تێدا دەگێڕێت.

ئەگەرنا ئایا لەیلا زانا شایستەتر بوو بۆ خەڵاتی نۆبڵ یان مەلالا یوسفزای؟ لەکاتێکدا لەیلا زانا بەقەدەر هەموو تەمەنی مەلالا لە

زینداندا بووەو ئەشکەنجەی کێشاوە بەدەست دەسەڵاتدارانی ئەنکەرەو چالاکوانێکی سیاسی و بەهێزی بـواری سیاسی، کوردایەتی و ژنان بووەو هەڵسوڕاوێکی گەورەی ناوچەکەش بووە.

مەبەستی سەرەکی نووسینەکەم، ئەوەیە کە پێشتریش وتبوم ئایا عەبدوڵلا ئۆجالان رێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکاری کوردستان (PKK) شایستەی ئەم خەڵاتە نییە؟ لە زۆربەی ئەو ناوانەی لە سەرەوە هاتوون، بەتایبەتی لە مەلالا شایستەتر نییە؟ لەکاتێکدا ئۆجالان هەموو ژیان و تەمەنی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردی چەوساوەو ژێردەستەتەرخانکردووە.

هەموو ژیانی بەدیهێنانی دونیایەکی باشترو خۆشگوزەرانیتر بووە بۆ ژنان، کـوڕان، کچانی کوردستان و بەناچاری دەستی دایە خەباتێکی چەکداری سەپێنراو لە بەرامبەر ئەو مانیفێستە چەپەڵەی ئاتا تورك کە دەیوت کوردەکان تورکی شاخەوین نەك مرۆڤ.

ئۆجالان شایستەی خەڵاتی نۆبڵە یان مەلالا کە (15) ساڵە لە زیندانێکی تاکەکەسیدایە، بە بەرچاوی لیژنەی دادوەر خەڵاتی نۆبڵ و ئەمریکاو ئەوروپا لەسەر چیش..؟

تەنها شۆڕش و خەبات و بەرگری لە گەلەکەی هەڵبژاردبوو، ئامادە نەبوو تەسلیمی سیاسەتە نەگریس و چەپەڵەکانی ئەمریکاو ئەوروپا بێت، بۆیە بە گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتی (ئەمریکی، روسی، ئیسرائیلی، ئەڵمانیی، تورکی، یۆنانی، سوری و کینیایی) وەکو دیاری (1999) گرتیان و تەسلیمی بوڵند ئەجەویدی سەرۆك وەزیرانی تورکیایان کردەوە.

ئێستاش ئامادە نین خۆی لە زیندان ئازاد بکەن و رێکخراوەکەی

لە لیستی تیرۆر دەرکەن، کە لە شەڕەکانی ئەم دواییەی کۆبانێ دەرکـەوت، ئۆجالان و بزووتنەوەکەی توانای خوڵقاندنی چ موعجیزەیەکیان هەیە بەرامبەر گەورەترین گروپی تیرۆریستی داعش کە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەی هێناوەتە لەرزین و شڵەژان، بەڵام تەنها خوێندکارانی ئاپۆچی بوون کە شکستیان بەم گروپە هێناو بەناچاری ئەمریکاش بڕیاری پشتیوانیانی داوە.

ئۆجالان سیمبولی ئازادیخوازی ڕێگای مرۆڤایەتییە یان مەلالا؟

ئۆجالان شایستەی خەڵاتی نۆبڵە یان مەلالا؟

## 39
# شڵەژان و نۆرماڵ بوون

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەرچۆنێك بێت، دەتوانین زیاد لە فاکتەرێك دیاری بکەین، کە بێگومانم سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە هەموو کەس باشتر دەزانێت، خۆ ئەگەر تا ئێرەش ئاسایی بێت، بەڵام ئەی لێرە بەدواوە چی..؟ کێ بەرپرسیارە..؟ ئەلتەرناتیڤ چییە..؟

ئەو بارودۆخەی چەند ڕۆژێکە لەناو (ی.ن.ك) دا دروستبووە هیچ تەندروست نیەو جۆرێك لە شڵەژان و نامونسەجیمی پێوە دیارەو ڕەنگە ئاسایی بێت، بەڵام دەبێت پلانی داهاتوو چی بێت..؟

ئەوە ڕاستە کە دەنگەکانی یەکێتیی پاشەکشەیان کردووە، بەڵام ئەمە سروشتی حزب و پرۆسەی دیموکراسیشە، ئەگەر بمانەوێت دیموکرات بین، ئەو هەنگاوانەی ئێستا یەکێتیی لەبەردەمیدایەو دەبێت ڕۆڵی قاتع و یەکلاکەرەوەی هەبێت چەند خاڵی گرنگن کە:

یەکەم: یەکێتیی دەبێت بزانێت نە پاشەکشەکەی و کەمکردنەوەی دەنگەکانی ئاسایی و نۆرماڵە، نە ئەو شڵەژان و تۆمەتبارکردنەی

یەکتری و قسەکردنەی هەموو کەس لە کادرێکەوە تا جێگری سکرتێری گشتی، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی دەیبەخشنەوە لە بەرامبەر یەکتر، دروست و واقعیە.

ئەمەش پاساو نیە بۆ دەرچـوونــی هەندێك بەرپرس لەو بەرپرسیاریەتیە، بەڵام ئێستا کارکردن بەم فۆرمەڵەیە ڕەنگە قەیران و گیروگرفتی زۆرتر بەدوای خۆیدا بهێنێت.

دووەم: چەند ڕۆژی تر پرسێکی گرنگ دێتە سەر مێزی دیالۆگ (پرسی تەشکیلکردنی حکومەت) کە لە 1992 و لە کابینەی یەکەمەوە، هیچ کام لە کابینەکان وەکو ئەمجارە کاریگەرو پڕ حەماس و ململانێ بەخۆیەوە نابینێت، وەکو ئەم کابینەیە هەموو هێزەکان سوورن لەسەر شەراکەتی فعلی نەك بەشدارێکی ڕەمزی.

کەواتە بۆ یەکێتیی گرنگە کە ئێستا زیاتر خۆی سەرقاڵ بکات بەچۆنیەتی بەشداریکردنی لە حکومەت کە بەقەدەر پێگەو ئیمکانیات و مێژوو ڕابــردووی خۆی بێت، ئەگەرچی دەبێت واقعیش بێت، واتا گرنگە یەکێتیی خۆی ساغبکاتەوە، بەشداری حکومەت دەکات یان نەخێر، کە بیکات باشترە.

سێیەم: (ی.ن.ك) چۆن لە پرۆسەی هەڵبژاردن پاشەکشەی کرد، چۆن لە تەشکیلەی لیستەکەی و دانانی کاندیدەکانی سەرکەوتوو نەبوو، یان لانیکەم کادرانی حزب زۆر لێی ڕازی نەبوون، نابێت هەمان هەڵە دووبارەبکاتەوە لە دیاریکردنی کاندیدەکانی بۆ حکومەت و وەزارەتەکانی، یان گرفتەکانی پێشوو دووبارەبکاتەوە لە دانانی وەزیرەکانی، چۆن حزبێکی سۆسیال دیموکرات وەها وەزیرەکەی دەستنیشان دەکات، تەلەفۆن بۆ کەسێك دەکات کە ئایا دەتەوێت ببیتە وەزیر...؟

بێگومان دانانی وەزیـرو بریکارو بەڕێوەبەرەکان و پۆستە حکومییەکان، دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، لانیکەم یەکەم هەنگاوی هەڵسانەوەی یەکێتیی بێت.

دەبێت پۆستە وەزارییەکان بۆ خەڵکانی شارەزاو پسپۆرو بەتوانا بێت و دووربێت لە کوڕو کچی لێپرسراوان، بەڵام کادری حزبی بێت.

چـوارەم: بۆ چاکسازی لە حـزب، دەبێت یەکێتیی هەموو پرۆسەکانی تەشکیلاتی، ئۆرگانی کردن و هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی پۆستەکان لە هەموو حزب دەستپێبکاتەوە.

دەبێت ئیجرائات لەگەڵ هەموو کـادرو بەرپرسانی بکات کە کەمتەرخەم بوون لەناو حزبدا، یان بەپێچەوانەوە چالاك و ئەکتیڤ بوون.

دەبێت یەکێتیی لەم فرەمینبەرەو قسەکردنە ڕزگاری بێت، کە ... بووەتە مانفێستی کارکردنی و پەیڕەو و پرۆگرامی خراوەتە لاوە.

لەکوێی دنیا هەیە پەرلەمانتار پابەند نەبێت بە بڕیارەکانی فراکسیۆن و حزبەکەی و بڵێت: من خۆم دەرچـووم و دەنگم هێناوە.

پێنجەم: ئەگەر ئەم کارانە نەکاتە ئەجێنداو لە ئێستاوە ئیشی بۆ نەکات، دڵنیام بارودۆخەکە لەمە باشتر نابێت.

## 40
## مۆدێل و سیناریۆکانی
## پێکهێنانی حکومەت

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندراو کێشەو ململانێ سیاسییەکان ئارامبووەتەوە، سەرەڕای گلەیی و گازندەی هەرکام لە هێزە سیاسییەکان، بەدوای ئەمەدا، هەموو هێزەکان خەریکن دوو کار دەکەن.

یەکەم: لێکۆڵینەوەو دراسەی دەنگەکانیان، بردنەوەو پاشەکشەی هێزەکان، کەم و زۆری دەنگەکان، کە ڕەنگە یەکێتیی یەکەم هێز بێت ئەم لێکۆڵینەوەیە بکات، چونکە پاشەکشەی کردووەو دانیشی پێداناو مەکتەبی سیاسیش ئەوەی خستە ئەستۆی خۆی، بەڵام گرنگە کە ئایا (ی.ن.ك) چۆن دەیەوێت لێکۆڵینەوە بکات و کێ ئازایانە زۆرترین بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی خۆی.

دووەم: خاڵی گرنگ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمە لە نێوان پێنج هێزە سەرەکییەکە، ئەگەرچی پارتی براوەی یەکەمە، بەڵام جگە لەوەی بیر لە فۆرمەلەیەکی تر دەکرێتەوە بۆ پێکهێنانی

حکومەت یەکێتیی و ئۆپۆزسیۆن، بەڵام چانسێکی بەهێزی نیە، چونکە گرفتی سیاسی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت تا ئاستی ململانێی سیاسی و تێکچوونی ئارامی هەرێم، ئەگەرچی لەدوای هەڵبژاردنەکانی عیراق لە 2010، لیستی العراقیە، ئەیاد عەلاوی وەکو پارتی یەکەم بوو، بەڵام دواجار فراکسیۆنی شیعەکان پێکهات و بوونە زۆرینەی پەرلەمانی، العراقیەو عەلاوی پەراوێزخران، کەچی هەر ئەوەش بووە یەکێك لە هۆکارەکانی تائێستای کێشەو گرفتی عیراق، توندڕەوی و ململانێی نێوان شیعەو سوننە، بۆیە کردنە دەرەوەی پارتی لەم سیناریۆیەدا کارێکی باش نابێت بۆ هەرێم و ڕەنگە کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوەو پێناچێت بێ پارتی پێکهێنانی حکومەت سەرکەوتوو بێت.

سیناریۆی دووەم پێکهاتنی حکومەتە لە نێوان یەکێتیی و پارتی بەهەمان ئەجێنداو ئـاوازی پێشوو، کارێکی لەئیمکان نەهاتووە، چونکە قەیرانەکانی هەرێم قوڵتردەکات و بۆ جارێکی تریش ئۆپۆزسیۆن بەهێزتر دەکات، ئۆپۆزسیۆنیش دەستەوەستان ناوەستێت و ڕەنگە ڕۆژانە دەیان کێشەی مەدەنی و سیاسی بۆ حکومەت دروستبکات، بۆیە مۆدێلی حکومەتی یەکێتیی و پارتی هەقە پەراوێزبخرێت و بیریشی لێنەکرێتەوە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن مل بدات بۆ بەشداری حکومەت، چونکە لەم مۆدێلەدا هاوکێشەی کورسی و وەزارەتەکانی نێوان یەکێتیی و پارتیش لاسەنگ دەبێت کە ڕەنگە ئەو مۆدێلە حکومیەی یەکێتی و پارتی لە ساڵێك زیاتر بڕ نەکات.

سیناریۆی سێیەم و پێکهاتنی کابینەی حکومەت لە نێوان پارتی و گۆڕان بەبێ یەکێتیی، ئەمانە تەنها سیناریۆن، بەڵام بەرژەوەندی

سیاسی هەموو نەخشەیەکی تێدایە.

ئەم مۆدێلە خراپترین مۆدێلی حکومیە، ئەگەر قەرار بێت یەکێتی پەراوێز بخرێت، واتا هێزێك ڕاستە کورسیەکانی کەمیکردووە، بەڵام توانا سیاسی و ئیداری و حکومی و سیاسییەکان هەر لە شوێنی خۆیەتی، جگە لـەوەش، ئۆپۆزسیۆن بوونی یەکێتیی هەمان مۆدێلی ئۆپۆزسیۆن بوونی گۆڕان نییە، بەڵکو هەرکاتێك گلەییەکان گەیشتە لوتکە لە حکومەت، ڕەنگە ئینحکاساتی خراپی لێبکەوێتەوە، ئەم مۆدێلە تەنها لە یەك حاڵەتدا ڕوودەدات، ئەگەر پارتی بیەوێت یەکێتیی وەك هێزێکی کەم دەنگ سەیربکات، واتا وەکو هێزی هەڵبژاردن، وەکو هێزی کورسی و دەنگ سەیری بکات.

کە لەڕاستیدا ڕەنگە شتێکی شاز بێت کە باس لە کورسی، دەنگ، هەڵبژاردن نەکرێت، چونکە ئەوە پێوەرێکی ئەساسی و گرنگە بۆ تەشکیلکردنی حکومەت، بەڵام ڕەنگە هەرێمی کوردستان لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، ئەم مۆدێلە شازەی دروستکردبێت، یان دیفاکتۆ بووە کە بیرلێکردنەوەی بەرامبەر یەکێتیی باش نەبێت.

دوایین مۆدێل و ئاسانترین و باشترین مۆدێل ڕەنگە ئەوە بێت هەر پێنج هێزە سەرەکییەکە (پارتی، گۆڕان، یەکێتیی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) حکومەتی ئەکتیڤی ڕەنگاوڕەنگ پێکبهێنن و پۆستەکان لە (سەرۆکی هەرێمەوە تا سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان و هەرسێ جێگرەکەو وەزارەتەکان) تەنها لەنێوان ئەم پێنج هێزە دابەشبکرێت، چونکە پێناچێت ئەمجارە هێزێك کە ئۆپۆزسیۆن غیاب نیەو ئامادەگی هەیە بە کورسییەکەوە یان دوو کورسییەوە لە حکومەت بەشداری پێبکرێت.

واتا ناکرێت بە دە هەزار دەنگەوە تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی پێوانە بکرێت کە نزیکەی سەدو پەنجا هەزار دەنگی هێناوەو وەزارەتی پێبدرێت، کە واپێدەچێت تاکە هێزیش کە پشتگیری لەم مۆدێلە بکات کە هەموو هێزە زۆر بچووکەکانیش بەشداری بکەن، پارتییە، بۆیە ئەمجارە کە ئۆپۆزسیۆن بەشداری دەکات، بێگومان دەیانەوێت شەریکی فعلی بن، نەك بەشداری ڕەمزی، بۆیە ڕەنگە پارتیش لەوەدا سەرکەوتوو نەبێت کە هێزە زۆر بچووکەکان داخلی ئەم مۆدێلە بکات، بەڵکو لەناو پەرلەمان بمێننەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم پێکهاتنی ئاسان نییەو ڕەنگە زۆر بخایەنێت و پڕ کێشەو گرفت و ململانێی زۆر بێت لەنێوان لایەنەکاندا، چونکە نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیووە.

تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی حکومەت زوو پێکبێت، پارتی دەتوانێت مرونەتی زۆرتر بنوێنێت وەکو یەکەم هێزی براوە.

# 41
# ئەلتەرناتیڤی قەیرانەکانی هەرێمی

"هەرێمی کوردستان، بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێت"
(کەریم پاکزاد)

گرفتێکی گەورەی بەردەم دیموکراسی لە هەرێم و دروستکردنی قەیرانی سیاسی و یاسایی، ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا، کە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە لە کات و ساتی خۆیداو بە قبوڵکردنی ئەنجامەکان، ئەنجام بدرێت.

ماوەی چەند مانگە، بەهۆی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کوردستان ڕوبەڕووی کێشەو ململانێی سەخت بووە، کە سەرەنجام لە نێوان سێ خواستی (ریفراندۆم، هەموارکردنەوەو گەڕانەوەی دەستووربۆ پەرلەمان، بایکۆتی هەموو ئەگەرێك جگە لە دەستبەرداربوونی سەرۆکی هەرێم) سەرەنجام لە نێوان بۆچوونی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆچوونی سێیەمی (ئۆپۆزسیۆن، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ)، بۆچوونی ناوەڕاست، بۆچوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بـووە دەربازبوونی

هەرێمی کوردستان لەو قەیرانانەی تێیکەوتبوو، ئەوەش پاش بڕیاردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕازیبوونی، گەڕانەوەی ڕەشنووسی دەستوور بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆ هەموارکردنەوەو سازان لەسەری، بە توافق و ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ و ڕادەستکردنی بە کەسێکی تر، هەموو ئەمانە لە کەمتر لە ساڵێکدا بکرێت، ئەم بۆچوونە هەمان ئەو بۆچوونەیە کە (ی.ن.ك) داوایکردووە، (سازان) بکرێت و کراش.

هەرێمی کوردستان، قۆناغێکی سەختی تێپەڕاند، بەڵام هێشتا چەند گرفتی زۆرو زەوەندی لەبەردەمدایە، کە پێویستی بە سازان و دیالۆگە.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، دواکەوتووە (ئۆپۆزسیۆن، دەسەڵات بە خۆدزینەوە تاوانبار دەکات لە ترسی دۆڕان، یەکێتی کۆمسیۆن بە بەرپرسیار دەزانـێـت، پارتیش داوادەکات لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم یان وادەیەکی تر بێت).

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر وەکو کۆمسیۆنیش دەڵێت، بۆ ئەم پرۆسەیە هەڵبژاردنەکان دەبێت بخرێتە (2013-11-1) چی تێدەچێت، ئەگەر بخرێتە ئەو کاتە، هەردوو هەڵبژاردنەکان و بەوەش داوایەکی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ دەکرێت، کە شتێکی نامەشروعیشیان نەوتووە، ئەگەر هەر نەکرا، کۆمسیۆن نابێت بڵێت فریاناکەوین، چونکە هێشتا دوو مانگی لەبەردەمدایە بۆ خۆئامادەکردن، ئەگەر خۆی لە ئەنجامدانی پرۆسەکە بدزێتەوە بێگومان بەرپرسیارە.

گرفتێکی تر، مەترسی ساختەکارییە لە هەڵبژاردنەکاندا، کە

دەبێت هەر پێنج هێزە سەرەکییەکە میساقێکی شەرەف ئیمزا بکەن و خۆشیان بەدوور بگرن لەم کارە.

لەپاڵ ئەمەشدا بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەبێت دیسان هەرێم بەرەو قەیران و کێشەی تر نەبات.

لەناو هەرێمی کوردستاندا، ئەو پێنج هێزە سەرەکییە دەبێت ئەوە بزانن کە بەبێ یەك ناتوانن پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن لە هەرێمدا بەڕێوە ببەن، بەڵام دەبێت ڕێز لە زۆرینەو کەمینە بگیرێت.

لەپاڵ ئەوەشدا، یەکێتی و پارتی نابێت ڕێگا بدەن ئەو تاڵە مویەی هێشتا پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی ڕاگرتووە بپچڕێت.

چونکە پچڕانی شیمانەی (خۆپیشاندان، قەیران، بایکۆت، پەکخستنی وڵات، دەستێوەردانی دەرەکـی، پێکدا هەڵپژان، هێرشی سەختی هەڵبژاردن)ی لێدەکەوێتەوە کە لە بەرژەوەندی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا نییە.

هەموو ئەم قەیرانانەی هەرێمی کوردستان بە تەنها سێ هەنگاو چارەسەر دەکرێت و بەرژەوەندی هەموو لایەکیشی تێدایە.

هەنگاوی یەکەم: دانیشتنی هەر پێنج کەسی یەکەمی ئەو پێنج هێزە بە زوویی.

هەنگاوی دووەم: ڕێککەوتن لەسەر یەکلایی کردنەوەی هەموو پرسەکان و دابەشکردنی پۆستەکان، کە چارەسەری ناوەند بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەك دەستنیشان دەکات.

هەنگاوی سێیەم: پرۆتۆکۆڵێك لە نێوان هەر پێنج لا ئیمزا بکرێت و پڕۆژەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران جێبەجێ بکرێت کە

دەڵێت: (پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ یەکێتی، سەرۆك کۆمار بۆ پارتی، وەزیری دەرەوەی عیراق بۆ یەکێتی، سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان، جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ یەکگرتوو، جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ کۆمەڵ) لەپاڵ دابەشکردنی پۆستەکانی وەزارەت لە هەردوولا لە نێوانیاندا.

بێگومان تەنها دابەشکردنی پلەو پۆست و داهات و ئیمتیازی ئەم وڵاتە دەتوانێت ئارامی لە هەرێمدا بەرقەرار بکات.

یەکێتی و پارتیش دەبێت بزانن ئیتر هەر دووبـەدوو وڵات بەڕێوەبردن کارێکی باش نیەو لە قازانجیان نیەو دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش بکەنە هاوبەش لەو پلەو ئیمتیازانەداو مافی خۆشیانە، بەڵام دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش هەندێك نەرم بێت.

هەر ئەمەشە هەرێم بەرەو دیموکراسی و پێشکەوتن و ئارامی دەبات و تاکە ئەلتەرناتیڤی کۆتایی هێنانە بە قەیرانەکانی هەرێم.

## 42
## مەترسی هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکان

-ئـەوەی لە عەرەبستانی سعودییەە دەگـوزەرێ لە سایەی دەوڵەتێکی وەهابی بە ناو ئیسلامی  چی یە و چۆنەو چەند قێزەونە ..؟
-ئەوەی لە ئەفغانستان بە ناوی جیهاد و ئیسلامەوە ڕوودەدات لە سەردەمی تاڵیبان و ئەلقاعیدە بینیمان کە چیان بە خەڵکی کرد، نموونەی ناشرینترین حوکمی ئەو گروپانە بوو؟
-لەوانیش تازەتر، نموونەی ناشرینترین سیستمی حوکمی ئیخوان موسلمین بوو لە میسر لە سەر دەستی موحەممەد مورسی، کە بە ناچاری لـــــــەسەر دەستی خەڵك هێنایە خوارەوەو کۆتاییان پێهات.
-باشترین نموونەش AKP لە تورکیا کـــە چۆن بۆ لەخشتە بردنی خەڵك بە نـــــــاوی دین  و کرانـــــەوە و خەڵکی پێ چەواشە دەکــــــەن ، لـــە هەمانکاتدا قەتڵ و عامی گەلی کـــورد دەکـــەن  و ئامادەنیین سادەترین مافی پێ ڕەوا ببینن .

-لەوانەش سادەتر حزبێك كـــــــە لە دەورانی هاتنی بەعس بەشـــداری حكومەتی هەرێم بووە كــــــەچی ئێستا دەڵێ ئۆپۆزسیۆنم و حكومەت گەندەڵە...؟

-حزبێك دوو جـار بارەگانی سوتێنرابێت ، چەند كەسی لێكوژرابێت ، بە پارە سوڵحی كردبێت و هەر جـارەی چەند ملیۆن دۆلاری وەرگرتبێت و مامەڵەی بە خوێنی كوژراوەكانییەوە كـــــردبێت، لەسەرەوە بە خەڵكی بڵێت حكومەت خراپە و لە ژێرەوەش پەیوەندی ژێربەژێری هەبێت.

-حزبێك بیەوێت ئاوا خەڵكی چەواشە بكات، مەلا بەڕێزەكان هانبدات و بڵێت ئەوەی دەنگ نەدا بە حزبی ئیسلامی موسڵمان نیە و كافر و مولحیدە و دەنگەكەی بە فیڕۆ دەڕوات...!

-حزبێك خۆی لە نێوان توركیا ، ئێران ، سعودیە ، لە نێوان ئیخوانی میسر و توركیا ، خـــۆی ساغ نەكردبێتەوە .

-حزبێك بڵێ ئـەگـەر ئێمە دەرچـوویـن هـەمـوو جـۆرە خواردنەوەیەك قەدەغەیە و ڕێگـــــا نـــادات خەڵك ئازادانە بژین و سانسۆر لەسەر ژیانی خەڵك و ئازادیەكان دابنێت.

-حزبێك كەی لە قازانجی بوو پێیان وت بەشداری حكومەت مەكە نەیكات و كەیش پێیان وت بچۆ حكومەت بكـــات و بڵێ شەریكین ؟! ئامادەبێت پێشمەرگـــــــەی لایەنێكی تـــر تەسیم بكاتەوە ، كەچی لەو لاوە باسی دین و قورئان و عیبادەت بكات...!!

-حزبێك پشتگیری ئەو گەنجە سەر لێشێواوانە بكات كە لە كوردستانی باشوور دەچـــــن بۆ ناو جیهاد ولە كوردستانی خۆرئاوا دژی كورد دەجەنگن و بڵێ مافی خۆیـــــــانە دەچنە

ئـــــــەوێ و شەهیدن ....!
-حزبێك هەفتانە و مانگانە ڕاپۆرت لەسەر كوردستان بدات بەملاو و ئەولا.
-حزبێك هەرێم و سەركردەكانی بە زۆنگاوی زوڵم و خیانەت ناوببات و خەڵـــكی دژی هـــــــانبدات...!
-حزبێك هێندە نا سیاسی بێ و بەڕووداوەكانی میسر بڵێ دەسەڵاتی كوردیش تـــــەواو بوو (ارحل) ..!! ببێتە پاشكۆی حزێكی تر دوای هات و هاواری ئـــــــەو بكەوێت و تـــا پێش دەركەوتنی بەم حزبە لەسەر سوتانی بارەگەكانیشی نەیدەوێرا نارەزایی دەرببڕێ كەچی ئێستا بڵێ نوێنەری سەرەكی ئۆپۆزیسیۆن منم .
-حزبێك دژی مەسەلەی نەتەوایەتی و كوردایەتی بێ و بڵێ مەسەلەی نیشتیمانی و نەتەوە بۆ ئێمە گرنگ نییە...!
-حزبێك سرودی( ئـــەی ڕەقیب ) بە كوفرو گوناح بزانێت، ئامادە نەبێت لەبەری هەڵسێت لــــە مەراسیمی تایبەت بە گەلی كورد ، بەڵام سروودی وڵاتانی ناوچەكەی لەبەر بێت و دەستە و نەزەر بوەستێت بۆی.
-حزبێك بەو هەموو عەیب و عار و بەرنامە خراپانە شایەنی ئەوەیە دەنگی پێ بدرێت ؟ بێگومان دەبێت خەڵكی بزانێت دەنگ بەو جۆرە حزب و كاندیدانە خزمەتی هەرێم ناكات، چونكە ئـــەوەی وتویـــــــانە و كردوویانە سەدی دەیەی ئەجنداكەیانە كە ئاشكرایان كردووە و سەدی نەوەدی هێشتا شاراوەیە و بە نیـــازو دەسەڵاتی حكومەتان بۆیـــــــــە دەبێ ئێوەی خەڵكی كوردستان بەرنامەكانیان بیان ناسن و باشتر بیاناسن .

## 43
## داخوازیەکانی خوێندکارانی داخلی ڕەوایە...؟

جارێکیتر، ناڕەزایەتیەکانی کچان و کوڕانی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ سادەترین مافەکانیان لە سەرمای زستاندا دەستیپێکردەوە، وەکو چۆن پێشتر خوێندکارانی هەولێرو دهۆك و گەرمیانیش هەمان گرفتیان هەبوو.

ئەمە یەکەمجار نییە، کچان و کوڕانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆو پەیمانگاکان ئیعتراچ و ناڕەزایەتی دژی سیستم و میکانیزمی بەڕێوەبردنی بەشەکانیان دێنە دەنگ و خۆپیشاندان سازدەکەن.

زۆر سەیرە، ئەم حکومەت و وەزارەت، زانکۆو پەیمانگاو پەروەردەو لایەنە بەرپرسەکان، هێندە خەمسارد، گوێ ناگرن و هەست بە ئازارو کێشەو گرفتەکانی ئەم هەموو کچ و کوڕە ناکات کە هەرکامیان لە شوێنێکی دووری ئەم وڵاتەوە هاتوون، دڵنیام، سەد دەر سەد دڵنیام کە زۆربەیان خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتن...

حکومەت دەزانێت ئەو (60000) دینارەی دەیدات بە خوێندکارانی دەرەوەی شار بۆ یەك مانگ بەڕێوەچونی ژیانیان، لە

بەشی ناوخۆیی، ناکاتە خەرجی یەك رۆژی منداڵی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا یان هەرکام لە وەزیرەکانی حکومەت.

یان ناکاتە خەرجی هەفتەیەکی منداڵی تەنانەت بەڕێوەبەرێك یان منداڵی هەرکام لە سادەترین بەرپرسی ئەم وڵاتە.

بەڵام ئەنجام سادەترین مافیان پێ رەوا نابینرێت، کە داوای مافەکانیان بکەن و گوایە سەرپەرشتیارەکانیان هەڕەشەیان لێدەکەن نایکەنە ژوورەوە... ئەگەر داوای مافەکانیان بکەن.

ئەم خوێندکارانە لە زاخۆوە تا خانەقین، چەندین ساڵە هەمان کێشەیان هەیە، دووبارە دەبێتەوە، دووبارە دەبێتەوە، رەنگە خەڵك وابزانێت هێندە گەورەو پڕخەرجیە حکومەت و وەزارەتەکەیان ناتوانێت چارەسەری بکەن..

نەخێر..!

ئەوان تەنها داوای سادەترین داواکاری ژیانی رۆژانەیان دەکەن، کە ( ئاوی خواردنەوە، سوتەمەنی و نەوت و غازە) تەنها ئەم داواکاریانەو ئاو بێنەو دەست بشۆ.

ئایا حکومەت و بەرپرسەکان، جەنابی وەزیرو وەزیرەکان لە خۆیان پرسیووە ئەگەر رۆژێك لە ماڵەکانیان ئاو نەبێت بیخۆنەوە، یان نـەوت و غازیان نەبێت چ جەهەنەمێك لە ماڵەکانیان دەخوڵقێت و سـەد تەلەفون بۆ ئەملاولا دەکـەن و رەنگە فەرمانبەریشی لەسەر دەربکەن.

بەڵام خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان، ئەگەر داوای ئاوی خواردنەوە بکەن، بڵێن دواتر ناتکەینە ژورەوە یان کێشەکەیان بۆ چارەسەر ناکرێت.

جارێك لەگەڵ بەرپرسێکی حکومەت کەوتینە گفتوگۆ لەسەر

خواستی گەنجان و لاوانی ئەم وڵاتە، ئەو بۆچونی وابوو کە گەنجان چیان دەوێت لەم وڵاتەدا هەمووشتیان هەیە، کێشەیان نییە.

من وتم: ببورە بۆچونەکانت وانییە، چونکە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان منداڵی بەرپرسان و هەژاران لە نێوان منداڵەکانی تۆو منداڵانی تر.

پێموت: بۆ نموونە ئایا منداڵەکانی تۆ وەکو منداڵانی بەشی ناوخۆیی دەژین، وتی نەخێر.

وتم: منداڵەکانی تۆ و فڵان بەرپرس و وەزیر، ئاخیر مۆدێل ئایفۆن و ئایپادو سەیارەی پێنییە...؟!

وتم: تۆ مانگی چەند ئەدەی بە منداڵەکانت، وەڵامی نەدایەوە، بەڵام وتم: دەزانی گەنجێك لە هەورامان و کەلارو قەڵادزێ لەبەشی ناوخۆیی مانگانە (60000) دینار وەردەگرێت، کە بەشی کارتی مۆبایلەکەی ناکات.

گرفتەکە چەند هۆکاری سەرەکییە لەپشت دووبارەبوونەوەی کێشەکان:

یەکەم: حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا، نەیتوانیوە هیچ کێشەیەك بۆ یەکجارەکی و بە بنەڕەتی حەلبکات و لە رەگەوە کۆتایی پێبێنێت، بە کێشەی داخلیشەوە وەکو هەموو کێشەکانی تر، تەنها مسەکنەو چارەسەری یەکجارەکی بۆ نادۆزرێتەوە.

دووەم: سەرچاوەی کێشەکە ئەوەیە کە بەرپرسانی ئەو کێشانە، هەرگیز رۆژێك، بەو چاوە سەیری منداڵەکانی خۆیان نەکردووە کە منداڵانی داخلی تێدان، یان هەرگیز منداڵەکانی ئەوان وەکو

منداڵانی خۆیان سەیرناکەن.

سێیەم: حکومەت و وەزارەت و سەرۆکی زانکۆ، لە هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی ئەم کێشانە ناکۆڵنەوە، بۆیە دووبارەدەبێتەوەو تەنانەت سزای کەسیشی لەسەر نادرێت کە هۆکاری چییە ئاو نییە؟

لەپاڵ ئەو هەموو خاڵە نێگەتیڤانە، دەبێت ئەوەش بڵێین، ناکرێت کە خوێندکاران داوای ئەم مافانەیان دەکەن لە بەرامبەردا شەقامە سەرەکییەکانی شارەکان بگرن، یان بەردەم رێگا سەرەکییەکانی هاتنە ژورەوەی خوێندکاران بگرن بۆ ناو زانکۆکان، چونکە ئەوانە مافی گشتین و نارەزایەتی خەڵکی لێدەکەوێتەوە، یان هاوپیشەکانیان نیگەران دەکات جیالەوەی رێرەوی خواست و داواکانیان دەخاتەژێر پرسیارەوەو بەرەو ئاراستەیەکی تری دەبات، کە دواجار بە قازانجی داواکانی خوێندکاران تەواونابێت.

# 44
# شین لە قامیشلۆ و شایی لە قاهیرە

سەرەنجام ئەوەی دەوترا کە هێزە ئیسلامییەکـــانی کوردستان، خۆشحاڵن بە سەرکەوتنی رەوتـــــە ئیسلامییەکان و بەتایبەتی ئیخوان موسلمین لە مسیر و تونس و شانسی زۆریان لەسەر هەنگاوەکـــانی AKP هەڵچنیوە و گەر لە میسر نوێژ و جەماعەت دەکەن ، لە کوردستان دوعایان بۆ دەکەن ، راســـت دەرچوو .....!

تەنانەت لە سەردەمی ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبیدا، هێزە ئیسلامییەکانی ئێرە بە حکومەتی هەرێمیان دەوت (أرحل)، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکـــانی ئەم دوو وڵاتە. ئەم دوو حـــکومەتە، ئـــەم دوو کۆمەڵگا و بارودۆخە سیاسیە، تەنها و تەنها لە ژێر کاریگەری هەڵچوون و دروشمەکانی ئیخوانەکان و بەهارەی عەرەبی بوون .

تا ئەو شوێنەش ئاساییە کـــە وەکو شیوعییەکانی کوردستان کە دەڵێن لە مۆسکۆ باران دەبـــاری لێرە چەترەکانیان هەڵدەکرد،

تەنــها جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەویـان مارکسیست  و ئەمیان فەندەمێنتالیستـە.

بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابــردوودا بۆمـــان دەرکــەوت، کە ئەم هێزە ئیسلامییانە هــــەر بە ڕاست دڵیان بە ئیخوان و چارەنووسیان دەسوتێت ، ئەمان لە میسر لێیان قەوماوە، کەچی ئیسلامییەکان لێرە شینییان بۆ دەکـەن و گوتاری حەماسی دەخوێنەوە. لە کاتێکدا ئەوە خۆپیشاندانی (14) ملیۆنی خەڵکی میسرە هاتونەتە سەر شەقام و دەڵێن مورسیمان ناوێت، نەك حکومەتی هەرێم .

ئەگەر چی دەکرێت، وەکو بانگەشەی هەڵبژاردنیش سەیری ئەو خۆپیشاندان و گوتارانە بکەین کــە لە هەولێر سازیان کردو گوایە شین دەکەن بۆ برا موسڵمانەکانیان، بەڵام پێناچێت کاریگـــــەری هەبێت

خۆ ئەگەر ئەمە ڕاسـت بێت، ئایا بۆ برایانی ئەم هێزە ئیسلامیــــــانە،  کوردەکانی ڕۆژئـاوا نزیکترنین و خێرترنیە خۆپیشاندانیان بۆ بکرێت تا  ئیخوان لە میسر ؟

هۆکاری چیە یەکێك لە هێزە ئیسلامییەکان دەڵێت، ئەو گەنجانەی دەچن بۆ  جیهاد بۆ ڕۆژئاوا، دژی کوردەکان، کارێکی ئاساییە . ئایا کوشتنی کوردەکان ڕەوایە بە دەستی ئیسلامییەکانی سوریا ...!؟

تا ئەو ڕادەی قەتڵ و عامی کوردەکان ئاساییە بۆ هێزە ئیسلامییەکان و نوزەیان لێ نایەت لە بەرامبــەر ئیسلامیە تیرۆرستیەکانی ڕۆژئاوا، کەچی هاواریان بۆ مورسی و ئیخوان، عەرشی عەزیمیان هێناوەتـــە لەرزین .

لـــەوە ناپرسن مورسی و غەنوشی و ئەردۆگان چیان بۆ گەل و وڵاتەکانیان کردوە لە هـــــەژاری زۆرتر و کوشتن و بڕین و گۆڕینی دەستور و بەرتەسك کردنەوەی سنورەکانی ئازادی، ڕێگری لـەبەردەم ئازادییە شەخصیەکان ، سوکایەتی بە ژنـــان و نوسەران و ڕۆژنامەنوسان، کوشتنی چالاکوانانی کۆمەڵگـــــەی مەدەنی، مورسی و ئیخوان لەماوەیەکە کورتی تەمەنیاندا ، ئـــــەوەی خەڵك وای دەزانی بە بیست ساڵ ڕەنگە دەستی پەنجەی بۆ بـــەرن، بە یەك ساڵ حەقیقەتی خۆیان ئاشکـــراکرد، کە خەڵکی وڵاتەکانیان ئەوانی ناوێت.

حەقە لەخۆیان بپرسن، شینی قامیشلۆ، حەسەکە و سەرێ کانی ڕەوایــە کە ژن و منداڵ قەتڵ و عـــام کراوون، یان شایی و کۆبونەوەی هێزە ئیسلامییەکانی تونس و ئەنکەرە و کۆبونەوە لە هەولێر ........؟

## 45
## دروستکردنی کارەکتەرو ئەفرێنەر لە زانکۆدا..!؟

پێگەی زانکۆ، وەکو ناوەندێکی ئەکادیمی، زانستی لە کوێی کۆمەڵگادایە؟ خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەم بونیادە گرنگەی کۆمەڵگای کوردستان، تا چەند لێکۆڵینەوەی وردی بۆ کراوە..؟ ئایا خوێندکاران و مامۆستایان وەکو کارەکتەرو داینەمۆی سەرەکی ئەم ناوەندە چەندە دەتوانن کارەکتەری پڕ ئەفرێنەرو پێشڕەوی کۆمەڵگا بن..؟

تا چەند ئەم بونیادە گرنگە، دەتوانێت نوخبەیەکی زیندووی کۆمەڵگا پێبگەیەنێت و کۆمەڵگا شانازی پێوە بکات و هەست بە گەورەیی ئەم بونیادە مەعریفیە بکات لە چاوی ئوستادو فەرزەندەکانی..!

ئایا لەناو زانکۆکانی دونیادا کێرڤی زانکۆکانی ئەم وڵاتە لەکوێ وەستاوەو لە ئاستی نێودەوڵەتی چ حسابێك بۆ بڕوانامەکانی چوار ساڵ و شەش ساڵ و هەشت ساڵی زەحمەتی ئەم فەرزندانە دەکرێت..!

زانکۆکانی کوردستان ساڵانە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو نامەی ماستەرو دکتۆراکانەوە چەند لەو داهێنانە بەشدارن، زانکۆکانی جیهان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی پێشکەش دەکەن، کام و چەند لەم کارەکتەرانەو کەی ڕۆژێك ناویان دەچێتە ناو براوەو بەرەندەکانی خەڵاتی نۆبڵ و ڕیزبەندییە جیهانییەکانەوە..؟

ساڵانە، چەند ساڵ جارێك، لە کوێ و چۆن و کـوا، چەند کۆنفرانسێك بۆ هەنگاوی نوێ و چارەسەرکردنی گرفتەکان و گۆڕینی پـرۆگـرام و هەنگاوی نـوێ، کـوا ئـەو پسپۆڕانەی بانگهێشتکراون تا لێیانەوە فێرببین..؟

دەبێت هۆکاری چی بێت، بۆ نموونە خوێندکارێکی بەشی ڕاگەیاندن، پاش چوار ساڵ خوێندن لە ناوەندێکی زانستیدا، ئاسودە نییەو نەبووەتە کارەکتەرو ڕۆژنامەنووس و ئەفرێنەری بوارەکە؟ کێ بەرپرسە؟ حکومەت، وەزارەت، بەش، مامۆستا، خوێندکار یان قـەزاو قـەدەر..؟ کێ وەڵامـی ئەم پرسیارانە دەداتەوە..؟

چۆن خوێندکار بە چل هەزار یان سەد هەزارەوە دەتوانێت لە بەشی ناوخۆیی بەبێ کارەباو سوتەمەنی و سەرچاوەی زانستی داهێنەر بێت، چۆن لە ژوورێکی وادا چوار یان پێنج کەس دەتوانن داهێنەر بن، کوا کاتێك پەیوەندی خوێندکارو مامۆستا زۆر هاوڕێیانەو پتەوانە نییەو وەستاوە لەسەر غیابات و نمرە، دەتوانێت مامۆستای کارەکتەرو خوێندکاری داهێنەر بخولقێنێت...! خوێندکار لەجیاتی گەشت بۆ وڵاتانی ناوچەکەو پێشکەوتوو، دهۆکیشی بە هەزارحاڵ پێ ڕەوا دەبینن.

کۆلێژێك لەناو زانکۆیەکدا مانگانە یەك ملیۆن دیناری لەلایەن

بودجەی حکومەت حەوت ملیار دۆلاری پێ ڕەوا نەبینرێت، هەموو بەشی ڕاگەیاندن ستۆدیۆ یان ڕادیۆیەك و چاپخانەو تەنانەت کافتریایەك و شوێنی حەوانەوەی نەبێت، بێگومان مامۆستای کارەکتەرو خوێندکاری ئەفرێنەری نابێت، ئەم لێکدانەوەیە بۆ بەش و کۆلێژو کۆی بونیادی زانکۆکانی کوردستان و بگرە عیراقیش ڕاستە..!

چەند سەختە بڕوا بەو کارەساتە بکەیت کە خوێندکاری زانکۆو پەیمانگاکان تەنها چاوەڕێی بڕوانامەکانیان بکەن و وەکو سەرچاوەی بژێوی ژیان، نەك زانستی سەیری بکەن و خواخوایان بێت هەرچی زووترە ڕۆژێك زووتر زانکۆ تەواو بکەن و بەڵکو دامەزرێندرێن، ئەوەش بەو حاڵەی کە هەیە..!

چارەسەر ئەوە نییە بە لێشاو ماستەرو دکتۆرا بدرێت بە خوێندکار، چارەسەر ئەوە نییە سەد هەزار بدرێت بە خوێندکار، چارەسەر ئەوە نییە مامۆستا لەسەر گیرفانی خۆی سەفەر بکات، ئەوە نییە یەك ملیۆن دینار بدرێت بە کۆلێژێك یان بەشێکی وەکو ڕاگەیاندن! یان لەسەر زۆر پێدانی بڕوانامەو بینای نوێ.

نا، لە گۆڕینی عەقڵەکان و دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ لە بابەتی پەروەردەی تەندروست و سەیکردنی زانکۆ، وەکو زانکۆ، دانانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕو گرێدانی سەدان کۆنفرانسی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ ڕزگاربوون لەم کارەساتەی کە بەڕێوەیە.

پێدانی بودجەی باش بە زانکۆو سەیرکردنی لەلایەن حکومەت و خەڵك و مامۆستاو خوێندکارەوە وەکو زانکۆ گەڕانەوەی بەها زانستی و ئەکادیمی و مۆراڵی و کۆمەڵایەتی بۆی..!

هێنانی کەسانی پسپۆڕو گۆڕینی زانیاری و خەرجکردنی هەوڵی زۆرترو زیاتر بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی زانکۆیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن و باشترین، شیاوترین چارەسەر بۆ هەموو ئەو قەیرانانە گۆڕینی هەموو تێڕوانینەکانە لەسەر زانکۆو سەیرکردنی زانکۆیە وەکو (زانکۆ...!).

## 46
## ترافیك و ترافیکەکان

ماوەیەکی زۆرە قسە لەسەر ئەو بڕە زۆروزەوەندە دەکرێت کە وەکو غەرامە لە شۆفێران وەردەگیرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ لە شارەکانی کوردستان، جیالەوەی، بەوفۆرمە، غەرامەکردن شیاو نییەو پێوەرێکی مەدەنی و نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو شێوازی تری هەیە وەکو وڵاتان، دەکرێت پیادە بکرێت.

ئەگەر گریمان غەرامەکەش راست و دروستە، خۆ دەبێت ئەو داهاتە بخرێتە خزمەتی پرۆسەی هاتوچۆو رێگاوبانەکان، ترافیك، تاسەی یاسایی، بۆیاخ، رەنگکردنی شەقامەکان و کۆڵانەکان، کەچی بەداخەوە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانداو بەتایبەتی لە سلێمانی، بەهەموو شەقام و رێگاوبانەکانی (10) ترافیك نابینیت، تا جوڵەو هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و هاووڵاتیان رێکبخات، بگرە ئەوانەش کە هەن و ماون، جیالەوەی کۆنن، زۆرجار کارناکەن، یان کارەبا نییە، یان...

زۆر سەیرە کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ ناتوانێت هەر لەسەر ئەو پارەیەی لە هاووڵاتیانی دەسێنێت، لە شەقام و ڕێگاوبانەکان ترافیك دابنێت، کە جیالەوەی سادەترین فۆرم و پرەنسیبی هاتوچۆن، زۆریش گرنگن بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوی نەخوازراو و کێشەو گرفت.

هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەم، دەبێت کارەکە زۆر قورس و گران بێت، چەند ترافیکێك دانانرێت، یان جگە لە ئیهمالی هیچی تر نییە.

ڕەنگە وەڵامەکەشی ئەوە بێت، گوایە پۆلیسی هاتوچۆ لەهەموو شەقام و کۆڵانەکان هەیە، بۆ ئەمەش جگەلەوەی من ڕێزو حورمەتم بۆ مرورەکان هەیە، کە ماندووترین فەرمانبەری حکومەتن، بەڵام ئەوانیش دڵنیام هەمان گرفت و پرسیاریان هەیە کە بۆچی ترافیك دانانرێت و ئەوانیش ڕزگاریان بێت لە سەرماو لە گەرماو لە هەڕەشەی هەندێك لە بەرپرسان و منداڵەکانیان و خەڵکانی لە یاسا دەرچوو، ئەمە جگەلەوەی وەزارەتی ناوخۆ هەرساڵەی جۆرە مەوقف و چادرێکیان بۆ دەکڕێت و دەشکێن و شوێن ناگرێت، ئاخر لەکوێی دنیادا مرور لەسەر شەقامەکان ماوەو ئاوی قاچی دابێت جگە لە کوردستان...؟!

ئەوەش دەبینی کە ئەو فولکەیەی دوێنێ مروری لێبوو، ئەمڕۆ لێی نییە، ئەوەی سەعاتی پێشوو لێی بوو، سەعاتی دواتر نەماوە، ئەو ڕێگەیەی دوێنێ کراوەتەوە، ئەمڕۆ گیراوە، بەپێچەوانەوە.

کێ لەمە بەرپرسە؟

ئەوە باسی چاڵ و چۆڵی و خراپی شەقامەکان و ڕێگاوبانەکان ناکرێت، کە لە ناوخۆ چۆن وێرانن و لە دەرەوەی شارەکانیش تەنکەری نەوت فرۆشە زەبەلاحەکان وێرانیان کردووەو داهاتەکەش

بۆ خەڵك و چاككردنەوەی ڕێگاكان نییە.

مۆدێلی تازەو نوێ و بەردەوامی تاسەی گەڕەك و ماڵەكان و بەردەم ماڵی بەرپرسەكان و دەزگا ئەمنییەكانیش بوەستێت، كە هیچیان یاسایی نییەو دائیرەی مرور لێیان ناپرسێتەوە.

نەبوونی پردی پێویست و تونێل و میترۆ و ترام لەولاوە بوەستێت كە ئەڵتەرناتیڤی ئەو ئیزدیحام و قەرەباڵغیەیەو كاری لەسەر ناكرێت.

خراپی و كەمی ڕەنگاوڕەنگكردنی شەقام و ڕێگاوبانەكان بەهۆی خراپی بۆیاخ و قیری شەقامەكانیش گرفتێكی تری ڕێگاوبانەكانی كوردستانە یان لەهەر شارێك و ڕەنگێكەو میزاج و ڕەنگی حزبی گرتووە، كە ئەمەش بەڕاستی لەگەڵ پێوەرە جیهانییەكان ستاندارد نییە.

نەبوونی گڵۆپ و ڕووناككەرەوەی پێویست لەسەر شەقامەكانی دەرەوەی شار یان نەبوونی هێمای پێویست لەسەر ڕێگاكان و نەبوونی دەلیل و هێماو تابلۆی پێویست و ڕێبەر بۆ كەسانی نەشارەزاو میوانەكان لە ڕێگاوبانەكان.

لەپاڵ ئەمانەشدا، دەبێت بڵێم شكاندنی وێستگەی پاسەكان، دزینی هێماو فسفۆرەكانی سەر ڕێگاوبانەكانی دەرەوەی شار لەلایەن هاووڵاتیانەوە هۆكارێكە كە خەڵك لێی بەرپرسن.

بەكورتی، حاڵی ڕێگاوبانەكان، ترافیك، تاسە، بۆیاخ، پێویستییەكانی هیچ باش نییەو هۆكارێكی سەرەكیشە بۆ مەرگ و مردنی سەدان هاووڵاتی، كە ئۆباڵی مەرگ و مردنیان بەشێكی لەئەستۆی حكومەت و وەزارەتی ناوخۆو دامودەزگاكانی پۆلیسی هاتوچۆیە، كە دڵنیام بەمزووانە چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە.

## 47
## مفاوەزاتی ئێران و کوردەکان

وا پێدەچێت بە هاتنەسەر کاری رۆحانی، دەورانێکی تازە لە ئێران دەستپێ بکات، ئەم بۆچوونەش لەدوای سەردانەکەی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سەرەتایی لەگەڵ واشنتۆن و نزیکبوونەوەی لەگەڵ گروپی (5+1) سەبارەت بە بابەتە هەستییەکانی ئێران.

ئەوە لەسەر ئاستی دەرەوە، هەرچی پەیوەستە بە ناوخۆی ئێران، وەکو هەر وڵاتێکی تری ناوچەکە بێ کێشە نییە، بەڵام ڕەنگە بۆ ئێمە کێشەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، خاڵی گرنگ و جەوهەری بێت، ئەگەر دیالۆگ و دانوستان سەرهەڵبدات، ڕەنگە باشترین ئەڵتەرناتیڤی هەموو ئەگەرەکانی تر بێت.

ئایا سەردەمی رۆحانی، دەتوانێت لانی کەم هاوشێوەی ئەردۆگان دووبارەبکاتەوە...؟

ئایا دەستپێشخەرییە نوێیەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی مستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دانوستان و

مفاوەزات، لەگەڵ ئێران بەهەند وەردەگیرێت؟

ئەو مەسجەی هیجری، ئەگەرچی دەکرێت دراسە بکرێت و بخوێندرێتەوەو دەورانێکی تازەو جددی لە نێوان کوردو ئێران دەستپێبکات، بـەڵام ناردنی مەسجەکە هاوکاتە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێکهاتووە، ئەمەش ئەگەرێکی باشە کە دەکرێت هاوکات لەگەڵ قەیرانە دەرەکییەکان بیر لە ئاریشە ناوخۆییەکانیش بکرێتەوە.

کوردەکان لە دەورانی تازەدا زیاتر لە سی ساڵە دەستیان داوەتە موبارەزە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، تا ئەم ساتەش لەسەر ئەو مبارەزاتە بەردەوامن.

یان تەنها حزبەکەی مستەفا هیجری دوور لە سکرتێرەکانی چوونە پای مێزی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام خۆیان بوونە قوربانی.

ئێران، ئەزموونێکی تازەو نوێ لە تەنیشتەوە، کە دراوسێیە تورکیەکەیەتی بەڕێوەدەچێت لەگەڵ کوردەکان، دانوستانی تازەی PKK و تورکیا لە نەورۆزی ڕابردووەوە، ئەگەرچی سەرەتایەکی باشە بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستانی باکور، لانی کەم توانیویەتی لە ماوەی ڕابردوودا دیالۆگ شوێنی شەڕ بگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەردۆگان وتی: ئەگەر پێویست بکات ئامادەین بچینە ئیمراڵی و کردیشی.

بۆچی ناکرێت رۆحانی هەمان سیناریۆ دووبارەبکاتەوە، لەکاتێکدا کوردەکانی ئێران نە لە زیندانن و نە خەباتی چەکداریشیان هەیە، بگرە خۆشیان مەسج و پەیامیان ناردووە بۆ ئێران.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە دەکرێت لایەنی سێیەم دەخالەت بکات بۆ ئەو پرۆسەیە، وەکـو سکرتێری حزبی دیموکراتی ئێرانیش ڕایگەیاندووە، دەکرێت ئەو لایەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە، بەتایبەتی کە هەموو هێزەکان لە کۆمەڵەو دیموکرات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدان.

ئەمەش باشترین چارەسەرو ئەڵتەرناتیڤە، چونکە بارودۆخی سیاسی گەلی کورد لە ناوچەکە بەرەو ئاڕاستەیەك دەڕوات کە هەنگاوی گەورەی ناوەو هیچ ئیمکانی نییە پاشەکشە بکات.

دەشبینین کە بارودۆخی کوردەکانی ڕۆژئاوا چۆن چووەتە پێش، لە باکور هەنگاوی گەورەی ناوە، لە باشووریش بووەتە ئەزموون، ئـەوەی ماوەتەوە ڕۆژهەڵاتە کە دەبێت لەگەڵ پارچەکانی تر هەنگاو هەڵبگرێت.

ڕەنگە ئەو دانوستانە باشترین سیناریۆ بێت، ئەگەرنا ڕەنگە بەدوای ئەمانەدا، هەنگاوی نەخوازراو بێتە پێشەوە کە نە کورد، نە ئێران خوازیاری نەبن.

بۆیە دانوستانێکی جەماعی و یەکگرتووانەی کوردانی ڕۆژهەڵات، بە هەنگاوهەڵگرتنی ئێرانیش، کێشەیەکی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر دەبێت، لەکاتێکدا، ئەوە بڕاوەتەوە بەبێ کوردو چارەسەری پرسە سیاسی و نەتەوەییەکەی، هەرگیز ممکن نییە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت.

بۆیە دەکرێت پەیامەکەی هیجری پێشوازی لێبکرێت و

هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت و کۆتایی بە کێشەو قەیرانەکان بهێنن و ژیانی هاوبەشی ئازادو دیموکراسی لە ئێران دەستپێبکات و کۆتایی بە شەڕو نائارامی بێت.

## 48
## ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش نییە...؟!

ئەگەرچی هێشتا قەیرانی دارایی هەرێم و دواکەوتنی موچەی هاووڵاتیان کاریگەری نێگەتیڤی دانەناوە، بەڵام ئەگەر چەند مانگی تر بەردەوام بێت، کاریگەرییەکانی زیاتر دەردەکەون.

لەکاتێکدا لە بەرامبەر ئەم قەیرانانەدا، ئـەوەی کە دەبوو حکومەت بیکات، کەمکردنەوەی باج بوو لەسەر هاووڵاتیان لە بابەتی کەمکردنەوەی کرێ، خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو و کارەباو نەخۆشخانەو ڕەوزە، چونکە بە ئاشکرا ئەو قەیرانە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی داناوە.

خاوەن نانەوایەك دەڵێت: ئەگەر جاران ڕۆژانە (1800) نانم دەفرۆشت، ئێستا ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (1000-1200) نان.

قەسابێك دەڵێت: ئەگەر پێشتر ڕۆژانـە (80) کغم گۆشتم فرۆشتبێت، ئێستا بووەتە (40) کغم.

شۆفێری تاکسییەك دەڵێت: پێشتر ڕۆژانە (80000) دینارم پەیدا دەکرد، بەڵام ئێستا بە (20000) مەمنونم.

بەرگدروویەك دەڵێت: ساڵانی پێشوو بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە بۆ جلی کوردی ژنانە بەرنەدەکەوتین، بەڵام ئەمساڵ، چونکە ژنان و کچان پارەیان پێ نییە، ئیشەکەی ئێمەش زۆر دابەزیووە.

ئەم ڕەوشــە، زۆربــەی لایەنەکانی تری ژیانی گرتووەتەوەو کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژو پیشەیەك و کارو کاسبی خەڵك داناوە.

بەڵام لە بەرامبەر ئەم ڕەوشەدا، ئایا خاوەن موەلیدە ئەهلییەکان کە لەپاڵ پارەی کرێی کارەبای زۆری حکومەت پارە وەردەگرن، هیچ لە نرخی خۆیان کەمکردووەتەوە..؟ بێگومان نەخێر...!

ئایا حکومەت نازانێت لە هیچ کوێی دونیا نییە کە هاووڵاتی دوو کرێی کارەبا بدات بەو زۆرییەش، لەسەر گیرفانی دەکەوێت...؟!

ئایا خاوەنی ڕەوزە ئەهلییەکان، کە زۆربــەی منداڵانی فەرمانبەران و موچەخۆرانن، ئامادەن نرخەکانیان کەمبکەنەوە، بێگومان نەخێر، لەکاتێکدا لە هەموو دونیا نرخی ڕەوزەی منداڵان، حکومەت دابینی دەکات...؟!

ئایا حکومەت بلیتی نەخۆشخانەکانی کەمکردووەتەوە، بێگومان نەخێر، لەکاتێکدا لە هەموو دنیا، یان بەخۆڕاییە، یان لەسەر سۆسیالە...؟!

بۆیە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، کە مانگانە موچەی هاووڵاتیان دوادەکەوێت، قەیرانی پێکهاتنی حکومەت هەیە، دەبوو حکومەت ئەو باج و نرخی خزمەتگوزارییانە کەمبکاتەوە، لەکاتێکدا ناتوانێت لەو پارە زۆرەی کۆیدەکاتەوە، موچەی خودی فەرمانگەکانیشی لێ بدات.

بۆ نموونە، فەرمانگەی پۆلیسی هاتوچۆ کە مانگانە دەیان ملیار دینار پارە لە هاووڵاتیان وەردەگرێت، تەنانەت بە ناوی سەرپێچی پارەیەکی خەیاڵی وەردەگرێت، خۆ لانیکەم دەبێت ئەو پارەیە بۆ کارمەندانی فەرمانگەکەی بێت.

خۆ ئەوە هیچ کە ناتوانن، ترافیکە شکاو و سوتاوەکانی شەقامە بێ ترافیکەکانی پێ چاکبکاتەوە، ئیتر پارەکە چی لێدێت و بۆچی خەرج دەکات، ئەی ناڵێن ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش...!

ئەی پارەی ئەو بیرە نەوتانەی کە وەکو یەکێك لە خاوەن کۆمپانیاکانی دەڵێت: من ڕۆژانە پارەی کاش تەسلیمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەم، لە بەرامبەر ئەو نەوتەی بە عقد دراوە، من دەینێرمە دەرەوەی هەرێم، ئەی پارەی ئەوە چی لێدێت؟

بۆیە خەڵك ناهەقی نییە، کە بڕوا ناکات حکومەت پێی بڵێت پارەنییەو موچە دوادەکەوێت، بەتایبەتی کە هەموو خەڵکی کوردستان چاوی لە پارەی نەوتەو چاوی لەو هەموو تانکەرە نەوتەیە کە ڕۆژانە بە بەرچاوییەوە دەڕوات بۆ تورکیاو ئێران، ئەوە لەکاتێکدایە جوڵەو بازرگانی، هەموو شت لە کوردستان وەستاوە، بەڵام جوڵەی تانکەرە نەوتەکان هەروەکو خۆیەتی و لە جاران زیاترو زۆرتر ڕێگاوبانەکانی وێران و قەرەباڵغتر کردووە.

ئاخر خۆ دەبوو تەنها لەبەر خەڵکیش بێت، جوڵەی ئەوان کەمبکەنەوە، چونکە ئەگەر شتەکانی تر بشاردرێنەوە، تانکەرەکان هێندە گەورەو زۆرن، مەجالی شاردنەوەیان نییە.

## 49
## جەهەننەمی خواو دیکتاتۆرەکان

هەندێك دەڵێن، ژیان بێ ئازادی، هیچ مانایەکی نییە، هەندێکی تر دەڵێن، جەهەننەمێکە بۆ خۆی، ئەوەش راستە کە هیچ کەسێك نرخی ئازادی نازانێت، تا لەدەستی نەدات، چۆن کەس هێندەی ئەوانەی لەژێر زوڵم و سانسۆرو دیکتاتۆریدان دڵیان بۆ ئازادی لێنادات.

ئەگەر ئازادی بەخشینی سادەترین ماف و خواست و ئارەزووەکانی ئینسان بێت، بۆچی دەبێت هێندە رێگری و ستەم بۆ ئینسان بخوڵقێت.

داریوشی گۆرانیبێژی فارس دەڵێت: "لە پێناو ئازادی، بە ئازادی و بۆ ئازادی، لە مەیدانی ئازادی رێگام پێبدەن، بە ئازادی قسە بکەم، دواتر با لەسێدارە بدرێم".

یەکێك لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: "مرۆڤ کە لەدایك دەبێت، ئازادە، کەچی دواتر لەهەموو شوێنێك دیلە"، بەڵام کاتێك مرۆڤ هەموو حەزو ئارەزوو، خواست و هەڵسوکەوتەکانی لێ بسەندرێتەوە، ئایا مانایەك دەمێنێتەوە بۆ ژیان..؟

بەعس نموونەی لێسەندنەوەی هەموو ئەو مافانە بوو لە تاکی عیراقی، بەتایبەتی کورد، تەنانەت وەها سەرکوتی ئینسانی کردبوو، رێگای نـەدەدا بە خەیاڵیش بیر لە دڕندەییەکانی بکەیتەوەو هەموو جوڵەو خواست و ئارەزووەکانی خستبووە ژێر چاودێرییەکی وردی پڕ لە ترس و تۆقاندنەوە، تەنانەت وای لە سەربازە عیراقییەکان کردبوو، کە لاشەی سەربازە عیراقییە کوژراوەکانیش بە پاسدار بزانن.

لەپێکردنی گۆرەوی سپی یاساغ بوو، قژ چاککردن، هەندێك فۆرم و شێوە قەدەغەبوو، کراسی رەش مانای زۆری هەبوو، جلی کوردی بەجۆرێك بووایە، لێدانی پێوەبوو، شیعرێك، چیرۆکێك، وتارێك بۆنی هەناسەی شۆڕش و کوردو ئازادی لێبهاتایە، سزاکەی زیندانی و سەرکوت بوو، گۆرانییەك بەدڵی بەعس نەبووایە، لە cd کە دەریاندەکرد، مۆڵەتی کتێب چاپکردن تەنها بۆ پێداهەڵدانی بەعس رەوابوو، نووسەرە کوردە بەعسیەکان کە لەوسەردەمەدا چیرۆك و رۆمانیان بە باڵای قادسیەدا دەنووسی، باشتر دەزانن کە هێشتا زۆریان لە ژیاندا ماون و باس لە کوردایەتی و ئەدەبی بەرگری دەکەن و چوار موچە وەردەگرن و خۆڵ دەکەنە چاوی گەنجانی ئێستاو خەڵك، مەقال و بابەت نووسین لە رۆژنامەکاندا بۆ .زۆرێک لەوانەبوو کە بە شان و باڵای سەدام و بەعس و قادسیەیاندا هەڵدەدا، بۆ ئەمەش کەم نەبوون ئەو رۆژنامەنووسە کوردانەی ئەوکات جلی زەیتونیان لەبەر دەکردو مەقال و بابەتی لەو بابەتەیان دەنووسی، ئێستاش باس لە دەوڵەتی کوردی و ناسیۆنالیزم، رەخنە لەهەموو چاك و خراپەیەك دەگرن و دەمڕاستی ئەم حزب و ئەو حزبن، ئەگەرنا سانسۆری لەسەربوو،

ڕۆژنامەکانی بەعس، تەلەفزیۆن و رادیۆ و گۆڤارەکان، لە ئەلفەوە تا یا، هەر سەدام، بەعس، بەعسیزم و چەواشەکاری بوو، هیچ ئەڵتەرناتیڤێك نەبوو، تەنهاو تەنها تەلەفزیۆنی ڕەسمی بوو، دەتویست سەیری بکە، نەتدەویست هەر دەبوو سەیری بکەیت.

تویتەر، یوتیوب، فەیسبوك و مۆبایل نەك هەرنەبوو لەو سەردەمەدا، ئەگەر بشبووایە، لە وەزعی ئێستای ئێران و کۆریاو چین باشتر نەدەبوو.

ئەگەر بەعس لە چوار دەیەی پێش ئێستا ئەوەی کردبێت کە کردی، لەژێر ناوی بلۆك بەندی، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سۆسیالیستی و سەرمایەداری، چەپ و ڕاست، دیکتاتۆریەت و دیموکراسی، مافی گەلان یەکسان بوو بە جیابوونەوەو تۆمەت بەخشینەوە.

بەڵام لە سەدەی بیست و یەك، سەدەی مافی گەلان و دروستبوونی زیاتر لە (22) دەوڵەتی تازە لەسەر گۆی زەوی.

لابردنی هەموو سنوورەکانی نێوان مرۆڤایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاو سۆسیال میدیاوەو کردنی جیهان بە گوندێکی بچووك لە سەردەمی گلۆبالیزەیشن و دەستڕاگەیشتنی ئینسان بەهەموو ئەو پێداویستییە سادانەی فەراهەمکردن بۆ تێرکردنی خواست و ئارەزووە ئینسانەکان.

کەچی لەم سەرزەمینەدا، لەژێر سایەی دڕندەترین بونەوەر لە وڵاتێکی وەکو کۆریادا، هەموو شت (هەموو شتێك) قاچاغ و سانسۆری لەسەرە، هەموو شتێك لەژێر چاودێری وردی دیکتاتۆرو دیکتاتۆرە، گچکەکاندایە لەو وڵاتەوە سادەترین مافی قژ چاککردنە، جۆرەکانی دیاریکراوە، کە ئەوەنە جۆر بۆ پیاوان و ئەوەندە جۆریش بۆ ژنان، یەك تەلەفزیۆن و یەك رادیۆ هەیە،

هەر سەرپێچییەك سزاكەی فڕێدانی جەستەی ئەو كەسەیە بۆ بەردەم سەگە برسییەكان، بەكورتی لەژێر دەسەڵاتی ئەم دیكتاتۆرە گچكەدا، هەموو شتێك حەرام و تاوانە، نموونەی جەهەننەمێكە كە باسدەكرێت.

بێگومان لە ئەریتریا، چین و ئێران، زۆر وڵاتی تریش ئەم چیرۆكانە هەن.

ترسیشم هەیە، رۆژێك لەڕۆژان لە هەرێمی كوردستان كەسانێك هەبن، بیر لە پراكتیزەكردنی ئەم نموونانە بكەنەوە، چونكە وەكو كەنعان مەكیە دەڵێت: "سەدام حسێن بێدەنگی دروستنەكرد، بەڵكو بێدەنگی سەدام حسێنی دروستكرد".

## 50
## ئەگەر یەکێتی نەبێت؟

خەڵك مافی خۆیانە، لەناو سیستمی سیاسی وڵاتەکەیاندا دەنگ بدەنە باشترین حزب کە خواست و خۆزگەو ئامانجەکانیان بۆ بهێنێتە دی.

بێگومان لەناو گرنگترین خەونەکاندا، لە ئێستای کوردستاندا رەسفاهەو خۆشگوزەرانی ڕەنگە زۆرترین داواکاری خەڵك بێت، چونکە خاڵەکانی تر لە بابەتی، ئارامی، ئازادییەکان، دیموکراسی، مافە سیاسییەکان، کۆمەڵایەتی، ئازادی ڕاگەیاندن، عەقیدەو بەیان دەستەبەر کراوە.

بـەڵام دەکرێت بپرسین، کێ، چ کەسێك، چ هێزێك، بە پلەی یەکەم لە ڕابــردوودا لەپشت دەستەبەرکردنی ئەم خواستانەوەیە..؟

کام هێزە، لە بڕوابوونی بە مافی خەڵکی کوردستان لە ساتی بێ ئومێدی دا، بڕیار دەدات شۆڕش بکات لە دەیەی حەفتاو هەشتاکاندا بە گژ مەحاڵی بەعسدا بچێتەوە...؟

کام هێزە، لە سەردەمی شاخ و دەسەڵاتێکی لۆکاڵی زۆر بچووکدا، بیروڕای بە مەسەلەکانی ئینسانی و هیومانیستی و ئازادییەکان هەبوو، باوەڕی وابوو کە دەبێت ئازادییەکان بۆ ئینسان دەستەبەر بکرێت، دەبێت ڕێز لە بیروباوەڕەکانی مرۆڤ بگرێت، دەبێت تاك ئازاد بێت لە عەقیدەو پۆشینی جلوبەرگ، نـووسـەران و ڕۆشنبیران هەموو مافەکانیان بۆ نووسین و ڕادەربڕین بۆ فەراهەم بکرێت...؟

کام هێزە لەڕووی نەتەوەییەوە، هەڵوێستی ناسیۆنالیستانەی بەرامبەر پارچەکانی کوردستان بە ئاشکرا ڕاگەیاند، لە ڕۆژهەڵات لە پشتیوانی لە کۆمەڵەو دیموکرات، لە باکور لە PKK و سۆسیالیست، لە ڕۆژئـاوا لە پارتی پێشکەوتنخواز، کە ئەم هەڵوێستە لە حەفتاکانەوە دەستپێدەکات تا دەگات بە ئێستاش، میکانیزمی باشتری بەخۆیەوە دیووە، تەنانەت تا ڕادەی پشتیوانی لە شۆڕشی ڕۆژئاواو باکور لە ئێستادا لە ئەوجی بەهێزی خۆیدایە، کە هیچ هێزێکی تر لە پارچەکانی تر ناتوانێت ئەم کارە بکات.؟!

کام هێزە لە خەباتی چینایەتی و چەپ و بزووتنەوەی کرێکاران و مارکسیزم لە ڕابـردوودا، هێزو دۆستی بۆ گەلی کورد پەیدا کردووە، لە خەباتی ئینتەرناسیۆنالیانەدا زۆرترین دۆستی ناوچەیی و جیهانی هەیە کە هەموویان یەقینن هەیە لەوەی کە ئەم هێزە هەموو ئازادی و مافەکان و چەمکەکانی دیموکراسی و هاوخەباتی تێدایەو شایەنی پشتیوانی کردن و قبوڵکردنە لەناو بازنەی ڕێکخراوە لۆکاڵی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا...؟!

کام هێزە، لە سەرتاسەری ناوچەکە، سـەرەڕای هەموو

هێزەکانی کوردستان، هێندەی سکرتێرەکەی ئەم هێزە، لیبراڵ، ئازادیخوازو دیموکرات بێت لەناو هاوکێشە سیاسی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان وەکو کارێزمایەکی دیموکراسی خۆرهەڵات نەناسرابێت...؟!

کام هێزە، هێندە لیبراڵ و دیموکراتە کە هەرچی میدیای ئەم هەرێمەیە بە حزبی ئۆپۆزسیۆن، ئەهلی، دۆست و نەیار، دژو رکابەرو لەژێر دەسەڵاتی ئەودا نەبێت، تا ئەوپەڕی بێ سنوریش باوەڕی بەوە نەبێت، کە نابێت هیچ سنوورێك دابنرێت لە بەردەم ئازادی ڕاگەیاندن و میدیادا.؟!

بێگومان هەموو خەڵکی کوردستان دەزانـــن کە ئەم دەستکەوتانە چ هێزێکی گەورەی وەك یەکێتیی لەپشتەوەیەو بە عەزمی جەزم کراو، بە واقیعکردن مەحاڵەکان، چ سەختی و قوربانی بۆ داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەورانـــی ئێستای حوکمڕانیدا بێ کەموکوڕی نەبووە، بەڵام دڵنیام خەڵك ئەگەر ئەم ڕاستیانە نەزانن و ئەگەر پشتیوانی ئەم هێزە دیموکرات، لیبراڵ، ئازادیخوازو شۆڕشگێڕە نەکەن، یەکەم کەس خودی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانن دەبێت باجەکەی بدەن...؟!

چۆن بەدیلی ئەم هێزە نییە، بەدیلی ئەم هێزە هێزی کۆنزەرڤاتیڤ، تاکڕەو ئەنارشیست و پۆپۆلیستەکان، مەسڵەحەت تەلبەکانن...!

بەدیلی ئەم هێزە، هێزگەلێکن کە سەد دەر سەد دەورێك پێچەوانەی ئەو پرەنسیپ و بیروباوەڕەیە کە لەپێشەوە باسمانکردن.

بۆیە خەڵك دەبێت ئەوە بزانن، ئەگەر یەکێتیی نەبێت، خاوەنی

هیچ کام لەو ئاوات و ئامانج و خۆزگەو ماف و ئازادییانە نابن، بۆیە دەبێت هاووڵاتیان ئەو پرسیارە بکەن، ئەگەر یەکێتیی نەبێت، چی ڕوودەدات؟

## 51
## ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزسیۆنی سوننەتی...؟!

چۆن حزبەکانی دەسەڵات لە وڵاتانی دیموکراسی زۆرجار دەبنە ئۆپۆزسیۆن بۆ دەورەیەك یان دوو دەورە، بەهەمانشێوە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش ئاساییە دەچنە حکومەت و دەبنە شەریکە بەشی دەسەڵات و ئەم حاڵەتە لە وڵاتانی خۆرئاوایی و دیموکراسیدا پرۆسەیەکی ئاساییە لەناو پرۆسەی سیاسی کۆمەڵگەدا.

لە کوردستاندا، پاش هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمان، ئۆپۆزسیۆن ڕایگەیاندووە کە بەشداری حکومەت دەکەن، بەڵام بە مەرج و قەید، کەچی هێشتا زۆر ڕوون نییە داواکارییەکانیان چییە کە هێڵی سوورەو لەو حاڵەتەدا بەشداری ناکەن... لەمبارەیەوە دوو ئەگەر لە بەردەم ئۆپۆزسیۆندا هەیە:

یەکەم: بەشداری حکومەت ناکات، ئەمە یەکێکە لە ئەگەرو گریمانەکانی بەردەم ئۆپۆزسیۆن.

بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی ئەوەیان بە لایەنگرانیاندا کە دەچنە دەسەڵات، هەرچەندە ئەم

ڕستەیە مەجازیە بەومانایەی ئایا دەسەڵات دەگرنە دەست، یان بەشداری دەسەڵات دەکەن؟ ئێستا دەرکەوت یەکەمیان ڕاست نییەو دووەمیان بووەتە دیفاکتۆ.

ئەگەر وا بێت، ئایا ئۆپۆزسیۆن بۆ لەمەودووا دەتوانێت هەر بەردەوام بێت لەسەر بایکۆتی بەشداری لە حکومەت، بە مانای چی...؟

ئایا ئەو گریمانەیە چەندە ریالیستییە تا ئەوەی کە زۆرتر ڕەنگە یۆتۆپیا بێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی جاری داهاتوو بە تەواووی دەسەڵات دەگرنە دەست...

بۆیە ڕەنگە هەم ئەم گریمانەیە ڕاست نەبێت، هەم لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن ئارەزوو بکەن حزبەکانیان بچنە دەسەڵات.

دووەم: خۆ ئەگەر بڕیاریش بێت ئۆپۆزسیۆن بەشداری بکات لە کابینەی هەشتدا، دوو ئەگەر لەبەردەمیاندایە:

یەکەم: ڕەنگە ڕوبەڕووی ئەو پرسیارە بێتەوە، ئایا ئەم حکومەتە هەر ئەو حکومەتە نییە کە پێی دەوترا ناشەفاف و گەندەڵ و خراپ، بۆچی ئۆپۆزسیۆن قبوڵیەتی بچێتە ناو ئەو بارودۆخە، کە بێگومان وا نییە، بەڵکو دەسەڵات لە چاوی ئۆپۆزسیۆنەوە کۆی کارو سیستمەکەی یەکسانە بە سفر، بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە.

دووەم: بە بەشداری ئۆپۆزسیۆن لە حکومەتدا، سەردەمی ئۆپۆزسیۆن بوونی ئەم سێ هێزە تەواوو دەبێت، خۆ ڕەنگە دیوێکی پۆزەتیڤی سیستمی دیموکراسیش وجودی ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ و مەنتقی و نەرم بێت، کە دەتوانێت حکومەتێکی چالاك دروست

بکات، بەڵام بڕوا ناکەم کۆمەڵگای کوردستان بێ ئۆپۆزسیۆن بێت، واتا بێ حزبی ئۆپۆزسیۆن بێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت هێزێکی تر یان حزبێکی تر دروست بێت لەناو کۆمەڵگەدا، کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و گەشەش بکات.

واتا دروستبوونی مۆدێلی حزبی ئۆپۆزسیۆنی نوێ، کە بە جۆرێکی باشتر کار بکات و مۆدێلی کارکردنی بگۆڕێت و کۆی ئەو مۆدێل و فەزاو میتۆدە بگۆڕێت کە مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنی کلاسیکی کاری لەسەر دەکرد، لانی کەم لە کوردستاندا لە لۆکاڵەوە خۆی بکاتە گلۆباڵ، لە میتۆدی یان هەموو یان هیچ خۆی بگۆڕێت بۆ هەموو شتێك لە پێناو کوردستاندا، ئیتر بە تەواوی خۆری مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنی کوردی سوننەتی ئاوا دەبێت.

واتا ئەڵتەرناتیڤی حزبی ئۆپۆزسیۆن ئەگەرێکە هەرگیز جێی گومان نییە، خۆ ئەگەر ئەم دیفاکتۆیە، ئۆپۆزسیۆن بترسێنێت و بڕیار بدەن بەشداری حکومەت نەکەن، تا هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆن وەکو ئەڵتەرناتیڤ دروست نەبێت و شوێنیان نەگرێتەوە، هەڵەیە، چونکە ئەم ئەگەرە بەڕێوەیەو ڕەنگە ئەگەر بەشداری حکومەتیش نەکەن، هێزێکی ڕکابەریان بۆ پەیدا بێت، کە ئۆپۆزسیۆن بێت، بەڵام جۆرو فۆرم و مۆدێلێکی تری حزبی ئۆپۆزسیۆنی بێت، کە هیچی لە مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو نەچێت، جگە لە چەمکی (ئۆپۆزسیۆن).

## 52
## شکستی خواستەکانی گۆڕان

پاش ئەوەی گۆڕان شکستیان هێنا لە گۆڕینی پارێزگاری سلێمانی، بە دوو فاکتەر، یەکەم: هــەردوو هاوپەیمانە ئۆپۆزسیۆنەکەی (یەکگرتوو و کۆمەڵ) لەگەڵ ئەو فۆڕمە نەبوون کە گۆڕان داوای دەکرد، دووەم: لەدوای سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی و دانیشتنی لەگەڵ ڕێکخەری گۆڕان دوو مەسجی پێداون، یەکەم: پارێزگار تا دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە نیسانی 2014 ناگۆڕدرێت و ڕێگاش نادەین بە کودەتاو نائارامکردنی سلێمانی لەژێر هەر بیانوویەکدا، دووەم: پێدانی ئیمتیاز بۆ بەشداریکردن و ڕازیکردنی گۆڕان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم.

هەموو ئـەم خاڵانە، ئـەو ئەجێندایەی گـۆڕان دابنابوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی پارێزگاری سلێمانی بێ ئاکام بوون و تەنانەت دوای دانیشتنەکەی ماڵی فەتاح ڕەباتی-ش، یەکێتیی هەر ڕازی نەبوو بە داواکانی گۆڕان بۆ لادانی بەرپرسی دەزگا ئەمنییەکان، واتا لە هەموو بەرنامەکانی بۆ سلێمانی شکستی هێناو نەیتوانی

ئامانجەکانی بپێکێت.

لەدوای ئەوە، ڕاگەیاندنی گۆڕان جارێکی تر دەستیان داوەتەوە هێرشێکی ڕاگەیاندن بۆ سەر یەکێتیی و پارێزگاری سلێمانی، لە بەرامبەریشدا یەکێتیی تائێستا بەخاتری بارودۆخی کوردستان، سلێمانی و ئارامی دۆخەکەی پاراستووە.

کەچی گـۆڕان بـەردەوام دەیەوێت خەڵك چەواشە بکات، لەتازەترین حیکایەتی بێ تامیدا، باس لە کڕینی چەند ئۆتۆمبێلێکی میوانی پارێزگا دەکات، ئەگەر گریمان ئەمە کارێکی خراپە بە قسەی گۆڕان، لەکاتێکدا ئۆتۆمبێلەکان بۆ میوانی کڕدراون و کە نەدەبوو لەو پارەیە بکڕدرێن، ئەمە باشە...!

بەڵام سەیرە گۆڕان، لەناو پارێزگادا، دژی پارێزگاری ئێستا قسە لەسەر کەیسی گەندەڵی دەکات.

ڕەنگە بەشێك لە گلەییەکانی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بە گەندەڵی ڕاست و دروست بن لە هەرێمدا، بەڵام قسە کردن لەسەر گەندەڵی لەناو پارێزگادا جگە لە نوکتە هیچی تر نییە بۆ گۆڕان.

ئەوەش نەك لەبەرئەوەی پارێزگاری ئێستا قابیلی هیچ ڕەخنەیەك نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی سەردەمی پارێزگارەکەی گۆڕان دزی و گەندەڵییەکان کە ڕووی لەو پارێزگایە کردبوو بێ وێنە بوو لەناو دامودەزگاکانی حکومەتداو تەنانەت پلەی پێوانەیی شکاندبوو، هەر بۆیە دواجار ڕایکردە دەرەوەی هەرێم و تائێستاش دادگا داوای دەکات.

کەیسی ئابڕوبەری وشکەساڵی دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو کە بە سەدان ملیۆن دینار خورابوو.

هەركات قسە لەسەر كەيسی گەندەڵی بكرێت بەتايبەتی لە پارێزگای سلێمانی، دەبێت يەكەم خاڵی ئەو كەيسە گەندەڵييەكانی پارێزگارە پێشووەكەی گۆڕان بێت، خەڵكی سلێمانی هێشتا ئەو گەندەڵييەيان بيرنەچووەتەوە، هێشتا فەرامۆشكردنی ڕێگای (تاسلۆجە – سلێمانی)يان لەبيرە، بۆ تووڕەكردنی خەڵك لە يەكێتيی چی كردو چی دەكرد...؟

خۆ ئێستاش ئەگەر بكرێت فايلەكەی بخرێتەڕوو خراپ نييە، تا خەڵك بزانن كە چی كردووەو چۆن پارەو داهاتی ئەم شارەی بۆ خۆی و گۆڕان تەرخان كردووە، چۆن تەنانەت شارەكەشی وێران كردبوو، خۆ ئەگەر سبەينێ پارێزگارێكی تر دابنێن، لەوەی پێشوو باشتر نابێت و دەتوانن دوای هەڵبژاردنەكانی نيسانی داهاتوو تاقيبكەنەوە، بەڵام واباشە لەگەڵ هەڵدانەوەی كەيسی پارێزگاری سلێمانی لەلايەن گۆڕانەوە، لەلايەن (ی.ن.ك)كەيسی پارێزگاری پێشوو بخاتەڕوو.

## 53
## کۆنگرەی نەتەوەیی

وا بڕیارە پێش کۆتایی ئەمساڵ، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە ئامادەبوونی (72) حزب و (114) ڕێکخراوی هەر چوار پارچەی کوردستان لە باشوور کوردستان لە شاری هەولێر ببەسترێت.

لە چەند ڕۆژی ڕابــردوودا، نامەی تایبەت بۆ هەموو حزب و سازمانەکان چـووەو دواتـر بڕیاردەدرێت لیژنەی تایبەت پێکبهێنرێت.

گرنگی کۆنگرەکە لەوەدایە کە دەبێتە مانیفستۆیەکی کوردستانی بۆ نزیکبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی هێزو لایەنە سیاسییەکان، داڕشتنی ئەجێندایەتی نیشتمانی، نەتەوەیی، چینایەتی و ڕێزگرتن لە ئایدۆلۆژیای بیروبۆچوونی حزبەکان بەرەو چاککردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتی ئەو پارچانە، هەنگاو هەڵگرتن بۆ نزیکبوونەوەی ئامانجەکان، ڕەنگڕێژکردنی ستراتیژی داواو خواستەکانی گەلی کورد.

بەڵام ئەوەی گرنگە لەو کۆنگرەیەدا:

- دەبێت ستراتیژی ئەجێندای داهاتووی هێزە کوردستانییەکان ڕوون بێت و بتوانێت لانی کەم ئەجێندایەکی هاوبەشی کوردستانی دابینبکرێت.

- دەستکەوتە گەورەکانی باشوور ئەزموونەکەی، هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی باکور – تورکیا، دەستکەوتەکانی ڕۆژئاواو بارودۆخی ڕۆژهەڵات لەبەرچاو بگیرێت و هەڵوەستەی جدیان لەسەر بکرێت، چۆن ئەو پێشکەوتنانە بخرێتە بواری کرداری، خزمەتکردنی گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان و هاونەتەوەیەکی پتەو دروستبکرێت.

- نابێت هیچ هێزێکی هیچ کام لە پارچەکانی کوردستان پەراوێز بخرێت، ئەگەرچی ڕەنگە خاوەنی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوونی تایبەتیش بن بابەتی (هێزی ئیسلامی، چەپ و مارکسیت، لیبراڵ، سۆسیال دیموکرات، ناسیۆنالیست..)، چونکە گرنگی کۆنگرەکە لەوەدایە کە ئایدیاو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی بێنە سەر قەناعەت، کە کۆنگرەکە جیاوازی سیاسی، ئایدۆلۆژی، سیاسییەکان قبوڵدەکات بە قازانجی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردە.

- دەبێت ئەو حزب و هێزە سیاسییانە، بەقەدەر قەبارەی جەماوەر، سیاسی، مێژووی خۆیان شوێنیان پێبدرێت، لیژنە باڵاکان و لیژنە لاوەکییەکان تا هەست بە ناعەدالەتی نەکرێت، بە تایبەتی لەو کۆنگرە کە فاکتەری سەرەکی خزمەتکردنی کێشەی گەلی کوردە.

- دەکرێت کۆنگرەکە وڵاتانی ئێران، تورکیا، ئەمریکا، عیراق، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، دۆستانی عەرەب بانگهێشت بکات و

ئەوەیان بۆ ڕوونبکاتەوە کە ئامانجی کۆنگرەکە پەیامێکی ئاشتییە کە دەمانەوێت هەموو گەلانی ناوچەکە پێکەوە بژین و ناوچەکە لە کێشەو قەیران دەربـاز بکەین، کۆنگرەکە دژی هیچ هێزو دەوڵەت و لایەنێك نیەو ئەو تێڕوانینی ئەو وڵاتانە بگۆڕێت کە هەیانەو ئەوەش ڕوونبکاتەوە کە کورد مافی خۆیەتی،ماڵی خۆی ڕێکبخات و دەست نەخاتە کاروباری وڵاتانی دراوسێوە.

- دەبێت کۆنگرە مانیفستۆیەکی گرنگ ئامادە بکات کە هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئیمزای بکەن و لەسەری ڕێکبکەون کە هاوکاری یەك دەکەن و بە هەموو شێوەیەك شەڕی ناوخۆ تحریم دەکەن.

- کۆنگرە تایبەت بە باشوور، هەوڵی نزیککردنەوەی لایەنەکانی دەســەڵات، ئۆپۆزسیۆن بدات کە قۆناغێکی هەستیارەو هەر کێشەو قازانجی ململانێی بارودۆخی کورد نیە، ئەو دەستکەوت و دیموکراسییەی هەرێم وەکو دەستکەوتێکی هەر چوار پارچەی کوردستان چاوی لێبکرێت.

- کۆنگرە تایبەت بە باکور، جەخت لەسەر پێشکەوتنی پرۆسەی ئاشتی بکات و پشتیوانی خۆی بۆ بەدیهێنانەکانی مافەکانی گەلی کورد لە باکور دەربېڕێت لە نێوان PKK و حکومەتی تورکیا.

- لە ڕۆژئاوا، سەرەڕای سەرکەوتنەکانی گەلی کورد، بەڵام ناکۆکی بەهێز هەیە لە نێوان لایەنەکانی ڕۆژئاوا، کۆنگرە، هەوڵی کۆتایی پێهێنانی ئەو ناکۆکیانە بدات بەبێ دەستێوەردانی هیچ لایەنێك.

- لە ڕۆژهەڵات، پاش دەوریەکی تازە لە سەرۆك کۆماری نوێ و بەڵێنەکانی، دەکرێت کۆنگرە ڕێگاچارەی ئاشتی لەبەرچاو بگرێت و هەوڵی نزیککردنەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکان بدات.

بەرەو کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردو کوردستانی، کە بتوانێت سەرەتایەکی گەش بێت لە مێژووی نوێی گەلی کوردو نووسینەوەی مانیفستۆیەکی نیشتمانی نەتەوەیی بە ڕەچاوکردنی گشت ماف و داخوازی، گشت هێزو لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

# 54
# مۆدێلی حزبی نوێ

تا ئەم ساتەش حزب جێگەی خۆی نەداوە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی لە خۆرهەڵات، واتا هێشتا چەپ و ڕاستەکان تا ئەوپەڕی ئیسلامیش وجودیان هەیەو چالاکن.

ئەگەرچی لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری زۆریان دروستکردووە، هەندێکجار حزب پشتیان پێدەبەستێت و کاریگەری زۆریان هەیە، هەندێکجاریش وەکو ئەلتەرناتیڤی حزب خۆیان نمایش دەکەن.

بەڵام ڕەنگە باشترین مۆدێلی حزبایەتی خۆرئاوایی ئەوە بێت کە بەتەواوی ڕەگ و ڕیشەی حزبی ستالینیزیمی هەڵکەندووە بەو وڵاتانەشەوە کە چەند دەیەیەك پێش ئێستا خاوەنی ئەوجۆرەی مۆدێلی حزبی بوون لە بابەتی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا.

بەڵام بەداخەوە هێشتا کۆمەڵگەی وڵاتانی سێیەم و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەو میراتەیان پاراستووەو پێڕەوی ئەم مۆدێلە

دەکەن یان نەیانتوانیووە بەتەواووی خۆیان لەمجۆرەی مۆدێلی حزبی نەجات بدەن، بە حزبی کوردی و حزبەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیشەوە، ئـەوەش فاکتەرێکە بۆ پاشەکشەی حزب و ناکاریگەری لەناو کۆمەڵگەدا.

ئەوە دیارە کە حزب چۆن قابیلی گەشەو دروستبوون، دەتوانێت زۆر لەناو کۆمەڵگەدا جێگەی خۆی بکاتەوەو ببێتە حزبێکی پڕ نفوز، کە نموونەی حزبی لەو بابەتە زۆرن لەسەرو چاوەڕوانییەوە لەناو کۆمەڵگەدا گەشەیان کردو شوێنیان گرت، پێچەوانەکەشی ڕاستە کە حزبی زۆر گەورەو پڕ نفوزیش هەبوون کە لە کۆمەڵگەدا خاوەنی پێگەی جەماوەری بوون، بەڵام لە دەرئەنجامی نەخوێندنەوەی باشی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕو سیاسی کۆمەڵایەتیەکان، لە ئەنجامی هەڵەی سیاسی و هەڵوێستی سیاسی، قـوڵ ڕۆنەچوونە ناو بارودۆخەکانی ژینگەو کێڵگەی کۆمەڵگەوە، دەرئەنجام مێژوویەك کە هەیانبوو لەدەستیانداو پاشەکشەیان کرد، کە بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو حزبانە لە ماوەی دوو دەیەو سێ دەیەی ڕابردووش، پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لەناو کێڵگەی سیاسی خۆیاندا نەیانتوانی پێگەو جێگەی خۆیان بگرنەوە، کە زۆرجـا لەناو ئەم هێزانەدا هێزی کاریگەرو شۆڕشگێڕ هەبوون کە سەربەخۆیی وڵاتەکانیان، بەدەستهێنانی دیموکراسی، ئازادییەکان، مافی ژنان، چاکسازی زەوی و زار، سکیۆلاریزم لەسەر دەستی ئەوان بۆ وڵاتەکانیان خوڵقاوە.

بـە واتـایـەکـی تـر قوربانی زۆرو زەوەنـدیـان دا لـە پێناو کۆمەڵگەکانیاندا، بەڵام هەڵەی سیاسی و تێنەگەیشتن لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ئەوانی بەو حاڵە گەیاند.

کە دواجـار هەندێك لەوانە یان بەتەواووی لە کاری سیاسی

دوورکەوتنەوە یان حزبی نوێیان دروستکردو خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان گونجاند، تەنانەت لەم تایپە هەندێکیان سەرکەوتووش بوون و ئێستا لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا لە دەسەڵاتدان، چونکە زوو درکیان بە ئاڵوگۆڕەکان کردو تێگەیشتن کە گرنگی بارودۆخەکە چی دەخوازێت.

لە کوردستانیش مۆدێلی حزبایەتی سەرەڕای ئاڵوگۆڕێکی ڕەمزی، بەڵام جددی نیەو نەیتوانیووە بەتەواووی سوود لە ئەزموونەکانی خۆرئاوایی و تەنانەت خۆرهەڵاتی ئەورووپای دوای هەرەسی سۆڤیەت وەربگرێت، کە نموونەو ئەزموونی زۆر سەرکەوتووی تێدایە، لانی کەم لە بواری سۆسیال، بە سیستمکردنی وڵات، ئازادی و دیموکراسی، واتا هەر حزبێك ئەم دوو ئەرکە جێبەجێ بکات دەتوانێت ڕۆڵ و پێگەی بەهێز بۆ خۆی پەیدابکاتەوە.

بۆیە باشترین حزب لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا دەتوانێت بخوڵقێت و بەزوویی شوێنی خۆی بکاتەوە، بەڵام هەم دیموکراسی ڕاستەقینەو هەم ئەجێندای حزبێکی ڕاستەقینە کە بتوانێت خزمەتی کۆمەڵگا بکات، چینە کۆمەڵایەتیەکان لە دەوری بن.

بەپێی خوێندنەوەی مێژوویی حزبی کۆمەڵگەی خۆرهەڵات بە کوردستانیشەوە، هێشتا نەیتوانیوە ئەو هەموو مۆدێلاتە لەخۆیدا کۆبکاتەوە، نەیتوانیووە ئەو ئاڵوگۆڕانە قبوڵ بکات، بەڵام واقیعیەت ئەوەیە، یان ئاڵوگۆڕی نوێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکرێت، یان حزبی نوێ بتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی ڕابردوو بۆیە مۆدێلی حزبایەتی بەوشێوەیەی لەهەر حاڵدا کۆی حزبی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پێویستی بە خۆنوێکردنەوە هەیەو دەبێت بەتەواوەتی لە مۆدێلی ڕابردوو ڕزگاری بێت.

## 55
## حکومەتی هەرێمی کوردستان (ڕۆژئاوا)

لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئامادەسازی بۆ پێکهێنانی "حکومەتی هەرێمی کوردستان - ڕۆژئاوا، داڕشتنی ڕەشنوسێکی دەستوور، پەرلەمانێکی کاتی" دەکرێت لەلایەن (pyd) و تەڤگەری کۆمەڵگەی دیموکراتی (تەڤدەم)، ئەنجومەنی گەلی ڕۆژئاوا، چەند هێزی کوردی تری.

دوو بۆچوون هەیە سەبارەت بە پڕۆژەکە، یەکێکیان پێیوایە هێشتا زووەو ڕەنگە سەرکەوتوو نەبێت بەتایبەتی ئەگەر یەك هێزی سەرەکی وەك (pyd) پێیهەڵسێت و هەندێك لایەنی تری کوردی، عەرەبی، ناوچەیی دژی بن، بۆچوونەکەی تر کە خۆی لە قەندیل - pyd و لایەنگرانی ئەنجومەنی گەلی خۆرئاوا دەبینێتەوە کە چەند حزب و ڕێکخراوێکی کوردین، پشتگیری لە ئەنجامدانی ئەو سێ هەنگاوە دەکەن و پێیانوایە ئەگەر چاوەڕێی لاچوونی ڕێگرییەکان بکەین، کارێکی مەحاڵەو دوژمنان ڕێگانادەن، بۆیە نابێت هیچ کەمتەرخەمی بکرێت لە سازدانی.

کوردستانی ڕۆژئاوا، لەکۆی رووبەری (86,000) کم2 – خاکی سوریا (28%)ی خاکەکەی کوردستانەو دانیشتووانی نزیکەی سێ ملیۆن کەس دەبن، لەپاش ڕووداوەکانی سوریا، ڕۆژئاوا کەوتەدەست (ypg - یەپەگەو pyd)ی نزیك لە پەکەکە.

هەرچەندە دەستەی بـاڵای کـورد پێکهات بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام بەهۆی نەسازان و دەستێوەردانی تورکیاو سوپای ئازاد، ئەنجومەنەکە کارا نەماوەو هەیمەنەی (سلێمانی، هەولێر، قەندیل)یش تا دێت ڕۆڵی زیاتر دەبینێت و ڕەوشەکەی بەچەند ئاڕاستەیەکی جیاوازدا بردووە.

(pyd) کە خاوەنی هێزێکی (15000) کەسییە بەناوی (یەکینەکانی پاراستنی گەل sypg ی نزیك لە پەکەکە) خۆیان بەخاوەنی شەرعی ڕۆژئـاوا دەزانــن، لەپێشتریش PKK ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەناو سوریا – ڕۆژئاوا نزیکەی (3000) شەهیدی لەو پارچەیە هەیەو سیناریۆکانی پێکهێنانی (حکومەت، پەرلەمان، دەستووری کاتی) سیناریۆی سەرەکی (قەندیل و برۆکسل)ن.

سلێمانی کە هەر لەسەرەتاوە بڕوای وابـووە کە دەخالەت نەکرێت لە ڕۆژئاواو تەنها هاوکاری بکرێن، ئێستا پشتیوانی لە دۆستە کۆنەکانی دەکات کە مێژوویەکی خەباتی هاوبەشیان هەیە وەکو (پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کورد لە سوریا، پارتی چەپی کـوردی، پارتی چەپی دیموکراتی کـوردی، پارتی یەکێتی کوردی سوریا)و چەند پارتی تر، لەوانە: (پارتی دیموکراتی کوردی سوریا (الپارتی) باڵی نەسرەدین ئیبراهیم، حزبی دیموکراتی کورد لە سوریا، پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا، پارتی پێشکەوتووی کوردی سوریا، پارتی نیشتمانی دیموکراتی کوردی

سوریا)، ئەمانەش بەشێکیان لەگەڵ پرۆژەکەن، چونکە پێیانوایە بۆشاییەکی سیاسی، سەربازی، ئەمنی، خزمەتگوزاری هەیەو پێویستیان بە پڕکردنەوەیەکی یاسایی هەیە، هەندێکیشیان سەرنجیان هەیە.

واتا (سلێمانی و قەندیل) و زۆربەی هێزەکانی ئەم دوو بەرەیە، لایەنگری پێکهاتنی ئیدارەو هەڵبژاردنن، بەڵام هەولێرو لایەنە سیاسییەکانی نزیك لێی، پێیانوایە هێشتا زووە بۆ ئەوکارە، چونکە لەلایەك بارودۆخی رۆژئـاوا ئارام نییە، لەلایەکی تریش pyd دەیەوێت کۆنترۆڵی رۆژئاوا بکات و تاك لایەنە بڕیاربدات لەسەر ئەوکارە.

لایەنەکانی هەولێر (پارتی دیموکراتی کوردی سوریا (الپارتی) دوو باڵی حەکیم بەشار، لەزگین فەخری، هەردوو باڵی پارتی ئازادی، بزووتنەوەی ئیسلاح یان ئەوەی پێی دەوترێت (ئەنجومەنی چوار لایەنی) پێناچێت لە ئێستادا پشتیوانی لەو پرۆژەیە بکەن، ئەگەر بەسازان و تەوافق نەبێت.

رۆڵی (قەندیل، سلێمانی، هەولێر)، ئەگەر باش رێکنەخرێت کێشەو گرفت دروستدەکات، بۆیە واباشە هەرسێ لا رێککەون لەسەر پشتیوانی ئەو پڕۆسەیە، باشترین نموونەش، حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور، کە لە ساڵی 1992 سەرەڕای هەموو کێشەو دوژمنەکانی سەرەنجام بڕیاردرا حکومەت - پەرلەمان پێکبێت.

تاکە لایەنی دەرەکییش، کە دژی پڕۆژەکەیە حکومەتی ئەنکەرەو سوپای ئازادی، دۆستی تورکیایە، هەربۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی باسکردنی پڕۆژەکە، هێزەکانی سوپای ئـازاد، نـەسرە، گروپە

ئیسلامییەکان کەوتنە هەڕەشەو پەلاماردانی ناوچە کوردنشینەکان.

سەرەنجام پاش کۆتاییهاتنی کارەکانی یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێر، ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی (pyd) بە فڕۆکەیەك لە هەولێرەوە چووە ئەنکەرەو لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە، باسی لە پڕۆژەکە کردووە تا تورکیا دژی نەبێت.

پێدەچێت پڕۆژەکە سەرکەوتوو بێت، چونکە ئەنکەرەش ئامادەیە لە بەرامبەر درێژەکێشانی پرۆسەی ئاشتی باکورو نەرمی نواندنی PKK لە باکور، چاو لە پڕۆژەکانی PYD و PKK لە باکور بپۆشێت، بۆیە واباشە لە (سلێمانی، هەولێر)یش هاوکاربن بۆ سەرخستنی دووەم حکومەتی هەرێمی کوردستانی رۆژئاوا.

# 56
# تەنگەژەکانی بەغداو هەولێر
# (3-1)

ئەوەی ئێستا روودەدات، زادەی واقیعیەتی ئەزەلیەتی کوردو عیراقە، بەمانایەکی تر، مانای ئەوەش نییە کە هێشتاش دەرفەت بۆ چەند ساتی تر بۆ هاوبەشیکردن و پێکەوەژیان نەماوە، یان ئەم رووداوانە چۆن سەرەتای شەڕنییە ئاواش مانای کۆتایی قەیرانەکان نییە.

خودی پێکهاتەی مۆزایك و ناهۆمۆجینی عیراق یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەزەلیەتی قەیرانەکانی عیراق، سەرەڕای ناکارایی پرۆسیسی دیموکراسی لەم وڵاتـەداو نەگەیشتن بە چارەسەر کە دەکرێت باشترین ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆ لانیکەم رێگریکردن لە مێژووی تراژیدی رابردوو، کە تائێستاش سێبەری بەسەر عیراق و مەترسی بۆ ئاییندەش ماوە.

لەگەڵ رووخانی بەعس بە تێڕوانینی جیاواز جیاوازو بۆچونی سیاسی خرانەڕوو، سەبارەت بەوەی کە ئایا عیراق دەتوانێت

رابردوو تێپەڕێنێت و داهاتوویەکی سیاسی، لانیکەم هاوشێوەی وڵاتانی دراوسێ دووبارەبکاتەوە.

هێشتا ئەو بۆچونانە لەژێر چاودێریدان، ئەگەرچی خەریکە ئەو بۆچوون و گریمانانە زاڵدەبن کە نێگەتیڤانە دەروانن پرۆسەی سیاسی لە عیراق دەیانەوێت سەنتراڵ بەهێزبکات، سوپا چەکدار بکات و پرۆسەی تازە ئەزمونی هەڵبژاردن بخاتەژێر پرسیارەوە، حکومەتی شەراکەتی نیشتیمانی بگۆڕێت بۆ حکومەتی زۆرینە (ئەکسەریەت)، ململانێی ئیتنی و تائیفی و مەزهەبیەکان تا دێت قوڵتر بکاتەوە.

مەترسی ئەم بۆچونانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا؟ ئەم سەنترالیزمانەیەی تەنها بوەتە خولیای مالیکی و حکومەتەکەی، یان بوەتە مەیلی هێزە سیاسییە شیعەکانیش، یان مەیلێکی شیعەگەراییە؟

مەترسیەکە لەوەدا نییە کە مالیکی خواستێکی وای هەبێت، چونکە بۆی ناچێتەسەرو ئەگەر لە ئێستاشدا بە (89) کورسی پەرلەمانەوە یەکێکبێت لەهێزە سەرەکییەکانی شیعە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو مەیل و گەرایشە بێت کە بەناوی هەموانەوە قسە بکات...

ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەم گریمانەیە هەموومان دەترسێنێت لەوەی کە هێزێك دەیەوێت عیراق بگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی یەکەم، خاڵێك کە رەنگە هاوشێوەی یۆگسلافیای لێبێت و پاش شەڕو قەیران بەرەو جیابونەوەو سەربەخۆیی پێکهاتە جیاوازەکان بڕوات.

پرسیارێکی گرنگ هەیە ئایا ناکرێت عیراق بەبێ شەڕو کوشتار هاوشێوەی سرب و کروات و کۆسۆڤۆیەکان بگەنە

ئەنجام؟ لەحاڵێکدا ئەگەر نەکرا ئەوەی چەند وەختە هەوڵی بۆ دەدرێت بۆ پێکەوەژیان و حکومەتی شەراکەتی نیشتیمان.

بۆنا، باشترین ئەڵتەرناتیڤ رەنگە ئەوەبێت کە ئەگەر عیراق ناتوانێت نموونەیەکی باش لە سیستمی حکومڕانی پێکەوەژیان قبوڵ بکات، ئەوا هەموو لایەك دەتوانن پێکەوە بڕیاربدەن کە هەرلایەك خۆی چارەنووسی خۆی دیارییبکات.

چونکە لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەم دوو گریمانەیەدا، تاکە ئەڵتەرناتیڤ، شەڕو قەیران و جەنگە، کە وەکو سەرۆکی هەرێم دەڵێت: "ئێمە رێگاچارەی ترمان لەبەردەستدایە".

بەڵام پاش تاقیکردنەوەی هەموو رێگاکان، کە بێگومان ئەمە بۆچونێکی واقعیەو هیچ رێگاچارەیەکی تریش نییە.

ئەگەر بۆ رابـردوو بگەڕێینەوە لەدوای راپەڕینی (1991) کورد ویستی عیراق بخاتەسەر سکەو بەشداربێت لە پرۆسیسی دیموکراسی و رزگاربووی لە بەعس و کردیشی.

لەدوای رووخانی بەعس لە (2003) کارەکتەرێکی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی عیراق بووە بەتایبەتی هەردوو سەرکردە تاڵەبانی و بارزانی، بگرە زۆرجار گلەیی ئەوەیان لێکراوە کە زۆر گرنگی بە سیستمی سیاسی عیراق و هاوپەیمانی نێوان کوردو شیعەو سوننە دەدەن.

بەڵام ئەمجۆرە مامەڵەیە بۆ کاتی خۆی دروستبووە، لانیکەم بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو بانگەشە چەواشەکارانەیەی کە دەیوت "کورد دەبێتە ئیسرائیلی دووەم".

پرسیاری لۆژیکی ئەوەیە، ئەو گریمانانەی سەبارەت بە کورد دانرابوو، هیچی راست نەبوو.

هەموو ئەو چاوەڕوانیانەی لە کورد هەبوو بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عیراق، بەزیادەوە میکانیزمی جۆراوجۆر جێبەجێکرا، راستە کە رەنگە کوردستانیش لەناو پرۆسەکەدا کەموکوڕی هەبووبێت و بگرە وەکو پێویست لە هەندێك حاڵەتدا دروست بڕیاری نەدابێت.

بەڵام ئایا، دەرئەنجام ئەوەی لێبکەوێتەوە هێز بنێردرێت بۆسەر هەرێمی کوردستان یان بۆ کەرکوك کە بۆخۆی قابیلی گڕگرتنە، چ جای هێزی لەدەور کۆبکرێتەوە...

بۆیە دەکرێت گومان بکرێت، لەم سیناریۆیانەی حکومەتی مالیکی.

- کە لەلایەکەوە سیاسەتی نا تەندروستە بەرامبەر هەرێم.
-جێبەجێکردنی پیلانی ناوچەییە لەدژی خواستی کورد.
-ناردنە دەرەوەی قەیرانەکانی ناوخۆیی حکومەتەکەیەتی.
-بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆ داهاتوو.
-مەیلێکی سەنترالیزمانەیە بۆ دەسەڵات.
-هاندانی بەشێك لە سوننیە شۆفێنەکانە.
-نواندنی هێزە.

## 57
## قائمقام؟

پاش دەستبەکاربوونی قایمقامی نوێ سلێمانی بە وەکالەت دیاردەیەکی ئینسانی، ئەخلاقی و شەرەفمەندانە لەناو شاری سلێمانی دەستیپێکرد، کە شەڕێکە لەگەڵ گەندەڵی، فەساد، بێ ویژدانی و خەڵکانی نەفس نزم.

شەڕێکە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لەپشت ئەم خەڵکانەوەن کە خەریکی بازرگانی خۆراك، دەرمان و کەلوپەلن.

شەرێکە دژی بەرگرتن بەو هەموو نەخۆشیەی لەکوردستان بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی هەڵکشانی رێژەی توشبووان بە نەخۆشی ژێر پەنجە و سەدان نەخۆشی تر.

دەکرێت بپرسین، بۆچی پێشتر لەسەردەمی قایمقامی پێشوو، پارێزگاری پێشوو ئەم هەڵمەتە نەکرا و کە ئێستا کراوە ئایا لە قازانجی خەڵك و هاوڵاتیاندا نیە؟ کە بێگومان بەڵێ...!

جێگەی گومان نیە. گەر بڵێین گەر ئەم قایمقامە نەهاتایە چەند کەسی تر تووشی نەخۆشی دەبوون و دەمردن بەدەستی ئەم

دوکاندار و کاسب و بازرگانە نەفس نزم و بێ ویژدانانە؟

ئاخر چ عەیبە بۆ حکومەتێك و حزبێك و بەرپرسێك نەك لەپشت ئەم خەڵکانەوەبێت، بەڵکو چاوپۆشیان لێ بکات لەژێر هەر ناو و بیانویەکدابێت کە چاوپۆشی لەکەس نەکات و بەرپرسیار بێت باشتر گرانتریان بداتێ.

بەسەرهاتەکە ئاوایە.

رۆژێك شاگردی یەکێك لەو کەبابخانەی کە داخراون دەچێتە لای دکتۆر و دەڵێ؛ دکتۆر قاچم توشی نەخۆشی بووە..

-دکتۆرەکە دەپرسێ کوڕم تۆ چ ئیشێک دەکەی وا توشی ئەم ڤایرۆسە مەترسیدارە بووی.

-ئەڵێ؛ من شاگردی کەبابخانەم و بە قاچ قیمەکە دەشێلین.

بەداخەوە کەبابخانەیەك کە رۆژانە چەندین ملیۆن دیناری ئاوا خستۆتە گیرفانی دەبێ خاوەنی ئەم شوێنە و شوێنەکانی تر چۆن بتوانن ئاوا منداڵ و خێزانەکانیان بژێنن.

دڵنیام خۆشیان بە موسڵمان دەزانن و رەنگە باسی ویژدانت ... لەگەڵدا بکەن.

بەداخەوە کە حکومەت زۆرجار لەبەرئەوەی ئیجرائات ناکات بە بیانووی سیاسی، کۆمەڵایەتی... بەڵام دڵنیام لەم بێ دەنگیەی زەرەر دەکات و خەڵکی بێ سیقە دەبن لەوەی کە کەس دادگایی ناکرێت.

نموونەیەکی تر:

-هاوڕێکەم وتی؛ بزانە تەندەرێکی دەرمان وەربگرە و عیلاقەت نەبێ چ خێرێك دەکەین. کە وتم چۆن، وتی ئیلاقەت نەبێ بەس رێگام بدەن دەرمان بێنم. دەیان دەفتەر خێردەکەم، دواتر .....

چۆن دەرمانی خراپ و ئێکسپایەر ئەدەن بە خەڵك و توشی نەخۆشیان دەکەن.

بەداخەوە زۆرجار دەوترێت هەندێك لە بەرپرسە حزبی و حوکمییەکان لەگەڵ ئەم کەسانە شەریکن..

مەترسیەکە لەوەدایە؛ کاتێك بەرپرسێك شەریك بێت ئیتر دەبێت ئێخەی کێ بگرێ و چۆن بتوانی هەست بەئاسودەیی بکەیت؟

بێگومان لە شارێکی وەکو سلێمانی، کە خەریکە دەبێتە جێگەی مەترسی بۆ دانیشتوانەکەی.

لەمانگێکدا چەندین کەس دەکوژرێن و خۆیان دەکوژن و دەفڕێندرێن... ئایا ئەمانە ئاسایین و دیاردەی شارن، بێگومان نەخێر؟

بەڵکو پێویستە یاسا بەتوندی جێبەجێ بکرێت، ئایا دەکرێت کەسێك دایك و باوکی سەرببڕێ و لێبوردنی بۆ دەربچێت؟

دەکرێت سێ کەس بکوژێ و پۆلیس لەمیدیاکان بڵێ کێشەی کۆمەڵایەتیە و ناتوانین رێگری لەو کارانە بکەین.

لەکوێی دونیاش وەهایە پاساوی نامەنتقی بۆ ئاژاوە و نائارامی کوشتن و دزی و فرۆشتنی موادی خراپ بۆ خەڵکی بهێننەوە...؟

دەبێت خەڵکانی شیاو لە پۆستە حکومیەکان دابنرێن کەجێگەی متمانەی خەڵکن.

لە شارێکی وەکو سلێمانی چەندین فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتی و دامودەزگا هەن خەڵك گیری خواردوە بە دەستیانەوە و ئیش و کاری خەڵکی ناکەن.

(پێچەوانەکەشی راستە خەڵکی زۆر رازین لەچەندین دەزگا و دامەزراوە وەکو قایمقامی ئێستا، پاسپۆرت، فرۆکەخانە، تاپۆ...

کەواتا خەڵك لەکێ رازییە با پشتیوانی لێ بکرێت و لەکێش نارازیە با لای بدەن)
دڵنیام ئەوەی لەکوردستان روودەدات و ئەم ماوەیە لە سلێمانی رویداوە گەر لە وڵاتێکی تر رووبدات بێ سێ  و دوو وەزیری ناوخۆ، بازرگانی... دەست لەکار دەکێشنەوە.
دیسانیش دەیڵێم ئەم هەنگاوانەی قایمقام و پارێزگار بۆ سلێمانی کاری باشن، بەڵام خراپیەکەی لەوەدایە کەسێك ئەوکارە نائینسانیە بکات. بەڵام سێ رۆژ شوێنی کارەکەی دادەخرێت، ئەمە ئیجرائات نیە، بەڵکو دەبێ هەموویان بدرێنە دادگا و لانی کەم شەش مانگ زیندانی بکرێت تا ببێتە پەند و خەڵکی تریش فێربن لێیانەوە ئەگەر قەرارە هەر داخستنی دوکان و شوێنی کاریان بێ بۆ چەند رۆژ دڵنیام کە هاتنەوە سەر کارەکانیان تۆڵەی چەند رۆژ داخستنی دوکانەکانیان لەخەڵکی هەژار دەستێننەوە.
بەداخەوەشم کە دەبیستم کاتێك کۆگایەکی دەرمانی خراپ و ئێکسپایەر  و بەسەرچو یان شوێنێکی تر دادەخرێن. بەشێك لەبەرپرسە حزبی و حکومیەکان تەلەفون دەکەن بۆ لایەنی بەرپرسی کە فڵان کەس برادەرمانە و فڵان کۆگا هی خۆمانە یان...
ئەم کارانە بەشێکە لەتاوانەکە و رێگرتنە لە جێبەجێکردنی یاسا و پشتگیریە لەم خەڵکانەی کە دەستیان داوەتە بێ ویژدانی.
بۆیە دەبێ ئەم هەڵمەتە دژی ئەم خەڵك و کەسانە بەردەوام بێت شەڕێکە دژی گەندەڵی و نەفس نزمی و بێ ویژدانی کە دەیەوێت کۆمەڵگا توشی درمان بکاتەوە..
پێویستی بە پشتیوانی هەموو لایەکە بۆ تەفروتوناکردنی ئەم دیاردە مەترسیدارە و خەڵکە نەفس نزمانە.

## 58
## وەزیر
## چاکەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی دایەوە...!

چەند ڕۆژێـکـە، شـەش کـەس لـە سیاسی و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکانی بەردەم کونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی هەولێرەوە بە بیانووی ئەوەی بەردیان گرتووەتە کونسوڵخانەکە، دەستگیرکراوون، وەزیری ناوخۆش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە دەیاندەنە دادگا.

حەیف وەزیرێك ئاوا قسە بکات لە بەرامبەر برا کوردەکانی ڕۆژهـەڵات، کە ڕۆژانـە بە بەرچاوی جەنابی وەزیـرەوە، ئێران دووان، دە، بیست کورد بە تۆمەتی سیاسەت، عیشق، نووسین... لەسێدارە دەدات، لە جیاتی ئەوەی خۆی بڕۆیشتایەو بە هێمنی قسەیان لەگەڵدا بکات، کەچی هەڕەشەیان لێدەکات تا دڵی ئێران زویر نەبێت، دەیەوێت مەسجێك بدات کە ئەوەتا شەش کەسمان لێ دەستگیرکردوون و دەیاندەینە دادگا.

بۆ چیش...!

تەنها لـەبـەرئـەوەی خۆپیشاندەران بـەردیـان گرتووەتە کونسوڵخانە...

وەکو بەرد گیرابێتە مەککەو مەدینە، یان ماڵی جەنابی وەزیر...

ئەی ئەوانەی دەیان کادری (کۆمەڵە، دیموکرات و خەبات)یان لە هەولێر تیرۆر کردو وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، بۆچی دەستگیر نەکران...؟!

ئەی ئەوانەی بوونەتە هۆی دەرکـردنـی هــەزاران کوردی ڕۆژهەڵات و لە ژیانی گولەمەرگی دا دەژین، بۆ کەس قسەیەکیان لەسەر ناکات...؟!

دیـارە زروف گـۆڕاوە، ئەگەرنا ڕۆژانێك بوو هەم جەنابی وەزیری ناوخۆو هەموو ئەوانەی ئێستا وەزیرو مەسئولن، بە حزبەکانیشیانەوە، لەسەر حاڵ و ماڵی ئەوان، لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەوان خەبات و شۆڕش و هەزاران شتی تریشیان کردو نانی سفرەی منداڵەکانی ئەوانیان دەخواردو پێخەف و سەرینی گەرمی منداڵەکانی ئەوانیان لە خۆیانەوە دەپێچا.

کوردەکانی ڕۆژهــەڵات، جیاواز لە کوردەکانی تر، هەمیشە باوەشی گەرم و میهرەبانیان بۆ کوردەکانی باشوور ئاوەڵا بووە، کەچی ئێستا هەرکامیان دەگریت هەزار گازندەو گلەیی هەیە، گرفتی ژیان و ئیقامەو نیشتەجێبوونی هەیە، کە زۆربەیان پەیوەندی بە وەزارەتەکەی جەنابی وەزیـری ناوخۆوە هەیە، ئەوەش لەولاوە بوەستێت کە هەر ڕۆژەی هاوڕێ و براو ئازیزێکیان بە تۆمەتی کورد بوون لەسێدارە دەدرێت، هەواڵەکانیان دڵیان کون دەکات و تەرمەکانیان بە تابووتی ڕەش بۆ دەنێرێتە بەردەم ماڵەکانیان.

لە بەرامبەر ئەوانەشدا شتێك كە پێیان بكرێت خۆپیشاندان و ئیعتراض و ناڕەزایەتییە، ئەوەشیان پێ ڕەوا نابینن و دەیانخەنە زیندانەوە.

لە جیاتی ئەوەی، حكومەتی هەرێم و یەكێتیی و پارتی و جەنابی وەزیر، پشتیوانی لە داواكانیان بكەن و فشار بخەنە سەر ئێران بۆ دەستهەڵگرتن لەو قەتڵ و عامەی لە ڕۆژهەڵات دەستیداوەتێ، نامەی ناڕەزایەتی بدەنە كونسوڵگەری ئێران و حكومەتی تاران، كە دەستهەڵبگرێت لەو لەسێدارەدانە.

كەچی ئەوە دەبینین و دەبیستین كە جەنابی وەزیـر چی دەڵێت.

هەقی خۆیانە، وەڵا حكومەت و وەزیر، پاداشتی چاكەكانیان دانەوە.

زۆر شەرمە، كوردێك بەو بیانووانە بخرێتە زیندان، بۆیە دەبێت لەژێر هەر بیانوویەكدا، وەزارەتی ناوخۆ ئەم دەستگیركراوانە ئازاد بكات و لێرە بەدواوەش حزبە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵات مشوری خۆیان بخۆن و ئەڵتەرناتیڤێكی تر بدۆزنەوە خەباتی ئۆردوگایی و خەباتی مەدەنی.

## 59
## فشارەکانی سەر کەرکوك و پارێزگار...؟!

"کەرکوك قودسی کوردستانە" چ لە ڕابـردوو و ئێستاو داهاتووش، پیرۆزی ئەم شارە بۆ کورد، هیچ ئاڵوگۆڕێك ناتوانێت ئەو فەلسەفەیە بگۆڕێت.

ئەو بۆچوونە واقیعی نەبوو کە پێیوابوو داکۆکی و پێداگری خوالێخۆشبوو بارزانی لە حەفتاکان و هەڤاڵ مام جەلال و ی.ن.ك لە هەشتاکان لە کەرکوك بۆ خاتری نەوتە.

بێگومان ڕاست نەبوو، بەڵام خۆ ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەیان بیری نەوت لێدراوەو یەدەگی نەوتی هەرێم نزیکەی (45) ملیار بۆشکەیەو وازیشمان لە کەرکوك نەهێناوە، چونکە مەسەلەکە (خاکە) نەك (نەوت).

ئەگەر تاروخانی بەعس لە (2003) بۆچوونێك هەبوو پێیوابوو لە عیراقدا سێ شار زۆر گرنگن (بەغدا) دڵی دەوڵەتە هاوشێوەی ئەنکەرە کە پایتەختی کۆبوونەوەی دامودەزگاکانی حکومەت و سیاسەتی ڕەسمییە، (بەسرە) دەروازەی عیراقە

بۆ سەر دەریا، (کەرکوك) شادەماری ئابووری عیراقە بەهۆی نەوتەکەیەوە.

بەڵام بۆ کورد ئەو تێڕوانینە سەد لە سەد ڕاست نییە، چونکە کورد وەکو شارێکی داگیرکراو، تەبعیس کراو، تەعریب کراو، سەیری کـردووەو هەمیشە داوای گـەڕانـەوەی خاکەکەی کـردووە نەك نەوتەکەی.

لەئێستای عیراقیشدا دەرکەوت کە بەغدا خەریکە دڵی دەوڵەت نامێنێت و بەسرەش بارودۆخی باش نیەو کەرکوکیش ئیتر نابێت تەنها شارێکی نەوتی بۆ بودجە کۆکردنەوەی عیراق سەیربکرێت، چونکە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنە ئەسڵیەکەی.

حاشاهەڵنەگرە کە کەرکوك شارێکی کوردستانە، لەئێستاشدا بە شاری یەکێتی ناسراوە، دوابەدوای دانانی پارێزگاری نوێش، کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)، بارودۆخی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و پێشەوەچوونی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، کە بەقسەی (کورد، عەرەب و تورکمانەکانی) ئەو شارە لە مێژووی ڕابردووی خۆیدا بەخۆیەوە نەبینیووە.

سەرەڕای ئەم شاهیدە واقعیە، هەرکەسێك بچێتە ئەو شارە، ئەم دیفاکتۆیە دەبینێت کە لەم چەند ساڵەدا وا چەند کەرکوك پێشکەوتووە.

کەچی لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی پارێزگار و کارەکانی، سێ کێشە بەرۆکی ئەم شارە داگیرکراوەو پارێزگارە کوردییەی گرتووە.

یـەکـەم: کـــردەوەی تیرۆریستی، تەقینەوەکانی گروپە تیرۆریستییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، کە دڵنیام

هۆکارێکی سەرەکی ئەو پێشکەوتنەیەو دەیانەوێت بەربەست بخەنە بەردەمی و پەکی بخەن، بەڵام ئەوە جگە لەوەی پێویستی بە ئیرادەیەکی گەورەیە، کە هەیە، سەرەڕای پلانی ئەمنی گەورەو هەماهەنگی هێزە جیاوازەکان بۆ شکستی پلانەکانیان.

دووەم: گرفتێکی تر، دواخستنی پڕۆژەکەی هەڤاڵ مام جەلال لەپەرلەمانی عیراق کە داوای گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان دەکات بۆ سەر پێگە جوگرافیەکانی خۆیان، بەڵام لەئێستادا بەتایبەتی تورکمانەکان داوای جیاکردنەوەی پارێزگایەك دەکەن بۆ تورکمانەکان بۆ رێگریکردن لەسەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیەی هەڤاڵ مام جەلال.

سێیەم: لە دوو گرفتەکەی تر خراپترە، بەداخەوە هێرشکردنی هەندێل لە بەرپرسانی (پ.د.ك) ی هاوپەیمان و هەندێك کەناڵی ئەو حزبەیە بۆ سەر د.نەدجمەدین کەریم و پارێزگاری شاری کەرکوك و تۆمەتباری دەکەن بەوەی حزبایەتی دەکات و خراپی بارودۆخەکە هەمیشە دەخەنە ملی ئەو، کە لەڕاستیدا ئەو هێرشە حزبی و ڕاگەیاندنانە لەلایەن هاوپەیمانی یەکێتییەوە، جگە لەوەی دوژمنانی گەلی کوردو شاری کەرکوك سوودی لێدەبینن، کەسی تر سوودمەند نیە، بەڵام دەبێت (پ.د.ك) ئەوە قبوڵبکات کە د.نەجمەدینی پارێزگار، یەکێتی دایناوەو هانگاوی زۆر باشیشی ناوە بۆ پێشکەوتنی شارەکەو زۆربەی خەڵك و نەتەوەکانی ئەو شارە لێی ڕازین، ئیتر بۆچی هێرشی بکرێتەسەر.

خۆ ئەگەر هێرشەکان کاردانەوە بێت سەبارەت بە پێشکەوتنەکان، دواجار خراپە، چونکە گەشەی کەرکوك بۆ کورد باشە، نەك تەنها بۆ پارێزگارو یەکێتی کە هیوادارم وا نەبێت.

بێگومان دڵنیام (ی.ن.ك) ئاگاداری باشی شاری کەرکوکە، بۆیە دەبێت لەوە زیاتر پشتیوانی لە پارێزگارەکەی بکات و ئاگاداری هاوپەیمانەکەشی (پ.د.ك) بکاتەوە.

## 60
## بارزانی لە ئامەدەوە بۆ قەندیل

سەردانەکەی بارزانی بۆ ئامەد، قسەو باسی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی زۆری لەسەرکرا.

سیناریۆکان زۆرن بۆ ئەو سەردانە لە بابەتی ئـەوەی لە سادەترین حاڵەتدا، ئەردۆگان و AKP دەیانەوێت سوود لە پێگەو نفوزی بارزانی وەربگرن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی تورکیا، لە حاڵەتێکی تردا وابەستەیە بەو یەك تێڕوانینەی هەردوولا هەیانە سەبارەت بە رەوشی خۆرئاوای کوردستان و حکومەتی کاتی و PYD، کە تورکیا دژیەتی و، بارزانیش پێیوایە PYD تاك لایەنە دەستیگرتووە بەسەر خۆرئاواداو کارێکی خراپە.

هیچ سەیر نییە کە ئەنقەرە واسەیری هاوکێشەکان بکات و بەدوای دۆستدا بگەڕێت بۆ جڵەوکردنی ئەو کێشەیە، ئەنقەرە هێشتا خەم و خەفەتی قوڵ لە باشووری کوردستان دەخوات، کە نەیتوانی جڵەوی بکات و رێگە لە گەشەکردنی بگرێت، ناچاریش دەبێت دۆستایەتیە تاڵەکەی باشوور، حکومەتی کوردی

و بارزانیش قبوڵبکات و بەڕەسمی بانگهێشتی ئامەدو ئەنقەرەی بکات، چونکە بووەتە دیفاکتۆ.

هاوکات لەپاڵ ئەم قبوڵکردنە تاڵە، ئێستا حکومەتی خۆرئاوای کوردستانیشی هاتووەتەسەر، کە لە باشوور مەترسیدارترە، بەو دەلیلەی ئەگەر باشوور لەژێر کاریگەری پارتی و یەکێتیدایە، کە تا رادەیەك هەردووکیان دۆستی ئەنقەرەن، بەڵام لە خۆرئاوا سیاسەت و ستراتیژو پێگەو نفوزی PKK باڵادەستە کە سەرسەختترین دوژمنی ئەنقەرەیە.

تورکیا لەوە نیگەرانە، خۆرئاوا بەهەمانشێوەی باشوور گەشە بکات کە دەتوانێت ساڵانە بڕی 9,5 ملیار نەوت دەفرۆشێت، (PKK)ش حاکم و داڕێژەرەی سیاسەتەکەی بێت، بۆیە ئەجێندای سەرەکی ئەنقەرە لەگەمە دیبلۆماسیەکانی وەکو داود ئۆغلۆش وتی: "رێگە نادەین سوریا پارچەپارچە بێت".

بۆیە ئەنقەرە دەیەوێت دۆست کۆبکاتەوەو دوژمنەکان بێهێز بکات لە هەمبەر ئەو کەیسە.

کەیسی نەوت و ئاڵوێری بازرگانی خاڵی گرنگ و جێگەی سەرنجە، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە بواری ئابووری بەتایبەتی نەوتدا، کە دوای ئەڵمانیا، ساڵانە زۆرتر ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عیراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە دەگاتە (12) ملیار دۆلار، بە تەواوبوونی بۆری نەوتی هەرێم و تورکیا دەگاتە زیاتر لە (20) ملیار، ئەمەش بۆ تورکیایەکی بێ نەوت گرنگەو یەکێك لە تەوەرەکانی سەردانەکەی بارزانی دەبێت.

ململانێی ناوچەییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە راستەوخۆ پەیوەندی بە هەرێم و بارزانییەوە هەیە، چونکە هەردوولا لەسەر

خاڵێکی هاوبەش و یەکگرتوون کە رووخانی سوریاو ئەسەدەو دژی سیاسەتی تارانیشە.

سەرەڕای ئەوەی پێگەو نفوزی تاران لە ناوچەی زەرد تادێت رۆژ بەڕۆژ لاواز دەبێت و پێگەی ئەنقەرە لەباری سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتی و سەفەریش بەهێز دەبێت، ئەوەش هۆکاری زۆری هەیە، کە رەنگە ئەگەر سادەترین پرسیار بکەین کە رەنگە خەون بێت کۆماری ئیسلامی ئێران رێگا بەوە بدات بارزانی دەستی مەزهەری خالقی بگرێت و بیباتە سنە، بەڵام ئەردۆگان و AKP ئەمەیان کرد.

ئەوەی لەوانە گرنگترە، رۆڵی بارزانی دەبێت لە پرۆسەی ئاشتی باکور لە نێوان PKK و ئەنقەرە، ئەگەر سەربگرێت.

زیاتر لە هەشت مانگە پرۆسەکە دەستیپێکردووە، بەڵام خەریکە پەکیدەکەوێت، جەمیل بایك هەڕەشە دەکات و ئەنقەرە دەیەوێت رەوشەکە بەوشێوەیە بێت و بارزانی دەڵێت: "دە ساڵ ئاشتی لە کاتژمێرێك شەڕ باشترە"، بەڵام ئەگەر قەرارە ئەنقەرە بیەوێت بارزانی رۆڵبگێڕێت لەو کەیسە ئاڵۆزو دژوارەدا، دەبێت گوێ لە بارزانیش بگرێت، واتا کە بارزانی داوا دەکات (8000) ئەندام لە زیندان ئازاد بکە، دەبێت بیکات، کە وەکو مام جەلال و مەلا بەختیارو یەکێتیش هەمیشە ئەمەیان وتووە.

لەوانەش گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر تورکیا بیەوێت هەرێمی کوردستان و بارزانی رۆڵی ئەکتیڤ بگێڕن، دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانن کە ناکرێت لەلایەك دژی خۆرئاوای کوردستان بن، لەلایەکیشەوە داوای پرۆسەی ئاشتی باکور بکات، چونکە ئەنقەرە دەبێت ئەوە بزانێت ئەندازیاری هـەردوو پرۆسەو کەیسەکە

(قەندیلە)، واتا باشترین ئەڵتەرناتیڤ هەنگاونانی بارزانیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قەندیل و ئەوکات هەردوو کەیسەکە هاوشانی یەکتر دەچنە پێش و واش باشە بۆ تەواوکردنی گەشتەکەی بارزانی سەردانی قەندیلیش بکات، چونکە قەندیل لەو دوو کەیسەدا دوایین قسە دەکات، نەك لایەنێکی تر.

## 61
## تێوەگلان لە تۆڕە مافیایەکان

دەبێت حکومەتی سوید ئەم کوردانە دیپۆرت بکاتەوە...؟!

دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، نەترسێت و بڵێت ئەم کوردانە دیپۆرت بکەنەوە...!

ئێستا پرسیارەکە روونە، کام کوردانە دەڵێین...؟

وڵاتی سوید وەکو یەکێك لە وڵاتانی ئەوروپا، زۆرترین کوردی هەرچوار پارچەی گرتووەتە خۆی کە بەشێکی زۆر لە مافە ئینسانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ دابینکردوون.

بەڵام بەداخەوە، ئەگەر لە وڵاتێکی وەکو سوید رەوشی کوردەکان وەربگرین هەندێکیان نموونەی زۆر خراپ و ناشرینیان نیشانداوە، لەچاو نەتەوە رەگەزو کەمینەکانی تری سوید دا.

رەنگە هەندێك لە کوردەکانی دانیشتووی سوید ئەمە بەخراپ بزانن دەرهەق بەخۆیان، بەڵام رەنگە تەنها چەند کەسێك کورد بن کە وابکات ئەوانی تریش توشی ئیحراجی بکات.

لەماوەی رابردوودا لە شاری یۆتۆبۆری لە سوید چەند حاڵەتی نەخوازراو روویداوە، کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی کورد بوون:

یەکەم: لەماوەی چەند ساڵی رابــردوودا بەپێی ئامارەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەوشارە لەکۆی (9) ئافرەت یان ژن کە کوژراون، تەنها (1) ژن لە کوژراوەکان ئەفغانین و باقیەکەی تری کوردن، لەناو کوردەکانیش بەداخەوە هەر هەشتیان کوردی باشوور یان عیراقن و هەمووشیان بەدەستی کەسوکارو مێردو کوڕەکانیان کوژراوون.

هەربۆیە، چەمکی "ناموسپەرستی" و قەتڵی ژنان و بکوژی ژنان لەو شارەو ئەو وڵاتە بەر کورد دەکەوێت.

دووەم: هەر لەم شارەداو دوو کورد، بۆ مامەڵەو بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، بە سوود وەرگرتن لە منداڵانی خوار تەمەنی هــەژدە ساڵی لە کــوردو سویدی و بیانی، کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی ئەم مەوادانە بەم منداڵانە بۆ شارەکانی تر لە پێناو بڕێك پارەو قازانج.

پــاش ئــەوەی دەوڵــەت پێیدەزانێت و ئــەو دوو کەسە دەستگیردەکات کە کورد دەردەچن، پۆلیس ئاگاداری خێزانەکانیان دەکاتەوە کە ئاگاداری منداڵەکانتان بن تا نەکەونە داوی ئەو باندە مافیایانەو گوێش لەو هەڕەشانە مەگرن کە توشی منداڵەکانتان بوون و لەهەرکاتدا پۆلیس ئاگاداربکەنەوە.

لەو هەشت منداڵە کە بۆ ئەوکارانە بەکاربراون تەنها یەك منداڵیان کورد بووە.

سەرۆکی شارەوانی یەکێك لە کۆمۆنەکان کە بەوکارە هەستاوە بۆ رزگارکردنی منداڵەکان لە مەترسی لەلایەن هەر حەوت

بنەماڵەکەی ترەوە سوپاس کراوە وتی: هەرکامیان چەپکێك گوڵی پیرۆزبابییان بۆ ناردم بۆیان نووسیبوم "تۆ مرۆڤێکی زۆر بەسوودی بۆ ئەم کۆمەڵگایە".

بەڵام خێزانە کوردەکە پێیدەڵێن: "بابە بوختان بۆ کوڕەکەی ئێمە دەکەن و کوڕی ئێمە لەشتی وادا نییە".

کە راستییەکەی کوڕەکەی ئەوانیش بەناچاری تووشی ئەو تۆڕە مافیایە بووبوو، بەڵام توانیمان زوو رزگاری بکەین، کەچی بەداخەوە لەناو هەر هەشت خێزانەکەدا، تەنها خێزانە کوردەکە نەك هەر گوڵیان بۆ نەهێنام، بەڵکو کە لەنزیکەوە سەردانی خانەوادەکەیانم کردو چوومە ماڵیان و بەڵگەو حیکایەتەکەم پێوتن، دیسان هەر ئینکاریان کرد، بەڵام دواتر حکومەتی سویدی بەڕەسمی ئاگاداری کردن کە ئەگەر ئەوکارە دووبارەبکەنەوە لەو وڵاتە دەردەکرێن.

حیکایەتەکانی تری کوردەکان لەو وڵاتە زۆرن لە بابەتی کاری رەش و قاچاخچێتی جگەرەو ماددەی هۆشبەر لە گواستنەوەی نەفەر لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا بە قاچاغ، یەکێکی ترە لەکارە نایاساییەکانی کوردەکان.

ئەمانە نموونەی چەند حاڵەتی نەشیاو و خراپی کوردەکانە کە دڵنیام بەتەنها کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خۆیان نابێت، بەڵکو بۆ ناسنامەی کورد بەگشتی خراپە.

## 62
## ڕۆتین و ئەنتی ڕۆتین

بۆ ئەوەی بزانین ڕۆتین چییە؟
ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، ڕۆتین بە یەکێك لە فاکتەرەکانی گەندەڵی دەزانێت.
لە جەنگی سارد دا، کارمەندێکی دەزگایەکی ڕووسیا، کاتێك ئاشکرا بوو کە جاسوسی بۆ ئەمریکا کردووە، لە دادگا دەرکەوت تەنها کارێك کە کردوویەتی ئەوە بووە کاروبارەکانی خەڵکی وڵاتەکەی نەکردووەو پشتگوێی خستووە، تا خەڵکی جارس و بێزار بن.
واتا جاسوسییەکەی بریتی بوو لە "ڕۆتین".
ئەنتی ڕۆتین، ڕێك پێچەوانەی ئەمەیە، کە سیستم و تاك پەنچەرە حکوم دەکات، هەربۆیە لە ئاماری ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەت، وڵاتانی ئەنتی ڕۆتین لە ڕیزی پێشەوەن کە دژی گەندەڵین.
مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەم، دوو حیکایەتی جیاوازە لە ماوەی دوو مانگدا لە هەرێمێك کە ناوی "هەرێمی کوردستانە...!"

حیکایەتی یەکەم:

باجی زانکۆم ونبووە، چوومە بەشەکەم، وتیان بچۆ بۆ بەشی تۆمار، کتابێکیان بۆ کردم بۆ پۆلیس، لەوێوە بۆ دادگا، وەرەوە بۆ پۆلیس، کتابیان بۆ کردمەوە بۆ زانکۆ، چوومەتەوە بەشی تۆمار، لەوێوە بۆ بەشی دروستکردنی پێناس، وەسڵیان بۆ کردم بۆ لای کۆلێژەکەی خۆم، ئینجا لەوێوە جارێکی تر بۆ بەشی پێناس.

ئەمە سێ ڕۆژ هاتووچۆ.

جا ئەگەر پاسپۆرتەکەت ون بکەیت، دەبێت بچیت بۆ بەغداو وای بە حاڵت.

حیکایەتی دووەم:

داوای فیزایەکی ئەڵمانیام کرد لە کونسوڵگەری ئەو وڵاتە لە هەولێر.

ڕۆژی یـەکـەم، لە کاتی خۆیدا چـووم بۆ مەوعیدەکە بۆ مقابەلە، پاش پێدانی فایلەکەم، کارمەندی کونسوڵخانەکە وتی: پاسپۆرتەکەت...؟ بەڵام پێم نەبوو.

- بەسەرهاتی پاسپۆرتەکەم ئاوا بوو، کە هاوڕێکەم دەستی بەسەردا گرتبوو، بەهۆی تێکەڵکردنی بە بابەتێکی ترەوە، نزیکەی یەك مانگ دەستی بەدەستی پێکردم.

کارمەندەکە وتی: گرفت نیە، دوای دوو هەفتەی تر پاسپۆرتەکەت بهێنەو من کارەکانت لەلای خۆمەوە بۆ تەواو دەکەم و بەسەرچاو.

بەڵام پاش دوو هەفتەکە، هاوڕێکەم کە پاسپۆرتەکەی حجز کردبوو، خۆی سەفەری کرد بۆ ئەمەریکاو خستبوویە چەکمەجەی مێزەکەیەوەو قفڵی لێدابوو، منیش و کونسوڵخانەشی مشەوەش کردبوو بەبێ هۆ.

که چوومەوە، خانمەکە لە کونسوڵخانەکە وتی: پاسپۆرتەکەت وەرگرتەوە...؟

- وتم: نەخێر، هاوڕێکەم جارێ سەفەری کـردووەو دەستی بەسەردا گرتووە...!

دیسان وتی: قەیناکا، ئاسایی وەریبگرەو مەیکە بە کێشە.

- وتی: فیزاکەتم تەواوکردووە، ئەمەتا لەناو فایلەکەتدایەو تا ساڵێکی تر هەرکات هاتیت و پاسپۆرتەکەت وەرگرتەوە، بەسەرچاو فیزاکەت بۆ دەخەمە سەر پاسپۆرتەکەت و هیچ گرفت نابێت.

دواجاریش هاوڕێکەم پاسپۆرتە حجز کراوەکەمی بۆ گەڕاندمەوە.

- بەو وەصڵەی خانمی کونسوڵخانە پێیدابووم، چوومەوە پرسگە، چوومەوە ژوورەوە فیزاکەی بۆ خستمە سەر پاسپۆرتەکەم.

دواجــار پێموت: من زۆر سوپاسی حکومەتی ئەڵمانیاو کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر دەکەم و سوپاسی تۆش دەکەم (بە خانمەکە) کە ئەوەندە هاوکاری منت کردو لوتفت نواند بۆ ئەو هەموو ڕێزو ئاسانکارییە، واتا هەموو کارەکانی من لە کونسوڵخانە یەك سەعاتی ویست ئەگەر پاسپۆرتەکەم پێبووایە...!

جا سەیر بکەن، ئەڵمانیا، بۆ منێك کە هاووڵاتی وڵاتەکەی ئەو نیم، فیزاکەم پێدەدات کە لە بازاڕی ڕەش بایی (3000,4000) دۆلارە، بەڵام بە (100) دۆلار، ئەو هەموو کارئاسانی و ڕێزەت لێدەگرێت و هیچ رۆتینێك لەناو ئەو بارەگایەدا نابینیت.

بێگومان لەو کونسوڵخانەیە سیستم و سیستمی یەك پەنجەرەیی و عەدالەت و یەکسانی هەیە، رۆتین نیە، بۆیە بۆ کەسێکی وەکو من کە هاووڵاتی هەرێمی کوردستانم، ئاوا کارەکانم بۆ جێبەجێ دەکرێت.

بەڵام بەهۆی رۆتینی وڵاتەکەمەوە، بۆ باجێکی زانکۆ بۆ منێك کە هاووڵاتی کوردستانم، ئاوا ئەزیەت و زەحمەتت بدەن.

ئەی ئەگەر، بچیتە فەرمانگەیەك فۆڕمی خۆراکت پێنەبێت، یان کارتی زانیاریت پێنەبێت، کارمەندەکە پێت دەڵێت: بڕۆ بابە بڕۆ لە کاتمان مەگرە، فۆڕمەکەت بهێنە.

- خۆ جاری وایە سێ ڕۆژ بۆ ئیمزایەك دەتهێنن و دەتبەن، جاری وایشە ئەو کەسەی ئیشەکەت لایەتی، دە دەقیقە تەلەفۆن دەکات، یان نیو سەعات دەڕوات بۆ نان خواردن، یان میوانی هەیە.

بەکورتی، مەسەلەی رۆتین لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکە تاقەت پروکێنن و زۆر زەحمەت و ماندووکەرە.

تەنانەت هاووڵاتی ئەم وڵاتە وایلێهاتووە ترس دایدەگرێت کە ئیشوکاری دامودەزگایەکی حکومەتی دەبێت.

ئاخر جیاوازی نێوان فەرمانگەکانی هەرێم و کونسوڵخانەی ئەڵمانیا تەنیا ئەوەیە ئەمیان پڕ پڕە لە رۆتین و یان ئەنتی رۆتیین

## 63
## بارزانی کوڕ، چاو لە بارزانی باوك بكات...؟!

ئەوکاتەی کۆماری مهاباد لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە هاوکاری پارچەکانی تر بوو، جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بێ دوودڵی خۆی و هێزەکەی، خۆیان گەیاندە لای پێشەوا قازی محەمەد، وەکو لە مێژووشدا باسکراوە، قازی ڕۆڵی بارزانی بەرز نرخاندووە.

کەچی دوای تێپەڕبوونی حەوت دەیە بەسەر ئەو مێژووەدا، بارزانی کوڕ، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کوڕی بارزانی، هەستناکرێت ئەم میتۆدەی باوکی لە هەمبەر ڕۆژهەڵات وەکو پێویست پاراستبێت، ئەوە لەکاتێکدا بارزانی باوك بەئیمکانیاتی کەم، بەڵام بە ورەیەکی بەرزی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو هەنگاوەی نا.

بارزانی بە چەك و جبەخانەی سادە، بڕیاری داکۆکی لە پێشەوا قازی دا، کەچی ئێستا بارزانی کوڕ، بە ئیمکانیات و دەسەڵاتێکی زۆروزەوەنـــدەوە، کە سـەرۆکـی هەرێمێکی دەوڵەمەندەو بودجەکەی ساڵانە نزیکەی (14-17) ملیار دۆلارەو خاوەنی

سوپایەکی بەهێزو پۆشتەو پەرداخە، کەچی ڕۆژهەڵاتییەکان برسی و تینوون.

ڕەنگە ئەو داوایــە قورسبێت بچێتە مهاباد، بــەڵام لەسەر ڕێبازەکەی باوکی ئاسان و بێ زەحمەتە، تەنها جارێك سەردانی (کۆیە)و (زرگوێز) بکات، دەکرێت دوور لە چاوی میدیاکانیش ئەو سەردانە بکات تا گلەیی نەیەتەسەر.

بەڕێز بارزانی:

دەپرسم...

- ئایا جەنابت مەلەفێکت لا هەیە، ناوی (مەلەفی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان مەلەفی کوردەکانی ئێران و حزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بێت..؟)

- ئایا بەڕێزت، ڕاوێژکاری تایبەتت هەیە، بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی کوردستان؟ وەکو چۆن دەبیستم ڕاوێژکارت بۆ ڕۆژئاوا هەیە؟

- ئایا پەیوەندی بەڕێزت وەکو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندییەکی سیاسی و گەرموگوڕو دۆستانەیە لەگەڵ هێزە حزبە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهــەڵات، کە لانیکەم نوێنەرایەتی زۆرینەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەکەن...؟

من گومانم هەیە ، کە هیچ کام لەمانەت نییە، ڕەنگە هۆکاری سەرقاڵیت بێت..؟

ئەگەر ئەوانەت هەبێت، (هیوادارم من هەڵە بم)، خۆ ئەگەر نیتە، گرنگە لە زووترین کاتدا دەستیان پێبکەیت.

بۆچی بەگومانم..

چونکە، هەرئێستا نزیکەی (5000) کەس لە پێشمەرگەو لایەنگرو دۆستی (هەردوو حزبی "دیموکرات"ەکان، هەر پێنج

"کۆمەڵە"ەکان، هەردوو سازمانی خەبات، هەردوو پارتی ئازادی و یەکێتی شۆڕشگێڕان و پژاك و کۆدار...) لە ئۆردوگاکانی (زڕگوێز، زڕگوێزڵە، کۆیە، قوشتەپە،...)و شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لە خراپترین حاڵ و گوزەران و بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن و بەسەردەبەن، کە هەندێکیان نەك سفرەی خواردنی رۆژانەیان خاڵییە، بەڵکو ناتوانن شیری منداڵە ساواکانیان دابینبکەن، ئەویش بەهۆی نەدانی هاوکاری و یارمەتی حکومەت و لایەنەکان بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگە.

بەڵام خۆت باش دەزانیت لەم هەرێمە پڕ دۆلارو نەوت و سەروەت و سامانەدا، کە سەدان ملیاردێرو ملیۆنێری سێبەرو لەپرتاو ئاسای تێدا دروستبووەو ڤێلاو کۆشکە هەوربڕەکانی بەرپرسانی حزبی و حکومی سەری لە ئاسمانەو رۆژانە بە هەزاران تۆن خۆراك بەهۆی زیادە مەسرەفیەوە فڕێدەدرێت.

لەم هەرێمەدا کە حزبەکەی بەڕێزت و (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یش بە پلەی یەکەم بەرپرسن، مووچەو میزانیە دەدرێت بە گروپ و حزبی وا کە ناتوانێت کورسییەك بهێنێت یان رۆژێك بۆ کورد چۆڕاوگەی گوێسبانانی گوندەکانی کوردستان بە پشت ملیا نەچۆتە خوارەوە...!؟

یان بە تۆمەتی خۆپیشاندان لە هەولێر زیاتر لە دوو مانگ، چەند چالاك و هەڵسووڕاوی گەنجی کوردی خۆرهەڵات خرانە زیندان، وەزیری ناوخۆ هەڕەشەی دادگاییکردنیانی دەکرد، وەکو کەعبەیان بەردباران کردبێت، ئایا جەنابت ئاگاداری؟!

مـاوەی زیاتر لە دوو ساڵە ڕێکخراوی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، داوای لە بەڕێزتان و حکومەت کردووە بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی لە هەولێر، بەڵام بێ هۆکار وەڵامتان پێ نەداونەتەوە...؟!

یان بە هــەزاران لەو کوردانە، کە بیست ساڵە لە باشوور دانیشتوون، خاوەنی ناسنامەو جنسیەو پاسپۆرت نین، لەکاتێکدا هەموو هاووڵاتیەك لە وڵاتی دووەم، بە پێنج ساڵ دەبێتە خاوەنی ناسنامە، ئیقامە، جنسیەو پاسپۆرت، ئایا جەنابت هۆکارەکەی دەزانیت؟!

من دڵنیام بەڕێزتان دەزانن کە سەرمایە، سەروەت و سامانی ئەم هەرێمە، لە هی تۆوە تا هی من، بەش و سەهمی هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵات و حزبەکانیانی پێوەیەو تێدایە، بۆیە نەنگی نییە ئەگەر داوای بکەن و بیاندرێتێ و داوای زۆریشیان نەکردووە، تەنها بۆ تێرکردنی سکی برسیان و بەردەوامبوون لەسەر بەرگری و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان و ئامادە نەبوون بە تەسلیم و کڕنۆش بردن، بۆیە کە نزیکەی شەش مانگە، هاوکاری نەکراوون بەبیانووی نەبوونی بوودجە!، زۆر ناعەدالەتیە ئەگەر بەراوردی باشوریەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان لەوبارەوە بکرێت.

هەمووومان باش ئاگادارین، کە لە کارەساتی هەڵەبجە، کۆڕەوی 1991 و شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و خەباتی پێشمەرگانەی بەڕێزت و پارتی و یەکێتیی، هەمیشە ڕۆژهەڵاتیەکان هاوکاری سەرەکی هەموو لایەك بوون و نانی سفرەی خۆیان و منداڵەکانیان کردووەتە توێشوی پێشمەرگەو هەموو لایەك.

بۆیە ئەرکی سیاسی، نیشتمانی، کوردایەتی، ئینسانی و حزبیشە،

که تا درەنگ نەبووە، بڕیاری دڵسۆزانە بدەن و لەگەڵیان دابنیشەو سەردانیان بکەو گوێیان لێبگرەو بچۆرە ناو ماڵە ساردوسڕو خانووە قوڕو دڵۆپەکردووەکانیان، کە چەندە سادەو ساردن، بەڵام پڕن لە حەماس و شۆڕشگێڕی و سەربەرزی و گەورەیی و چۆك دانەدان.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم، دڵنیام ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت گەورەیی بنوێنیت، هەموو رووداوەکانی رابردوو لەبیر بکەیت و وەکو بارزانی باوك ئەم هەنگاوە بنێیت، بۆ پشتیوانی و یارمەتی کوردەکانی رۆژهەڵات، چونکە هێشتاش درەنگ نەبووە...؟!

## 64
## ئاوازی ناشاز

سەیرە چوار هێزی سیاسی بەیەکەوە راگەیەندراێکی هاوبەش دەردەکـەن، کە گوایە هێزێك هەوڵی ساختەکاری دەدات، یان هەوڵی گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەدات.

ئایا، ئەم هێزە کێیە؟ جگە لە (ی.ن.ك) کە ئەوان ناوی ناهێنن، کە ئەمە بۆ خۆی دوو مانای هەیە:

یەکەم: جورئەتی ئەوە ناکەن ئەم هێزە بە عەلەنی باسبکەن، چونکە دەزانن وانییە.

دووەم: هێشتا خۆشیان دوودڵ و بەگومانن کە ئایا قسەکانیان راستە، یەکێتیی ساختەکاری کردووە...؟

سیناریۆکانی ئەم هێزانە کەشفە، کە چوونەتە ناو بەرەیەکەوە دەیانەوێت وەهم بچێنن و خەڵکی کوردستان چەواشە بکەن لە بەرامبەر بەشداریکردنیان و دەنگەکانیان.

ئـەم هێزانە یەکەم رۆژی هەڵبژاردنیش راگەیاندنێکی هاوشێوەیان دەرکرد، کە قبوڵی ساختەکاری ناکەن.

وەکو ئەوەی بزانن، یان دڵیان خەبەری دابێت کە یەکێتیی براوە دەبێت و دەنگەکانی بۆ ئەوان موعجیزەخوڵقێن دەبێت، ئەگەرنا لە ماوەی مانگێکدا دوو راگەیاندن بە یەك ئاواز، یەك بەرنامە، یەك ناوەڕۆك و یەك سیناریۆ چۆن بڵاودەکەنەوە.

بۆ راگەیاندن و بۆچوونەکانیان چەند خاڵێك گرنگە روونبکرێتەوە بۆ (پارتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو).

یەکەم: ئەوەندەی نەماوە کۆی دەنگەکان لەلایەن کۆمسیۆنەوە بڵاوبکرێتەوە، ئەوکات دەزانـن کە یەکێتیی نەك ساختەکاری نەکردووە، بەڵکو ساختەکاری بەرامبەر کراوە بەپێی فاکت و بەڵگەکان کە دەخرێنەڕوو.

دووەم: هەر چوار هێزەکە ئەوە باش دەزانن کە کێ و کام هێز لە رابردوودا ساختەکاری کردووەو پسپۆڕو شارەزایە لەم کارەدا...؟!

سێیەم: یەکێتیی لە (21-9) کە لە ئەوجی دەسەڵاتدا بوو ئامادەنەبوو ساختەکاری بکات و هەژدە کورسییەکەی بکات بە نۆزدە، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەگەر هێزێك دیموکراسی قبوڵ بێت و هێزی جەماوەری بێت، پاشەکشەکانی هۆکاری زاتی و موزوعی هەیەو سەرکەوتنیش پلان و نەخشەڕێگای هەیەو هەر ئەمەشی کردە مانیفێستی کارکردنی و پاشەکشەی قبوڵەو سەرکەوتنیش رێز لێدەگرێت.

چوارەم: ئەو چوار هێزە ئەوەیان لەبیرچووە کە دەنگەکانی ئەوان کەمیکردووەو تاکە هێزیش کە سیاسیانەو دڵسۆزانەو عەقڵانیانە دەنگەکانی ئەوانی کۆکردووەتەوە، یەکێتییە.

تاکە هێز کە کەمترین هەڵەی کردو زۆرترین هەڵەی ئەوانی قۆستەوەو خاوەنی ئەم دەنگە زۆرانەیە، بەڵام دیـارە ئەوان

نایانەوێت دان بە پاشەکشەی خۆیان بنێن و ئازا نین وەکو یەکێتیی ئیعتراف، پاشەکشە بکەن و هەر چاوەڕێی سەرکەوتن و زیادکردنی دەنگەکانیانن، جا بە قیمەت یان بەهیمەت.

ئاخر جـاری وایـە شتەکان وەکـو ئـەوەی حەز دەکەیت و چاوەڕوانی دەکەیت، وا ناکەوێتەوە، وەکو ئەوەی ئێستا بۆ ئەم هێزانەو بەتایبەتی گۆڕان و پارتی هاتووەتە پێشەوە، کە بە دڵی ئەوان نییە.

پێنجەم: ئەم چوار هێزە لێتێکچووە وا دەزانن هەڵبژاردن تەنها لە سلێمانی کراوەو هەموو رۆژێك راگەیاندنێك دژی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بڵاودەکەنەوە کە ساختە دەکرێت و ساختە کراوەو قبوڵی ناکەین:

یەکەم: دەبێت ئەوە بزانن کە خەڵکی سلێمانی چۆن سزای دان لە (30-4) دا، چونکە دەیزانی ئەم قسەو سیناریۆیانە بەڕێدەخەن، لە ئێستاشدا چیدی خەڵکی سلێمانی نەك هەر قبوڵی ناکەن کە شارەکەیان بە مەبەست ناشرین بکرێت، بەڵکو بە دەرکەوتنی کۆی ئەنجامەکان وەڵامی ئەم بوختان و سیناریۆیانە دەداتەوە.

دووەم: ئەم هێزانە ئەوەیان لەبیرچووە، خۆ یەکێتیی هەر لە سلێمانی لەپێشەوە نییە، بەڵکو لە دهۆك، ئاکرێ، موسڵ، رەواندوز، خەلیفان، هەڵەبجە، سەیدسادق و .. لەپێشەوەیە، لە هەولێر دەنگەکانی بە رێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

دەبێت ئەو هێزانە لە خۆیان بپرسن، ئەی ئەم دەنگانە چۆن زیادیانکرد...؟

ئێستا کورتی و کوردی ئەوەیە، کە بەشێك لەم هێزانە ئەو سیناریۆیانەی دایانڕشتبوو کە یەکێتیی نامێنێت، نەك هەر وا

دەرنەچوو، بەڵکو هەموو بۆچوونەکان و خەونەکانیان قڵپ بووەوەو بردنەوەکەش بەم رێژە بەرچاوە لە هەموو کوردستان و بەتایبەتی لە کەرکوك پەرجوە...، خۆ بۆ ئەوان ناشێت پیرۆزبایی لێبکەن، ناچار تۆمەتی بۆ دروستدەکەن و کەسیش بە پولێکی قەڵب لێیان ناکڕێت.

## 65
## 5000 کوردی رۆژهەڵات لەمەترسیدان

کوردەکانی رۆژهەڵات کە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی ئێرانەوە، لە ئێستادا وەکو ئۆپۆزسیۆن لە باشوری کوردستانن، بەهۆی رێزگرتن لە هەلومەرجی سیاسی باشور و تێکنەچوونی رەوشی سنوورەکان، ماوەیەکی زۆرە دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرتووە (ئەگەرچی زۆر کەس ئەم پاساوە قبوڵناکەن و خەباتی چەکداری و شەڕی گەریلایی بەگرنگ دەزانن).

لە کوردستانی باشور، هێزە سەرەکییەکانی رۆژهەڵات (کۆمەڵەکان، دیموکراتەکان، پژاك و خەبات) چەند هێزی چالاك و لەمێژینەی شۆڕشی خەڵکن لەو پارچەیە.

لە ئێستادا نزیکەی (5000) پێشمەرگەو لایەنگری ئەوان کە لە کامپ و ئۆرگانەکانی کۆیەو زڕگوێزو قەرەداخن، لە هەلومەرجێکی سەختدا ژیان بەسەردەبەن، بەهۆی هەلومەرجی خراپی ژیانی سیاسی و حاڵی ئەو حزبانەوە، بەتایبەتی لە ئێستاداو بۆ ماوەی پێنج مانگە کە هیچ هاوکارییەکیان لە حکومەت وەرنەگرتووە.

نەك هەر بارودۆخیان خراپە، بەڵكو سفرەی خواردنی رۆژانەیان خاڵییەو زۆر لەوانە ناتوانن سكی برسی منداڵەكانیان تێر بكەن.

راستە بەهۆی كێشەو قەیرانەكانی نێوان بەغداو هەولێرەوە، بارودۆخی ئابوری هەرێمی كوردستان و تەنانەت كۆی گشتی خەڵكی رووی لە خراپی كردووە، بەڵام هەرگیز ژیان و گوزەرانی خەڵكی ئێرە وەكـو ئـەوان نییە، چونكە لانیكەم خەڵك لێرە مووچەخۆری حكومەت یان حزبە، یان كارێكی رۆژانەی هەیەو لە شاری خۆیدا دەژی (كە ئێرەش شارو نیشتیمانی ئەوانە).

بەڵام ئەوان نەك هەر لە وڵاتی خۆیان، نیشتمان و زێدی ئەزەلی خۆیان و گوندو كوچەو كۆڵانی خۆیان مەحرومن، ئەوان نەك هەر مووچەخۆری دەوڵەت نین، بەڵكو هەموو ژیانیان لەمەترسیدایە لە بەرامبەر حكومەتەكەیانداو بوون و وجودیشیان لێرە لە تاراوگەو كۆمەڵگاكان، تەنهاو تەنها هەڵوێست و رێبازو هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئیدۆلۆژیەو رەتكردنەوەی قبوڵكردنی سەركوت و ستەم و چەوساندنەوەیە.

تەنها گوناهی ئەوان، شۆڕشگێڕبوون و كوردبوونیانە، ئەوان خۆشیان نكوڵی لەوە ناكەن كە خەڵكی باشورو سلێمانی و هەولێر چەندیان رێز لێگرتوون و نكوڵی لەوە ناكەن كە حكومەت و بەشێك لە حزبەكان كەم و زۆر هاوكارییان كردوون.

بەڵام لە بارودۆخێكی وەكو ئێستادا كە هاتووەتە پێشەوە، دەبێت ئەوان چی بكەن؟ دەبێت پێشمەرگەو خێزان و ژن و منداڵەكانیان چی بكەن؟ دەبێت پەنا بۆ كوێ و بۆ كێ بەرن..؟

جگە لە خەڵكی خۆیان و خەڵكی باشوری كوردستان و حكومەت و حزبەكانی باشور..؟

راستە حزبەکانی باشوریش پێنچ مانگە پارەو بوودجەیان لە حکومەت وەرنەگرتووە، بەڵام حزبەکانی باشور زۆریان پڕۆژەی ئابوری گەورەیان لێرەو لە دەرەوە هەیە، و نەوت دەفرۆشن و رەنگە بتوانن دەیان ساڵی تریش خۆیان بژێنن و هەندێکیشیان تەنانەت لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەشەوە هاوکاریان دەکرێت.

بۆیە جیالەوەی بارودۆخ و ژیانی نێوانی حزبەکانی باشورو رۆژهەڵات بەراورد ناکرێت، بەڵکو بەهەمانشێوە خەڵکی باشورو رۆژهەڵاتیش بەراورد ناکرێت کە بارودۆخی کوردستان لەودیو و لەژێر سایەی دەوڵەتدا چەند خراپەو بژێوی ژیانیان چەندە زەحمەتە، تەنانەت رۆژانە کۆڵبەرو زەحمەتکێشانی سنورەکان لە پێناو ژیانێکی مەمرەو مەژی، دەکەونەبەر پەلامارو دەکوژرێن، رەنگە نەتوانن یارمەتی بۆ کوڕو کچ و منداڵەکانیان لێرە بنێرن.

بۆیە لە ئێستادا، بە پلەی یەکەم، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە هاوکاریان بکات لەم قەیرانەداو لانیکەم دەبێت پـۆزش و داوای لێبوردن بکات کە مـاوەی پێنج مانگە هیچ هاوکارییەکی بۆ دەستەبەر نەکردوون یان وەفدێکی رەسمی حکومی یان حزبی نەچووەتە لایان هۆکاری کێشەو گرفتەکانیان بۆ روونبکاتەوە (جگە لە چەند کەسی کەم لە حزبێك کە بەو ئەرکە هەڵساون).

ئەرکی حزبەکانە بەتایبەتی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کە دەستبەجێ لە سەروەت و سامانی خۆیان کە زۆروزەوەندەو بێگومان بەشێکی هی ئەوانەو دڵنیاشم بەش و سەهمی حزبەکانی رۆژهەڵات و خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتی تێدایە.

ئەرکی سەرمایەدارەکانی باشوری کوردستانە کە لەم بارودۆخەدا بەهانای براکوردەکانەوە بچن، چونکە ئەوان جیالەوەی شۆڕشگێڕن، کـوردن، خاوەنی فکرو ئایدۆلۆژیانی ئینسانین، دڵسۆزانی رۆژهەڵاتن کە هەموو ژیان و تەمەن و ئارەزوو خۆشییەکانیان لەم پێناوەدا بەخت کردووە.

خۆ ئەگەر خەڵکی ئاسایی کوردستانیش ئەم هاوکارییە بکەن، گەورەیی دەنوێنن، چونکە بێگومان وڵاتانی ناوچەکەش ئەم بارودۆخەی ئەوانیان پێخۆشە کە فشاریان لەسەربێت، بۆیە خزمەت و پشتیوانی هاوکاری (5000) هەزار لە پێشمەرگەو خێزان و کەسوکاری منداڵانی کوردەکانی رۆژهەڵات، ئەرکی هەنوکەیی دەستبەجێی هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان و حکومەت و خەڵکی باشووری کوردستان.

چۆن لە رابردوودا ئەم کارەیان بەرامبەر کوردەکانی رۆژئاواش کرد.

## 66
## بۆچی بردمانەوە...؟!
## (1)

دەنگدان بە یەکێتیی وەڵامێك بوو بۆ ئەوکەسانەی دەیانوت "سلێمانی بێ ساحێبە"، کە دەرکەوت بۆچوونەکانیان بێمانایە، دەنگدان بە یەکێتیی وەڵامێك بوو بۆ ئەوانەی وتیان "سلێمانی ئەتك کراوە"، دەنگدان بە یەکێتیی وەڵامێك بوو بۆ ئەوانەی کە دەیانوت "خەندەق لێدان ئاساییە"، دەیانوت "یەکێتیی پاشکۆیە"، دەیانوت "یەکێتی ماوە...؟!"، دەبێت هێزەکانی تر ئەوە بزانن کە یەکێتیی هێزی پەرجووخولقێنە، چونکە هێزێکە نوێنەرایەتی دوو رەهەندو رەوتی سەرەکی دەکات:-

یەکەم: یەکێتیی نوێنەرایەتی گوتاری نیشتمانیی و نەتەوەیی کوردی دەکات.

دووەم: نوێنەرایەتی بەرگری لە چەمك و فەلسەفەی دیموکراسی و ئازادی دەکات.

ئەوەی روویدا لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا، گرنگترین خاڵی ئەوە بوو کە سیناریۆو تێڕوانینەکانی نەیارانی ناوخۆو

دەرەوەی یەکێتیی بەتەواوەتی لێکهەڵوەشاندەوەو دەریخست کە بیرکردنەوەکانیان زۆر کورتبینانەو ناسیاسیانەیە، ئەوانەش کە خۆیان لە بۆسە نابوو، دوای، دوایین شکستی یەکێتیی، دوایین قسەی خۆیان بکەن، ئێستا توشی شۆك بوون و هیچ قسەیەکیان نییە لە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنەدا.

بێگومان زۆر کەس و لایەن، گرەویان لەسەر مەرگی ئەم هێزە کردبوو، بەڵام بە دەیان و هەزار دڵسۆزی ئەم وڵاتەو کادرانی خەمخۆر، بۆ پارێزگاری لە بوون و وجودی ئەم هێزە، کە دەزانن، بەبێ ئەو، ئەم کۆمەڵگەیە هەموو شتێك کە بەدەستیهێناوە، لەدەستیدەدات، کە سادەترینن، ئازادی و مافەکانیەتی.

ئەگەر دیقەتی دەنگەکان بدەین، ئاڵوگۆڕێکی گەورە دەبینین، بەتایبەتی گەڕانەوەی ئەو دەنگانەی کە پێشتر یەکێتیان سزادا، یان زیزبوون لێی و دەنگیان پێنەدا، بەڵام هەرزوو ئەوان لەهەر لایەك باشتر زانیان کە پیلانگێڕییەك و سیناریۆیەك هەیە بۆ شکستپێهێنانی یەکێتیی، بۆیە بەشداری چالاکی ئەوان دەریخست کە دەنگدەری کۆمەڵگەی کوردستان، بەتەنها دەنگ بە حزب و ئایدۆلۆژیایەك نادات، بەڵکو دونیابین و روئیایەکی فراوانتری هەیە، بۆ حزب و هەڵوێستەکانی.

ئەمەش پەیوەندی بە هۆشیاری تاکی کۆمەڵگەکەوە هەیە، کە ئەمە رەنگە سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی دەیانەوێت دەنگدەر، تەنها بیر لە یەك حزب و ئایدۆلۆژیا بکاتەوە، یان دۆگمایانە بڕیاربدات.

ئەزموونی سەرکەوتنەوەی یەکێتیی، هەروەکو پێشوتری پاشەکشەی، ئەزموونێکە لە زۆر وڵاتانی دونیاو کۆمەڵگاکانی تردا

رووبـداوە، کە بەشێکی پەیوەندی بە خوێندنەوەی کۆمەڵگەو هەڵوێستە سیاسییەکانی هەیە بۆ رووداوەکان.

بەڵام لە دەرەوەی ئەوانە، چەند ئەرکێك دەکەوێتە سەرشانی یەکێتیی، کە لە سادەترین حاڵەتدا رێز لە دەنگدانی دەنگدەرانی و دۆست و دڵسۆزانی بگرێت، ئەمەش جیالەوەی کە مافی هەریەك لەوانە چییە وەکو تاك لە کۆمەڵگەدا، کە سادەترین مافی خۆیانە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام لەوانە گرنگتر ئەوەیە کە هەڵەکانی پێشوو هەرگیز نابێت دووبارەبکاتەوە، نابێت هەنگاوە سیاسییەکانی نارۆشن بێت، بەڵکو دەبێت لەبەرچاوگرتنی راوبۆچوونی ئەوان بەهەند وەربگرێت.

دەبێت دوو کێشەی سەرەکی کە ئەم ماوەیە لە هەموو راپرسییەکاندا خاڵی یەکەمینی وەرگرتووەو زۆرترین نارەزایی و گلەیی لای بەشداربووان دروستکردووە، ئەوانیش (گەندەڵی و بێکاری)ـە چارەسەربکرێت.

سادەبوونەوەی یەکێتیی و سەرکردایەتییەکەی لەگەڵ خەڵك و دەرکەوتنی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، چەندە سادەو خاکی بێت، خەڵك لەدەوری کۆدەبێتەوە، پێچەوانەکەشی رێك راستە، کە خەڵك لێی دووردەکەوێتەوە.

مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دڵسۆز لەم وڵاتەدا بەگشتی و لەناو حزبدا بەتایبەتی، واتا چەمکی سزاو پاداشت کە وەك پێویست کاری پێناکرێت.

واتا ئاڵوگۆڕە گەورەکانی ناو هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی بۆ یەکێتیی زۆر زیاتر لەوە دەهێنێت بەتەنها وەکو سەرکەوتن سەیری بکات و تەواوو، نەخێر، بەڵکو پێویستە لەسەر

یەك بەیەکی هۆکارەکانی بوەستێت و لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکرێت، ببێتە ئەزموونێکی بەسوود بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، چونکە، چۆن ئەم دواهەمین هەڵبژاردن نییە، بێگومان دواهەمین پیلانگێڕیش نییە بەدژی ئەم هێزە.

بەڵام رەنگە دواهەمین چانس بێت بۆ پێداچوونەوە بە کارە هەڵەکانی رابردوو سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ئەجێندایەکی روون لەسەر ئاستی هەموو سێکتەرو رووداوەکـان و ئاڵوگۆڕەکاندا، خۆ ئەگەر ئەمکارە بکات، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، یەکەمەو بێ ڕکابەرە.

## 67
## بۆچی بردمانەوە...؟!
## (2)

بەپێی ڕاپرسییەکان، ڕێژەی دەنگدەری دڵسۆزی یەکێتیی لەچاو هەموو حزبەکانی تر جێگیرترە کە (19%)یە، واتا ئەم ڕێژەیە لەم خەڵکە دڵسۆزە، فاکتەری یەکەم و سەرەکی بردنەوەی یەکێتیین، ڕەغمی ئەوەی سەدان گلەییان هەبوو، بەڵام کاتێك زانیان حزبێك کە دەیان ساڵە ڕەنج و ماندووبوونیان لەگەڵ کێشاوەو گەلەکۆمەکییەکی ناوچەیی و ناوخۆیی لەسەرە، وازیانهێنا لە گلەیی و ناڕەزایەتییەکان و بەدەنگی خۆیان شکستیان بەو ئەجێندایە هێنا.

داوای لێبوردنی یەکێتیی لە جەماوەرەکەی بەڕەسمی فاکتەرێکی زۆر گرنگبوو، چونکە ئەم نەك بەتەنها جەماوەر ڕێزیان لێگرت، بەڵکو پرەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی و حزبیشە کە بۆ هەڵەکانی رابردوو داوای لێبوردن بکەیت و بە خەڵکەکەت بڵێ، هەمیشە ئێوە گەورەبوون و پشت و پەنامان بوون، کە هەرواش دەرچوو.

بەو داوای لێبوردنەی یەکێتیی و گەورەیی خەڵکەکەی سەرکەوتن بەدەستهات.

داننان بە پاشەکشەی هەڵبژاردنی پێشوو، فاکتەرێکی تر بوو بۆ سەرکەوتنی ئەمجارەو بردنەوە، چونکە لایەنگرانی یەکێتیی و جەماوەری کوردستانیش لە بەرپرسیاریەتی ئەم هێزە تێگەیشتن، کە چۆن پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەپارێزێت، بەومانایەی لەوە گەیشتووە کە هەڵبژاردن بەتەنها بردنەوە نییە، بەڵکو قبوڵکردنی پاشەکشەشە.

بەڵام دەرکەوت کە یەکێتیی هەردووکیانی قبوڵە، کەچی ئەوە هێزەکانی ترن کە تەنها بە مەرجی سەرکەوتن هەڵبژاردن دەکەن، کە دەیانەوێت ساختەکارییەکی خۆیان بە سەرکەوتنی یەکێتییدا هەڵواسن، یان پاشەکشەی دەنگ و دۆڕانەکەیان کە بەهۆی رێککەوتنی ژێربەژێرەوە بووە، خەڵك و لایەنگرانی قبوڵیان نەبووە بخەنە پاڵ یەکێتیی کە بردویەتییەوە.

راگەیاندنەکەی سالار عەزیز، خاڵێکی جەوهەری و گرنگبوو بۆ هەڵکشانی دەنگەکانی یەکێتیی، بەوهۆیەی بۆ یەکەمجار بوو سەرکردەیەکی کۆنی یەکێتیی و دامەزرێنەرێکی گۆڕان نەك هەر راست و واقیعەتی بزوتنەوەکەی بۆ خەڵك ئاشکراکرد، کە تاکرەوو مەترسیدارەو ئامانجی گۆڕان و گۆڕانکاری نییەو ئامانجی سەرەکی بێهێزکردنی یەکێتییە، بەڵکو رێك بۆچوون و تێڕوانینەکانی یەکێتیی بۆ هەموو لایەکی سەلماند کە یەکێتیی چەند ساڵە خەڵکی لە ئەجێندای دژەکانی یەکێتیی ئاگادارکردەوە.

گەڕانەوەی بانی مارانی و هەڤاڵەکانی، هۆکارێکی تر بوو، نەك لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆریان لەگەڵ بوو کە بەڕێزەوە پێشوازیان

لێکرا، بەڵکو لەبەرئەوەی فاکتێکی تر بوو کە بۆ خەڵکی سەلماند، هەرکەسێك دڵسۆزی ئەم حزبە بێت، ئامادە نییە لەپاڵ هیچ هێزێکی تر بەشداری پیلان و سیناریۆیەك بکات دژە یەکێتیی و مێژووی رابردووی خۆی و شەهیدەکانی.

خاڵێکی تری گرنگی هۆکاری بردنەوەمان، پشتگیری و پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پارچەکانی تر بوو لە حزبە دۆستەکەیان، خۆیان کە هەمیشە داکۆکی لە ماف و ئازادی ئەوان کردووە بەمشێوەیە:

پارتی کرێکارانی کوردستان، وەکو هێزێکی گەورەی باکور، ئەگەرچی راستەوخۆ پشتگیری خۆی دەرنەبڕی، بەڵام ناڕاستەوخۆ کاریگەری دۆست و لایەنگرانی هەبوو، بەتایبەت پارتی چارەسەری کە پشتیوانی لە لیستی یەکێتیی و لیستی نیشتمانیی و نەتەوەیی بکەن.

پارتی یەکێتی دیموکراتی کـوردی سوریاش، بەهەمانشێوە پشتیوانی ئەم لیستەی کرد.

وەکو دوو هێزی نەتەوەیی و وەفایەك بۆ ئەو پشتگیرییەی کە چەند ساڵە یەکێتیی لە خەبات و بەرخودانی ئەوانی کرد، کۆمەڵەکان و حزبی دیموکراتی کوردستان، وەکو هێزێکی نیشتمانی و سۆسیال دیموکرات ناڕاستەوخۆ پشتیوانی ئەم هێزەیان کرد کە کاریگەرە بۆ رۆژهەڵات و پارچەکانی تریش.

حزبی ئاییندەو پارتە بچووکەکانی تری باشور، سـەرەڕای رەخنەکانیان لە یەکێتیی، بـەڵام بەهێزی بێ ئەڵتەرناتیڤی دیموکراسیان زانی، بۆیە پشتیوانیان لێکرد.

باڵی چاکسازی سۆسیالیستی و بەشێك لە کادرانی چەپی حزبی شیوعی، بۆیە پشتیوانیان لە لیستەکەی یەکێتیی کرد، وەکو هێزێکی چەپ و دیموکراتیخواز چاویان لێبوو، سەرەڕای خەمخۆری ئەوان بۆ هێزێك کە چەندە گرنگە لە گۆڕەپانەکەدا هەمیشە لەپێشەوە بێت، ململانێی بکات لەگەڵ هێزی ئۆپۆرتۆنیست و پارێزگارەکان.

هێزە ئیسلامییەکان و هەندێك لە لایەنگرانی یەکگرتوو، پشتیوانیان لە لیستی یەکێتیی لەبەر ئەو خەمخۆرییە مێژووییە بوو بۆ ئازادی کاری حزبی لە ناوچەکەی ئەو، دابینکردنی ئازادی و راگەیاندن، سەرەڕای خوێندنەوەی دینی ئەوان بۆ هێزێك کە گەلەکۆمەکییەکی ناهەقی لەسەرە.

لایەنگرانی گۆڕان بەنهێنی پشتیوانیان لە لیستەکەی یەکێتیی کرد، گەورەییان نواند، چونکە بەوە ئیسپاتیان کرد کە ئەوان ئەگەر لەناو یەکێتییەوە چووبنە ناو گۆڕان، بەڵام کاتێك حزبەکەیان کار بۆ لەناوبردنی مێژووەکەیان و حزبی دوێنێیان دەکات و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزێك دەبەستێت کە ئەوانیش لەگەڵیدا نین.

ئەمانەو زۆر هۆکاری ترو بەشێك لە لایەنگرانی گـۆڕان، هەنگاوێکی گەورەیان نا بۆ پشتیوانی لە لیستی یەکێتیی.

ئەمانەو چەند فاکتەرێکی تر بوون کە بۆچی بردمانەوە.

# 68
# یەکێتی
# هاوپەیمانێتی نوێ...؟!

ئەنجامی پرۆسەی دەنگدانی 30-4-2014 ڕۆڵی (ی.ن.ك) لەناو بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراقدا چی لێدەکات...؟

ئەگەر جاران یەکێتی لە کوردستاندا، ڕەقیبێکی سیاسی خۆڵەمێشی وەکو پارتی هەبووبێت، ئێستا گۆڕانیشی هاتووەتەسەر، بەیەکەوە ڕێککەوتوون، ئەگەر لەسەر هیچ شتێك ڕێك نەبن، (کە ڕێکن)، لەسەر ململانێی یەکێتی گرفتێکیان نییەو پێدەچێت ئەم هاوپەیمانەیە نائاساییە لە عێراقیشدا ڕەنگبداتەوە...

بۆیە دەبێت، وەڵامی (ی.ن.ك) چی بێت، یان چ سیناریۆیەکی هەبێت...؟

کەرکوك، وەکو بەهێزترین شاری کوردستانی لە نێوان هەرێم و ناوەند، دەرکـەوت، کە کوردستانییەو ناسنامەکەشی لەسەر یەکێتی تاپۆیە ئیتر، ئەمەش پێویستی بەوەیە، بەپێچەوانەی سیاسەتی سوننی و هاوپەیمانەکانی و تورکیا، لەگەڵ هێزە شیعی

و دۆستە لەمێژینەکانی ئەم دیفاکتۆیەتیەی کوردستانی کەرکوك یەکلابکاتەوە.

ئەگەر پێویستی بە هاوپەیمانیەتێکی شیعی و ناوچەیش بێت، چونکە ململانێی کورد چ لە ڕووی جوگرافی و خاکەوە، چ لە ڕووی نەتەوەیی و ئیتینەوە، لە شەنگارو موسڵەوە تا دەگات بە کەرکوك و خانەقین، لەگەڵ هێزە سوننییەکانە کە نەك هەر بڕوایان بە سازش و دانوستان نەبووەو نییە لەوپێناوەدا، بەڵکو ئەجێندایەکی سوننی – تورکی کە ئەنکەرە، ئەجێنداسازی بۆ دەکات و خەریکی بەرنامەڕێژییەکی دوژمنکارانەشە بۆ هاندانی هێزو هاوپەیمانە ناوچەییەکانی بۆ هاوکاری تورکمانەکان و دژایەتی کەرکوك و پارێزگارە کوردە یەکێتییەکەی لە ڕێگای هێزی کوردی و عەرەبیشەوە.

لەلایەکی تریشەوە، سەرەڕای ململانێکانی نێوان بەغداو هەولێرو تێوەگلانی یەکێتی لەگەڵ مالیکی، بەڵام هێشتا زۆرینەی هێزە شیعەکان و بەتایبەتی ئەنجومەنی ئیسلامی و تا ڕادەیەك فەزیلەو دەعوەو بەدریش دۆستی نزیکی یەکێتین، ئەگەر ئەوەش بزانین لەم هەڵبژاردنەشدا، نەك هێزە شیعەکان براوە بوون، بەڵکو پاشەکشەیان بە سوننەکان و تێکشکاندنی یەکگرتوویشیان کرد.

ئەگەر ئەوەش بۆ هەموو لایەك ڕوونە کە ئێران، لەپشت ئەم جەمسەرەوەیەو ئەجێنداسازی بۆ دەکات، بۆیە ئاساییە ئەگەر یەکێتی بۆ تێکشکاندنی پیلانی تورکی و گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان و سیاسەتێکی نوێ لە بەغدا بە قازانجی کورد چالاکانە بچێتە ناو ئەو جەمسەرگیرییەوە، کە بەپێی ئاماژەکانیش چ مالیکی و حەکیم و هێزەکانی تریش، ئەمە دەخوازن و

نیگەرانی خۆشیان نەشاردووەتەوە لە نائامادەگی مام جەلال و پاشەکشەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی یەکێتی و ئەجێنداکانی تورکیاو لە ئێستاشدا هاوشانی سەرکەوتن و هەڵسانەوەی یەکێتیی، بەهێزترین هاوپەیمانی شیعی یەکێتی، ئەنجومەنی باڵا سەرکەوتن و هەڵسانەوەی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

لە ئاستی ناوخۆیشدا، دیسان دوو خاڵ زۆر گرنگن، کە دەکرێت وەکو دوو فاکتەری پشت سەرکەوتنەکانی ئەم هەڵبژاردنە چاوی لێبکرێت:

یەکەم: بەردەوامبوون لەسەر فەلسەفەی نیشتمانی و نەتەوەیی کە خۆی لە پشتیوانی هێزەکانی ڕۆژهـەڵات، ڕۆژئـاوا و باکور دەبینێتەوە، خۆی لە دژایەتی خەندەق و دژایەتی شۆڕشی ڕۆژئاوا بەرجەستە دەکات، خۆی لە پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی باکور و پشتیوانی لە PKK و BDP و هاوکاری بەردەوامی هێزە شۆڕشگێڕەکانی خۆرهەڵات دەبینێتەوە.

جیا لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی ترو داکۆکی لە کیانی سەربەخۆ.

دووەم: بـەردەوامـی لەسەر پرەنسیپەکانی پارێزگاری لە ئازادییەکان و فەلسەفەی دیموکراسی و دژایەتی گەندەڵی و ناعەدالەتی و ناشەفافی و دژایەتی هەر کەس و لایەنێك کە دەیەوێت حزب وەسیلەیەك بێت بۆ فۆرمی مافیایی.

## 69

## 22ی نیسان

## ڕێزگرتن لە ڕێنسانسی ڕۆژنامەگەری

ساڵێکی تر تێپەڕدەبێت بەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەریدا، (116) ساڵ پێش ئێستاو لە تاراوگە یەکەم هەنگاوی ڕێنسانسی کوردی لەبواری میدیاو ڕۆشنکردنەوەی بواری روناکبیری و ڕۆشنبیریدا دەستیپێکرد، کە نزیك و هاوشانە لەگەڵ مێژووی ڕۆژنامەگەری وڵاتانی داگیرکاری کوردستان (تورك، فارس و عەرەب) کە لەو سەردەمەدا نەك هەر کوردبوون تاوان بوو، بەڵکو دەرچوونی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی و زمانی دایك، مەحاڵ بوو، هەر بۆیە تورکە عوسمانیەکان پیلانی کوشتنی بەدرخانیان داڕشت و تا دووریخەنەوەو بیترسێنن کە دەست لەوکارە نەدات.

بەڵام بەدرخان، نەك ئەمەی قبوڵنەکرد، بەڵکو ڕەتیکردەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بژی و لە تاراوگەش خەونەکەی هێنایەدی و ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دەرکرد، کە بریتییە لە ڕێنسانسی وشەی کوردی و ڕۆژنامەگەری.

دوابەدوای ئەو مێژووەش تا دەگات بە شۆڕشەکانی گەلی کوردو هەموو مێژوو و ئەدەبیاتی رۆژنامەگەری کوردی و بەتایبەتیش مێژووی نوێ کە لـەدوای راپەڕینی (1991) دەستپێدەکات قەرزارباری ئەم زاتەو ئەم مێژووەیە، کە ئەگەرچی بە ژمارە کەمە، بەڵام لەڕووی مێژوویی، نیشتیمانی، نەتەوەیی و ئەدەبی و کلتوورییەوە رێنسانسێکی گەورەی کوردییە.

دڵنیام ئەگەر ئەو مێژووە نەبوایە، ئێستا خاوەنی رۆژنامەو میدیایەکی وەها چالاك و ئەکتیڤ نەدەبوین، وەکو چۆن ئەگەر خاوەنی شۆڕشەکانی مێژوو نەبوینایە، ئێستا خاوەنی کیان، ئەزموون و خاکی کوردستان نەدەبوین.

دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە لە مێژووی گەلی کورددا هیچ کاتێك رۆژنامەگەری کوردی وەکو ئێستا تەمەنی هێندە درێژ نەبووە، نە لەڕووی چەندایەتییەوە هێندە زۆرو زەوەندو فرە رەنگ و مۆزایك بووە نە لەڕووی چۆنێتییەوە بە پێشکەوتوو چالاك بووە.

کە هەرگیز لە مێژوودا پێشکەوتنی وەهـا چەندایەتی و چۆنایەتی نابینین، کە ئاماژەبێت لە ئازادی و دیموکراسی و فرە رەنگی و بیروبۆچونی ئیتنی، ئایدۆلۆژی، مەزهەبی... کە ئەمانە خاڵی جەوهەری گرنگن بۆ هەرێمی کوردستان لەناو دڵی گرتووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیکتاتۆریەت و ستەم و داپڵۆسین و زمان بڕین.

دورگەیەکە تەواوو جیاوازە لە وڵاتانی دراوسێمان کە سیخناخە بە تۆتالیتاریەت و داخستنی دەلاقەکانی ئـازادی، کوشتن، بێسەروشوێنکردنی رۆژنامەنووسان، نـووسـەران، داخستنی

بەردەوامی رۆژنامەو گۆڤارو tv و رادیۆکان لەلایەن ئەو سیستمە سیاسیانەوە، کە ئاماژەیە بۆ نەبوونی ئازادییەکانی راگەیاندن، عەقیدەو بەیان و ئازادیە شەخسییەکان.

ئەگەرچی ئەمانە ناکاتە ئـەوەی پاساو بۆ چەند حاڵەت بهێنیەوە لە بابەتی کوشتنی چەند رۆژنامەنووسێك لە هەولێر، کەرکوك و گەرمیان، یان سوتاندنی کەناڵێك لە سلێمانی و بادینان، بەڵکو ئەوانە پێش هەمووشت لەڕووی ئەخلاقیاتی پیشەییەوە کارەکەمان دەخەنەژێر پرسیارەوەو هەرێمی کوردستانیش روبەرووی رەخنەو نارەزایەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بۆیە ئێمە کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە ئەفراندن و گەشاوەین، چ گوناهێکی گەورەیە پەنا بۆ ئەم کارانە دەبەین و رێنسانسی بەدرخانیش ناشرین دەکەین و گومان دەخەینە سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی دەبێت ئەوەش بڵێم، کە زۆرجار رۆژنامەنووسانیش بەرپرسیارانە نەجوڵاونەتەوەو مامەڵەی دروستیان لەگەڵ روداوو، روماڵ و هەوڵەکاندا نەکردووەو هەندێکجار بێویژدانانە هاووڵاتیانیان تۆمەتبارکردووە یان بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ کـردون کە بوەتە هۆی خۆکوشتن یان کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ژیانی هاووڵاتیەك یان خێزانێك یان مەزهەبێك، واتا میدیا هەندێکجار سەرچاوەی پشێوی کۆمەڵایەتی بووە، بگرە هەندێکجار دۆخی سیاسی کوردستانی توشی شڵەژان و پێکدادان کردوەتەوە.

بەڵام...

بەڵام ئەمانە هەمووی ناکاتە باجی کوشتنی رۆژنامەنووسێك، یان هاووڵاتیەك، یان سوتاندنی کەناڵی حزبێکی دۆست یان نەیار.

بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کەس رێگا بەخۆی بدات، یان بیر لەوە بکاتەوە رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك دابخات کە (خۆشبەختانە نەکراوە).

بێگومان هەنگاوی زۆرمـان نـاوەو باجی زۆریشمان داوە، سەروەری گەورەمان تۆمارکردوەو قوربانی زۆرو زەوەندیشمان بەخشیووە، زۆرجار قوربانی بوین، تاك جاریش جەلاد بوین، زۆرجار دیموکراسی عەیار بیست و چوار بوین، کەم جارێکیش دەمامکداربوین و چاومان لە دیموکراسی پۆشیوە.

بانگەشەی زۆرمان لە لیبڕالیەت و پلورالیزمی ئازادی، راگەیاندن و ئایینی کردووە، بەڵام جارجار واقیعی خۆمان ئاشکراکردوەو بەرگەی سادەترین رەخنەی نەیاراڼمان نەگرتووە.

کە هەموو ئەوانە دیوی یەکەمی باش و پۆزەتیڤ و دیوی دووەمی خراپ و نێگەتیڤ بووە.

بۆیە دەبێت تەنها بــەردەوام بین لەسەر دیوە جوانەکانی یەکەم و دیوە دووهەمیەکانی ناخمان بکوژین، ئەگەر قەرارە رێزی مرۆڤایەتی، ئینسانیەت، کەرامەت، ئـازادی، ئازادیەکان، رۆژنامەنووسان، نوسەران، ئازادیخوازو میقداد مەدحەت بەدرخان و مێژووەکەی بگرین.

# 70

# دژایەتی کەرکوك، د.نەجمەدین، دژەتیرۆر بۆچی...؟

یەکێتیی و د.نەجمەدین، ئێستا بوونەتە سیمبولی مافەکانی خەڵکی کەرکوك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شـارە، بڕاوەتەوە کە تاکەهێزی شۆڕشگێڕ و خەمخۆری ئەم خەڵکە قوربانیدەرەیە، نەك تەنها بۆ کورد، بەڵکو بۆ پێکهاتە ئیتنی و مەزهەبییەکانی تری ئەو شارەش، نموونەی بە یەکچاو سەیرکردنیانە.

بۆیە جێگەی پرسیارە، کە چەند لایەنێکی کوردی تەنها لەبەر سەرکەوتن و خۆشویستنی، دژایەتی ئەم پارێزگارە بکەن...! لەکاتێکدا چاوەڕواندەکرا ئەمکارە لایەنێکی غەیرە کورد بیکات، بەهۆی ململانێی سیاسی و تائیفەکانی عیراقەوە.

بۆیە ئەم دژایەتییە دوو مانا هەڵدەگرێت:

یەکەم: بۆ دژایـەتـی یەکێتییە، تا هەرچی بکرێت ڕێگە لەو سەرکەوتنە بگرێت کە بەڕێگاوەیە، لەلایەن یەکێتیی و

یەکێتییەکانەوە.

دووەم: بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نەتەوەکانی ترە، کە شارەکە نائارامەو پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە دەنگ بە یەکێتیی نەدەن.

خەڵکی کەرکوك باش دەزانـن، ئەوکاتەی یەکێتیی ڕووبەڕووی هێزی دیجلە بووەوە و دژەتیرۆر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان چووە کەرکوك، ئەم هێزە کوردییانە نەك هەر پشتیوانی یەکێتییان نەکرد، بەڵکو وتیان ئەوانە سیناریۆیە، یەکێتیی دروستیکردووە بۆ مەرامی سیاسی و هەڵبژاردن.

دیقەت بـدەن، ئەم دوو هێزە چۆن ڕێککەوتوون دژایەتی پارێزگاری کەرکوك بکەن، تەنها لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کەرکوك قبوڵیانەو دەنگی پێدەدەن.

خەڵکی کەرکوك ئەوە دەپرسن، بۆچی ئەوکاتەی پارێزگاری پێشووی کەرکوك کەمترین خزمەتی ئەو شارەی کردو ساڵانە بەشێکی بودجەی شارەکەی دەگەڕاندەوە بەغدا، هیچیان قسەیەکیان لەسەر نەدەکردو باسی کەموکوڕییەکانیان نەدەکردو ڕەخنەیان لێ نەبوو دواتریش دەیکەنە ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ کاروباری کەرکوك...؟!

بەڵام، کە د.نەجمەدین نەك هەر پارەی بەغداو پترۆدۆلاری بۆ کەرکوك خەرجکردووە، بگرە پارەی یەکێتیی و حکومەتی هەرێمیش، بۆ خەڵکی ئەو شارە خەرجدەکات، کەرکوکی گەیاندووەتە ئاستێکی باش، ئەگەرچی هێشتا لەئاست خواست و داخوازییەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕ و قوربانیدەری کەرکوکدا نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە دانیشتوان و پێکهاتەکانی کەرکوك لەم پارێزگارە ڕازین.

بەڵام دیقەت بدەن، کە هەردوولا چۆن کەوتوونەتە دژایەتی ئەم پارێزگارە...؟!

چۆن لیستی هاوپەیمانی کوردستانیان هەڵوەشاندەوە، تەنها لەبەر د.نەجمەدین، هەر ئەوکاتەی پارتی لەو لیستە کشایەوە، گۆڕانیش دووەم لیست بوو جێیهێشت، کە دیارە هەر ئەوکات ڕێککەوتبوون یەکهەڵوێست بن لە کەرکوک و دواتر ڕێککەوتنی حکومەتی لێکەوتەوە، واتا پەیوەندی پارتی و گۆڕان، لە کەرکوک و ئەجێندا هاوبەشەکەیان دەرکەوت کە لە لیستەکە کشانەوە، بە واتایەکی تر، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هەرچی هەوڵێکی هاوبەش هەیە بیدەن بۆ دژایەتی یەکێتیی لە کەرکوک و بە واقعیش ئێستا دەیبینن.

هەر لەبەرئەوەشە، گۆڕان لە زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکان کاندید و لیستی نییە، گوایا لەگەڵ پارتی ڕێککەوتوون لە نێوان سلێمانی و ناوچە جێناکۆکەکان دەنگەکانیان ئاڵوگۆڕ پێبکەن.

کەواتا ڕوونە، کە بۆچی ئەم دوو هێزە کەوتوونەتە دژایەتی پارێزگاری کەرکوک، کە تاکە هۆکار جگە لە سەرکەوتوویی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ باشترین کاندیدی یەکێتیی بۆ شارێکی وەکو کەرکوك و خزمەتکردنی ئەو شارە.

لەکاتێکدا، دەبوو هەردوولایان لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی هاوکاری پارێزگاریان بکردایە، چونکە لە کەرکوك، کێشەی کورد تەنها کێشەو ململانێی دەنگ و هەڵبژاردن نییە، بەڵکو کێشەی خاك و نیشتمانە، کێشەی ململانێیە لەگەڵ بەشێك لە هێزە عەرەبەکان کە پێیوایە هێشتا کەرکوك، کوردستان نییە،

کێشەی نائارامکردن و تیرۆر و تێکدانی شارەکەیە لەلایەن گروپە تیرۆریستەکانەوە، خۆ ئەگەر دژەتیرۆری یەکێتیی نەبێت، ڕێژەی تاوان و کردەوە تیرۆریستییەکان زۆر ڕوو لە زیادبوون دەکات، بەڵام هەر هەنگاوێکی دژەتیرۆرو هەڵوەشاندنەوەی زۆربەی پیلانەکانی تیرۆریستان لەلایەن ئەم هێزەوە لە کەرکوك، هەردوولا نەك پشتیوانیان نەکردو دڵسۆزانە سەیریان نەکرد، بەڵکو ئەوانەیان بە سیناریۆ دانا، کە هەردوولایان لە هەموو لایەنەکانی تر، ڕۆڵ و کاریگەری دژەتیرۆرو کارەکانی لە هەموو کەس باشتر دەزانن، بەڵام لە هەموو کەس باشتر دژایەتیان کرد.

## 71
## پیلانگێڕییەک لەڕێدایە دژی یەکێتی؟

پارتی بۆچی ڕێگا دەدات، دانای ئەحمەد مەجید راکردوو لە یاسا لە فڕۆکەخانەی هەولێر، لە هۆڵی (VIP) بە ئاگاداری پارێزگار دابەزێت و لێبوردنی تایبەتی بۆدەربچێت...؟

پارتی بۆچی ئەو سیناریۆیانە بڵاودەکاتەوە لە راگەیاندنەکانیەوە کە بەدڵی گۆڕانەو دژایەتی یەکێتی دەکات، بەوەی ئەو بەشە پۆستانەی یەکێتی داوایکردووە دەیبەخشێتە گۆڕان...؟

گۆڕان بۆچی وازی لەو دەنگە هێنا، کە بارزانی دیکتاتۆرە؟ سەرۆکی هەرێمی ماوەبەسەرچووە، بوەتە دیفاکتۆ نەوشیروان مستەفا زووزوو دەچێتە سەردانی و باس لەوەشدەکرێت چووبێتە سەر گۆڕی بارزانی؟

گۆڕان بۆچی پێداگری دەکات لەسەر ئەو پۆستانەی کە یەکێتی داوایکردووەو ناچێت بەلای بەشە پۆستەکانی پارتی دا...؟

گۆڕان بۆچی هۆکارەکانی و گرفتەکانی نەبوونی بودجەو موچە باسناکات کە دەزانێت ئەم گرفتە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت کە

پەیوەندی بە چ سیاسەت و بۆچونێکەوە هەیە.

راگەیاندنی حکومەتێکی وەهمی لەلایەن گۆڕان و پارتیەوە کە هەردووکیان بە یەك ریتم و ئاواز بۆی هەڵدەپەڕن، کە نەك یەکێتی، هیچ کەس ناتوانێت باوەڕی پێبکات بۆچییە ئەگەر مەبەست و نیەتێکی خراپی لەپشتەوە نییە.

خەڵکی کوردستان وەڵامی ئەوەیان وەرگرتووە، کە گۆڕان بۆچی شەش مانگە قڕوقەپی کـردووە دژی پارتی و وازی لەو هەموو هێرشانە هێناوە بەخاتری ئەوەی دڵی پارتی رازیبکات تا نەرمی بنوێنێت بەرامبەری بۆ پۆستە حکومییەکان؟

خەڵکی کوردستان دەزانـن ئەوەی کە گۆڕان دەیوت یەکێتی پاشکۆیە، ئێستا تەنازولی گەورە دەکات بۆ پارتی تەنها بەخاتری ئەوەی خۆی وەکو هێزی دووەم نیشانبدات تا پارتی قبوڵی بکات؟

خەڵکی کوردستان دەزانـن سڕی ئەوە چییە کە گۆڕان بۆ لە دروستکردنی لیستی کەرکوك کێشایەوە..... وەکو پارتی کەوتوەتە دژایەتی پارێزگاری ئەو شارەو یەك ئەجێندایان هەیە.

خێرە گۆڕان لە ناوچە...... پارتی لە بادینان و موسڵ کاندیدی نییە.

وەڵامی هەموو ئەوانە روونە کە پیلانگێڕییەک دژی یەکێتی لەئارادایە بەوەی کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە شەڕ بکەن بە میدیای چەواشەشەوە ئەوە لە خەڵك بگەیەنین کە پارتی و گۆڕان دوو بە دوو حکومەت پێکدێنن و پارتیش بەمە دەیەوێت بە خەڵکی بڵێت بەهۆی پۆست و ئیمتیازی نەوت و ئیمتیازی تر، گۆڕانی وەها قایلکردووە، ئەو هاوکێشەیە راست نەبوو کە خەڵك دەیوت گۆڕان هەرگیز ئامادەنییە تەنازول بۆ پارتی بکات یان شەڕی بارزانی بکات.

چونکە ئەوە راستە کە گۆڕان ئامادەیە پەنا بۆ شەیتانیش بەرێت، تەنها لە پێناو شکستی یەکێتیدا، وەکو چۆن هەموو نارەزایەتییەکانی چوار ساڵی رابردووی خۆی دژی حکومەت و هەرێم، دەرکەوت بۆ دژایەتی یەکێتی بووە نەك یەکێتی و پارتی.

یەکێتی باش لەوە تێدەگات ئەم یاریکردنە چۆن و لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام دەبێت لایەنەکانی ئەم پیلانگێرییە ئـەوەش بزانن ئەگەر یەکێتی ئەڵتەرناتیڤی تری گرتەبەر بۆ سەلماندنی راستگۆیی خۆی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانگێڕییە کە دژی دارێژراوە؟

چونکە پارتی و گۆڕان و هێزە نەیارەکانی ناوخۆیی و ناوچەیش باش ئەوە دەزانن کە یەکێتی هێشتا یاریکەرێکی باشە لە کوردستان و ناوچەکەو دەتوانێت یارییکات و کارتەکانی بەکاربهێنێت، چونکە ئەگەر پێشتر هەندێك لەوکارتانەی بەکاربهێنایە بێگومان ئێستا ئەم هێزانە توانای پیلانگێڕیان نەدەبوو، بەڵام کە نەیکردووە بۆ خاتری بارودۆخی سیاسی و یەکڕیزی نیشتیمان بووە؟

ئەگەرنا دەتوانێت سیناریۆکانی ئەو پیلانگێڕیانە قڵپبکاتەوە.

جیالەوانەش، نە پارتی و نە گۆڕان ناتوانن حکومەتێك پێکبێنن لەوشێوەیەی کە بەرنامەیان بۆ دارشتووە، یان بیریان لێکردووەتەوە کە یەکێتی بچووك بکەنەوە.

یان خۆیان بڕیار لەسەر حکومەت بدەن، چونکە دەزانن یەکێتی چ هێزێکی کاریگەرەو چ هێزێکە بۆ تێکشکاندنی پیلانگێڕیەکان کە دژی دەکرێن.

## 72
## ئەوەی گۆڕاوە، گۆڕانە

سەرئەنجام ئـەوەی ئێمە دەمـانـوت و چاوەڕوانمانکردو گۆڕانەکان بیریان لێ نەکردبووەوە، سەرکردایەتی گۆڕان بەبێ گوێدانە خواستی لایەنگرانی کە چەند ساڵە سەرمەستی کردبوون، بەدژی دەسەڵاتی پارتی و سەرۆکی هەرێمی ماوەبەسەرچوو، حکومەتی گەندەڵ بە تەنها لەبەر خواست و بەرژەوەندی باڵی بەرژەوەندخوازی ناو گۆڕان، گوێیان لە هەمووی خەواندو ئەوەی مەبەستیانبوو، کردیان.

بیریان چوو، ئەو چوار ساڵە ماشێنی ڕاگەیاندنی ئەوان بە دژایەتی پارتی و حکومەت، خەڵکی چەواشە دەکات و وەزارەتی نەوتی بە ناشەفاف و دز، ناوزەد دەکرد، کە کەیسی نەوت شەفاف نییەو، وەزیری نەوت، وەزارەتەکەی لە جانتاکەیداو کەس نازانێت چەند گرێبەستی کردووەو چەندی شیرینی ئەو گرێبەستانەی وەرگرتووەو کەس نازانێت پارەکەی بۆ کوێ دەبەن...؟!

بەڵام بینیتان، گۆڕان بۆ مزایەدەش داوای ئەم وەزارەتە گرنگەی

نەکرد، بەڵکو باسی بریکارەکەشی لە پارتی نەکرد.

لە وەرگرتنی وەزارەتەکانی تریش، گۆڕان ئەوەی چوارساڵە بە پلەی یەکەم ڕەخنەی لێی هەیە، وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانن، کە کارەبا نییە، ئاو نییە، شارەوانی خراپە، ئەی خەڵکی گۆڕان لە سەرکردە بەرژەوەندیخوازەکانیان ناپرسێت، بۆچی، بەلای ئەم وەزارەتانەدا نەچوون، چونکە میزانیەو بودجەکەیان کەمە..؟ فەرمانبەر و بەڕێوەبەریان کەمە؟ یان وەزارەتی پڕ ئیمتیاز نین...؟!

یان دەیانەوێت بڵێن، دەمانەوێت هێزی پێشمەرگە بکەینە نیشتمانی، خۆ خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هێشتا قسەکانی ئەوانیان بیرنەچووەتەوە کە بە پێشمەرگەیان دەوت "میلیشیا"، ناردنی هێزی پێشمەرگەیان بۆ کەرکوك بە "سیناریۆ" ناودەبرد، ئەی بۆچی وەزارەتی پێشمەرگەیان وەرگرت، کە دیارە دەیانەوێت گۆڕانە، مۆدێرنە بێ چەکەکەیان، چەکدار بکەن و خۆیان ئامادە بکەن لە هێزی مەدەنییەوە ببنە هێزی چەکدار.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئێستا کە لەگەڵ پارتی ڕێککەوتوون لەسەر حکومەت، بـەڵام دەیانەوێت باڵی بەرژەوەندیخواز، وەزارەتەکان وەربگرن، کێشەیان بۆ دروستبووە، ناچار ئەوەیان بڵاوکردەوە کە (500) پۆست وەردەگرن، با زیزبووەکانیان سیڤی پڕبکەنەوە بۆ پۆستەکانی خوارەوە.

ئەم ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە گۆڕان لەگەڵ پارتی لەسەر پۆستەکانی خـوارەوەش ڕێککەوتووە، بـەڵام پێی ئاسایی نەبووە کە باسی بکات، چونکە دەزانێت کە لەم کارەدا چەند ئیحراج بوو بەرامبەر خەڵکەکەی، بەتایبەتی ئەو باڵەی کە هەموو چوار ساڵی ڕابردوویان بە دژایەتی یەکێتیی و پارتی بردووەتەسەر و خەڵکیان بۆ جۆشداوە،

ئێستا چۆن وەڵام دەدەنەوە، بە خەڵکی خۆیان، بەخەڵکی کوردستان، کە ئەوە چی ڕوویداوە، گۆڕان وا سەدو هەشتا بایانداوەتەوە، ئایا پارتی هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە؟ کە بێگومان نەخێر، بەڵام ئەوەی کە گۆڕاوە تەنها گۆڕانە...؟

تەنانەت لە شارێکی وەکو کەرکوکیش، ڕێك تێکەڵی ئەو ئەجێندایە بووەو کاری بۆ دەکات کە دژی پارێزگاری ئەو شارە بەڕێوەدەچێت.

ئێستا ڕوونە کە گۆڕان لەپاڵ ئەو ئەجێندایەدایە کە تورکیا لە ناوچەکە بەڕێوەی دەبات لە (نەوت، دژایەتی کوردەکانی باکور و ڕۆژئاوا)، ئەوە هیچ کە پێشتر هەڵوێستی خۆیان دژی کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەربڕی و دژایەتیان کردن.

بۆیە گۆڕان، باجی ئەم بادانەوەیە دەدات، چونکە لایەنگرانی گۆڕان ئێستا تێگەیشتن کە چەند ساڵە چەواشەیان کردوون کە خۆیان بە تەنها دەسەڵات دەگرنە دەست، کەچی دەرکەوت کە گۆڕان ڕازی بووە هەموو شتێك لەگەڵ پارتی بکات بۆ دژایەتی یەکێتیی.

ڕازی بووە دەست لە یەکگرتوویی هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵیش هەڵبگرێت کە بە سەریدا سەپێنرابوو ئەمکارە بکات.

ڕازیبووە، ئیتر باسی نەوت، میلیشیا، دیکتاتۆر، چەمکی ماوەبەسەرچوو، حەڤدەی شوبات و گەندەڵی نەکات، بۆیە گۆڕان بزانێت یان نا، باجی ئەم بادانەوەو سیاسەتە چەواشەکارییانە دەدات، دڵنیام لایەنگرانی سزای دەدەن و دەنگی پێ نادەن.

## 73
## قەیرانەکانی تەشکیلکردنی حکومەت

تەشکیلکردنی کابینەی هەشتەمی هەرێمی کوردستان قورسترین، دژوارترین و پڕ گفتوگۆترین کابینە دەبێت، بە کابینەکانی پێش و دوای شەڕی ناوخۆشەوە، هۆکارەکەشی گۆڕینی پێکهاتەی هێزە سیاسییەکان و ژمارەی هێزو کورسییەکانە، کە بێگومان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، کە لە باشترین حاڵدا، دروستبوونی هێزی سیاسی نوێیە، کە زادەی واقیعیەتی دیموکراسیەتە لە هەرێمدا، وا دەکات هێزو دەنگ و ڕەنگ و بۆچوونی جیاواز لەخۆبگرێت، کە نوێنەرایەتی چین و توێژی جیاواز دەکات.

لایەنە نێگەتیڤەکانیش وا دەبینرێت کە بەئاسانی و بەزوویی هێزە سیاسییەکان نەگەنە قەناعەت بۆ تەشکیلکردنی حکومەت، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە ئەگەر پرۆسەی سیاسی، ئیداری و خزمەتگوزاری پەکنەخات...! کە یەکێکە لە ئاماژە مەترسیدارەکان.

ئایا، پارتی، ئامادەیە، پۆستی سەرۆکی هەرێم سەرلەنوێ داخڵی دیالۆگی تەشکیلکردنی حکومەت بکات، وەکو ئۆپۆزسیۆن یان

گۆڕان دەیڵێن؟

ئایا، گۆڕان ئامادەیە، ئەگەر پرس و خواست و پۆستەکانی تەشکیلکردنی حکومەتی پێ باش نەبوو، وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی مەدەنی و نەرمتر لە پێشوو بەردەوام بێت...؟!

ئایا، یەکێتیی، ئامادەگی هەیە بەشداری حکومەتێك بکات کە دەورو نەقشی سەرەکی تێدا نەبێت، خۆ ئەگەر بەشداریش نەبێت و لایەنێکی سەرەکی نەبێت، حکومەت ئیفلیج دەبێت و هەرگیز ئەکتیڤ و سەرکەوتوو نابێت...؟!

خاڵێکی تری گرنگ هەیە، کە ناکۆکی نێوان پارتی و ئۆپۆزسیۆنەو ڕەنگە قەیران بەدوای خۆیدا بهێنێت.

پێدانی پۆست و وەزارەتە بە حزبە سیاسییە بچووکەکان، کە بە لایەنگری پارتی ناودەبرێن لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوەو تەئکید لەوە دەکەن و دەڵێن: تەشکیلکردنی حکومەت دەبێت تەنها لە نێوان پێنج هێزە سەرەکییەکەدا بێت و کەسی تر، بەڵام ڕەنگە ئەم سیناریۆیە سەرنەگرێت.

خاڵێکی تر کە پەشێوی دروستدەکات، وەزارەتە سیادیەکان و گرنگەکانن، لەناویاندا وەزارەتی نەوتە، ئایا پارتی وەکو هێزی یەکەمی براوە ئامادەیە ڕادەستی یەکێتی یان گۆڕانی بکات، بەدوای ئەویشدا، دوورنیە کێشە لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە، دارایی، ناوخۆ... دروست نەبێت...!

لەوانەش زیاتر، هەر هێزەی کۆی پلەو پۆستەکانی وەزارەت وەردەگرێت، واتا کۆی هەیکەلی وەزارەت لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان تەنها وەزیر، کە ئەمەش خاڵی ناکۆکی نێوان ئۆپۆزسیۆن و پارتییە.

کاریگەری و بەرژەوەندی وڵاتانی جیهانی و ناوچەیی، بێگومان ڕۆڵیان هەیە لە تەشکیلکردنی حکومەتدا، بەتایبەتی کە هەرێم بووەتە بەشێك لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە، قەیرانەکانی عێراق، سوریا، تورکیا، ئێرانیش کاریگەری لەسەر هەرێم هەیەو بەپێچەوانەشەوە.

ئەوانە هەمووی سیناریۆن لەپێش تەشکیلکردنی کابینەی هەشتەمی پڕ کێشەو درەنگ وەختدا.

بەڵام دوو سیناریۆ لەبەرچاوترین سیناریۆی تەشکیلکردنی کابینەکەن کە زۆر گرنگن:

یەکەم: باشترین کابینە، ئەوەیە کە هەر پێنج هێزەکە بەشداری تێدا بکەن وەکو یەك تیم و خۆیان لەو قەیرانە دەرباز بکەن.

دووەم: خراپترین کابینەش، ئـەوە دەبێت ئەگەر ی.ن.ك بەشداری تێدا نەکات.

ئەگەر ئەمەش ڕوویـدا، هەرگیز کابینەی هەشتەم تەشکیل نابێت...؟!

## 74
## ئەردۆگان دەیەوێت شوێن پێی ئۆزال هەڵگرێت!

سەبارەت بە پرۆسەکە دەبێت بڵێم، ئایا ئەوەی مارکس وتی ڕاستە " کە مێژوو دوجار دوبارە دەبێتەوە، جارێك کۆمیدی و جارێك تراژیدی"

ئەردۆگان دەیەوێت هەنگاوەکانی ئۆزال دووبارەو تەواو بکات یان وەکو بڵند ئەجەوید رەفتار بکات، یان دەیەوێت پەکەکە بەدەردی پڵنگەکانی تامیلی سریلانکا بەرێت.....؟

ئۆباما کاتێك پشتیوانی خۆی لە پرۆسەی دیالۆگی (ئەنکەرە_ئیمراڵی) دەردەبڕێت، دەیەوێت ئۆجەلان وەکو ماندێلا چاوی لێبکرێت و لەگەڵ ئەردۆگان خەڵاتی نۆبڵ وەربگرن، یان وەکو تامیلەکان بەدبەختیان بکات..؟

خالید عەدوانی سەرۆکی پارێزگای دیاربەکری (AKP) دەڵێ: (زمانێك کە (15) ملیۆن کەس قسەی پێ دەکەن و ناتوانین گاڵتەی پێ بکەین، بۆ ئەوانەی لە چیاکان گیان لەدەست دەدەن، نەگرین، مرۆڤ نین) عەدوان دەڵێ: (ئەمە بۆچوونی (رەجەب گۆڤەن)

ی سەرۆکی ئاسایشی شاری دیاربەکرەو لەسەری دادگایی کراو ومنیش پشتیوانی لە بۆچوونەکەی دەکەم...!

حزبێك کە (30) ساڵ خەبات بکات و (12000) هەزار شەهیدی دابێت و، زیاتر لە (4000) هەزار گوندی بەهۆی شۆڕشەکەیەوە خاپوور کرابن، گەلێك کە پێیبوترێت تورکی شاخاوی و داوای مافەکانی بکات و قەتڵو عام بکرێت، ژن و مێرد نەتوانن لەسەر جێگاش بەزمانی کوردی قسە بکەن، تا ئەم حزبە دێت و دەبێتە فریاد ڕەس بۆیان، کامەیە گوناهە و غەدرێك کە کراوە و دەبێ ملی قوربانی لە موو باریکتربێت بۆ داگیرکەر، تەنها لەبەر ئەوەی وتیان و دەڵێن کوردین.

سەرۆکی حزبەکە (14) ساڵ لە زیندانێکی تاکەکەسی، پاش گەلەکۆمەکیەکی نێودەوڵەتی وەکو دیاری بدرێـتەوە دوژمنەکەی، ئێستاش لەزیندان لەوماوەیەدا (2300) کتێب بخوێنێتەوە و لەمێژووی شۆڕشەکەشی دا (100) کەس لە (کورد، تورك، رووسی، یۆنانی) خۆیان سوتاندبێت لەپێناویدا.

ئەم حزبەو ئەم سەرۆکە کاتی ئەوە نەهاتووە، بە مەنتقی دیالۆگی لەگەڵ بکرێت...! یان هەروەکو جـاران دەیانەوێت خەریکی پیلان و لەناوبردنیان بن.

ئایا تورکیا هێشتا لەسەر ئەو بڕوایەیە کورد لە تورکیا دەتوانن هەموو شت بن......! بە ئۆجەلان و پەکەکەشەوە، دەتوانن وەزیرو سەرۆك کۆماریش بن.....! بەڵام هەرگیز ناتوانن کوردبن...! ئایا تورکیا هەر لەسەر ئەم فەلسەفە شۆڤێنیە کاردەکات......!

یان دەتوانن لەزیندان نەبن و وەزیربن و کوردیش بن، خۆ گەر ئەمەی دووەمیان بێت، بێکێشە نییە و ئاریشەشی لەرێگادایە.

بەڵام تونێلەکە ئارامی دەگەیەنێتە مەنزڵو خوا بەچاکەی خۆی ڕەحم بە ئەردۆگان دەکات.

من نازانم ئەردۆگان یان دیکلێرك کامیان زۆرتـر و زیاتر جینایەتیان بەرامبەر (دوژمنەکانیان_ بەقسەی خۆیان) ئەنجامداوە، بەڵام دەزانم کوردەکان و سەرۆکەکەیان زۆر لە ماندێلا زیاتر و ڕەشپێستەکان قوربانیان داوەو مێژوو خواکەشیان غەدری لێکردوون.

ئـەردۆگـان دەتـوانـێ زیندانیەك کە ئەجەوید شانازی بە دەستگیرکردنیەوە دەکـرد ئـازاد بکات، ئەمەش کۆتایی گرێ کوێرەکەو سەرەتاییی چارەسەرکردنی کێشەکەیە، کە بەدرێژایی مێژوو هەبووەو بێچارەسەر هەردەمێنێ.

ئەنکەرە پێشتر دەیوت ئەمانە دزو جەردەن، بەکرێ گیراوی وڵاتانی دراوسێن و مافیان، دەیـوت زوو لەناویان دەبەین، جەنەراڵەکانیان کە خێریان لە شەڕدایە هەمیشە تورکەکانیان لەم بەهار بۆ ئەو بەهار بەخەیاڵی لەناوبردنی پەکەکە مەست دەکرد، کەچی پاش (30) ساڵ ئەم هێزە بوونە خاوەنی (10000) هەزار گەریلا لە شاخ، (12000) هەزار شەهید، (36) ئەندام پەرلەمان لە تورکیا، نزیکەی (100) سەرۆك شارەوانی، (6) کەناڵی ئاسمانی، (3) ملیۆن دەنگدەری ناوخۆ و (3) ملیۆن پشتیوانی هەندەران، پەرلەمانێکی کوردی لە تاراوگە و (550) ملیۆن یۆرۆ داهاتی ساڵانەیەتی، بێگومان ئەم ژمارەو ئەم سەرکەوتنانە بە ئاسانی وەدی نەهاتوون و بێ ئیمان و باوەڕیش هەرگیز نەدەکران و ناکرێت، کە کراویشن پاشەکشەیان لە ئیمکان نەهاتووە.

بۆیە لە ئێستادا گرنگ نییە کێ و چەندکەس دەچنە ئیمڕالی بۆ

دیداری ئۆجەلان، چونکە ئەمە هێشتا قۆناغی زۆر سادەو ساکارو سەرەتایین، واش باشە خاوەن قسەکان بچن نەك رێگا لە دەمیرتاش بگیرێ، چونکە دواتریش تورکیا دەبێ ئەوە بزانێ هێشتا دیداری قەرەیڵان یان قەندیلیش ماوە، چونکە قەندیل دوای ئۆجەلان دووەم قسە دەکات. سەردانی سێ ئەندام پەرلەمانی (BDP) بەخواستی ئەنکەرە یاریەکی سادەیەوە دانوستانێکی ساردو سڕە، دەکرێ چاوەرێ بین بزانین ئەردۆگان دەیەوێت تورکت ئۆزال بێت یان ئەجەویدێکی تر.

## 75
## ئەڵتەرناتیڤی ئەو بارودۆخە...؟

بۆچی عیراق بـووە مەیدانی سەرلەنوێی قەیران و شەڕو پێکدادان و سەرهەڵدانی گروپی تیرۆریستی و ئاوارەبوونی ملیۆنان هاووڵاتی و کوژرانی بەهەزارانیان؟

ئەگەرچی، عیراق، یەکەم وڵات بوو بەهاری عەرەبی و کوردی، پێش میسر، تونس، لیبیاو یەمەن لە بەهاری 1991 و دواتریش 2003 روویداو کۆتایی بە دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعس هێنا.

بـەڵام ئـەوەی چـاوەڕوانـدەکـرا، کە عیراق دەبێتە مۆدیلێز کردنێکی مۆدێلی نوێی حوکمڕانی لە جەرگەی وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەتوانێت میکانیزمەکانی حوکمڕانی بە فۆرمی دیموکراسی لە ناوخۆیدا بەرقەرار بکات، ئەوەی لە رابردوودا روویدا تەنها رابردوو بێت تەنها یۆتۆپیا بوو، دەرکەوت هەلومەرجێك و دەرفەتێك کە لە رابردوو نەگونجاوە لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی بەعسدا ئێستا بە واقیعی هێزە سیاسییەکان پیادەی دەکەن و بە فعلی پراکتیزەی دەکەن.

ململانێی مەزهەبی و تائیفی نێوان شیعەو سوننە لە ماوەی نەوەد ساڵی رابـردوودا خەفە کرابوو بە جەبری تۆتالیتاریەت، هەستی ناسیۆلیستانەی فاشیزمی عەرەب و بەعسیزم خۆی وەکو ئایدیاو ئایدۆلۆژیای هەموو لایەنەکان خستبووەڕوو تا رادەیەکی زۆر رێگای بە سەرهەڵدانی ململانێی تائیفەکان بە شێوەی ئێستا نەدابوو.

بـەڵام پاش یانزە ساڵ دەرکــەوت، ئەو فکرو داپڵۆسین و توندڕەویە، هیچ کات نەیتوانیووە مەیل و گەرایشێك لەناوبەرێت و خەفە بکات کە ناوی ململانێی شیعیزم و سوونیزمەو هەڵگری خەسڵەت و ماناو مەدلولی مەزهەبی و توندڕەویە کە باکگراوندی مێژووەکەی زیاترە لە هەزارو چوارسەد ساڵ، سەرەنجام ئەوەی لە عیراقدا دەبوو رووبدات، روویدا.

هەر ئەو فاکتەرانە بوو رێگای خۆشکرد بۆ خوڵقاندن و سەرهەڵدانی گروپگەلی وەك داعش، کە لەڕاستیدا دەتوانرێت وەکـو نوێنەرایەتی ئەکسەریەتی سوننیزم سەیربکرێت، لە بەرگێکی دینی، قەومی، بەعسیانەداو ئەوەشی نەشاردوەتەوە کە بۆ راماڵینی شیعە پەیدابوون، لە عیراقداو کاتێکیش لەڕووی سەربازییەوە ناتوانن بەغدای دڵی دەوڵەت و دڵی کۆبونەوەی شیعەکان کۆنترۆڵ بکەن، ئاڕاستەی شەڕەکانیان روو لە کوردستان دەکەن وەکو حوکمڕانی سیکۆلار، کە دیارە پلانی ناوچەییش هەبوو بۆ تێکشکاندنی ئیرادەو ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بەڵام ململانێی ئەوان لەگەڵ کورد، ململانێی مەزهەبی نیە وەکو شیعە، هێندەی ململانێیەکی ناوچەییە و داعش جێبەجێی دەکات.

بێگومان، بەم حاڵەوە، عیراق هەرگیز جارێکی تر ناتوانێت ئارام

بێت و خۆی لەو ململانێیە مەزهەبی و سیاسییانە بەدووربگرێت و بگرە لەگەڵ هەر دەرفەتێکی لەبارتر، قەتڵوعام و کوشتاری گەورەترو خوێناویتر ئەنجامدەدرێت، دوورنیە لەگەڵ هەر ئارامبونەوەیەکی کاتی عیراق، گروپێکی توندڕەوی هەڵگری ناسنامەی شیعیزمی وەك داعش دژی سوننەکان سەرهەڵبدات، چونکە مێژووی عیراق بەشێکی زۆری دووبارەبوونەوەیەکی تراژیدیانەیەو هەمیشە شەڕو کوشتارو ململانێی خوێناوی بەشێك بووە لە ئەجێندای ئەو دەوڵەتەو سیستمە سیاسیەکانی.

بۆیە لێرە بەدواوە چاوەڕوانکردن لە حکومەتێکی دیموکراسی و ئارام کە خاوەنی دەسەڵات و سیادە سەروەری بێت.

لێرە بەواوە، ئەگەر وابزانین وڵاتێکی تر هەیە وەکو ئەڵتەرناتیڤی ململانێی شیعی و سوننی جگە لە عیراق و لەباربوونی هەلومەرجی سیاسی و ژینگەیی و جوگرافیاکەی کارێکی لە ئیمکان نەهاتووە، چونکە عیراق باشترین مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیە، دەخالەت و پشتیوانی وڵاتانی شیعی و سوننی ناوچەکە.

بێگومان هەرێمی کوردستانیش، ناتوانێت وەکو دوورگەیەکی ئارام بمێنێتەوە لەوەها حاڵێکدا کە سـەرەڕای گرفتی سیاسی و دارایـی، هەمیشە مەترسییەکانی هاوشێوەی داعش ئەگەرێکی واردو کراوەیە لەبەردەمیداو تاکە رێگای نەجاتیش لەبەردەمیدا بەتەواووی دابڕانیەتی لە عیراقی سوونی و شیعی یان عیراقی گڕگرتوو، بە ململانێی تائیفی، کە ئەوەش کارێکی قورسە، بەتایبەتی کە ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەگەیشتونەتە ئەو قەناعەتە.

ئەگەرچی بـاوەڕو ئیمانیان گـۆڕاوە بە بۆچوونە دۆگماکانی

پێشوویان لە بەرامبەر کوردو هەرێمی کوردستان، بەڵام وا هەستدەکەم هێشتا هەرێم لەژێر میکرۆسکۆبی گەڕان و پشکنین و چاودێری ئەواندایە، بەتەواووی ساغنەبوونەوە، - دەربارەی هەرێمی کوردستان ئارامتر لە عیراق، خاوەن نەوتی زۆر، دوور لە ململانێی تائیفی و مەزهەبی، ئەگەرچی بێ گرفت و کێشەو رەخنەش نییە.

دەرئەنجام روونە، هەموو ئەو هەوڵ و تەقلایانەی لەگەڵ عیراق دەدرێت، بە ناردنی چەك و کەلوپەلی سەربازی، دەخالەتی درۆزنانەی وڵاتانی ناوچەکە، گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتی، دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناردنی هێزی هاوپەیمانان و راوێژکارەکانیان بە راگەیاندنی شەڕ دژی داعش و باسکردن لە یەکپارچەیی عیراق و بەناو پشتیوانی لە حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانی، هەموو ئەوانە مسەکینن نەك چارەسەر، بۆیە جیا لە هەموو ئەوانە، دەبێت بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاوترو لەبارترو واقیعتر بگەڕێین بۆ عیراق، کارێکی عاقڵانە نییە.

# 76

# کەی سلێمانی دەکرێتە پایتەختی رۆشنبیری..؟
# (بەشی یەکەم)

ماوەی چەند ساڵە هەوڵگەری زۆرو زەوەنـدو دڵسۆزانە خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی سلێمانی بە رەسمی بکرێتە پایتەختی رۆشنبیری، بەڵام بە مەبەست، هەوڵەکانی، بەئاکام گەیاندنی پەکخراوەو قسەیەکی جددیش نیە لەسەر ئـەوەی پرۆسەکە بگەیەندرێتە مەنزڵ.

بیرۆکەی (بەپایتەختکردنی رۆشنبیری شـاری سلێمانی) دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کەس و لایەن، بەڵام حاکم قادر سەرۆکی شارەوانی سلێمانی یەکەم کەس بوو ئەم بیرۆکەیەی پێشنیار کرد، دواتر فەلەکەدین کاکەیی و ئازاد جندیانی چەند بابەتێکیان لەسەر ئەم بیرۆکەیە نوسی و پشتگیریان کرد کە هیچکامیان خەڵکی شاری سلێمانی نەبوون، لە فێستیڤاڵی گەلاوێژی پێرار ساڵیش مەلا بەختیار سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە، لە بەشێکی وتارەکەیدا بەگرنگییەوە باسی ئەم هەنگاوەی کرد، کە پێویستە

زوو جێبەجێ بکرێت، چونکە ڕۆڵی مێژوویی، ئەدەبی، سیاسی، فەرهەنگی و کلتوری ئەمشارەو خەڵکەکەی زۆر لەوە زیاتر دەهێنێت ئەو کارەیان بۆ بکرێت.

هەر لەو فێستیڤاڵەدا نێچیرڤان بارزانی ئامادەبوو، پشتگیری سەرلەنوێی خۆی بۆ بیرۆکەکە دەربڕی و زۆر باسی شاری سلێمانی کرد، کە ئەو مافەی بەزیادەوە هەیە، بەڵام بارزانی ئەوکات و بەئێستاشەوە کە سەرۆکی حکومەتەو دەتوانێت بیکاتە دیفاکتۆ، کاری بۆ نەکردو پشتگوێی خست، کە ڕەنگە خۆی بەوکارە خۆشحاڵ بێت، بەڵام پێدەچێت فشاری سیاسی و حزبی لەسەربێت.

تەنانەت پێشتر لە پەرلەمان قسەو باسی لەسەر کراو کرایە بڕیار، بەڵام بە یاسایی نەکراو واشبڕیار بوو پرۆژەی شاری رۆشنبیری لە ناوچەی تاسڵوجە جێبەجێبکرێت، کە شارێك بێت، هەموو لایەنە هونەری و ئەدەبی و سینەمایی تێدا لەبەرچاو بگیرێت، هۆڵی شانۆ، ئۆپێرای گەورەو بەتایبەتی تێدا سازبکرێت، تەنانەت بڕیار بوو کارەکە لە ڕێگەی پارێزگاری سلێمانییەوە بکرێت، بەڵام ئێستا نە قسەیەك لە پرۆژەکەی تاسڵوجە هەیە، نە لە نازناوەکەشی.

مستەفا ساڵح کەریم، کە یەکێکبوو لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە دەڵێت: "دروستکردنی پایتەختی رۆشنبیری بە بڕیار نابێـت، بەڵکو بەکردەیی (عەمەلی) دەبێت کاری بۆ بکرێت، بەڵام لە واقیعدا، کەس بە ڕەسمی و بە عەلەنی کاری بۆ نەکردووە، هەربۆیە بەئاکام نەگەیشتووە".

پرسیارێکی گرنگ، هونەرمەندان و نووسەرانی ئەمشارە ئەوەیە، بۆچی ئەم مافە سادەیە بەمشارە ڕەوا نابینن...؟ کێ ترسی لە چی هەیە؟ ئەم ماف و ئیمتیازە سادەیە بە ڕەوا نابینرێت بۆ ئەمشارە؟

بۆچی...؟

ئایا هەمووومان قسە لەوە ناکەین، کوردستان هەمووی پارچەیەکەو دەبێت هەمووومان خزمەتی بکەین، ئەی بۆچی هەندێك کەس و لایەنی سیاسی و حکومی، دژی ئەم پڕۆژەیەن...؟!

کارێکی سادەو ئاساییە کە هەولێر وەکو پایتەختی سیاسی، یان دڵی حکومەت و شوێنی گردبوونەوەی وەزارەت و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە بێت، سلێمانیش پایتەختی رۆشنبیری بێت و ببێتە شوێنی گردبوونەوەی دامودەزگا هونەری، ئەدەبی و رشنبیری و کلتوری فەرهەنگییەکانی ئەم وڵاتە.

دەکرێت، شاری دهۆك و گەرمیان و کەرکوکیش نازناوێکی تریان پێبدرێت، چۆن لە تورکیا، ئەنکەرە پایتەختی سیاسی و دڵی دەوڵەت و شوێنی کۆبوونەوەی دامودەزگاو وەزارەت و باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەی وڵاتانە، بەڵام ئیستەنبوڵ پایتەختی گەشتوگوزاری ئەو وڵاتەیە، ساڵانە دەیان ملیۆن کەس بۆ گەشتوگوزار سەردانی دەکەن و ئەم رۆڵەی ئیستەنبوڵیش هیچ لە شکۆو سەروەری ئەنکەرەو شارەکانی تری کەمنەکردووەتەوە.

دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانن، کە جەختکردنەوە لەسەر ئەم نازناوەو ئەم هەوڵانە، بێ هۆکار نییە، بەڵکو دەرئەنجامی هەوڵ و ماندووبوونی مێژوویی ئەمشارەو خەڵکی ئەمشارەیە، لە سەد ساڵی رابردوودا، لەوانە.

کەس نییە نەزانێت، ئەمشارە چەندە ئەفرێنەرو داهێنەر بووە لە مێژووی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستاندا، کە چ قوربانی داوە، چ پێشەنگ و سەرمەشقی ئازایەتی و ئازادی، شۆڕش و شۆڕشگێڕی، قوربانی و چۆك دانەدان بووە.

چ پێشەنگ بووە لە ئەفراندنی چامەی شیعری و چیرۆك و ئەدەب و هونەرداو لە خوڵقاندنی داهێنان و پێشەنگ بوون.

چ سەرمەشقی خوڵقاندنی فـەزای ئـازادی و کـرانـەوەو دەستەبەرکردنی دیموکراسی و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیکۆلارو پێشکەوتوخواز بووە.

## 77
## کەی سلێمانی دەکرێتە پایتەختی رۆشنبیری؟
## بەشی دووەم

کە باسی شاری سلێمانی دەکرێت، بێ سێ و دوو دەبێت باس لە سێکوچکەی ئەفرێنەری شیعری کلاسیکی کوردی (نالی، سالم، کوردی) بکرێت، بەتایبەتی نالی ئەزموونی بێ نموونەی شیعری کلاسیکە کە لە تۆپی ئەم ژانرە گەورەدایە.

بۆ شیعری نوێی کوردیش، سلێمانی ئەفرێنەری ئەم بوارەیەو (گۆران، شێخ نوری شێخ ساڵح، رەشید نەجیب) سەرقافڵەن.

خۆ لە باسکردن لە چیرۆك و نۆڤلێت و رۆمانی کوردیش، سلێمانی پێشەنگی ئەم بوارە بووە چ لە رابردوو و ئێستاشدا، کە بێگومان پەیوەندی بە کلتوور، فەرهەنگ و ئاستی رووناکبیری و پێشکەوتنخوازی ئەم شارە هەبووەو نموونەی چیرۆکی لە خەومای جەمیل سائیب لە 1925 و نۆڤلێتی ژانی گەلی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رۆڵی رۆژنامەوانی پیرەمێردو دەرچوونی رۆژنامەی ژین و ژیان و پێشتریش رۆژنامەی پێشکەوتن لە سەردەمی مەلیك

مەحمودی نەمردا، هەموویان ئاماژەن بۆ پێشڕەوی ئەم شارە لە بواری ئەدەبیاتدا.

یەکەم بزاوتی شانۆیی کوردی هەر لەم شارە لەسەر دەستی فوئاد رەشید بەکر سەریهەڵدا.

بزاڤی ئەدەبی روانگە لە دەیەی حەفتاکان، رەهەند لە دەیەی نەوەدەکان و گەلی کوردستان یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردی و کوردستانی نوێ یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی دوای راپەڕین و هاوڵاتی یەکەمین رۆژنامەی ئەهلی، لڤین یەکەمین گۆڤارو نەوا یەکەمین رادیۆو NRT یەکەمین تەلەفزیۆنی ئەهلی هەر لەم شارەدا بوون، کە رۆڵی گەورەیان لە بونیادنانی فەزای ئازادو میدیادا هەبووەو لەدوای راپەڕین ئەمانە بوونەتە داینەمۆی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەو رۆڵیان هەبووە لە گەشەی ئازادی و دیموکراتی، هەموو ئەمانە ماناو مەغزای سیاسی گەورەیان هەیە کە ئەم شارە شایستەی ئەو نازناوەیە.

دەبێت چی بکرێت؟

پێش هەموو شت، دەبێت ئەو گرێیەی هەیە، یان حەساسیەت و نیگەرانییەی هەندێك شارو شوێن یان کەسایەتی نوسەران و رۆژنامەنووسان، نەهێڵدرێت کە هەندێك پێیانوایە ئەم شارە ئەو مافەی نییە.

لەوانە گرنگتر، دەبێت حکومەت لە یەکەم کاریدا بۆ سلێمانی بڕیاربدات وەزارەتی رۆشنبیری بگەڕێنێتەوە شاری سلێمانی و دەسەڵات و بودجەو میزانیەی زۆری بۆ خەرج بکات، چونکە ئەم هەنگاوە دەتوانێت وەکو باشترین میکانیزم بێت بۆ هەنگاونان و کاری تری داهاتووی پرۆژەکە.

دوابــەدوای ئەوانە پێویستە سەندیکاو یەکێتی ڕێکخراوە پیشەیی و هونەری و سنفییەکان لە بابەتی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، یەکێتی هونەرمەندان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بارەگای سەرەکیان بهێننەوە شاری سلێمانی و کارو چالاکییەکانیان لێرە پەرە پێبدەن.

لەسەر حکومەت پێویستە ئەو ڤێستیڤاڵانەی ساڵانە سەبارەت بە فیلم و کورتەفیلم و ئەدەبی و هونەرو موزیك دەکرێت لە شارو شارۆچکەکان، هەموویان بگوازرێنەوە پایتەختی ڕۆشنبیری.

حکومەت هەوڵبدات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو جیهان پەیوەندی کلتووری، ڕۆشنبیری، ئەدەبی و هونەری دروستبکات و بەردەوام لەهەوڵی ئەزموونی نوێدا بێت بۆ شارەکە.

سەبارەت بە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی نوێ دابنێت، کە سلێمانی وەکو پایتەختی ڕۆشنبیری بکاتە مەڵبەندی ئەم کارە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە تا ئەم ساتەش بەپایتەختبوونی سلێمانی، تەنها قسەیەو حکومەت و پەرلەمان و لایەنەکان بەجددی دەست بۆ ئەم مەسەلەیە نابەن و نایانەوێت بیکەنە واقیع.

سەیرە حکومەت خۆی لە مەسەلەیەکی وا کە تایبەتە بە شارێك خەمساردانە مامەڵە دەکات، بێگومان ڕەنگە بەشێکی خەمساردییەکە سیاسی بێت و پێبانوابێت ئەگەر ئەم هەنگاوە بنرێت و ئەم نازناوە بدرێت بەم شـارە بە تەنها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێی سوودمەند دەبێت، کە ئەمەش تێڕوانینێکی کورت و ناواقعیەو بگرە ئەگەر زۆر نەبێت دەتوانم

بڵێم بۆچوونێکی زۆر سیاسی و نامەنتقیەو دەبێت وا سەیری بکرێت، کە سلێمانی نەك لەسەر هێزێك حساب ناکرێت و یەکێتی وا بیرناکاتەوەو بگرە هەموو خەڵکی هەرچوار پارچەی کوردستان، سلێمانی بە شاری خۆیان دەزانن و ئەو نازناوەش بە شایستەی ئەم شارە دەزانن.

## 78
## تەشخیص و ئەڵتەرناتیڤ

نەدانی تەشخیصی دروست بۆ ڕووداوەکـان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، گەورەترین هەڵەی سیاسی و مێژووییەو زوو یان درەنگ باجەکەی دەدرێت و پێچەوانەکەشی ڕێك ڕاستەو دەکرێت بازدان بێت بەسەر قەیران و گرفتەکان، یان خۆدزینەوەو تاکتیکانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکرێت.

لە مێژوودا هەر حزبێك تەشخیصی دروسـت، تەندروست، لۆژیکانەو مەنتیقی بۆ ڕووداوەکـان نەدابێت، سەرەنجام هەر ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت کە حزبەکەی غاندی لە هیندستان، حزبی تودە لە ئێران، پارتی گەلی کۆماری ئەتاتورك لە تورکیا ئێستا باجەکەی دەدەن.

ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕێك ڕاست و دروستە، کە زۆرجار تەشخیصی دروستی نەداوە بۆ ڕووداوەکان، بۆیە دواجار ڕاستەوخۆ ئەنجامەکان پێچەوانە دەبنەوەو هێزە سیاسییەکانیش توشی شۆك دەکات.

ئەمەش ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە کە رەنگە، هەموو نەخشەو پلانە بونیادنەرەکان لێکهەڵوەشێنێتەوە.

بۆ نموونە...

ئایا ئەحزابی سیاسی کوردستان، تشخیصیان چی بوو، کە (2003) بەشداری رووخانی بەعسیان کردو حکومەتی عیراقیان پێکهێنایەوە..؟ چاوەڕێی ئەوە کرابوو کە قەیرانەکان بەمشێوەیە دەگاتە پچڕان..؟! ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ بێت..؟! کامانەن ئەڵتەرناتیڤی ئامادەکراو..؟!

ئایا کاتێك بڕیاری ناردنە دەرەوەی نەوتمان بە رێگای تورکیا دا، تەشخیصی ئەوەماندا، ئێمە ئەمکارە بەئەنجام دەگەیەنین، سەرەڕای ئەوەی ئێران، ئەمریکاو ئەوروپا نیگەران دەبن و رەنگە کێشەمان بۆ دروستبکەن، چونکە هەندێکیان ئەگەر دژی هەرێمیش نەبن، لەهەمبەر تورکیا بێنەسەر خەت و باجەکەشی دەبێت ئێمە بیدەین؟ ئێمە دەمانەویست لەکاتی تەنگژەو قەیرانەکاندا پارەکەمان پێبدرێت، کەچی وا دەرنەچوو..؟! ئایا تەشخیصی ئەوەماندا، ئینعیکاساتی، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی چی دەبێت و کێ لایەنگرو کێ دژمانەو رەنگە زوو یان درەنگ لە دژمان بێنەسەر خەت..؟! ئەڵتەرناتیڤی ئەوەمان لەبەرچاو گرت، ئەگەر دەوڵەت دروستبکەین، توشی نەهامەتی و بڕینی موچەو بودجەو فشاری وڵاتان دەبینەوە..؟

تەشخیصی ئەوەماندا، لە ئێستادا داعش و لە داهاتووشدا گروپێکی تر دەرئەنجامی ئەو هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئابوریەمانە کە ناومانە، دەبێت تێبگەین کە ئەمانە باجی هەیەو فۆرم و شێوازی رووبەڕووبوونەوەمان لەلایەن نەیارەکانەوە

ناڕاستەوخۆیە لە شێوەی قوتبوونەوەی داعشدایە..؟! تەشخیصی ئەوەماندا، پچڕانی هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ بەغدا، ئەگەر لە حاڵێکدا ئێمە لەسەر هەق بین، توشی کێشەو گرفتی زۆرمان دەکات، ئەڵتەرناتیڤمان کامەیە بۆ ئاریشەکان..؟

تەشخیصی ئەوەماندا، هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی باش، نیمچە دیموکراسیەت، حکومەتی سیاسی ئۆپۆزسیۆندار، میدیای ئازاد، بوونی دەیان حزبی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە لەسەر خاکی کوردستان، بوونی فڕۆکەخانەو هاتوچۆی سەدان وەفدی سیاسی – وڵاتانی جۆراوجۆر، بوونی دەیان کۆمپانیای نەوتی و دەرهێنانی نەوت و بانگەشەی دەوڵەتی کوردی، پشتیوانی لە خەباتی کوردەکانی رۆژئاواو پەیوەندی نهێنی و ژێربەژێر لەگەڵ PKK و بوون بە بەشێك لەو ململانێیەی جەمسەرە بەهێزەکان لە ناوچەکەداو تێکەڵبوون لەگەڵ کێشەو قەیرانەکانی و مەسەلە تائیفی و مەزهەبییەکانی عیراق و ناوچەکەو بەردەوامی ململانێیە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و بازرگانیکردنی سوك و قورس.

تەشخیصی دروستماندا، کە هەموو ئەوانە لە ئەنجامدا دەبنە مایەی گرفت دروستکردن و قەیرانسازی بۆ هەرێم، رەنگە تا رادەی دروستکردن و لەناوبردنی و مەترسی لەسەر هەرێم بڕواتەپێش، کە داعش یەکێك لەو سیناریۆیانە بوو..؟!

ئایا بۆ هەموو ئەوانە، تەشخیصی دروستماندا، کە بێگومان نەخێر..؟ هەربۆیە کاتێك تەشخیصی دروست نادرێت، کەواتە ئەڵتەرناتیڤێك وجـودی نییە، بۆیە بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەبێت تەشخیصی دروستبکەین بۆ هەر رووداو و بارودۆخێك کە رەنگە رووبـدات، یان روویـداوە، یان

ڕەنگە لە داهاتوودا ڕوووبدات، چونکە داعش بەتەنها ڕووداوێك نییە لە ڕابردوو ڕوویدابێت، بەڵکو ئەگەرێکە لە داهاتوودا لەسەر ڕێگان، هەربۆیە کاتێك تەشخیصی دروستمان نەبوو، هەستمان بە مەترسییە شاراوەکان نەدەکرد، نەماندەزانی کە هەرێم ڕاستە زۆر مەترسی تێپەڕاندووەو سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوەو بووەتە دیفاکتۆیەك.

بەڵام تەشخیصی ئەوەمان نەدابوو، کە ئێمە دۆستی مسۆگەرمان نییە لە ناوچەکەداو بەرژەوەندییەکانیشمان هێشتا هێندە زەبەلاح نین، باجی گەورەمان بۆ بدەن، بۆیە ڕەنگە سادەترین حاڵەت کە تەشخیصی دروستمان نەدا لە ڕابردووداو ئەڵتەرناتیڤمان نەبوو.. سەرهەڵدانی داعش بوو، توشی شۆکی کردین.

وەڵامی ئەو پرسیارەمان پێنەبوو، بیست و سێ ساڵە تەشخیصی ئەم مەترسییانەمان نەداوە.

## 79
## کۆبانێ
## بێ مۆراڵی تورکیاو پۆپۆلیستی ئەمریکا

بە مەبەست، بە پیلان و بە پلانی ئەنکەرە، چەند وڵاتێکی ترو بە خۆگێلکردنی واشنتۆن، داعش شەڕەکانی لە موسڵ و رقە راگرتووەو رووی لە کانتۆنی کۆبانێ رۆژئاوای کوردستان کردووە.

بۆچی...؟

تورکیا کە لە رۆڵگێڕانی سەرەکی لە سوریا، عیراق و بگرە هەرێمی کوردستان، شکستیهێناوە، وەکو محەمەد نورەدین دەڵێت: "پەنا بۆ شەیتانیش دەبـات"، بۆیە ئەجێندایەك کە بەرنامەڕێژی بۆ کردبوو، دیمەشق بەزوویی بڕوخێت، داعش عیراق و هەرێمی کوردستان بە موسڵەوە کۆنترۆڵبکات، ئێران پەراوێزبخرێت و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردانی رۆژئاوا تەفروتونا دەکات و سەرئەنجام هیچکامیانی بۆ نەکرا، لە ئێستاشدا تووشی هیستریابووە، کە دەبینێت نەك سوریا نەڕوخێنرا، بەڵکو خەریکە دێتەوە گۆڕەپانەکەو دەچێتە بەرەی دژی تیرۆرەوە.

ئەنکەرە نەك نەیتوانی ڕێگری لە دیفاکتۆیەکی کانتۆنەکانی ڕۆژئــاوا بکات، بەڵکو بوونە مەترسییەکی جــددی لەسەر بەهێزبوونی PKK لە سنوورەکانی، بۆیە ئێستا داعش ئاڕاستە دەکات بۆ تێکشکاندنی ئەم دیفاکتۆیە، لەلایەکی تریشەوە کارتی فشارە دژی ئێران و هاوپەیمانەکان کەڵکی لێوەردەگرێت، کە یان دەبێت ئیمتیازی پێبدەن وگوێ لە خواستەکانی بگرن، یان بەڵایەکی گەورە بەسەر ناوچەکەدا دەهێنێت.

فشارەکانی داعــش بە پشتیوانی تورکیا، هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی پرۆسەی دانوستانی ئاشتی PKK و ئەنکەرە دەیەوێت وەکو کارتی فشار لەگەڵ قەندیل مامەڵەی پێوەبکات.

لە پەیوەست بە عیراقەوە، ئەنکەرە زۆر نیگەرانە لە پێکهاتنی کابینەی تازە، بە پشتیوانی ئێران، پێیوایە ڕۆڵی ئەو لە عیراقدا، تا دێت زووتر پەراوێزدەخرێت.

لەئاست هەرێمی کوردستانیش، هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زووەوە دەزانێت، کە هەڵوێستێکی هاوپیشەیە لە کوردەکانی باکوری ڕۆژئاوا.

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، نیگەرانە لە سیاسەتی ئەنکەرە لە پشتیوانی لە داعــش و نەبوونی هەڵوێستی لە قەیرانەکانی موسڵ و کۆمەڵکوژی شەنگال و ڕەنگە لە داهاتوودا بە پەیوەندییەکانیدا بچێتەوە، نامەکەی بارزانی بۆ ڕۆحانی، ڕاگەیاندنی لە میدیاکان لە پشتیوانی ئێران لە حکومەتی هەرێم، ڕاگەیاندنی بەیاننامەیەك بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ، هەموویان ئاماژەن بۆ تێگەیشتنی تازەی بارزانی بەرامبەر بە

دۆست و دراوسێیەکی بێ مۆراڵ و نمەك بە حەرام.

ئیدی خەریکە وردە وردە سیاسەتە بێ مۆراڵ و پۆپۆلیستیەکانی و سیاسەتە مەترسیدارەکانی AKP لەژێر ناوی ئیسلامی لیبراڵ خەریکە چی بەسەر ناوچەکەدا دەهێنێت...؟!

حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو حزبە سەرەکییەکە دەبێت تەواو ڕۆشن بێت، ئەنکەرە گەیشتووەتە دواپلەی بێ مۆراڵی خۆی لە هەمبەر هەرێمی کوردستان و پرۆسەی ئاشتی باکورو کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا.

لەکاتێکدا سوودمەندی یەکەم و ئاخیرە لە نەوتی هەرێمی کوردستان، کەچی لە داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان، چەك و کەلوپەلی سەربازی پێ دەکڕێت و پێشکەشی داعشی دەکات بۆ کۆمەڵکوژی شەنگال و کۆبانێ...!

سوودمەندی یەکەمی نەوتی هەرێمە، کەچی پارەی فرۆشراو نادات بۆ مووچەی خەڵك و داوای پڕکردنەوەی فۆرمی موخابەراتی دەکات و دەیەوێت حکومەتی هەرێم شەڕی قەندیلی بۆ بکات و فشار بێت لەسەر کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا.

ئەوەی لەم نێوەدا جێگەی سەرنجە، بێ هەڵوێستی ئەمریکایە لەئاست دوو حاڵەت، یەکەم: لە پشتیوانی تورکیا لە داعش، بە پشتبەستن بە فاکت و دیکۆمێنتی بەردەست، دووەم: لە دووفاقیەتی ئەمریکا لە نێوان کوردەکانی ڕۆژئاواو کوردەکانی باشوور، کە ئامادەگی هەیە، چەك و کەلوپەلی سەربازی، ژووری هەواڵگری، هاوکاری بۆ ئاوارەکانی باشوور دابینبکات، بەڵام لە بەرامبەردا بە بەرچاوی خۆیەوە کۆبانێ لە بەردەم هەڕەشەو

کۆمەڵکوژی داعش و دووبارەبوونەوەی تراژیدیای شەنگالدایەو دوو ساڵ هێزەکانی (PYD) بەرامبەر ئەم حەرەکەتە تیرۆرستییە، وەحشەتگەرە، مەترسیدارە شەڕدەکەن، کەچی ئەمریکاو ئەوروپا گوێیان لەوە نییەو ئامادەگییان نییە هاوکاری بکەن...؟

بۆچی...؟

روونـە، چونکە ئەمریکا بـەرژەوەنـدی خۆی لە رۆژئـاوادا نابینێتەوەو بە میزاج و هەڵوێستی پۆپۆلیستانەی خۆی بێت (PKK) تیرۆریستە.

بێ مۆراڵی لەوە زیاتر چییە، ئەمریکا (PKK) و داعش بە یەك چاو سەیربکات و هەردووکیان بە تیرۆریست دابنێت.

بۆچی...؟

روونە، ئەمریکا ئامادەگی هەیە چاو و گوێ لە قەتڵوعامی خەڵکی کۆبانێ بنوقێنێت، بۆ رازیکردنی تورکیاو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی.

ئامادەیە لەهەر شوێنێکی موسڵ، چەکدارێکی داعش، یان ئۆتۆمبێلی داعش بکاتە ئامانجی فڕۆکەکانی، بەڵام چاوی ئەوە نابینێت، یان چاو لەو رەتڵە ئۆتۆمبێلە سەربازییانە دەپۆشێت، کە داعش بە پشتیوانی ئەنکەرە بۆ قەتڵوعامی کۆبانێ رێکیخستووە.

بۆچی...؟

چونکە، ئەمریکا بەرژەوەندی لە رۆژئاوا نییە، ئێستا روونە کە دەبێت خەڵکی کوردستان بزانن ئەم هێزگەلە، بەهێزەی ئەمریکا، داکۆکی لە کورد ناکات، بەڵکو تەنهاو تەنها ئەوان بەرژەوەندی دەناسن.

ئەگەرنا، مانای ئەوە چییە لەمدیو داکۆکی لە کورد بکەیت،

لەودیو چاوپۆشی لە قڕکردنی بکەیت.

دەبێت بزانرێت، ئەمریکا ئەوەی لە عیراق و کوردستان دەیکات، بۆ ڕێگرتنە لە ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆ، لە مانەوە لە ناوچە جێناکۆکەکان، نەك بەپێچەوانەوە.

ئەمریکا دەمێك بوو دەگەڕا بەدوای بیانوویەکدا بۆ هاتنەوەی بۆ عیراق و ناوچەکە، داعش باشترین فۆرمەڵەی ئەو هاتنەوەیە بوو، بۆ سەرلەنوێ سەرکردایەتی کردن و پێکهاتنی هاوپەیمانێتییەکی تازەو، کردیشی.

مەبەستی بوو لەم بارودۆخەدا، ڕێگری لە دەخالەتی جددی ئێران بکات، لە عیراقداو کە دەیەوێت بەتەواوی کۆنترۆڵی بکات.

واتا ئەمریکاو ئەوروپا، سیاسەتێکی دووفاقی پۆپۆلیستانە پیادە دەکەن لە ناوچەکەو هەرێمدا، بەڵام دەرئەنجام ئەم سیاسەتانە ناتوانێت کورد لە گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی دووربخاتەوە، چونکە ڕەوتی ڕووداوەکانی تا ڕادەیەك بە قازانجی کورد دەچنەپێش، بۆیە شەنگال، کۆبانێ، کەرکوك بوونەتە ئامانجی تیرۆریستان و تورکیاو هێزە نەیارەکانی گەلی کورد.

# 80
# کۆبانێ پەرجویەکی کوردانە

دواجار تورکیا لەژێر فشاری سیاسی خۆرئاواو دیفاکتۆبوونی بەرگری کۆبانێ، بەناچاری ملیدا بۆ هاوکاریکردنی پرۆسەکە.

چونکە..

لەوە زیاتر خۆدزینەوە لە کۆبانێ لەلایەن ئەمریکاوە، تووشی ئیحراجی دەکـردو دەبـووە کارێکی نامۆراڵی، بۆیە تا دوایین ساتەکانی ئەوپەڕی مەترسی، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی خۆیان بێدەنگکرد لەو قەتڵوعامەی روویدا، بەڵام بێدەنگبوون لەوە زیاتر کاریگەری لەسەر رایگشتی دروستدەکرد.

بێگومان میدیای خۆرئاوایی زۆر گرنگ و کاریگەر، خۆڕاگری و بەرخۆدانی هێزەکانی YPG – YPJ گواستەوەو کاریگەری گەورەی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی دروستدەکرد، کە دەبێت بڕیاری سیاسی بدرێت، بۆیە رۆڵی میدیای خۆرئاوایی هەم ئینسانی بوو هەم بەرپرسیارانە، چونکە زۆر رووداوی هاوشێوەی کۆبانێ-ش روویداوەو میدیاش هێندە گرنگی پێنەداوە.

هەموو ئەو فاکتەرانەش وایکرد، کە کۆبانێ ببێتە ڕەمزی بەرگری و تێکۆشان و پەرجویەکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا، کە بۆ خودی ئەمریکاو هێزە خۆرئاواییەکانیش جێگای سەرسوڕمان بوو.

کە بە واقعیش، بەرخودانی کۆبانێ داستان و ڕەمزی کوردایەتی و بەرزکردنەوەی ناسنامەی پێشمەرگە بوو.

جیا لەوەی، خەڵکی کۆبانێ بوونە سیمبولی قارەمانی، وەکو مەزڵوم نیشاندران، کە بە تەنهاو بەبێ پشت و پەنا، بەڵام بە ورەو ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە، دژی تیرۆریزم دەجەنگن.

تەنانەت کۆبانێ هێندە کاریگەری داناوە، ئەو منداڵانەی کە لە ئەوروپا لەدایکبوون و لەژێر کلتووری خۆرئاواییشدا بوون،

یان دایك و باوکیان یەکێکیان بیانی بوون.

کۆبانێ هەستی کوردبوون و مەزڵومیەتی کوردبوونی بەجۆرێك لا دروستکردن، کە هاوشێوەی کـۆڕەو و هەڵەبجەو ئەنفال کاریگەری داناوە، کۆبانێی یەکسانکرد بە ڕۆحی کوردایەتی و مەزڵومیەت و بەرگری و قارەمانێتی.

زۆرێك لەو منداڵانەی کە تەنانەت زمانی کوردیش باش نازانن، بەڵام ئامادەبوون بچنە کۆبانێ، یان چوونە خۆپیشاندانەکانی ئەورووپا، یان هاوکاری و پارەیان نارد بۆ خەڵکەکەی، کە ئەم ڕووداوانە هەموویان پێمان دەڵێن کۆبانێ مێژوویەکی نوێیە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.

## 81
## ئەركی، ئەنتی فەندەمێنتالیستەكانی كۆمەڵگەی كوردستان

بــەدوای مەترسییەكانی داعــش، دەبێت كۆمەڵگەی كوردی خوێندنەوەیەكی تازەی بۆ بكرێت، ڕەگ و ڕەهەندەكانی ئیسلامی سیاسی و مەترسییەكانی لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێت، بەر بە فاكتەرە جۆراوجۆرەكان بگیرێت، كە دەبنە گەشەی فەندەمێنتالیزم و داعشیزم.

دەبێت پێداچوونەوە بە بەرنامەو پرۆگرامی خوێندنگە سەرەتاییەكاندا بكرێت، تا دەگاتە زانكۆكان، نابێت ڕێگا بدرێت وانەو پرۆگرامێك كە دەبێتە میكانیزم و داینەمۆی بەرهەمهێنانی ئەم فۆرمە لە كۆمەڵگەو خوێندنگەكاندا بخوێندرێت، كە سیستمی پەروەردە بە نائاگاییەوە بۆ كۆمەڵگە دەیانخولقێنێت و بەرهەمیان دەهێنێت.

پــەروەردەی ئێمە ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی منداڵێك لە سەرەتاییەوە بەو فۆرمە كە دواجار دەگاتە زانكۆ، دەچێتە سودان

دکتۆرا وەردەگرێت، لە زانکۆیەك کە سەرچاوەی ئیرهابی فیکری و فۆرمی ڕەوایەتیدانە بە داعش و بەربەریەتەکەی دەدات.

دیقەت بدەن زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی ماجستێرو دکتۆراکەیان لە سودان و بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی وەرگرتووە، لە ڕووداوەکانی داعش و کوردستان ئامادەنەبوون هیچ بڵێن، کەواتە ناکرێت سیستمی پەروەردە، زانکۆکان، وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو حکومەت ڕێگا بە بەرهەمهێنانی خوێندکارو مامۆستای وا بدات، کە دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی فکرو عەقڵیەتی ڕەوایەتیدان بە داعش و لێکچووەکانیان، دەبێت ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانەی لێکهەڵوەشێندرێت، کە لە گەڕەکەکانی شارو شارۆچکەکان بوونەتە هۆی کردنەوەی حوجرەو خوێندنگەکانی ماڵان بۆ بەرهەمهێنانی منداڵان و گەنجان بە فیکرێکی مەزهەبی سەلەفی.

دەبێت قسە لەسەر میتۆلۆجیای ئایین بکرێت لە کۆمەڵگەدا، دەبێت دەست بۆ سوننەت و خورافیاتەکانی ببرێت و هەموو ئەو سیمبول و ڕەمزانەی داعش و فەندەمێنتالیزم بەرهەمیانهێناون، قسەیان لەسەر بکرێت.

ناکرێت بەناوی تابۆ و حەرامکراوەکانەوە، هەموو ئەو چەمك و ڕەمزانەی کە هەزاران پرسیار بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بێ قسەو بێ وەڵام بهێڵدرێنەوە.

دەبێت شەرم نەکرێت باسی مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی و گروپە فەندەمێنتاڵەکان باسبکرێت، کە چۆن هەڕەشە لە ئازادی، مافی شارۆمەند بوون، پلۆرالیزم، مافە مەدەنییەکانی خەڵك و سیستمی سیکۆلار دەکەن، لەژێر ناوی ئایین و مەزهەبدا.

تازەترین جینایەت و وەحشەتگەرییەك كە لە سایەی گروپێكی مەزهەبی و دینی ئیسلامی لە سەدەی بیست و یەكدا خوڵقاوە، بەرهەمهێنانی داعش و داعشیزمە، لەكاتێكدا هێشتا هەموو هێزە ئیسلامییەكانی كوردستان پرۆتستۆیەكی جددی ناكەن و هەندێكیان شەرمنانە دەڵێن ئەوە نموونەی ئیسلامی سیاسی نییە، هەندێكیان ترسنۆكانە داكۆكیان لێدەكەن.

لەكوێ یەكێك لە رەهبەرانی حزبێكی ئیسلامی، بڵێت كـوژراوەكـانـی داعـش شەهیدن؟! حزبەكەی، حكومەت و كۆمەڵگەش هیچ وەڵامێكی نەبێت بۆ ئەم بۆچوونە مەترسیدارە، كە تەنها ئاماژە نییە بۆ بۆچوونێكی سادە، هێندەی پەیوەندی بە وابەستەگی ئیدۆلۆژی و فكرییەوە هەیەو ئارەزوو دەكات خۆشی یەكێك بێت لەو كوژراوانەو یەكێك لە رەهبەرانی ئەم گروپە.

ئەمە بۆچوونە لە چوارچێوەی ئازادیدا، داكۆكییە لە داعش و وەحشیەتەكانی، یان قەناعەت و بڕوابوونە بە رێبازو میتۆدەكەیان، كە لە ئایین و مەزهەبەوە سەرچاوەی گرتووەو داكۆكی لێدەكەن.

كە دڵنیام لەناو هێزە ئیسلامییەكانی ترو لەناو بەرزترین ئاستی خوێندنی كۆمەڵگەی كوردستاندا كە زانكۆیە، بەشێك لەو مامۆستایانە، پشتیوانی لەم بۆچوون و میتۆدە دەكەن، بەڵام شەرمنانە دەریدەبڕن، یان بانگەشەی بۆ دەكەن.

بۆیە دەبێت وەزارەتـی خوێندنی باڵا، بە پلەی یەكەم وەڵام بداتەوە، كە ئایا، خەرجی دكتۆرایەك دەكات كە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی فكری ئیرهاب و توندوتیژی؟ ئایا بوونی چەندین كۆلێژو پەیمانگای دینی پێداچوونەوەی جددی ناوێت؟ ئەگەر

هەشبن، بەڵام دەبێت لەژێر چاودێریدا بن و نەبنە زادەی فکرێك کە کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەزهەبی بەرن، زانکۆ نەبێتە شوێن و گەرای ئەم گروپانە.

دەبێت قسە لەسەر ئەو بەربەریەتە بکرێت کە هێزو گروپەگەلی ئیسلامی فەندەمێنتاڵ لە هەموو دنیادا خوڵقاندوویانە، لەژێر ناوی دین و مەزهەبدا.

بزووتنەوەی نەجاتی جەزائیر لە ساڵانی (1992-1994) وەکو هێزێکی ئیسلامی، سەلەفی و جیهادی لە سایەی عەباسی مەدەنی و عەلی بالحاج لە دەیەی نەوەدەکان، بە هەزاران منداڵیان فڕاند، سەربڕی و بە دەیان هەزار کەس کوژران و تیرۆرکران، لەژێر ناوی عەقیدەو بیروباوەڕی سەپاندنی ئیسلامی و کۆمەڵگەیان کردە قەسابخانەیەك، کە جۆرێك بوو لە وەحشیەت و بەربەریەتی.

بزووتنەوەی لاوانی ئیسلامی سۆماڵ، لەدوای (2003-2006) بووەتە هۆی کوشتنی هەزاران سۆماڵی بەناوی راگەیاندنی جیهادو بڵاوکردنەوەی مەزهەب و سەپاندنی دادگـای ئیسلامی لەژێر سایەی عەدەن هاشی فەرح ئیرۆ، موختار عەلی زوبێر لەڕووی فیکری و ئایدۆلۆژیاوە لایەنگری قاعیدەن، ئەم بزووتنەوەیە بە هەزاران کەسیان سەربڕی و کوشت لەژێر ناوی دەسەڵاتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی دادگای ئیسلامی لە سۆماڵدا.

جینایەتەکانیان بێ وێنەیە دەرهەق کۆمەڵگەیەکی برسی و ڕەش و رووت، کە رۆژانە زۆربەی خەڵکەکەی پێویستیان بە یەك دۆلار یان ژەمێك نانە، ئەوان بەناوی دیین و حوکمی شەریعەتی ئیسلامی جەهەنەمێکیان خوڵقاندووەو وڵاتیان کردووەتە خەفەقان و ترس و تۆقاندن و مل پەڕاندن.

لە تازەترینی ئەم گروپە ئیسلامییە تیرۆریستانە، گروپی بۆکۆ حەرامە لە نێجیریا، کە گروپێکی ئیسلامی، سەلەفی، جیهادییە، بە قسەی خۆیان لە پێناو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی ئەمکارانە دەکەن، کە تۆمەتبارن بە تیرۆر، کوشتن، رفاندن، لاقەکردنی ژنان و منداڵان، کە بە تاڵیبانی نێجیریا ناسراون، لەلایەن ئەبوبەکر شیکاو سەرکردایەتی دەکرێت، لە ساڵی 2002ـەوە دامەزراوە، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خەریکی تیرۆر، کوشتن و تەقینەوەو سەربڕینی خەڵکی ئەو وڵاتەن، بوونەتە گروپێکی ئیسلامی مەترسیدار لەو وڵاتە، کچان و ژنان بە بارمتە دەگرن و دەفڕێنن و فەزایەکی مەترسیداریان پێکهێنا.

قاعیدەو تاڵیبانیش بۆ هەموو جیهان نـاسراون، کە لەژێر ناوی مەزهەبی و ئیسلامدا چیان بەسەر مرۆڤایەتی و خەڵکی ئەفغانستاندا هێنا.

لەوانەش تازەتر، گرتنەدەستی دەسەڵات بوو لەلایەن ئیخوان موسلمینی میسری و سەپاندنی هەموو یاسا داسەپێنراوەکان بەسەر خەڵکیدا، بێ گوێدانە خواست و ئـارەزووی ئـەوان و پاشانیش ناڕەزایەتی و تووڕەبوونی خەڵك بوو لەم هێزەو لابردنیان بوو لە دەسەڵاتدا.

داعشیش، کە دواپلەی دڕندەیی و وەحشیەتەو بەناوی ئیسلام و مەزهەبەوە چی دەکات لە عیراق و سوریاو شەنگال...؟!

هەموو ئەوانە دەبێت لە سیستمی پەروەردەی هەرێم، لەناو زانکۆو میدیاکانی کوردستاندا قسەو باسی جددیان لەسەر بکرێت، کە بێگومان کاریگەری و رەنگدانەوەیان هەبووەو رەگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئایدۆلۆژی تێدایەو کاریگەری داناوە.

ئەمانە رۆڵی نوخبەی کوردییە، کە هەم بەر بەو مەترسییانە بگرێت، هەم پێشڕەوی ئەو مەدە مەدەنیە بکات، کە دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردستان لەم مەترسییانە دووربخاتەوە، ئەرکی حکومەتی هەرێمە، ئیتر هێندە شەرمنانە، سیکۆلاربوونی خۆی نەشارێتەوەو ئەگەر قەرارە سیکۆیلار ببێت، دەبێت سادەترین پرەنسیپەکانی ئەم سیستمە ئیعلان بکات و رێگا خۆشکات بۆ دروستکردنی فەزایەکی وا لە کۆمەڵگەدا، کە ئینسان رەنگ و بۆی سیکۆلاریزە بوون بەم کۆمەڵگەیەوە ببینێت و بە ئاسانی بتوانێت رەمزەکانی بناسێتەوە، چونکە سیکۆیلاریزەبوون تەنها بە دروشم و مۆبیلیزەکردن نابێت، بەڵکو پێویستی بە قوربانیدان و شکاندنی بت و بەربەستەکان هەیە، پێویستی بە میدیایەکی ئازاو ئازاد هەیە، قسە لەسەر ئازادییەکانی تاك و فەراهەمبوونی مافەکانی بکات.

پێویستە خواست و داخوازییەکانی کوڕان و کچان و تاکەکانی کۆمەڵگە لەژێر هیچ پاساو، بیانو، باو، سوننەت و ترسی گروپەگەلی مەزهەبی رێگری لێنەکرێت، وەك چۆن ناکرێت رێگری لە ئازادییە فەردییەکان و ئایینی دیینەکانی خەڵك لە چوارچێوەی مافەکان و یاسادا بکرێت.

واتا دەکرێت گەنجێك خەریکی تقوسی دیینی خۆی بێت، بەهەمانشێوە گەنجێکی تر لە نایت کڵاپێك خواستەکانی خۆی بەرجەستە بکات.

ئەمانە بە پلەی یەکەم، ئیشی حکومەتێکە، کە شەرمنانە دەڵێت سیکۆلارم، بەڵام زۆرجار لە رووخسارو هەڵسوکەوت و مامەڵەی رۆژانەی سوننەتگەراو موحافیزکارانە دەبینرێت، چۆن بە ئەرکی

خۆی دەزانێت رێز لە پیرۆزی و مقەدەساتی خەڵك بگیرێت، ئاواش ئەرکیەتی رێز لە ئیرادەی بەرامبەر گەنجانی ئەم وڵاتە بگیرێت، کە دەیەوێت بچێتە نایت کڵاب، یان شوێنی تەرفیهی، رابواردن و کاتبەسەربردن و دەبێت ئاسانکاری بۆ ئەم خواستانە بکات.

دەبێت ئازایانە بڕیاربدات، دین بۆ دینداران و سیاسەت بۆ سیاسیەکان و نابێت رێگا بدات حوجرەی گەڕەکەکان و مزگەوتەکان ببنە شوێنی بەرهەمهێنان و بەلاڕێدابردنی گەنجانێك، هەر پەروەردەیان بکات بۆ ناو داعش و فەلسەفەکەی، بۆ سەربڕین و ئیرهاب و توندوتیژی و وەحشیەتگەرییەك کە بێ نموونەیە.

روونـە کە هەر ئەم کـارو کردەوانەیە، کە دەیـان گەنجی ئەم وڵاتەی والێکردووە رووبکەنە ریزەکانی داعش و گروپە فەندەمێنتاڵەکان.

بێگومان ئەگەر حوجرەکان و مزگەوتەکان بۆ ئەمکارانە بن، وەزارەتی ئەوقاف لەجیاتی کاری رێزگرتن لە ئاینە جیاوازەکان بێت، بەڵام بێت تەفسیری هۆمۆسێکسواڵ بکات بۆ مەسەلەی جێندەر، هەرئەوەی لێ بەرهەمدێت.

ئەرکی حزبە سیاسییەکانە، ئەگەر خۆیان بە مەدەنی و عەلمانی، مەدەنی، قەومی و مارکیسیت دەزانن، ئازایانە بێنە مەیدان و بەرگری لە ئامانج، ئارمان و مانیفێستی حزبەکەیان و کۆمەڵگە بکەن.

دەبێت حزبەکان و نوخبەی ناو ئەو حزبانە، رۆڵیان هەبێت لە دەرخستنی واقعیەتی مەترسی ئەم گروپانەو ئامانج و ئایدۆلۆژییەکەیان، چونکە مەرج نییە ئەم شەڕە تەنها شەڕی

عەسکەری و چەکداری بێت، بەڵکو ئەرکی حزبی کوردی، حکومەت، رۆشنبیران، رووناکبیران و نوخبەیە، کە پێگەو زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەم گروپە هەڵوەشێنێت، نابێت رێگای پێبدرێت ئەو هەموو زەمینە کۆمەڵایەتییەی بۆ فەراهەمبکرێت، چونکە یەکەم دوژمنی خۆیەتی کە هەڵدەکوتێتە سەر بونییە، ئایدۆلۆژی حزبی کوردی و رکابەرەکانی بەناوی جیهاد تۆمەتی لەڕێ لادەر، کافرو مولحیدو مشرك دەداتە پاڵ رکابەرەکانی.

نابێت ئەم ئەرکە بۆ تەنها حزبێك جێبهێڵدرێت، بەڵکو کارو پرۆژەی دەستە جەمعی بە واقیعی دەوێت، لە بواری پەروەردەو زانکۆ، رێکخراوی مەدەنی، میدیا، حزب و حکومەت.

ناکرێت خۆ لەم بەرپرسیارێتییە بدزرێتەوە بەناوی جۆراوجۆرەوە، ئەوە لەکاتێکدا دەبێت رێزبگیرێت لە بیروڕاو قەناعەتی دینی ئەو کەسانەی تەنهاو بە موجەرەدی سەیری دین دەکەن، واتا چۆن رێز لە هاووڵاتیەکی مەسیحی، یان ئێزیدی و کاکەیی دەگرێت، هەرئاواش رێز لە هاووڵاتیەکی موسوڵمان بگیرێت، کە خەریکی تقوس و مەسەلەی دینی شەفعی خۆیەتی.

بەڵام لەوە بترازێت، دەبێت لەسەری بوەستین و مەترسییەکانی بۆ کۆمەڵگە روونبکرێتەوە.

ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نییە، هەوڵی وا نەبووە، لەلایەن حزب و نوخبەو میدیاوە، بەڵام قسەکە ئەوەیە، هەمەلایەنەو گشتی نەبووە.

بۆیە نابێت ئەم شۆڕشە مەدەنییە، ئەنتی فێندەمێنتاڵە، بۆ حزبێك لەناو حزبێکیش بۆ چەند کەسێك جێبهێڵدرێت، یان تەنها کاری یەك کەناڵی میدیایی بێت و سنوور بۆ ئەو بەرنامانە

دابنرێت، کە رۆڵیان هەیە لە گەشەی فیکری خەڵکی و مەترسی مەزهەبی و ئایدۆلۆژیەکەی.

واتا بـەدوای دەرکەوتن و دەرکەوتەی داعشدا، کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەم پرسیارگەلێکی جددی و پڕکێشەدایە، دەبێت کۆمەڵگە ببێتە گروپێکی ئەنتی فەندەمێنتاڵ، بە پرۆسەی مەدەنیانەو لەسەرخۆ، کە هەموو شەریحەو لایەنەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشداربن، بەپلەی یەکەم حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردەو ئەوقاف و سیستمی پەروەردەو دواتر میدیاو نوخبەو رووناکبیران.

## 82
## کورد بەشێکە لە هاوپەیمانێتی ئەمریکا

ئێستا ئەمریکاو خۆرئاوا جیاوازتر لەپێشوو، لەجیاتی چەمکی تیرۆریزم، چەمکی داعش و داعشیزمیان کردووەتە ئەڵتەرناتیڤ، کە بێگومان بەمەبەست ئەمە دەکرێت، کە ئامانجی ئەم ئاڵوگۆڕە بەرچاوخستنی ڕەوتێکی مەترسیدارە لە تیرۆر، هەڵگرانی ئەم ناسنامەیە مەترسیدارترە، لەوەی کە پێشوو ناونرابوو تیرۆرو تیرۆریزم و لیستی تیرۆر.

فاکتەری سەرەکی، گەورەکردنی ئەم گروپە سەرەڕای وەحشەت و دڕندەیی و جینایەتەکانیان، هێندەی هەڵگری ئەم خەسڵەتانەیە، هێندەش دەتوانێت دەورو نەخشی هەبێت لە بەڕێوەچوونی سیناریۆکان و مەرامە سیاسییەکان بەتایبەت بۆ ئەمریکا.

(هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی) ئەو ئامانجە سەرەکیەیە کە ئۆباما لەدوایین کۆبوونەوەی هاوپەیمانێتی ئەتڵەسی (ناتۆ) داوایکردو ڕایگەیاند کە "بەدیهێنانی کاریگەری گەورە دەبینێت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا ڕوو بەدەرەوە، کە بەدوای جەنگی رووخانی

سەدام و بەعس لەگەڵ رووداوگەلی زۆری وەك (قەیرانەكانی دارایی جیهانی، شەڕەكانی مالی لە ئەفریقا، بەهاری عەرەبی، قەیرانەكانی ئۆكرانیا...)، نەیتوانی سەركردایەتی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكات". بەڵام داعش، دوای یانزە ساڵ، دەرفەتێكی تری خوڵقاند بۆ واشنتۆن، كە ئەم سەركردایەتییە بكات، تا لەلایەك قەیران و كوشتارگەكانی غەززە لەگەڵ ئیسرائیل فەرامۆش بكات، جۆرێك لەسازش لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران پێكبهێنێت، فشارێكیش بخاتەسەر كوردو عیراق بۆ ملدان بە دروستكردنی حكومەتێكی نوێی هاوبەش، وەكو واشنتۆن رایگەیاندووە"، تائێستا (50) دەوڵەت پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو هاوپەیمانێتییەی دژی داعش راگەیاندووە كە "هەر ئەمە خاڵی گرنگ و جەوهەرییە بەنسبەت ئەمریكاوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئەمریكا دەیەوێت ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتیەی دژی داعش، لەكۆتاییدا رووەو روسیا وەرگێڕێت و قەیرانی ئۆكرانیای پێ چارەسەربكات، سەرەڕای ئەوەی هەر لەژێر ناوی مەترسی داعش، واشنتۆن دەیەوێت لەلایەك قەرەبووی تێكشكاندنەكانی خۆی لە ئۆكتۆبەری 1993ی مەقادیشۆ لەسەر دەستی گروپەكانی محەمەد فارح عەیدیدو ناچاركردنی بە پاشەكشە لە (24ی مارسی 1994) بكاتەوە، بۆردومانی بارەگاكانی بزوتنەوەی گەنجانی ئیسلامی سۆماڵیش لەچەند رۆژی رابردوودا، درێـژەی شـەڕ دژی داعـش وەكـو مایلی داعـش و گروپێكی مەترسیدارو هاتنەوەی بۆ ناو دۆسیەی سۆماڵ.

لە هەستكردنیش بە غائیب بوونی لە رووداوەكانی بەهاری عەرەبی، لە كۆتایی 2010 و سەرەتای 2011، لە چەند رۆژی

رابـردوودا بۆردومانی بارەگاکانی هێزەکانی فەجرو شەریعەی ئیسلامی لە لیبیا، لەژێر ناوی شەڕ دژی داعشە، درێژەی هەیەو بۆ داهاتووش لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی هەوڵدەدات رۆڵ و دەخالەتی خۆی زیاتر بکات و قەرەبووی ئەو شکستە بکات کە لەوناوچەیە روویداوە.

پێدەچێت پەلاماری پێگەکانی بۆکۆ حەرامیش بدات لە نەیجیریا، هەر لەژێر ناوی شەڕ دژی داعش.

بێگومان ئەمریکا لە (قەیرانی کورە ئەتۆمییەکانی کۆریا، رووخانی ئێران، پرۆسەی ئاشتی فەلەستین، رووخانی بەشار ئەسەدو بەدیموکراتیزەکردنی عیراقی شکستخواردووە)، واتا سیاسەتی دەرەوەی ئۆباماو کابینەکەی، بووە فاکتەری شکست و پاشەکشەی زۆر لە جیهانداو بۆیە بە ئاشکرا دەیەوێت بەم درەنگ وەختە قەرەبووی رابردوو بکاتەوەو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و ئۆکرانیا رۆڵی زیاتری هەبێت و سەرلەنوێ وەکو زلهێزێکی بێ رکابەر دەکەوێتەوە کە لەسایەی ئۆباما لەدەستیدابوو، بێگومان لە عیراق، بەگیانلەدەستدانی نزیکەی (5000) سەرباز شکستیخواردو نەیتوانی رێگری لە شەڕو ململانێی تائیفی شیعەو سوننە بکات کە بە دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی و شکستیخوارد لە رووخانی رژێمی بەشار ئەسەدو پشتیوانی لە سوپای ئازادو رێگرتن لە درێژبوونەوەی ئەو شەڕە بۆ عیراق کە درێژکراوەی ململانێی سوننی و شیعەیە یان ئێران و تورکیاو سعودیە.

تا ئەم ساتەش قسەیەکی نەکرد، کە کێ لەپشت یارمەتیدانی داعش، بۆکۆ حەرام، شەبابی سۆماڵی، شەریعەیە؟ کە باشتر دەزانێت قەتەرو تورکیای دۆستی لە یەکەمەکانن، بۆچی..؟

لە پەیوەست بە کوردستانیشەوە، راستە کۆمەك و هاوکارییەکی ئینسانی و سەربازی بۆ هەرێم خاڵێکی گرنگەو رۆژانە وەزیرانی دەرەوەی ئەوروپا سەردانی هەولێر دەکەن، بەڵام ئەم هاوکارییانە بۆ رێگری لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە، نەك پێچەوانەکەی، بۆ رێگرتن بوو لە قەتڵوعام و جینۆسایدکردنێکی تری کورد لە هەولێرو شارەکانی تر، چونکە دەخالەتی ئەمریکا لە کوردستان، پشتیوانی ئینسانیە نەك سیاسی و تا ئەم ساتەش، ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر کورد بریتییە لە مەحکوم بوون بە ژیان لەگەڵ عیراقداو لە ئێستاشدا ئەمریکاو ئێران فشاری زۆریان هەیە لەسەر کورد، کە بەهەر شێوەیەك کە بەشداری کابینەی نوێی حکومەت بکات، بەڵام بەڕاستی و بەجددی داخوازییەکانی کورد لەبەرچاو نەگرن.

دەکرێت بپرسین ئایا ئەمریکا رازیە بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان، بێگومان نەخێر...؟، ئایا ئەمریکا رازیە هێزی پێشمەرگە لە کەرکوك و ئەو ناوچانەی لە بۆشایی سوپای عیراق کۆنترۆڵیکرد، بمێنێتەوە، بێگومان نەخێر، ئایا ئەمریکا گەرەنتی ناردنی بودجەو موچەی خەڵك لە عیراق وەردەگرێت؟ بێگومان نەحێر.

ئایا ئەمریکا گەرەنتی دەدات، ئەگەر عیراق هەمان سیناریۆی رابـــردووی دووبـــارە بکاتەوە، دەخـالـەت بکات بە قازانجی سەربەخۆیی کوردستان؟

بەڵام هاوکاری و گەلەکۆمەکییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دژی داعش، کە پێشمەرگە قوربانی زۆرو زەوەندی داوە، بەشێکی وابەستەیە بە رێگری لە خواست و ئامانج و سەربەخۆیی کوردستان.

رەنگە بە مەبەست و بە ئەنقەست، بە پیلان و بە پلان،

ئاڕاستەی شەڕەکانی داعش لە سوریاو بەغدا، گۆڕدرابێت بۆ هەرێم، چونکە داعش لە جوگرافیاو سنوری هیچ دەوڵەتێکدا، تەنانەت لە سۆماڵیشدا، نەیانتوانی دەوڵـەت بڕوخێنن، بەڵام پەلاماردانی کوردستان بۆیان ئاسان بـوو، هەرێم کەمترین مەرجیشی لەسەر ئەمریکا هەیە بۆ ئەو هاوپەیمانێتییەی لە کوردستانەوە دروستدەکات بۆ سەرلەنوێ شەرعیەت دانەوە بە سیاسەتی دەرەکی و سەرکردایەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر مەترسییەك کە ناوی داعشەو لە سنوری کوردستاندایە.

## 83
## مەحكومبوون بە عیراقیبوون

تا دێت ڕەنگ و بۆی وڵاتانی دەوروبــەر، بە دروستكردنی حكومەتی نوێی عیراقەوە، دەردەكەوێت و سەرلەنوێ دەیانەوێت هەرچۆنێك بێت بۆ ڕازیكردنی سوننە بە بەشی كورد ڕازی بكەن، هەربۆیە دابەشكردنی پۆستی وەزارەتەكانی (10%) بەر كورد دەكەوێت كە دەكاتە سێ وەزارەت لەكۆی سی و سێ وەزارەت، كە پێشتر چوار وەزارەتی هەبووە.

تائێستا قەیرانەكانی نێوان هەولێر - بەغدا، هیچكامیان چارەسەر نەكراوون، كە لە داهاتووشدا، چانسی چارەسەریان هێشتا كەمە.

ئایا حكومەتی عیراقی، سەبارەت بە ماددەی (140) و مانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانەی دوای (10-6-2014) كۆنترۆڵیكردووە، ڕازییە بمێنێتەوە...؟

ئایا دۆسیەی نەوت، وەك ئەوەی كورد دەیەوێت چارەسەر دەبێت، یان ئەوەی كە دەبێت هەرێم ڕۆژانە لە ڕێگەی بەغداوە

نەوت هەناردە بکات؟

ئایا بودجەو موچەی هەشت مانگی رابردوو ئەگەر لە ئێستاوە رێککەوتنی لەسەر نەکرێت و نەنێردرێت، لە داهاتوو چۆن چارەسەر دەبێت، یان لە ئێستاوە بەغدا داوای فرۆشی پارەی نەوتی هەرێم دەکات لە بەرامبەر بودجە، ئەمەش قەیرانێکە کە چارەسەری گرانە.

ئەمریکا، دەیەوێت و فشاریش دەکـات بۆ ئـەوەی کورد بەشداری حکومەت بکات، بەڵام خاتری سوننەکان زۆرتر دەگرێت و زیاتر پشتگیریان دەکات، بەخاتری وڵاتانی پشتیوانی سوننە، لە ناوچەکە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە نێگەتیڤەکانی سیستمی سیاسی عیراقی تازە، کە هەمیشە حکومەتەکان لە پایتەختی وڵاتانی ناوچەکە پێکهاتوون، ئەوان لە دەرەوەی ئیرادەی هێزە سیاسییەکان بڕیاریان لەسەر داوە.

عیراق و پێکهاتە سیاسییەکەی، جگە لە کورد، (کە دوو هێزە سەرەکییە کوردییەکەش، بێ کاریگەر نین لەژێر سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە)، کام هێزی سیاسی لە شیعی و سوننی هەیە لەژێر هەیمەنەو سیاسەتی دەرەکی (ئێران، تورکیا، ئەردەن، عەرەبستانی سعودییەە)دا نەبن و راستەوخۆ ئاڕاستە نەکرێن.!؟

روون و سانایە، تاریق هاشمی، رافع عبادی بۆ کوێ چوون؟، ئەیاد عەلاوی تا ئەم ساتەش لە ئەردەنە، مالیکی کێ دایناو کێ لایبرد، حەیدەر عەبادی چۆن دانرا.

بێگومان ئەمریکا کە پێشڕەوی رووخانی بەعسی کرد، ئاگاداری هەموو ئەم هاوکێشانەیە، بەڵام دەبێت ئیعتراف بەوە بکات کە لە رێگرتن لە ململانێی شەڕی تائیفی شیعەو سوننە، لە پراکتیزەکردنی

دیموکراسی لە عیراق، لە پاراستنی خواست و داواکانی گەلی کورد، سەرکەوتوو نەبوو.

دەبێت ئەمریکا ئەوەش بزانێت، داعش درێژکراوەی شەڕی شیعەو سوننەیە، بەواتایەکی تر درێژکراوەی شەڕی چوار ساڵەی سوریای نێوان ئێران لەلایەك و تورکیاو وڵاتانی سوننی لەلایەکی ترەوەیە، بەڵام دەرکەوت باجی قورس هەرێمی کوردستان دەیدات..!

ئەوە یەقینە کە، داعش وەحشەت و دڕندەییەکەی لە خوێن لەبەر رشتنی یانزە ساڵەی عیراق و چوار ساڵی سوریا، بەرجەستە بوو، وەحشەگەلێك کە داعش خوڵقاندویەتی، بەناو تۆڵەیە لە ملیۆنان قوربانی سوننەو کۆتایی هاتنە بە زەبرو زەنگی شیعە لە عیراقدا.

بەڵام کورد باجەکەی دەدات، بەبێ ئەو هیچکات تەرەف بووبێت لەو ململانێ تائیفیەدا، تەنها دوو هۆکار هەیە بۆ ئەم سیناریۆیەش:

یەکەم: وڵاتانی ناوچەکە، هیچکامیان کورد بە دۆستی خۆیان نازانن، بگرە وەکو دوژمن سەیری دەکەن، رەغمی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕە بازرگانی و نەوتە، چونکە پێیانوایە کورد، کوردە، نە شیعەیە، نە سوننەیە.

دووەم: کورد هەرکات داوای سادەترین مافەکانی خۆی کردبێت، ئەو دەوڵەتە دژ بەیەکانە هەموو دژایەتی خۆیان حەشارداوە یان پاشخستووە، روویان لە کوردستان کردووە، وەکو سیناریۆکانی ئەمجارەی داعش.

بۆیە هەر نەخشە رێگایەك بۆ عیراق لە دەرچوون لەم قەیران

و کێشانە، ناتوانێت عیراق بگەیەنێتە نەجات و هیچ گرەنتییەکیش نیە، کە ئەم حکومەتەش لەئەوانەی پێشتر باشتربێت و قەیرانەکانی پێ کۆنترۆڵبکرێت.

سەرەڕای هەموو ئەو بەدبەختیانەش، کەچی هێشتا مەحکومین بە پێکەوە ژیان و مانەوە لەم چوارچێوەیەدا کە پێی رازی نین و پێیدەوترێت (عیراق).

## 84
## قەیرانی بەنزینسازی

"کاتێك شەڕی داعش سەریهەڵدا، ئامادەبووم، سنگی خۆم بنێم بەگوللـەوەو بچم بۆ بەرەکانی جەنگ، بەڵام دوای گرانبوونی بەنزین و هەندێك شتی تر پەشیمانم..."

قسەی گەنجێکی دەربەندیخان

سەیرە، هەرکات کێرڤی نیشتیمانی و حەماسی گەنج و لاوی ئەم نیشتیمانە دەچێتە سەرو فاکتەرگەلێك بە دەستکرد، یان سروشتی پەیدادەبێت، بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئینتیما بۆ خاك و نیشتیمان، حکومەتی هەرێم بێ ئەوەی دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی بزانێت، بە بڕیارێکی سەقەت، هەموو ئەو ئارمان، باوەڕ، جۆش و خرۆشە وێران دەکات بەسەریەکدا..

ئێستا چی بوو، حکومەت و پەرلەمان، هاتن نرخی بەنزینیان گرانکرد...؟!

دەیانەوێت بەمجۆرە قەیرانی دارایی هەرێم چاکبکەن؟ چەند نامەنتیقە، حکومەت بیر لەوەبکاتەوە بۆ ئـەوەی بڕێك پارە

زیادبکات، روح و ئینتمای نیشتیمانی تاك بکوژێت...!

چەند مانگ پێش ئێستاش، کاتێك بەگەرمی باس لە دەوڵەتی کوردی دەکرا لە میدیاکانەوە، لەپڕدا جارێکیتر حکومەت و پەرلەمان، نرخی بەنزینیان بەرزکردەوەو قەیرانێکی تریان خوڵقاندو جارێکیتر روحیەت و حەماسی گەنجان و خەڵکی ئەم وڵاتەیان کوشت...!

ئەم قەیرانسازیە چییە؟ بێ دەربەستیە، یان بەئاگاییەوە دەکرێت..؟ کە نەك روحی ئینتما دەکوژێت، بگرە لەچەند رۆژی داهاتوودا چەندین دەرهاویشتەی خراپ و نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە.

لەلایەکی ترەوە سەرلەنوێ هەرایەکی ئیعلامی گەورەی لێکەوتەوە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان لەلایەك و ناوخۆی حکومەت و میدیاکان، سەرلەنوێ هەندێك پەرلەمانتار بۆ سنگ دەرپەڕاندن و موزایەدەی سیاسی بوونە هۆکاری سەرەکی شێواندنی بارودۆخەکە

ئیتر هەق وایە، هەر پێنج حزبەکە سنورێك بۆ پێنج فراکسیۆنەکانیان و پەرلەمانتارەکانیان دابنێن، چونکە بەو فۆرم و شێوازی کارکردنەی ئەم چەند مانگەی پەرلەمانتارانی ئەم خولەو ئەم پێنج حزبە، کە هەمیشە خەریکی گەورەکردنی کێشەکان، موزایدەی سیاسی و زۆرجاریش نابەرپرسیارانەو هەندێکیشیان لێدوان و هەڵسوکەوتەکانیان زۆر موراهیقانەیە کە لەئاست بەرپرسیارێتی نوێنەرایەتی گەل و وڵاتێکدا نین.

بێگومان هەندێکیان..

هەندێکیان دەگەڕێن، لە نەبوو شت دروستدەکەن و لە میدیاکان گەورەی دەکەن.

دڵنیام گەر لە داهاتودا شەڕێکی ناوخۆ دروستبێت لەسەر دەستی ئەم خولەو ئەم پەرلەمان و فراکسیۆن و ئەندام پەرلەمانانە دروستدەبێت... کە هیوادارم روونەدات.

یەکێکی تر لە دەرهاویشتەکانی ئەم قەیرانە، سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، کە لەحاڵەتی یەکەمدا مافێکی سادەی خەڵکە بۆ گوێگرتن لە داواکاریەکان ئەوکارە بکەن، بەڵام حاڵەتی دووەم ئەوەیە ئێستا مۆدێلی خۆپیشاندان نەك قەیرانەکان چارەسەرناکات، بەڵکو بۆخۆی بوەتە قەیران، چونکە خۆپیشاندەران، رێگەو شەقامە سەرەکیەکانی هەرێم دەگرن، لەکاتێکدا هاووڵاتیان و شۆفێران، خۆشیان بەقەدەر تاکی خۆپیشاندەر گلەیی و نارەزایەتی هەیە لە حکومەت و گرانبوونی بەنزین و سەرهەڵدانی قەیرانەکە.

واتا فۆرم و شێوازی خۆپیشاندانەکە تەندروست نییە، بەڵکو دەکرێت بچنە بـەردەم پەرلەمان و حکومەت، نەك گرتنی شەقامەکان.

سێهەم دەرهاویشتە، بێگومان بارودۆخی هەرێم لەسایەی پیلانی وڵاتانی دراوسێ و مەترسی داعش لەژێر هەڕەشەی جدیدایە، بۆیە ئەم روداوانە لەلایەك دەبێتە شڵەژانی دۆخی سیاسی هەرێم و لەلایەکیش کاریگەری لەسەر حەماسی پێشمەرگە دروستدەکات و رەنگە دەستی دەرەکیش بخزێتە ناو قەیرانەکانەوە.

چوارەم خاڵیش ئەوەیە، کە لەچەند رۆژی رابردوودا دەرکەوت کە حکومەت و پەرلەمان، قەیرانیان پێ چارەسەرناکرێت، بەرپرسی یەکەمن لەو کێشانە، لەوانەش گرنگتر ئەوەیە دەرکەوت کە بزووتنەوەی گۆڕان میکانیزمی سەرەکی و داینەمۆی یەکەمی

خۆپیشاندانەکانەو ئامادەنیە بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵگرێت کە لە حکومەت و پەرلەمان بەشدارە، شەریکەو بەقەدەر خۆی بەرپرسیارێتی کێشەو قەیران و گرانبوونی بەنزینی لەسەر شانە.

بەڵام ئەمانە پێماندەڵێن، گۆڕان هەرکات دەرفەت لەباربوو، خۆپیشاندان دروستدەکات و قەیران دەخوڵقێنێت و بۆشی گرنگ نییە، گەر پێویستیش بکات حکومەت و پەرلەمان جێبهێڵێت و بکشێتەوە، چونکە گەشەو لەزەت و دەنگ و قودرەت و خەون و ئاواتەکانی لە خۆپیشاندان و ئۆپۆزسیۆن بووندا دەبینێتەوە.

## 85
## داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟

بەهاری عەرەبی لـەدوای لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و رووخانی دیواری بەرلین، رووداوگەلێگی گرنگ بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ سێ رووداوی تر کە (رووخانی بەعس، یانزەی سێپتەمبەر، دەرپەڕاندنی تاڵیبان لە ئەفغانستان) بوون.

ئەگەر لە یەکەمیاندا گلاسنونست پرۆستریکای گۆرباچۆف توانی (16) دەوڵەتی نوێ بونیادبنێت، کە دەیـان ساڵ بوو لەلایەن ستالین و سۆڤیەتەوە ئەومافەیان لێ زەوتکرابوو، دواتر یۆگسلافیاو چیکۆسلۆڤاکیاش لێکهەڵوەشێنێت.

بەهاری عەرەبی ئەگەرچی بووە هۆی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت لە میسر، لیبیا، تونس، یەمەن و کۆتاییهاتن بە فەلسەفەی ناسیۆنال - فاشی، عەرەبی، کە لەبەشێك لەو وڵاتانە هەبوو، ئاڵوگۆڕێکی گرنگ و گەورەبوو، کە لانیکەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی شڵەقاند.

بەڵام ئێستا باس لەوەدەکرێت، کە لەخراپترین و رەشترین دەرهاویشتەکان و ئیندکاساتی بەهاری عەرەبی، رووخانی هەیمەنەی دەوڵەت بوو لەزۆر وڵاتی عەرەبیدا، رووخانی هەموو دامودەزگا یاسایی و دادوەری و ئەمنیەکان و سەرهەڵدانی فەوزاو خۆنیشاندان و سوتاندن و تاڵانکردنی وڵات و دامودەزگاکانی دەوڵەت بوو.

سەرەڕای ئەوانە، بووە هۆی پەرەگرتنی گەندەڵی و کۆچکردنی ملیۆنان هاووڵاتی لە نیشتمانەکانیان و سەرهەڵدانی ململانێی تائیفی، دینی، مەزهەبی و هەڕەشە لە کەمینەکان.

پرسیاری ئەوە دەکرێت، لیبیا، تونس، میسرو یەمەن چیان چنییەوە لە بەهاری عەرەبی؟ ئەو ئامانجانە کامانەن کە باسی لە ئازادی، یەکسانی، رێزگرتنی هاووڵاتیان دەکرا؟

هەرچەندە، ئیسلامی سیاسی میانڕەو، سوار سەری شەپۆلەکانی نارەزایەتی بەهاری عەرەبی بـوو، لە میسرو تونس ئیخوان دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام ئەمە لەسایەی دەسەڵاتی ئەوان و نە دواتریش ئەم وڵاتانە ئارامیان بەخۆیانەوە نەبینی.

ئەگەرچی بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ فەراهەمکردنی پلۆرالیزمی سیاسی و گەشەی دیموکراسی، بەڵام ئەوە هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەن کە نەیانتوانی فۆرمەلەیەك بـدۆزنـەوە بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراسی و رێکخستنی کۆمەڵگاکانیان، خەریکە ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ و تیرۆرست، هەموو ئامانج و هەنگاوەکانی بەهاری عەرەبی دەخاتەژێر پرسیارەوە.

له سوریا لەسایەی خرۆشانی بەهاری عەرەبی و نائارامی، بەناو سوپای ئازادو هێزە لیبراڵەکان، داعش و بەرەی نوسرەو دەیان گروپی تیرۆرستی قوتبوونەوە.

له لیبیا جەیشی شەریعەتی تیرۆرست، مەترسی جددی لەسەر حکومەت دروستکردووەو لەپاڵ پاشماوەکانی لایەنگرانی قەزافی و ئیخوانی سەلەفی و جیهادیەکان.

له یەمەن ململانێی دەوڵەت و حوسیەکان لەوپەڕیدایە بەهۆی پشتیوانەکانی ئێران بۆیان.

له فەلەستین، تونس... قەیرانەکان هەروا درێژەیان هەیەو بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، نزیکەی (50) ملیار یۆرۆ زەرەرو زیان بەر ئەو وڵاتانە کەوتووە لەسایەی ئەم رووداوانە، سەرەڕای زیادبوونی رێژەی بێکاری، چوونە دەرەوەی سەرمایەگوزاری و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و گەشتوگوزارو تێکشکاندنی ژێرخانی ئابوری ئەم دەوڵەتانە.

بەسەرنجدان لەم بۆچوونانە، عیراقی هاوسنوری زۆر لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی و نزیك لەو فەلسەفەو سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئیتنی و مەزهەبی، لەگەڵ رووداوەکانی ئێستای وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا بە یەك شێوە دەوڵەت و هاوشێوەی رووداوەکانی ئەوان تێکالاوە، هەموو دەستکەوتەکانی دوای بەعس لەبەردەم مەترسیدان و بەهاتنی داعش و قەیرانە تازەکان، ئەم مەترسییە زیاتر بووە.

ئێستا ئەگەر عیراق بە حەوت ساڵ پێش وڵاتانی بەهاری عەرەبی، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و هەنگاوی نا، بەڵام ئێستا لەباری ترس و شەڕو قەیرانی ئابوری و مەترسی گروپە ئیسلامیە

رادیکاڵ و تیرۆریستەکانی وەکو داعش، هەست بەجیاوازی ناکرێت و بگرە بەقەدەر میسریش ئارام نییە.

داعـش لە عیراق و مەترسییەکانی وایکرد، ئەو پرسیارە دروستبێت، ئایا داعش دەرهاویشتەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبییە..؟!

## 86
## توركیا سیناریۆکانی داعش دادەڕێژێت...!

جیا لە باکگراوندە مێژووییەکەی، جیا لە مێژووی تازەی کە درێژکراوەی قاعیدەیە، بۆچی ئەم گروپە (داعش) وا بەخێرایی گەشەیکرد؟ بەتایبەتی لە سوریاو عیراق؟ بۆچی توركیا پشتیوانی داعش دەکات؟ داعش دەیویست چی بکات؟ و داهاتووی ئەم گروپە تیرۆرستییە لە عیراق و کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟

گەشەکردنی داعش تا ئەوشوێنەی پەیوەندی بە سوریاوە هەیە، بریتیبوو لە پشتیوانی عەرەبستانی سعودییە، قەتەرو توركیا لە بەرامبەر رژێمی بەشار ئەسەدو لەوەش زیاتر شەڕی ئەو سێ دەوڵەتە شەڕ بوو دژی ئێرانی شیعی، هەیمەنەو رۆڵی ئەو لە دەوڵەتی عەلەوی و شیعی و دۆستی نزیکی تاران لە حزبوڵڵا، حەماس و ئیسرائیل.

بەچاوپۆشیکردن لە مەترسی ئەم گروپە، ئەو وڵاتانە کەوتنە هاوکاری و پڕچەککردنی وەکو دەوترێت بە چەکی ئەوان و بە ئۆتۆمبێلی نوێ وڵاتی قەتەر گەیشتنە بیابانەکانی عیراق و

ناوچەکانی کوردستانیش، بەڵام لە پەیوەست بە پەڕینەوەی قۆناغی دوای فەللوجەو رومادی، هێرش بۆ سەر موسڵ و کۆنترۆڵکردنی رۆڵی هەرسێ وڵات بەردەوامبوو، بەڵام سیناریۆیەکەی تورکیا دایڕشتبوو، لەبەر:

یەکەم: تورکیاو عیراق بەدوای رووخانی بەعس و بەتایبەتی لە سەردەمی مالیکیدا پەیوەندییەکانیان گەیشتە ئەوجی خراپی، تا ئەوەی ئەنکەرە بێئومێد بوو لە مالیکی و حکومەتی عیراقی.

ئەنکەرە، جیالەوەی هەمیشە مالیکی و حکومەتەکەی بە بچوککراوەی تاران دەزانی لەبەردەم بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی، بەڵام زۆر نیگەران بوو لەم کۆسپەی (تاران – بەغدا) داینا لەبەردەم ئەنکەرە بۆ رووخانی ئەسەدو رژێمەکەی.

ئەنکەرە، دەیزانی ئەو فڕۆکانەی لە تارانەوە دەفڕن بۆ بەغداو دەچنە دیمەشق، چەك و کەلوپەلی سەربازی ئێرانی دەگواستەوە بۆ ئەسەدو بەغداو پردی نێوانیان لە بەغدا بوو.

دووەم: ئەنکەرە، تەواو نیگەرانبوو کە مالیکی بەنهێنی پێشوازی لە وەفدێکی YPG و دواتر لە ساڵح موسلیح کرد لە بەغدا.

چونکە پێیوابوو، YPG واتا PKK، دیداری ئەوان واتا دژایەتی ئەنکەرەو گومانیشی نەبوو کە ئێران ئەمکارانە رێکدەخات و پشتیوانی سیاسی و سەربازی PYD و YPG، دەکەن تا دژی نەیارەکانی ئەسەدو دۆستەکانی ئەنکەرەو سعودیە شەڕبکەن، بۆیە ئەنکەرە دڵنیابوو کە ئێران و عیراق رێگری یەکەمن لەبەردەم رووخانی ئەسەد.

ئەنکەرە، خەون و پرۆژەیەکی گەورەی لە بەهاری عەرەبیدا دەبینی بۆ خۆی، کە رووخانی سوریاو ئەسەد بوو، چونکە

ئەردۆگان بەدووری سەدان میل چووە لیبیا کاتێك قەزافی رووخا، بەڵام پێیوابوو سوریا گرنگترین خاڵی ئەو رووداوانەیەو زۆریش بۆی گرنگبوو کە تۆڵەی رابردوو لە سوریا بکاتەوە، بەتایبەتی داڵدەدانی ئۆجالان و PKK تا 1998.

سێیەم: بۆیە ئەنکەرە بە خولْقاندنی قەیرانی نێوان هەولێرو بەغداو راکێشانی بـۆری نـەوت، دەستیکرد بە فشارەکان و هاتنەکەی داود ئۆغلۆش بۆ کەرکوك بە لای عیراقەوە خەتی سوور بوو.

سەرئەنجام بارودۆخی خراپی نێوانیان و تورەیی ئەنکەرە ئەوەی لێکەوتەوە، بەچڕی هاوکاری داعش بکات لە گرتنی موسڵ و دەرپەڕاندنی سوپای عیراقی.

داعش، لێدانێکی گورچکبڕ بوو لە عیراق و ئێران و پەلامارەکانیش بۆ سەر شەنگال و کوردستان لە سیناریۆی تورکیا بەدەر نییە، سـەرەڕای چەندین فاکتەری ناوخۆیی کـوردی کە لێرە کاتی باسکردنی نییە، بەڵام پەلاماردانی شەنگال و مەخمور جیالەوەی دەیویست کامپی مەخمور کۆنترۆڵبکات، کە هەمووی PKK ن، دەیویست لە سنورەکانی باشورو شارەکانی رۆژئاوا بگرێت کە بەدەستی PYDــەوەن و دەستیش بەسەر نەوتی ناوچەکەدا بگرێت.

ئەگەرچی داعش بەڵێنی تری دابوو، بەڵام بەڵێنەکانی شکاند، بـەوەی کە دەیویست هەولێریش کۆنترۆڵبکات و هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە داعش ویستویەتی تۆپبارانی هەولێر بکات و دواتر پەلاماری بدات.

مەترسی جددی لەسەر شاری هەولێر کە ژمارەیەکی زۆر راوێـژکـاری سەربازی و هەواڵگری ئەمریکا، کونسوڵخانەی ئەمریکاو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بوونی دەیان کۆمپانیای نەوتی ئەمریکاو ئەوروپا لەپاڵ لایەنی مرۆیی و ئاوارەکانی شەنگال لە چیاکاندا ئەمریکای ناچارکرد بجوڵێت.

لەپاڵ یەك فاکتەری زۆر گرنگی تر کە پێشتر قاسم سولەیمانی و ئێران، چەندینجار داوای ناردنی هێزیان کردبوو بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگەو شەڕی داعش، بەڵام لەلایەن هەرێمەوە رەتکرابووەوە.

ئەمریکا، لەم دەخالەتەی زۆر ترسا کە بەهێزی سەربازی رەنگە تورکیاو سعودیەش پەلکێش بکات بۆ ناو شەڕەکەو ناوچەکە ببێتە شەڕی وڵاتان و هەموو سیناریۆو هاوکێشەکانی لەدەست دەربچێت، هەربۆیە بۆ رێگرتن لەو مەترسیانە خۆی بڕیاری شەڕی دا.

ئێستاش کە شەڕەکە تەواوو مەترسیدارە، ئەمریکا، فەڕەنسا، بەریتانیاو ئەڵمانیا بڕیاری جددیان داوە بە دەرپەڕاندنی داعش لەتەواووی عیراق، بەڵام یەك مەرجیان هەیە بۆ هەرێم و بەغدا، ئەگەر پەیوەندییەکانیان چاکبکەنەوەو کێشەکان کۆتایی پێبهێنن و حکومەت دروستبکەن، ئەوجا ئامادەیە بەتەواووی داعش دەرپەڕێنێت، پێدەچێت مەرجی تریش هەبێت بەسەر هەرێمدا لەبابەتی گەڕانەوە بۆ سنورەکانی (2003) و چۆڵکردنی ناوچە تازە کۆنترۆڵکراوەکان و کەرکوك و شوێنەکانی ترو وازهێنان لە فرۆشی نەوت و گەڕانەوە بۆ بەغدا لەڕێگەی بەغداوە بفرۆشرێت.

سەرەڕای ئەمانە زۆرشت ماون باسبکرێن، بەڵام با رووداوەکانی بچنە پێش، باشتر درك بەڕاستی گرفتەکان و رووداوەکان دەکەین،

بەڵام سەرەڕای هەموو گومانەکان و خوێندنەوەی جیاواز بۆ ڕووداوەکان، ناکرێت ئەوە لەبەرچاو نەگیرێت کە تورکیا هەڵسوڕێنەری سەرەکی داعشە لە ناوچەکەدا، ئەمە لەکاتێکدایە کە گەورەترین سوودمەندە لە هەرێم و عیراقدا لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و نەوت...

## 87
## داعش کۆنترۆڵی عیراق دەکات؟

ڕەنگە سیناریۆ، پێشهات و شەڕەکانی شەنگال، سەرەتایەکی باش بێت بۆ شکاندنی بەستەڵەکی پڕ کێشەو قەیرانی نێوان هەولێرو بەغدا...!

کۆتاییهاتن بە ململانێکانی نێوان پارتی و پەیەدە، کە لەپاش دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژئاوا لەلایەن پەیەدەوە، دەستیپێکرد.

تێگەیشتنێکی باشیشە، بۆ پێداچونەوە بەو گوتارەی کە دەیوت! دەبێت لە شەڕی داعش و تیرۆریزم بێ تەرەف بین.

ڕاکێشانی سەرنجی خۆرئاواو بەتایبەتی ئەمەریکاشە، بۆ بارودۆخی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان و دۆسیەکانی نێوان هەرێم و عیراق، فایلی نەوت...

بۆ ئەگەری یەکەم، شەڕەکانی شەنگال دەریخست، ئەو بۆچوونە هەمووی ڕاست نییە، هاتنی داعش تەنها شەڕێکی تائیفی نێوان شیعەو سوننەیە، چونکە بەتەنها بەشێکی ئەو بۆچوونە ڕاستە.

خاڵی دووەم، ئاماژەکان وادەڵێن، پاش دانوستانی نێوان پارتی و

پەیەدە لە تورکیا، پەیوەندییەکانیان پێدەچێت بەرەو باشی بڕوات و بەشداری هێزەکانی (یەپەگە)ش لە شەڕی شەنگال یەکێکە لە ئاماژە پۆزەتیڤەکان، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان و باشوور و رۆژئاوا کە مەترسی قوڵبونەوەی زیاتری لێدەکرا.

پەیوەست بەخاڵی سێهەمیش، رووداوەکانی شەنگال سەلماندی کە داعش چەندە مەرامی تائیفی هەیە، هێندەش مەرامی سیاسی هەیە، چەندە بۆ شەڕی مالیکی و عیراق هاتووە هێندەش بۆ شەڕی کورد هاتووە، واتا دژی و دوژمنایەتی داعش بۆ شیعەو کورد، بەقەدەر یەك مەسافەیە، بۆیە پێشتر کە دەوترا شەڕی داعش تازوو بکرێت درەنگە، دەیانوت ئەوە شەڕی کورد نییەو شەڕی ئێرانە بە وەکالەت دەکرێت...!

بەڵام دەرکەوت بۆچوونی یەکەم راستە، کە داعش دۆستی نییە، ناشکرێت موجامەلەی بکرێت یان سەرەتاتکێی لەگەڵ بکرێت، بەهیچ بیانویەك.

پەیوەست بە سیناریۆی چوارەم، پێدەچێت هەڵوێستی ئەمریکاو خۆرئاواش سەبارەت بە بۆچونەکانی کورد، ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤی بەسەرهاتبێت.

نیوەکەی تری ئەوەبوو کە داعش پێش شەڕی تائیفی، دوژمنی سەرسەختی چەمکەکانی ئـازادی، دیموکراسی و خۆشگوزەرانی خەڵکەو مایەی هەڕەشەی جددیشە لەسەر هەرێمی کوردستان.

بۆیە لە رابردووداو بۆ ئێستاش نە مالیکی راستبوو کە هەرێمی پشتگوێخست، نە هەولێریش باشی کرد کە مالیکی تەنیا جێهێشت لەو قەیرانانەدا، چونکە هەولێرو بەغدا مەحکومن بە پێکەوەژیان و روبەڕووبونەوەی مەترسییەکانیش رووی لە هەردوولایانەو چەندیش

ئەم رووداوەنـەو رووداوی هاوشێوەی داهاتوو درێژەبکێشن و رووبدەن، بەم ململانێ قوڵەی نێوانیان هەردوولا زەرەر دەکەن و باجیشی دەدەن.

چونکە ئەگەر لەسەر ئەو رووداوانە یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بونایە، بێگومان داعش نەیدەتوانی سەرکەوتوانە هەنگاوبنێت و ببێتە مەترسی .

بۆیە رووداوەکانی شەنگال، رەنگە سەرەتایەکی باش بێت کە هەولێرو بەغدا بتوانن لەیەکتر نزیکببنەوەو کۆتایی بە قەیرانەکانی نێوانیان بێنن، کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر رەوشی سیاسی و ئابوری ئەمنی هەموو عیراق داناوەو لانیکەم هەوڵی جددیتر بدەن بۆ چارەسەری قەیرانەکانی نێوان هەولێرو بەغداو پشتگیری کەمی هەرێم و دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو بۆ قەیرانی نەوت.

هەموو ئەم ئەگەرو سیناریۆیانە ئەگەر بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت و چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە بە ئاراستەیەکی خراپتردا دەڕۆن، کاتێك داعش پەلاماری بەغدا یان کەرکوك دەدات و کۆنترۆڵیان دەکات.

چونکە نموونەی دەستبەسەرداگرتنی تاڵیبانمان هەیە، کە کۆنترۆڵی هەموو ئەفغانستانی کردو یەکێك لە هۆکارەکانیش ململانێی نێوان مجاهیدەکان و هێزە سیاسییەکان بوو لە نێوان (شا مەسعود، دۆستەم، حکمتیارو رەبانی) لەو وڵاتەدا، کە سەرئەنجام تاڵیبانی کردە هێزی ژمارە یەك لە ئەفغانستان.

## 88

## لەنێوان مەسیحییەکان و کوردەکانی رۆژهەڵاتدا

ماوەیەکە بەشێك لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان و تەنانەت سەرۆکی حکومەتیش، زۆر بە جددی و گەرموگوڕی باس لە ئاوارەبوونی مەسیحییەکان و دەرپەڕاندن و زوڵم و زۆری داعش دەکەن بەرامبەریان، کە گوایا لەژێر هەڕەشەو مەترسیدان.
تەنانەت سەرۆکی حکومەت پەیامی خـۆی و تایبەتیدا، پەرلەمان بە رەسمی راگەیاندنی تایبەتی راگەیاندو هەردوولا پشتیوانی خۆیان بۆ هاوکاری و یارمەتی خەڵکی کوردستان بۆ برا مەسیحییەکان راگەیاند.

تا ئێرە گریمان ئاساییەو کارێکی ئینسانی و ئەخلاقییە بەرامبەر مرۆڤگەلێك کە لێیان قەوماوەو ئاوارەبوون، هەرچەندە بەشێکی پەیامەکان، ناردنی مەسجێکە بۆ جیهانی مەسیحیەت و خۆرئاوا، کە- ئێمەی حکومەتی هەرێم - ئاوا بەتەنگ مەسیحییەکانی موسڵ و عیراقەوەین، بەڵام لەوە گرنگتر، ئەوە چەند مانگە کانتۆنەکانی خۆرئاوا بە رەسمی راگەیەندراوون، بۆچی پەرلەمان ئەوانی بە

ڕەسمی نەناسی و لە ئێستادا کە شەڕێکی نەخوازراوی داعشیان بەسەردا سەپێنراوە بە هاندانی ئەنکەرە، پەرلەمان بە ڕەسمی ئیدانەی نەکردو باسێکی لە پشتیوانی کۆبانێ نەکرد؟

بۆچی بیست ساڵە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ئێرانییەکان ئاوارەن، دەیان جار لە کامپی ڕومادی و سنورەکانی ئەردەن، دەربەدەرکران و توشی گرفت بوون پەرلەمان قسەیەکی نەکرد؟

بۆچی بە سەدان خێزانی کوردی ڕۆژهەڵات، بیست ساڵە لێرەن، شناسنامەیەکیان پێنادەن و نایانکەنە هاووڵاتی پلە دووی ئەم هەرێمە، ئەگەر ناکرێنە هاووڵاتی پلە یەك.

ئاخر چ یاسایەك هەیە، ڕێگری بکات لەوەی ئەم کوردانە نابێت ببنە هاووڵاتی ئەم هەرێمە، لەکاتێکدا کوردن، دەربەدەرن، لەژێر هەڕەشەو مەترسی گیانی و ڕۆحیدان و پاشان خۆ زۆرینەشیان سیاسین، لانی کەم دەکرێت وەکو وڵاتانی خۆرئاوا، مافی پەنابەری سیاسیان پێبدرێت و مافەکانیان بۆ دابینبکرێت...؟

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێك لە میدیاکانی ئێرە، دەردو گلەیی و ناڕەزایی ڕۆژانەی کوردەکانی ئێران نابیستن، یان ناخوێننەوە.

هاوڕێیەکی ڕۆژهەڵاتیم لە وەڵامی کەسێکدا کە پێیان وتبوون "ئێوە خەباتتان پێناکرێت"، چەندە نیگەران بوو لەم وشانەو ئەو سوکایەتییەی بە شێوازی جۆراوجۆر پێیاندەکرێت.

لەو بێئاگاییەی کە حەوت مانگە حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانی باشوور بێ ئاگان کە کوردەکانی ئێران و بەتایبەتی پێشمەرگەکانی ناو ئۆردوگاکانی هێزە سیاسییەکانی (سازمانی خەبات، پاك، دیموکراتەکان، کۆمەڵەکان و یەکێتی شۆڕشگێڕان)،

نەك هەر حەوت مانگە هاوكاریان پێنادرێت و ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپە، بەڵكو ژیانیان بەتەواوەتی لەژێر هەڕەشەی برسێتی و هیلاكەتدایە، بەڵام چونكە كەرامەتی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەیان ڕێگەیان پێنادات نەك هەر دەنـگ بەرزبكەنەوە، بەڵكو لە میدیاكانیش قسەیەكی نەخوازراو ناكەن یان كارێكی نەشیاو لە خۆیان نیشانبدەن، چونكە ڕێزی خۆیان و پەرلەمانیش دەگرن.

خۆ لانی كەم دەیانتوانی بە بەیاننامەیەكی هێزە سیاسییەكانیش بوایە، گلەییان بكردایە، یان چەند نووسەرو ڕۆژنامەنووس خۆیان ڕاسپاردایە سـەدان وتاریان بنوسیایە، كەچی لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستانەی ئەوانەدا، ئەوە كام پەرلەمانتارو پەرلەمانی كوردستان بوو ڕۆژێك چووە لایان و دڵنەواییان كردن و موچەی زۆرو زەوەندی مانگێكی خۆیان بەخشی بە یەكێك لە منداڵەكانی ئەو كامپ و ئۆردوگایانە، یان كامیان ڕۆژێك سەردانی كردن و لە پارە زۆرەكانی كە وەریدەگرن، چوار قوتوو شیر، بۆ چوار منداڵی كامپەكانی زڕگوێز، كۆیە، یان بنەسڵاوە بەرێت...؟

بێگومان من پێم شك نایە، كـەواتـا كە ئـەوەتـان نەكردو بەیاننامەیەكتان بۆ پشتگیریان دەرنەكردو بۆ كانتۆنەكانی خۆرئاوا كاری جدیتان نەكرد، پێویست ناكات بۆ برا مەسیحییەكانیش هێندە خۆتان سەخڵەت بكەن، پێویست ناكات هەر خەریكی ڕاگەیاندن و هەڵوێست فرۆشتن بن، چونكە سەردەمی موزایەدەو بەیاننامە دەركردن بەسەرچوو.

فەرموو ئەگەر هێندە دڵسۆزن و خەمی مەسیحییەكان و كوردەكانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتتان. مانگێك بەكۆی دەنگ موچەكانتان وەرمەگرن و بیدەنە ئەو سێ لایەنە، ئەوسا قسەی زل بكەن.

## 89
## نۆبڵ بۆ تاڵەبانی و سیستانی

خەڵاتی نۆبڵ بۆ تاڵەبانی و سیستانی، مافێکی سروشتییە، وەکو دوو کەسایەتی لە ململانێ و کێشەو قەیرانە تائیفی و مەزهەبییەکانی وڵاتێك کە ناوی عیراقە، رۆڵێکی یەکجار گەورەی ئاشتی و پێکەوە ژیانیان تا رادەیەکی باش دابینکردووە.

ئەگەرچی عیراق، لە ئەزەلەوە هەمیشە پڕ ئاریشەو قەیران و خوێنڕشتن بووە، بەڵام ئەگەر چەند هەوڵێك هەبووبێت بۆ بەرگرتن لەم ململانێ لە مێژووی عیراقداو بەتایبەتی لە دوای رووخانی بەعسەوە، تاڵەبانی و سیستانی بوون.

تاڵەبانی وەکو کەسایەتییەکی دیموکرات و ئازادیخواز، سیستانی وەکـو مەرجەع و کەسایەتییەکی ئایینی شیعە، لە رابــردوودا هەمیشە ویستویانە پـردی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی شیعە، سوننەو کورد بن، ئەمە بەو مانایە نییە کە رۆڵ و کاریگەریان لەناو پێکهاتنە ئیتنی و مەزهەبییەکانی خۆیاندا نەبووە، یان هیچ کاریگەری نەتەوەی کوردو لایەنگری

بۆ کێشەی گەلەکەی نەبووە، یان لایەنگری بۆ مەزهەب و هەستی شیعەگەرایی نەبووە.

بەڵام هەرگیز نەزعەی نەتەوەیی کوردی و نەزعەی مەزهەبی شیعە گەرایی، نەبووەتە هۆی دژایەتی و دوژمنایەتی لایەنەکانی تر، یان رەوایەتی دان بەهەر زوڵم و زۆرییەك کە کرابێتە سەر لایەك، یان بەتایبەت سوننەکان یان مەسیحییەکان و پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی کە ساڵانە دەدرێتە کەسایەتییەکی جیهانی و نێودەوڵەتی لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ، بۆ کەسانێك کە خزمەتی ئاشتیان کردبێت یان خەڵکانێکی دیموکرات و عەدالەتخوازو رابەرێکی مەزنی کۆمەڵگاکانی خۆیان بن.

زۆرن ئەوانەی ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە (ئون سان سوگی لە بۆرما، ئیسحاق رابین، شیمۆن پێریس، شیرین عبادی، فریدریك دیکلێرێك، کوفی ئەنان، مارتن لوسەر کینگ، نیڵسۆن ماندێلا، محەمەد ئەنوەر سادات، محەمەد بەرادعی، میخائیل گۆربا تچۆف، هینری کیسنجەر، یاسر عەرەفات...).

ئەم ناوانەو زۆری تریشن، کە هەندێکیان نەك ئاشتیخواز نەبوون، بەڵکو بەرپرسن لە کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع یان لە سیاسەتی ئاپارتایدو هەڵاوێردنی رەگەزی، بەڵام دیارە پێدانی ئەو خەڵاتە بۆ دوایین هەنگاوی ئەم کەسانە بووە بۆ ئاشتی و رێککەوتن لەگەڵ نەیارەکانیان، بەڵام خەڵکانی ئازادیخوازو تێکۆشەری زۆریشیان تێدایە کە قوربانی زۆریان دا لە پێناو گەل و نیشتمان و ئازادی و دیموکراسی و لە بابەتی (ئان سان سوگی و ماندێلا)، کە بێگومان مام جەلال و سیستانی ئەگەر لەمانەیان زۆرترو زیاتر نەکردبێت، کەمتر نەبووە، بەڵام قەدەری

عیراقییەکان و لەناویشیاندا کوردەکان وایە کە هێشتا فۆکەسی جیهان و لیژنەی دادوەری خەڵاتی نۆبڵی سوڵح باش نەچووەتە سەر کوردو عیراقییەکان، وەکو چۆن لە رابردووشدا لە بواری ئەدەب، غەدریان لە یەشار کەمالی نووسەری کورد کرد لە تورکیا.

دڵنیام خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی زوو یان درەنگ دەدرێتە مام جەلال و سیستانی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تا لە ژیاندان ئەو مافە سادەو ئەو رێزە گەورەیان لێ بگیرێت، هەستبکەن وەڵامی هەوڵ و خەبات و ئاشتی و قوربانییەکانیان وەرگرتووەتەوە.

## 90
## رۆتینیات

تا دێـت خەڵك مـانـدوودەبـن، بەدەست کێشەو قەیرانی بەردەوامیی نێوان هەرێم و بەغدا، کە نە ئەوەتا بە یەکجاری چارەسەربکرێت، نە ئەوەتا دەستی لێ بەردرێت، چونکە خەڵکی هەژاری عیراق و کوردستانیش قوربانی یەکەمی ئەم گرفتانەن و دەرئەنجامی ئەم بارودۆخەشە کە رۆژانە دیاردەی تازە دەردەکەون و دەبنە مایەی نیگەرانی و بێزاری.

تازەترین دیـاردەی ناشاز، دروستبوونی کۆبۆنی بەنزینە، کە دڵنیام وەکو کارت و کۆبۆنەکانی تر، شەش مانگ کاری پێدەکرێت و دەبێتە مایەی خەرجکردنی پارەیەك بە هاووڵاتیان و ماندووکردنیان، چونکە هەر ئێستا هێندە رۆتینیان بۆ کۆبۆنەکە دروستکردووە، وەکو رۆتین و ماندووکردنی بەردەوامی هاووڵاتیان، کە بڕوات بەنزین بە نرخی گران بکڕێت.

ئاخر کۆبۆنێکی بەنزین، کارتی زانیاری و کۆبۆنی خۆراك و ناسنامەو جنسیەو...ی بۆچییە؟ ئەگەر ماندووکردنی خەڵك نییەو

بەردەوام دووبارەبوونەوەی رۆتینیاتەکانی پێشووە.

ئەگەر حکومەت دەیەوێت کارەکە بکات، تەنها ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکە کافیە، بەڵام رەنگە بڵێت، ئاخر کاکە خەڵك هەیە بەنزینەکە دەفرۆشێتەوە یان ...، بەڵام ئەمانە جگە لە پاساوی نامەعقول هیچی تر نییە.

هاووڵاتیەك دەڵێت: "گرێبەستی هاوسەری و ژنهێنانەکەم ئەوەندەی کۆبۆنی بەنزین ماندووی نەکردم".

هاووڵاتیەکی تریش دەڵێت: "دوو خانووم تاپۆ کردووە، بەقەدەر کۆبۆنی بەنزین دەستاودەستم پێنەکرا".

کورتییەکەی ئەوەیە، رۆتین وڵاتی وێرانکردووەو بەردەوامیش دووبارەدەبێتەوە.

بۆ نوێکردنەوەی ناسنامە تایبەتەکەت دەبێت بڕۆیت بۆ شوێنی لەدایکبوونت و چەند رۆژ دەتهێنن و دەتبەن، ئەمە چییە، ناسنامەکەت - وەکو خۆیان دەڵێن - بۆ دەکەن بە فسفۆر، کە کێشەکە هەر لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو ساڵێك فسفۆر، ساڵێك وێنەکەی بگۆڕە، ساڵێك کارتی موختاری گەڕەك، ساڵێك کارتی زانیاری، ساڵێك کۆبۆنی خۆراك و کۆبۆنی نەوت و گازو غازو ئەوە هی بەنزینیشی هاتە سەر.

کەچی ئەم هەموو ماندووکردن و هیلاککردنەی هاووڵاتیان و خەرجکردنی پارە پێیان، بۆ هەموو ژیانت کارتێکت بۆ دەکرێت لە ئەوروپا، کە هەموو ژیانتی پێ بەڕێوەدەچێت.

تەنانەت رۆتینات و کاغەزو فایل و ئەوراق، تائێستاش پاش بیست ساڵ کەس لە فایل و ئـەوراق رزگـاری نەبوو، کۆدێکی کۆمپیوتەری پێنەرداو ناوی لەسەر هاردێك تۆمارنەکرا.

رۆتین، یەکێکە لە دەستەخوشکەکانی گەندەڵی، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ژیانی سایکۆلۆژیاو نارەزایەتی و بێڕێزی خەڵك، کە وادەکات هاووڵاتی متمانەی بە دامودەزگاکان نەمێنێت.

هەربۆیە هاووڵاتیان لە کوردستان، زۆرجار گوێم لێبووە دەڵێن "یاخوا کەس رێی نەکەوێتە فەرمانگەی حکومەت"، ئەم قسەیە زۆر باو و بڵاوە لەناو خەڵکدا، کە دەکرێت حکومەت بپرسێتەوە مانای چییە...؟ خەڵك هێندە بێزارە لە دامودەزگاکانی خۆیان، کە بێگومان وەڵامەکەی روونـە، تەنها رۆتین و ماندووکردنی هاووڵاتیانەو جارهەیە بۆ سادەترین کارێك و ئیمزایەك دەیان ژوورت پێدەکەن، واتلێدەکەن ئەگەر ناچارنەبیت نەچیتەوە فەرمانگەکە.

دڵنیام کە حکومەت چارەسەری ناکات و مەبەستی نییە، ئەگەر دەیتوانی لە بیست ساڵی رابـردوودا ئەوکارە بکات، یان ئەگەر بیەوێت تەنها لە دوو ساڵی ئاییندەدا ئەمکارە بکات، ئاخر هاووڵاتیان هیلاك بوون بەدەست ئەم هەموو کێشەو گرفت و قەیران و نەگبەتی و نەبوونیەی (نان، گاز، غاز، بەنزین، ئاو، کارەبا...)، ئاخر ژیان چۆن وا دەڕوات...؟!

## 91

## جەهەنەمێك، كە ناوی عیراقە

شەڕێكی مێژوویی خەفەكراوی چەندین ساڵەی شیعەو سوننە كە دەیان ساڵە باربوكراوە بە رق و تۆڵەی پەنگخواردوو، كە دەیان ساڵە لەڕێگەی مزگەوت و حوسێنیەو مەرجەع و كتێب و هێزو رێكخراوەكانیانەوە رق و قین بەرامبەر یەكتر دەچێنن و هەركام لایەنگرانیانی بۆ تەیاردەكات و بەدوای قەتڵوعام و تەفروتوناكردنی ئەوی دیكەدا دەگەڕێت، چونكە هەركامیان پێیانوایە بە تەفروتوناكردن و ئیبادەكردنی بەرامبەرەكەی، ئەمن و بوون و وجودی خۆی دەپارێزێت، هەربۆیە بێبەزەییانە لە رابردوو ئێستاو داهاتووش قەتڵوعامی گەورەیان رێكخستووە، كە هاوشێوەی ململانێی خوێناوی سەدە تاریكەكانی كەنیسەو سەردەمی كاسۆلیك و پرۆتستانتەكان نییەو خراپترە.

بەڵام ئەم هەموو رق و قینە، بێگومان پێویستی بە دەربیجەیەك هەیە، بۆ خاڵیكردنەوە، ئەوەش كە ئێستا لە عیراق دەبینرێت هەرئەوەیە، بۆیە ئاسان نییە قەیرانەكە وازوو كۆتایی پێبێت.

بەڵكو وا چاوەڕواندەكرێت سیناریۆو بارودۆخی سوریا لە عیراق دووبارەبێتەوە نزیکەی (250000) کەس ببنە قوربانی و شەڕی کۆڵان و کۆڵان رووبدات، لانیکەم ئەم شەڕە دوو ساڵ بخایەنێت، ئەگەرچی هێزەکان لە سوریا شەرمنانە دەخاڵەتیان کرد، بەڵام لە عیراقدا بە بەرنامەڕێژی و دابینکردنی پشتی جەبهەو کەلوپەلی سەربازی و لۆجستیکی و لێدوانی رووقایمانەی لایەنگرانی هەردوولا لە رووداوەکاندا بەشدارن.

ئەگەرچی نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە ئەم شەڕە شەڕی سوننەو حکومەتی عیراق یان داعش و حکومەتی عیراق نییە، بەڵکو شەڕی دوو تائیفەو مەزهەبە لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسی کە ناوی عیراقە، بەڵام بەداخەوە کە دەبێت هەموو عیراقییەکان باجەکەی بدەن بەوانەشەوە کە شیعەو سوننەن، بەڵام رەوشەکەیان قبوڵ نییە، یان کوردەکان راستە لەناو عیراقدان، بەڵام دەبینین بەجۆرێك تێوەگلاوە کە خۆشی خوازیاری نییە، جیالەوەی کورد لە رابردوودا عیراقیان قبوڵبووە، سیستمی فیدراڵی لەو قۆناغەدا بە چارەسەر زانیووە، بەڵام ئێستا نایەوێت لە جەهەننەمێکدا بژی و بەشداربێت کە شیعەو سوننە خوڵقاندوویانە.

بەڵام کورد هەرگیز قبوڵی نییە لە فیدراڵیەت و کۆنفیدراڵییەك بەشداربێت کە داعش و گروپی بێ ناسنامە دراوسێ بێت، کە نەك هەر هەڕەشەیە لەسەر مرۆڤایەتی، بگرە لەسەر ئازادییەکان و دیموکراسی و مافەکانی هاووڵاتیان، خۆ ئەگەر سوننەش ئەوەندەی نوزە تێدا مابێت بتوانێت هەرێمەکەی خۆی بپارێزێت، ئەوە پێشوازی لە دراوسێیەکی نوێ دەکەین، بەڵام هەرکات ئەم دوو هێزە بیانەوێت هەموو عیراق و کوردیش بە ململانێکانی

خۆیانەوە بسوتێنن، هیچ ڕێگاچارەیەك نییە جگە لە جیابوونەوە لە عیراق و بەجێهێشتنی بۆ ئەوان بۆ یەکلاییکردنەوەی حساباتی دەیان ساڵی ڕابردوویان بەڕەسمی پارچەپارچە بوونی، چونکە ڕاستە زۆرینەی کوردەکانی عیراق بە ناسنامە سوننین، بەڵام هەرگیز کورد بەشێك نییە لە ململانێی تائیفەکان، بەڵکو کورد ئیتنیکی جیاوازەو هەمیشەش کە باس لە لایەنەکان کراوە لە عیراقدا وتراوە (کورد، شیعەو سوننە).

بۆیە کورد نابێت ئەم فرسەتە لەدەستبدات، بەڵام نابێت بەشێوەیەك بێت ئەوەی هەشیەتی لەدەستیبدات، بەڵکو باشترین خاڵ لەم بارودۆخەدا کەرکوکە، کە دەبێت بەهەموو پێکهاتەکانی ڕەسمی بسەلمێنێت کە ژیان لەژێر سایەی کورد دا، هەزار جار باشترە لەژێر سایەی حکومەتی عیراقدا.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کورد ئاگاداربێت، وەکو ئەوەی لە ڕابردوو مێژوودا ڕوویداوە، دەرئەنجام نەیارەکانی کورد، هەموو کێشەکانی خۆیان نەخەنە لاوە تەنها بۆ شکستپێهێنانی پرۆژەو خەونەکانی کورد، بکەنە ستراتیژ، هەرچەندە ئەگەرێکی دوورە چونکە چانسی پێگەو ژیانی نەیارەکانی کورد بەیەکەوە زۆر کەمبووەتەوە، بەڵام ئەمەش شیمانەیەکە کە ئەگەری لەسەدا بیست تێپەڕ ناکات.

## 92
## لەچاوەڕوانی حکومەتێکدا...!

پاش نۆ مانگ لەو ململانێ و کێشمەکێشی سیاسی نێوان هێزو لایەنەکان و کابینەی هەشتەم بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەمترین کاندیدی ژن و تایبەتمەندی و لەبەرچاوگرتنی ئەو بانگەشەیەی پایتەختی رۆشنبیری و بەشێك لە کوڕو کورەزاو برازاو زاواو دۆست و نزیکی بەرپرسەکان و بێ لەبەرچاوگرتنی رابردوو کە حکومەت دیکتاتۆرە، ئۆپۆزسیۆن قسەیەکی نەبوو بزوتنەوەی گۆڕانیش دواجار ملیدا دەست لە میکانیزمی فۆرمی رابردوو هەڵگرێت و پۆست وەربگرێت و لە کێشە دروستکردنی کۆڵبدات، بێگومان جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە گلەیی و گازندەی کادرو لایەنگرانی کەمترە بەهۆی خەسڵەتی حزبەکەوە، هەموو حزبەکانی تر روبــەڕووی گلەیی و نیگەرانی بەشێك لە کادرو لایەنگرانیان بوونەوە، لەسەرئەوەی کە جارێکی تر بەشێکی زۆری وەزیرەکان مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی یان کوڕو خزمی بەرپرسەکانن و کەمتر تواناو پسپۆڕی لەبەرچاوگیراوە،

ئەم ڕەخنانە بەشێکی ڕاستین و تەنانەت دەوترێت هەندێك لەو پێداگریانە، جەختکردنەوە بووە لەسەر وەزارەتێکی دیاریکراو...؟ ئەمەش مانای سڕینەوەی چەمکی پسپۆرییە.

لە بــارەی نەبوونی ژن لەناو کاندیدەکانی (ی.ن.ك) لە کابینەکەدا جێگەی سەرنجە، کە ئایا ژنێکی چالاك نەبوو پۆستێکی وەزاری وەربگرێت، یان کێشەو ململانێکان هێندە قورس بوو ژنان نەیانتوانی بەشداری تێدا بکەن، یان ڕەنگە ژنە وەزیرەکانی پێشوو نموونەیەکی خراپیان پێشکەشکردبێت؟ پاشان ئایا لانی کەم نەدەبوو یەکێتی وەکو پارتی ژنێکی دابنایایە، یان هۆکارو فاکتەرێکی سیاسی هەیە لە بێبەشکردنی ژنان لە وەزارەتەکان.

گەر هەرکام لەوانە ڕاستبن، ڕەنگە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك هێزێکی سۆسیال دیموکرات خاڵێکی نێگەتیڤ بێت و هیوادارم هۆکاری بەشداری نەکردنی ژن ڕوونبکاتەوەو بێگومان بۆ حزبەکانی تریش ئەم مەسەلە ڕاستە بە ناوی دیموکراسی و ئیسلامییەوە، کە بانگەشەیان بۆ مافی ژنان دەکرد.

خاڵێکی تری گرنگ کە تایبەتە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شاری سلێمانییەوە، دەبــوو بەپێی تایبەتمەندی ئەم شارە وەکو پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان، وەزارەتــی ڕۆشنبیری بۆ کاندیدێکی شاری سلێمانی بوایە، (ئەگەر چی ئێستا هاوڕێم خالید دۆسکی) لەسەر پشکی جوگرافی بادینان ئەو پۆستەی وەرگرتووە، کە دڵنیام شایستەیەتی و کەسێکی ماندووە لەم حزبەدا، بەڵام دەکــرا وەزارەتــی ڕۆشنبیری بــەر پشکی جوگرافی سلێمانی بکەوێت، بۆ نموونە تەندروستی یان ئاوادانکردنەوە بدرایاتە بادینانی تێکۆشەر کە شایەنی زیاتریشن ئێستاش دەبێت، لێرەوە

دەكرێت وەزارەتی رۆشنبیری بەپێچەوانەی رابردوو رۆڵی هەبێت لە بەواقیعیكردنی بە پایتەختی رۆشنبیری ئەمەش بە هەوڵ و كاری وەزارەت دەكرێت كە لانی كەم خەڵكانی دڵسۆزو پسپۆڕ هاوكاری جددی ئەم وەزیرو وەزارەتە بكەن، چونكە بە هۆ یان بێ هۆ مەبەست یان بێ مەبەست لە رابردوودا نەك كار بۆ ئەم مەسەلەیە نەكرا، بەڵكو گوێی لە خواست و زۆرێك بە نووسەران و رۆشنبیران، هونەرمەندان و رۆژنامەنووسانی ئەم شارە نەگیرا، رەنگە سادەترین شت گواستنەوەی بارەگا سەرەكییەكانی یەكێتی نووسەران، هونەرمەندان، رۆژنامەنووسان بوو بۆ ئەم شارە.

بێگومان دەبێت بۆ پۆست و بریكاری وەزارەت و راوێژكارو بەڕێوەبەرە گشتییەكانیش و هەموو پۆستەكانی تریش هەم شەفافانە یەكلابكرێتەوەو هەم ئەو دوو خاڵە خاڵی نێگەتیڤەكانی تر لەبەرچاوبگرن، لانی كەم دەبێت چاو بخشێندرێتەوە بەو پۆست و كەسانەی كە چەندین ساڵە پۆستێكی وەرگرتووە دەبێت بگۆڕدرێت و خەڵكانی شایستەتر بخرێتە شوێنیان، نەك كەسێك كە چەندین ساڵە بەڕێوەبەرە بكرێتە بریكارو ئەمجا ئەمیش بخرێتە پۆستێكی باڵاتر، واتا مەسڵەحەت نییە هەندێك دەموچاو هەتا دەمرن بەرپرس و لێپرسراو بن و ئەمجا جاروبار خۆیان زیز بكەن و گوایە پۆستەكانیان لێوەرگرتۆتەوە یان پۆستەكانیان پێنەداوە، وەكو لەم وڵاتەدا كەسی تر نەبێت پلەو پۆست وەربگرێت، واتا خەڵكانێك هەن بەردەوام پلەو پۆستیان پێدەدرێت، كە دەكرێت هەل و دەرفەت بۆ خەڵكانی تر بڕەخسێت.

## 93
## ئەنتی فەندەمێنتاڵ و داعش و ماسککراوەکانیان...؟!

لە بارەی پرسیارێکی گرنگەوە کە دەکرێت، "ئایا یەکێتی شەڕی داعش دەکات؟"

ئەگەرچی بۆ تێگەیشتن لە باکگراوندی مێژووی ئەم کێشەیە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ رابردوو چ لە دوور چ لە نزیك.

چونکە داعش و بزووتنەوە ئیسلامییە رادیکاڵەکان و گروپە فەندەمێنتاڵەکان چەندە لە بەرەکانی شەڕ، سەربازیانە روبەڕوویان بیتەوە، ئەوەندەش پێویستە کە لە رووی میدیایی و مەعریفییەوە مەترسییەکانی ئەم رەوت و گروپانە بخرێتە روو.

ئێستا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، کام هێز لە کوردستاندا لە سەرەتاوە تا راپەڕین، لەوکاتەوە تا ئێستا، لە سەردەمی کرانەوەی میدیا، بەقەدەر (ی.ن.ك) هەڵوێست و بیروبۆچوون و راگەیاندن و مەسج و پەیامەکانی روون بووە، کە هەمیشە ئەوەی بە کۆمەڵگە وتووە، کە ئەم گروپانە مایەی هەڕەشەو مەترسین، لەسەر ئازادی و دیموکراسی، لەسەر مەسەلەی ژنان و ئازادییە شەخسییەکان،

مەترسین لەسەر بزووتنەوەی فێمێنیزم و هیومانیزم، لەسەر ئازادی عەقیدەو بەیان.

کەم هێز هەیە، لە ستراتیژیدا، لە ئەجێنداو بیرکردنەوەی سەرکردایەتییەکەیدا بە عەمەلی و بە فعلی لە میدیاو بۆچوونەکانیدا بەقەدەر یەکێتی بەجددی کاری لەسەر روونکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم گروپە تیرۆریستییانەو فەندەمێنتاڵانە کردبێت...؟!

کام هێز هێندەی یەکێتی لە رۆشنکردنەوەی ئەوەی کە ئەم هێزانە نەك هەر مەترسین بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو مەترسین لەسەر ئازادییە شەخسییەکان و ئازادی راگەیاندنی عەقیدەو بەیان، بە ئاشکرا بڵێت، تیرۆرو گروپە تیرۆریستییەکان و تیرۆریزم، دەرهاویشتەی توندڕەوی و فەندەمێنتاڵیزم و گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانە.

خۆ رەنگە ئەگەر ئەو هەوڵانەی یەکێتی، بەشێك لە نووسەران و رووناکبیران و ئازادیخوازان و بەشێك لە کۆمۆنیستەکان نەبووایە، بارودۆخی کوردستان بەدەست ئەم گروپانەوە لە ئێستا خراپتر دەبوو سیناریۆکانی نەجاتی جەزائیر، تاڵیبان لە ئەفغانستان، شەباب لە سۆماڵ، بۆکۆحەرام لە نەیجیریا، لە کوردستان دووبارە دەبوونەوە، بەوپێیەی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ئەم بزووتنەوانە لەئارادایە، بەڵام زۆرجار هێزی پێشڕەو خەڵکی هۆشیارو دەستەیەك لە نوخبەو بژاردە دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە پاشەکشەی ئەم بزووتنەوانە، هەروەك ئەوەی لە کوردستاندا روویداوە، ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نییە، مەترسی نەبوون لە رابردوو یان نابن لە داهاتوو، بەڵام چونکە چەند هێزی ئیسلامی

رادیکاڵ هەبوو لە کوردستان کە لەسەر دەستی یەکێتی و چەند هێزی ترو نوخبەیەك پاشەکشەی گەورەیان پێکراوەو کۆمەڵگەی کوردستان لە هاوشێوە بوونی سۆماڵ و نەیجیریا رزگاری بوو، خۆ ئەگەر بە توندی بەر بەولێشاوە نەگیرایە کە ئەم گروپانە دەستیاندایە، ئێستا بارودۆخەکە لەوە خراپتر دەبوو...

بۆ باشتر تێگەیشتن لە مەترسییەکانی ئەم گروپانە، ئایا جگە لـەوان، کەسێك هەیە لەپشت کوشتنی عبدالخالق معروف، فەرهاد فەرەج، یان فتواکانی کوشتن لە دژی شێرکۆ بێکەس، ناسك ئەحمەد، فەرهاد پیرباڵ و چەندینجار هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا بەختیار..؟!

بۆچیش...؟ تەنها ئەوەی کە ئەم نووسەرانە، دژی ئەوترادسیۆنە باوانە قسەیان دەکرد، کە دەیانویست رێگەی نەجات نیشانی ئینسانەکان بدەن، کۆمەڵگەو تاکەکان هۆشیاربکەنەوە کە ئەم بیروباوەڕە دۆگماو سوننەتیانە، کارو بەرهەمی ئەم هێزو گروپە فەندەمێنتاڵ و رادیکاڵانەیە کە دەیانەوێت بەسەر کۆمەڵگەیدا بسەپێنن، بە ناوی دین و مقدسات و عەقیدەو بیروباوەڕەوە...

لەمبارەیەوە، زۆر حزب و گروپی سیاسی لە کوردستاندا هەن کە هەموو مێژوو، ئەدەبیاتیان هەڵدەیتەوە، دوو هەڵوێست و موقفی جددی نابینیت، بەرامبەر ئەم هێزە رادیکاڵانە، لە ئاستی میدیاو کۆڕو کۆبوونەوەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە رۆڵی چالاك و فەعالیان نەبووە.

کەواتا رۆشنە، کە ئێستا کێشەو قەیرانەکە بە تەنها بە شەڕ یەکلایی نابێتەوە لەگەڵ گروپێکی وەکو داعش، بەڵکو مێژوو باکگراوندی بەگژداچوونەوەی ئەم هێزانە یەکێکە لە فاکتەرە

گرنگەکان، کە دەبوو هەموو ئەو هێزانەی کە خۆیان بە نوێنەرو پێشەنگی کۆمەڵگە دەزانــن، کاریان لەسەر بکردایە، بەڵام بەداخەوە لە رابردوودا بەشێکی زۆری ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی یەکێتی و بەشێك لە رووناکبیران و کۆمۆنیستەکان.

دەکرێت ئەم هێزانە لە خۆیان بپرسن، فەرهاد فەرەج و عبدالخالق معروف-یان لەسەر چی تیرۆرو شەهید کرد؟، ئەگەر بۆیان بلوێت، چەند فەرهاد و مەعروفی تر لە کوردستان تیرۆر دەکەن؟

دەکرێت بزانرێت چەندینجار بۆچی هەوڵی تیرۆرکردنی شێرکۆ بێکەس، مەلا بەختیارو رێبوار ئەحمەدتان دا؟، ئەگەر رەوشەکە لەبار بێت، سەدان فتوای تری وا دەدەن...؟

بۆچی ئامادە نەبوون، ئەمانە وەکو ئینسانێك قبوڵبکەن کە خاوەنی بیروبۆچوونی خۆیانن و ئەگەر مخالفی ئێوەشن، دیالۆگ بکەن، نەك تیرۆر، بەڵام روونە کە ئەمانە تەنها زمانی کوشتن و تیرۆر تێدەگەن.

بە بـاوەڕی من، بـەراورد بە رابــردوو، دەیەی هەشتاکان و تەنانەت نەوەدەکانیش رەوتی چەپ و بزووتنەوەی ئەنتی فەندەمێنتاڵ بەهێزترو کاریگەرتر بوو تائێستا، کە بەهۆی چەندین فاکتەر، زۆر هێزو لایەن و تەنانەت هەندێك لە رووناکبیرانیش، خۆیان لەم کارە نەدا، یان پاشەکشەیان کردووە.

بێگومان کاتێك هێزە ئەنتی فەندەمێنتاڵ و رادیکاڵەکان پاشەکشە دەکــەن، ئـەم گروپانە باشتر خۆیان دەخزێننە کۆمەڵگەوە، لە نموونەی داعش و هاوشێوەکانیان و دەبنە مایەی نەگبەتی و ماڵوێرانی بەسەر کۆمەڵگەوە، بۆیە دەبێت ئەم

هێزە ئەنتی رادیکاڵانە لە رابردوو، جەسورانەتر بێنە مەیدان بۆ روبەڕوبوونەوەی مەترسی و خەفەقانێك کە دەیانەوێت بە بەر کۆمەڵگەیدا بکەن و رەنگە کاتەکەش گونجاو بێت لەسەروبەندی هاتنەکایەی رەوشێکی نائارام و نائینسانی کە داعش وەکو کۆپی ئەم گروپانە، لە موسڵ و چەند شوێنێکی تر خوڵقاندوێتی.

داعش و نزیکەکانیان، داعش و لەیەکچووەکانی داعش، داعش و هەندێك لە هێزە فەندەمێنتاڵە ماسککراوەکانی وەك داعش، ئەگەر ئێستا وەکو داعش رەفتار ناکەن ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە باوەڕیان بەو کارانە نییە، بەڵکو لەگەڵ هەنگاوێکی داعشدا بزە دەیانگرێت و بست بست باڵا دەکەن، بەڵام ئەوەی کە نایکەن بۆیان ناکرێت.

ئەگەرنا، چەندین لەم گروپانەو رێبەرانیان، تەفسیرو تەئویلی نامەنتیقی، نائینسانی بۆ دێڕە شیعرێك، یان نۆڤلێت و رۆمانێك دەکـەن؟ هـەزاران وشەی فەسادو بێ ئەخلاقی و بێ دینی دەخەنە پاڵ تابلۆیەك! و فتوای کوشتنی سەدان ژن دەدەن لەسەر پۆشینی جلەبەرگ و مۆدێل و ئارەزووەکانیان، هاوکات بۆیان بلوێت وەکو پێشتر، هەموو دووکانەکانی مەی فرۆشی و شوێنە گەشتوگوزارییەکانی تایبەت بە گەنجان و لاوان تەفروتونا دەکەن.

ئێستا دیـارە، ئەو هێزەی کە لە رابـــردوودا بە رەسمی و عەلەنی، بە واقیعی یان میدیایی وەڵامیان نەدراوەتەوەو بەریان پێنەگیراوە، ئێستاش ئاسان نییە روبەڕوبوونەوەیان، بۆیە ئەم هێزانە چەندە خۆیان مەترسین و ئەو هێزانەش کە لە رابردوودا هەڵوێستەو بۆچوونی رۆشنیان نەبوو، بۆیە بەگژداچوونەوەی

ئەم گروپانە لە ئێستاو داهاتووش بەرپرسن، بۆیە ئەرکی هەموو هێزە مەدەنی و سیکۆلارو چەپەکان و رۆشنبیرانە، کە لەمەودووا باشتر لە رابردوو لە مەترسی ئەم هێزانە تێبگەن و روبەڕوویان ببنەوە.

# 94
# سیناریۆکانی دەوڵـەتی کوردی...؟

پاش رووداوەکانی موسڵ و قەیرانەکانی عیراق و کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی لەلایەن پێشمەرگەوەو دەخالەتی جدی وڵاتانی ناوچەکە، ئەمریکاو ئەورووپا، مەسەلەی سەربەخۆبوونی کـوردو دەوڵـەتـی کـوردی بەشێکی زۆری میدیا ناوچەیی و ناوخۆییەکانی گرتەوە. هەرچەندە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی شتێکی تازە نییە لەزۆر وێستگەو هەلومەرجدا کاری بۆ کراوەو راگەیەندراوە، بەڵام ئێستا قسە لەسەر دوایین حاڵەتی ئەم دەوڵەتەیە، بەهۆی ئاڵوگۆڕی گەورە لەکۆی سیستمی سیاسیی جیهان و هاتنەپێشی رووداوگەلی گەورەو جیاواز، پێش هەموو شت دەکرێت بپرسین ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی و تایبەتمەندییەکانی (رەتکردنەوەی کۆلۆنیالیزم، دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، گەشەکردنی ئابووری، کلتووری ، جڤاکی) ئامادەگیان هەیە؟

ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر لەوە هەیە، خۆ رەنگە ئەو ئامادەگییەو هەموو فۆرمەکانی لە دروستکردنی دەوڵەتی

ئەریتریا، باشووری سوودان، بۆسنەو مۆنتینیگرۆ نەبوویێت، بەڵکو هەلومەرجەکە چەندە لەبارە، بەتایبەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی (سایکس -بیکۆ)ی (1916/9/5) و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنووری جوگرافی وڵاتانی ناوچەکە، چونکە ئەوکاتە کورد لەسەر ئەنجامی تێکشکانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی کرایە چوار پارچەو دواتریش دەوڵەتی تازەی عەرەبی، فارسی و تورکی لەسەر بنەمای شارستانی و کەلاوەی ئەم ئمپراتۆریانە دروستکراو، کورد نەیتوانی دەوڵەت بۆ خۆی دروستبکات.

له ئێستاشدا کە سێ ڕووداوگەلی گرنگ لە جیهاندا ڕوویانداوەو کاریگەری لەسەر کوردیش هەبووە، ڕەنگە دوایین دەرفەتی گونجاوی ئەم سەدەیە بێت، گەر هەلومەرجی ناوخۆیی و بابەتی لەبار بێت و کورد مامەڵەی باشی لەگەڵدا بکات.

یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی سۆڤیەت و گلاسنۆست و پرۆستریکای گۆرباجۆڤ، بۆ کـورد دروستکردنی هەرێمی کوردستانی لە باشوور لێکەوتەوە لە بەهاری (1991)دا، سەرەڕای ئاڵوگۆڕی گەورەی جیهانی ناوچەیی دروستکردنی (15) دەوڵەتی تازە لە سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی چیکۆسلۆڤیاو یۆگسلافیا.

دووەم: ڕووداوگەلی بەهاری عەرەبی، ڕزگارکردنی ڕۆژئاوای کوردستانی لە سوریا لێکەوتەوە، کە ئێستا بووەتە دیفاکتۆ، لەکاتێکدا ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو بوو.

سێهەم: لەپاش پاشەکشەی ئەمریکاو تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکەو ململانێی نێوان تورکیاو ئێران، هاوسەنگی هێز دروستبوو لە تورکیا لە نێوان pkk و ئەنقەرەو سەرئەنجام پرۆسەی ئاشتی لێکەوتەوەو کێرڤی دەنگی BDPش ڕووی لە هەڵکشان کردووەو

بارودۆخی کورد بەرامبەر ساڵی هەشتاکان زۆر چووەتەپێش.

ئەو سێ خاڵە بەیەکەوە کە رەگی نێودەوڵەتی و ناوچەییان هەیە، سێ فاکتەری بەهێزبوون بۆ شوێنپێ دانانی کورد لەسەر جوگرافیای تازەی ناوچەکە، کە بتوانێت رووداوەکـان باش درك بکات.

لەپاڵ ئەو سێ خاڵە فاکتەرێکی تر کە وابەستەی ئەو سێ فاکتەرەیە وەکو لایەنی ئابووری، ئەویش نەوتە هەرچەندە ئەنقەرە وەکو وزە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، نەك سیاسەت، بەڵام کاتی خۆیشی لە ساڵی (1945) لە کۆبوونەوەی سعود فەیسەڵی سعودیەو رۆزفێڵتی ئەمریکا بۆ نەوتی سعودیە پرۆسەکە هەروا چووە پێش و تائێستاش واشنتۆن ئامادە نییە دەست لە ریاز هەڵبگرێت، واتا مەسەلەی نەوتی کوردستان خەریکە رێرەوی سیاسی و ئابووری خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەوە زۆر گرنگە بزانین کە مەسەلەی نەوت وابەستەیە بە سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکەی وڵات.

وردەوردە خەریکە هەموو دونیاش لەوە تێدەگەن، دووهەم گەلی گەورەی دونیای بێ دەوڵەت، لەپاش تامیلەکان کە (74) ملیۆنن، کورد خاوەنی (500000)کـم4 کە (48) جار بەقەدەر لوبنانەو (652) جار بەقەدەر بەحرێنەو (250) جار بەقەدەر مۆناکۆیە، ناکرێت چیتر پەراوێز بخرێت.

بـەڵام پرۆسەکە بێ مەترسیش نییە، چونکە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی واتا هەڵوەشاندنەوەی جوگرافیاو جیۆپۆلیتکی چوار دەوڵەتی ناوچەکەو تێکدانی بەرژەوەندیی دەیان دەوڵەتی هاوبەرژەوەندیی ئەو چوار دەوڵەتە.

هەرچەندە کۆنگرەی نەتەوەیی شکستیهێناو دوو ئایدیا و بۆچوونی جیاواز هەیە لەمەر دەوڵەتی کوردی (تێزی خۆسەری دیموکراسی و کۆنفیدراڵی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و تێزی (نەتەوە- دەوڵەت) کە دوو تێزی، هێزە بەهێزەکانی کوردە لە باکورو باشوور، کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان بەردەوامن، بەڵام دروستکردنی دەوڵەتی کوردی یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکان لە ئاییندەدا.

# 95
# چەواشەكاری بەرامبەر
# مێژووی حزبەكانی رۆژهەڵات

لە ژمارە (470)ی رۆژی (2-6-2014) لە لاپەڕەی (8)ی رۆژنامەی چاودێر، ستوونی گەرمەباس، نووسەرێك بەناوی ئەحمەد عەبدوڵڵا بابەتێكی لەژێر ناوی (حیزبە كوردیەكانی رۆژهەڵات و پاڵپشتی دارایـی) نووسیویەتی: كە بۆ كەسێكی بەویژدان لە هەرێمی كوردستان كە كەم و زۆر ئاگاداری پێوەندییەكانی مێژوویی و سیاسی لانیكەم كۆمەڵەی ئێران و یەكێتی نیشتمانی كوردستان بێت، ناتوانێت بەسەریدا تێپەڕبێت، بۆیە بەپێویستم زانی وەڵامێكی پێبدەمەوە، ئەم بابەتە لەساڵیادی دامەزرانی یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا نـووسراوە، كەس لەبیری نەچۆتەوە كە هەموو ساڵێك لەو رۆژەدا بەڕێز مام جەلال چۆن بیرەوەری خۆی لە رۆژانی سەختی دەستپێكردنەوەی شۆڕشی نوێ دەگەڕاندەوەو بە چ حەماسێك باسی لە هاوپشتی كۆمەڵەو یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەكرد، ئەگەر بڵێم غیابی مام جەلالی ئازیز بەهەموو

ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایەوە دیارە، زیادەڕۆییم نەکردووە.

ئەحمەد عەبدوڵڵا نووسیویەتی: "... ئەگەر سەیری لانیکەم پەنجا ساڵی رابردوو بکەین، بەئاشکرا دیارە هەمیشە بزووتنەوەی چەکداری کوردی ئێران، لە کوردستانی عیراقەوە پاڵپشتکراوەو خۆشیان نکۆڵی لێناکەن، بەڵام بەدەگمەن سەرکردەو رابەرێکمان دانیان پێداناوە..."

جارێ ئەوەی کە لە کامپەکانی (کۆیەو زرگوێزن) هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و هۆکاری زۆری هەیە، بەڵام گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئەوان لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و رێزگرتن لە ئەزموونی خەڵکی کوردستان چاوپۆشیان لە خەباتی چەکداری کردووە لەم قۆناغەداو ئەو یارمەتییەش کە وەریدەگرن، خێر نییە پێیان بکرێت، بەڵکو سەهم و بەشی خۆیانی تێدایەو خەبات و خوێنیان بۆ داوە، ئـەوەش هیچ راست نییە کە پەنجا ساڵە لەلایەن باشورەوە پاڵپشتی ئەم هێزانە کرابێت و رێك نیوەی راستەو نیوەکەی تری پێچەوانەکەی راستەو زۆرجاریش هاوکاری حکومەتیان بەرزنرخاندووە، بەڵام ئەم نووسەرە ئاگاداری مێژوو، خەبات و پەیوەندی ئەم هێزانەو ی.ن.ك نییە.

نازانم نووسەر ئەو مەعلوماتە نایابەی لەکوێوە دەستکەوتووە، بەڵام من بەحوکمی ئەوەی کە جاروبار سەردانی ئەو بەڕێزانە دەکەم لەماوەی یەك مانگی رابردوودا دوو بابەتی ترم لە هاووڵاتی و لڤین هەر پەیوەست بەم مەسەلانەوە نووسیوە، چەند مەعلوماتێکی پێچەوانەی بیردەخەمەوە:

لە ساڵانی 1978 و 1979 خواردەمەنی و پێداویستییەکانی

ژیـان لە کوردستانی ئێران لەژێر مەترسی دەسەڵاتی ساواکی شادا کۆدەکرایەوەو بە کۆڵی هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە لە سنوری سەردەشتەوە دەگوازرایەوە بۆ نێوزەنگ.

یەکەم وەجبەی چەك لە ساڵی 1979 لە تورکیاوە بۆ ناوزەنگ، ئەو چەکانەی کە لە سوریاوە بەخاکی تورکیاداو بەیارمەتی ئاڵای رزگاری و هەڤاڵی شەهید نەجۆ گەیاندرابووە سنووری ئێران لە سۆماو برادۆست، بەشانی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ئێرانەوە گوازرایەوە.

لە چەك و چۆڵ و تەقەمەنی پادگانی سەردەشت، دوای رووخانی رژێمی شا پشکی کۆمەڵەو یەکێتی نیشتمانی وەکو یەك وابوو، کە سوپای رزگاری لەلایەن کۆمەڵەوە چەك کرا، بەشی کۆمەڵەو یەکێتی لە دەستکەوتەکانی ئەم چەککردنە وەکو یەك وابوو.

لەکاتێکدا کە یەکێتی نیشتمانی پێویستی یەکجار زۆری بەپارە هەبوو، وە پارەیان لە ئەوروپا هەبوو کە بۆیان نەدەگوازرایەوە بۆ کوردستان، کادرەکانی کۆمەڵە لەڕێگای بەغداو تارانەوە بەقیمەتی مەترسی گیانی بۆ ماوەیەك ئەو ئەرکەیان جێبەجێدەکرد.

کاتێك کۆمەڵە بەپێی بارودۆخی ناوچەکە ناچاردەبێت کە ئۆردوگای مالومە چۆڵبکات و بیگوازێتەوە بۆ دەوروبەری رانیە، چی ئەمباری تەقەمەنی قورسی کۆمەڵە بوو، هەمووی پێشکەش بە یەکێتی نیشتمانی کرا، ئەو تەقەمەنیەی کە هەر رۆژی دوایی بە بنکەو پایەگاکانی بەعسی عیراقەوە نران.

لە رۆژانی راپەڕین و شەڕی رزگاری کوەیتدا چەندەها باری تەقەمەنی بەنهێنی لەسەر داوای کاك مولازم عومەرو لەڕێگای بەرپرسێکی یەکێتییەوە لە زڕگوێزەوە گوازرانەوە بۆ بەرەکانی شەڕی کەرکوك.

لەچەند مەجالی دیکەدا کە لەوانەیە ئاشکراکردنی هێشتا لە نهێنییەکان بێت، کۆمەڵە تەقەمەنی و چەکی لە قوڕگی رژێمی بەعس دەردەهێناو پێشکەش بە یەکێتی نیشتمانی دەکرد.

من نازانم چەمك و مەفهومی ئۆپۆزسیۆن چییە لای نووسەر، لەکاتێکدا ئەم هێزانەی خۆرهەڵات لە شۆڕشگێڕترین هێزی خۆرهەڵاتن، کە رەگی مێژوویی و جەماوەریان لە خۆرهەڵاتەو لانیکەم خاوەنی دەیان هەزار شەهیدن.

ئەوەش بێمانایە کە گوایە بەکەیفی خۆیان گوزەراندویانە، بەڵکو ئەوان ژیانێکی سادە لەناو خانووی گڵین و دڵۆپەکردو ژیان دەبەنەسەر، تەنها وەکو مرۆڤێکی سادە ژیـاون، لەژێر دەیان مەترسی تیرۆرو کوشتن و تۆپباران، بەڵام ملیان نەداوە بە چۆکدان و تەسلیم بوون و سەربەرزانە داکۆکیان لە ئارمان و ئامانج و بیروباوەڕەکانیان کردووە.

هێرشکردنە سەر کونسوڵخانەش لە فەرهەنگی ئەواندا نەبووە، بەڵکو خۆپیشاندانیان کردووە، پاشان خۆ هێرش نەکراوەتەسەر کەعبە.

دەبێت ئـەوەش بڵێم لەکاتی رۆژانـی رەشی کۆڕەوەکەدا لە ساڵی 1991 دەرگای هەموو ئەمبارەکانی خواردەمەنی و پێداویستی تری کۆمەڵە بەرەو خەڵکی لێقەوماو و لەپێکەوتوو کرایەوە، بەسەدان بنەماڵە لەمردن رزگارکران و دەستەدەستە رەوانەی "سەیرانبەند" کران، رژێمی بەعس هۆشداری بە کۆمەڵە داو کۆمەڵە هۆشدارییەکەی رەتکردەوە.

ئایا نووسەری ئەو بابەتە هەرگیز لە خۆیانی پرسیوە کە بۆچی ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە سێ جار لەلایەن رژێمی

بەعسی عیراقەوە بۆمباران کراو جارێکیان بۆمبارانەکە کیمیایی بوو؟ کە لەو سێ جارەدا بەدەیان کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە شەهیدکران؟

ئایا نووسەری ئەو بابەتە لەخۆی پرسیووە کە بۆچی بەدەیان جار ئۆردوگای کۆمەڵە لەدۆڵی جافایەتی لەلایەن بەعسی عیراقەوە تۆپباران کراو ژمارەیەك لە کادرەکانی کۆمەڵە شەهیدکران؟ لەوانەیە هەردووکی ئەو بابەتە بەهۆی ئەوە بووبێت کە بنکەو بارەگاکانی کۆمەڵە شوێنی حەوانەوەو حەسانەوەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون.

لەبابەتی زۆر تازەش لە رۆژانی دوای رووخانی رژیمی بەعس لەساڵی 2003 چەك و چۆڵی قورس و نیوەقورسی کۆمەڵە هەمووی کامیۆن کامیۆن تەحویلی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دران بە ئەمانەت، کە ئەوەندەی من خەبەرم بێت نە داوایانکردووەو نە پێیاندراوەتەوە، لەوانەیە هەموو یارمەتیەك کە تائێستا حکومەتی هەرێم بەلایەنی کۆمەڵەی کومۆنیستی کردووە، بایی ئەم چەك و چۆڵە نەبێت کە ئێستا لای ئەوان بە ئەمانەت دانراوە.

قسە لەوە ناکەم کە دوای 31ی ئاب چی روویدا؟ قسە لەوە ناکەم کە لەوانەیە گەلێك نهێنی هەبێت کە کاك مەلا بەختیار، خاوەنی رۆژنامەی چاودێرو سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لێی ئاگادار بێت؟

بۆ هەربڕیارێکیش سەبارەت بە راگرتنی هاوکاریکردنیان، ئەوە حکومەت و حزبەکانن کە دەبێت بڕیاربدەن، بەڕەسمی رایبگەیەنن و روونیشی بکەنەوە، بۆ جگە لەوەش ئەم هێزانەو

خەڵکی کوردستان، نەك کاکی نووسەر تەنهاو تەنها چاویان لە هاوکاری نەبووە کە لە هەرێمیان وەرگرتووە، چونکە ئەوە تەنها بەشی بژێوی ژیانیان ناکات.

دڵنیام رۆژێك دێت کە زۆر دوور نییە، ئەم بۆچوونانە شکست دەخـۆن و خۆرهەڵات سەربەرزانە لەژێر سایەی ئەم هێزانە بەڕێوەدەچێت و خۆرهەڵاتی کوردستان ئازاد دەبێت، با ئەوکات ئەمانەو هاوشێوەکانیان هەر قسەبکەن.

دیارە گومان لەوەدا نییە کە ئەو هاوکاریانە دوولایەنە بوون، ئەوەندەی بزانم نەك جارێك، بەڵکو بەدەیان جار لایەنی کۆمەڵە ئەو مەسەلەیەی دووپاتکردۆتەوەو کەم وا هەبووە مەگەر بەدەگمەن، ئاماژەیەك بەو کارانە بکەن کە خۆیان بۆ یەکێتی نیشتمانیان کردووە.

ئەبووایە نووسەری ئەم بابەتە شەرمی کردبایە لە وەبیرهێنانەوەی ئەو راستییە کە یەکەم شەهیدی کۆمەڵە کاك خانەی موعینی بوو خوێنی تێکەڵاو بەخوێنی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی لەشەڕ لەگەڵ رژیمی بەعسدا بوو.

## 96
## داعش
## نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا

هێشتا قەیرانەکانی عیراق و داعـش گەرمترین رووداوی میدیاکانن و بۆچوونی جیاواز جیاواز دەخەنەڕوو.

بۆچوونێك دەڵێت: مالیکی و ئێران، خۆیان دەستیان هەیە لە پلانەکەدا، بۆ ئـەوەی سەرنجی جیهان و وڵاتە زلهێزەکان رابکێشن بۆ عیراق کە خەریکبوو لەناو هەوکێشە سیاسییەکاندا بیردەچووەوە، سەرەڕای ئەوەی رۆژانە لانیکەم (50 بۆ 30) کەس لە بەغداو شارە شیعە نشینەکان، بەهۆی تیرۆرو تەقینەوە دەبنە قوربانی، لەسەر دەستی گروپە سوننییەکان.

ئەگەرچی ئەم بۆچوونە پێناچێت زۆر راستبێت کە مالیکی و ئێران دەستیان لە پلانەکەدا هەیە، بەڵام رەنگە چاوپۆشیان کردبێت لە ئەنجامدانی پلانەکە، بەخاتری ئەو خاڵەی سەرەوەو شکانی رۆڵ و کاریگەری هێزە سوننە نەیارەکانی مالیکی، وەکو موتەحیدون، بەتایبەتی لە موسڵ، تا بە لایەنگرانی خەڵکی ئەو

شارە بڵێت کە دەتوانن داکۆکی لێبکەن، نە بە سندوقەکانی هەڵبژاردنیش رازین.

بەڵام، پەیوەست بە ئێران و ئەمریکاوە، بێگومان رووداوەکانی موسڵ وایکرد، ئەمریکا لە ئێران نزیکبکاتەوە، لە ئەوپەڕی خراپی پەیوەندییەکانیان، لانیکەم بچێتە دۆخێکی ئاساییەوە، واشنتۆن بڵێت: لەگەڵ تاران رەنگە گفتوگۆ بکەین لەسەر بارودۆخی عیراق کە پێدەچێت لەژێرەوە دانوستانیان کردبێت.

ئەگەرچی، گەرموگوڕی ئەمریکا بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئێران، هێندەی پەیوەندی هەیە بـەوەی واشنتۆن هەست بە رۆڵ و نیگەرانی ئێران دەکات، بۆ ئەوەی کە لە عیراقدا روویداوەو ترسی هەیە ئێران بارودۆخەکە بەتەواویی تێکبدات و داخلی راستەوخۆی شەڕەکان بێت و لە شەڕی داعش و حکومەتەوە، ئێران بیگەیەنێتە شەڕی شیعەو سوننەو لەم حاڵەشدا ئەمریکا لە هێزو نفوزی ئێران لە عیراق تێدەگات، ئەوەش دەزانێت کە ئیتر هەموو شت لەدەست دەردەچێت، واتا مەسجەکانی واشنتۆن بۆ تاران، بۆ ئیحتواکردنی ئێرانە، ئێرانیش ئەم شتانە تێدەگات و لەبەرامبەر خۆگرتنی بۆ دەخالەت نەکردنی راستەوخۆ داواکاری زۆروزەوەندی لە واشنتۆن هەیە.

بەڵام ئەگەر تاران لە دۆسیەی عیراق لەبەرامبەر ئەمریکا گوێرایەڵ بێت و ئاریشەو قەیرانی زیاتر دروستنەکات، بەڵام هەرگیز کارتەکانی تری وازلێناهێنێت و هەرکام لە وڵاتانی سعودیە، قەتەر، ئیمارات، تورکیا، ئەردەن... کە لەپشت داعش و سیناریۆکانی موسڵەوەن، ئێران سیناریۆی جیاواز دەخاتەڕوو بەرامبەریان.

لەچەند رۆژی رابردوودا، شەڕی یەمەن و حوسیەکانی لەسنوری سعودیە گەرمتر کردووە، وەکو پەیامێك بۆ ریاز کە دەتوانێت سنورەکان نائارام بکات.

بۆیە قەتەرو ئیماراتیش، ئەگەر هیچی پێنەکرێت، دەتوانێت لەچەند رۆژی داهاتوودا سەرلەنوێ خۆپیشاندانەکانی شیعەکانی بەحرەین زیندووبکاتەوە، بۆ تێکدانی رەوشی سیاسی کەنداوی فارس.

لەبەرامبەر کارەکتەری سەرەکی رووداوی موسڵ و ئەنکەرە، لەچەند رۆژی رابـــردوودا مـوراد قەرەیڵان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK، پاش چەند ساڵ راگرتنی شەڕو بێدەنگی، هـەڕەشـەی سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شـەڕ دەکـات دژی ئەنکەرەو ئەمەش وەکو کارتی ئێران لێکدەدرێتەوە.

لە پەیوەست بە سوریاو کوردستانی رۆژئـاواش، هەرچەندە ئێران وا هەستدەکات بەشێك، لە پیلانەکە ئامانجی بڕینی سنورو خەتی تەماسی عیراق و سوریا، یان عیراق و PYD یە، چونکە ئەوە هێڵێکی گەرمی تاران و دیمەشق بوو، بۆ هاوکاری ئەسەدو PYD، کە تورکیاو هەندێك لایەنی تریشی نیگەران کردبوو.

بۆیە تاران ئەگەر ئەم دەروازەو خەتی تەماسە نەکاتەوە، هەم بەشێك لە سیناریۆکانی بۆ هێشتنەوەی ئەسەد شکستدەخوات، هەم ناتوانێت وەکو پێویست هاوکاری PYD بکات، مەگەر لەڕێگەی قەندیلەوەو بەشێوەی گەریلایی، بۆیە تاران لێرەوە بەرەی PYD ش گەرمتر دەکات بەڕووی ئەنکەرەدا.

ئەو هەواڵانەش کە باس لەهاتنی قاسمیانی و سوپای قودس دەکەن، ئەگەر راستیش نەبێت، دەبێت بزانرێت کە تاران لەهەر

کویٚ مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکان هەبێت، بێ سێ و دوو قاسمیان لەوێیە، بەتایبەت بۆ عیراق کە جگە لەبوونی چەندین شوێنی پیرۆز کە بۆ ئەوان گرنگە، بەرژەوەندی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی مەترسی هەیە.

بەڵام هێشتا نەرمینواندنی ئەمریکا وایکردووە، ئێران زیاد لەپێویست نەرمی بنوێنێت و بارودۆخەکەی راگرتووە، بەڵام ئەوەی لەم نێوەندەدا بۆ ئێران گرنگە، لە ئێستادا تێکشکاندنی پلانەکەو پاشەکشەی داعش و پێکهاتنی کابینەی نوێی حکومەتی عیراقە کە دیسان شیعەکان ئەگەر مالیکیش نەبێت تێیدا باڵادەست بن.

بەڵام هەرگیز ئەوە لەبیری کەس ناچێت کە ئیتر عیراق بووەتە مەیدانی ململانێی ناوخۆیی (شیعەو سوننە)و ئیقلیمی (تورکیاو وڵاتانی سوننی و ئێران) و تەنانەت ململانێی نێودەوڵەتی (ئەمریکاو روسیاو چین) کە ئێران دەیەوێت یەکێك بێت لە یاریکەرە باشەکان و سوودمەند بێت.

# 97
# داعش، له‌ به‌رگی سوننیزمدا

له‌ رووداوگه‌لێكی ناچاوه‌ڕوانكراودا، له‌ هه‌لومه‌رجێكی پڕ قه‌یران و ململانێكانی عیراقدا، گروپی داعش، به‌شێكی زۆر له‌ سیناریۆكان و ئه‌گه‌رو بۆچوونه‌كانی له‌ عیراقدا گۆڕی...!

به‌ په‌لاماردان و كۆنترۆڵكردنی دووه‌م گه‌وره‌ترین شاری عیراق، به‌ ته‌نها له‌ ماوه‌ی سێ رۆژدا، به‌ هێزێكی سێ هه‌زار چه‌كداره‌وه‌، به‌ڵام به‌ به‌رنامه‌، چه‌ك و كه‌لوپه‌لی سه‌ربازی و پێشكه‌وتوو، هاوكاری لۆجستیكی پۆشته‌و په‌رداخ، نه‌ك ته‌نها عیراقییه‌كان و به‌غدای راچڵه‌كاند، به‌ڵكو كۆشكی سپی و ئه‌وروپاو ئێرانیشی، هێنایه‌ سه‌ر خه‌ت.

داعش كه‌ زاده‌ی له‌دایكبوونی ئه‌لقاعیده‌و تاكتیك و كاره‌كانی ئه‌وی هه‌ڵگرتووه‌، جیا له‌وه‌ی له‌ ماوه‌یه‌كی كه‌مدا ده‌ركه‌وت و گه‌شه‌یكرد، خه‌ریكه‌ ده‌بێته‌ هه‌ڕه‌شه‌یه‌كی جددی له‌سه‌ر ناوچه‌كه‌.

ئێستا، خوێندنه‌وه‌ی تازه‌ بۆ داعش له‌ دوای رووداوه‌كانی موسڵ،

پێویستی بە لێکدانەوەی زۆرو زەوەند هەیە.

ئەم ڕووداوانە قۆناغێکی نوێیە لە عیراقداو ڕەنگە داڕشتنەوەی سیاسەتێکی نوێ بێت و ئەم هەلومەرج و بارودۆخەش لەژێر ناو و سیناریۆی جیاجیادا درێژەی هەبێت، وەکو چۆن پێشتر قاعیدە، ئەنسار سوننە، کۆنە بەعسییەکان و نەقشبەندییەکان بوون.

بەڵام ئایا ئەم ڕووداوانە بە قازانجی سوننەکان تەواودەبن، یان تەنها لە پێگەو نفوزو جوگرافیای سوننەکاندا ڕوودەدەن...؟

بۆچوونێك هەیە، پێیوایە، ئەگەر ساڵی (1991) و ساڵی (2003) بۆ کورد، دوو هەلی لەدەستچوو بوون و کورد دەیتوانی جیابێتەوە، ئێستا (2014) هەمان دەرفەتە بۆ سوننە، ئەگەر هەڵەکانی کورد دووبارە نەکەنەوە، یان لانیکەم باشترین دەرفەتە بۆ جیابوونەوەی هەرێمەکەیان، ئەگەرچی لە ئێستادا داعش سوار سەری شەپۆل و ناڕەزایی سوننیەکان بووە دژی مالیکی و شیعەکان و حکومەتی عیراقی، دەیەوێت خۆی وەکو ئەڵتەرناتیڤی هێزە سوننیەکان نیشانبدات.

تا ڕادەیەکیش عەتف و سۆزی شەقامی سوننی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، چونکە سوننەکان، بەشێکیان داعش وەکو فریادڕەس دەبینن و دیوە مەترسیدارو ئەجێندا ڕادیکاڵییەکەی هەست پێناکەن، بەڵکو هەرکەس دژی مالیکی و شیعە بێت، لە شکۆو هەیبەت و توندوتیژی بەغدا کەمبکاتەوە، ئەوان بە دۆست و نوێنەرانی خۆیانی دەزانن.

واتا داعش، وەکو گروپێکی ڕادیکاڵی ئیسلامی مەترسیدار، خەریکە لەناو کێشە تائیفی و مەزهەبییەکانی عیراقدا، نوێنەرایەتی لایەنی سوننی دەکات و ئەگەر ئاوا بڕوات، هێندەی تر جێگەو

پێگەی هێزە سوننییەکانی (متحدون، عەرەبیەو وەتەنییە..) دەگرێتەوەو باشتر شوێنی خۆی لە کەلێنە زۆرو زەوەندەکانی عیراق دەکاتەوەو ئیتر دەبێت وەکو دیفاکتۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی (30-4-2014) ئەم لیستانە نەك هەر پاشەکشەیان کرد، بەڵکو بە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی سوننی بەشدارییان نەکردو بایکۆتیان کرد، لەدژی ئەم هێزانە کە نەیانتوانی نوێنەرایەتی خواست و دەواکانی ئەوان بکەن.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە، یەکێك لە فاکتەکانی ئەوەیە، هەمان وڵاتان و هێزی ئیقلیمی کە پاڵپشتی هێزە سوننییەکانن بەتایبەتی لە رابردوودا، بەهەمانشێوە، هەر ئەو وڵاتانەش ئێستا پاڵپشتی (دارایی، سەربازی و لۆجستیکی) داعش دەکەن و سیناریۆکانی دەستبەسەرداگرتنی شاری موسڵ، دیارە کە ئەجێندایەکی بە هێزی ئیقلیمی، ئەجێنداستینگی بۆ کردووە، کە لە (سعودیەوە پلانڕێژی بۆ دەکرێت، لە ئیمارات و قەتەر حسابی بانکی بۆ دەکرێتەوە، لە ئـوردون، وەکو خەتی تەماسی، کەنداو و تورکیا فایلەکان تاووتوێدەکرێت، لە ئەنکەرەوە بە سوریادا تەیار دەکرێت و دەنێردرێنە موسڵ).

فاکتێکی تر، بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی دووەم، لێدوانەکانی رۆحانی سەرۆك کۆماری ئێرانە کە دەڵێت: "ئەوە شەڕی داعش نییە، بەڵکو لەوە گەورەترو قوڵترە" کە مەبەستی ئەو هێزانەی سەرەوەیە.

مالیکیش ئەوەی وت کە "دەزانین کێ لەپشت ئەم گروپەو سیناریۆکانیەوەیە"، ئەم دوو قسەیە، جیا لەوەی کە ئێران و

سێبەرەکەی لە عیراقدا (مالیکی و شیعەکان) دەیانەوێت بڵێن ئەو وڵاتانەی سەرەوە کە باسمانکردن لەپشت داعشەوەن، بەڵام مەبەستیانە بڵێن"، داعش، مەبەستیەتی خۆی وەکو نوێنەرایەتی سوننە بە رەسمی بناسێنێت، بۆ تێکشکاندنی هەیمەنەی شیعەو ئێران، وڵاتانی سوننی دەیانەوێت، پاشەکشە بە پێگەو نفوزی ئێران و شیعە بکەن".

هەردوو ئەم هاوکێشە راستن، چونکە ململانێی سەرسەختی نێوان متحدون و دەعوە یان سوننەو شیعە یان رەنگە کوردو مالیکی، دەرئەنجام ئەمەی لێکەوتەوە کە بە دڵی هیچیان نەبوو.

ئەگەرنا سوپایەکی زەبەلاحی عیراقی، هیچ بەرهەڵستییەکی داعش ناکات، چونکە لە عیراقدا سوپا ئینتمای بۆ دەوڵەت و خاك و جوگرافیا نییە، بەڵکو ئینتمای بۆ حزب و ئایدۆلۆژیاو مەزهەب و ئتنیك هەیە، بەتایبەتی ئەمە بۆ شیعە سەد لە سەد راستە، لە موسڵ سوپا زۆرینەی شیعە، ئامادەنەبووە داکۆکی لە هێزێکی سوننی و پارێزگارەکەی بکات، هێزە سوننیەکانیش، بە سەیرکردنی داعش وەکو فریادرەس ئامادەنەبوون دژی بوەستنەوەو لەدژی بجەنگن.

ئەگەرنا، بودجەی سێ ساڵی سەربازی عیراق کە (43) ملیار دۆلار بێت و لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە، ئەمریکاش (15) ملیار دۆلار هاوکاری سەربازی و کەلوپەلی سەربازی پێفرۆشتبێت، بۆ ناتوانێت وەڵام بە هێزێکی سێ هەزاری وەکو داعش بداتەوە...!؟

بۆیە رووداوەکــان جیا لـەوەی هاتنی هێزێکی تیرۆریستی ئیسلامی رادیکاڵمان پێدەڵێن، لەهەمانکاتدا، ململانێی تائیفی شیعەو سوننەو بگرە کوردیش کە بەجۆرێك بەشدارە، دەچێتە

قاڵبێکی سەخت و دژوارتر، سەرەڕای ئەوەی ئەم شەڕە، شەڕێکی (سیاسی، ئابووری، سەربازی، تائیفییە)، لەهەمانکاتدا شەڕێکی (ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیشە) بە رەهەندو فۆرمی جیاواز، جیاوازو چەندەش درێژە بکێشێت، پەلوپۆی زیاتر دەهاوێت و رەهەندی زیاتر دەگرێتە خۆی، کە زەرەرمەندی یەکەم کوردو شیعەو سوننەن.

سەرەڕای ئەوەی ئەم رووداوانە دەبنە مایەی (میلیتارێزیکردنی عیراق، پاشەکشەی پرۆسەی دیموکراسی و گەڕانەوەی سەرەتاکانی تۆتالیتاریەت، گۆڕانکاری سیاسی و جوگرافی، دەخالەتی بەهێزتری وڵاتان و خۆپڕچەککردنی زیاتری کورد، شیعەو سوننە، قۆناغێکی مەترسیداری رادیکالیزمی، ئیسلامی فەندەمینتال لە عیراقدا).

98

# کەشتییەکی بێ ناسنامە

تا دێت قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەچێتە دۆخێکی خراپترەوەو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش وا دەرنەچوو کە چاوەڕواندەکرا، قەیرانەکان بەلایەکدا بخات.

چونکە گرفتە سەرەکییەکە لەگەڵ دەوڵەتی یاساو مالیکی-یە کە ئایا بەهۆی لە خولی پێشووتر زیاتر دەنگیهێناو لە ئێستاشدا روون نییە کە ئەم ململانێیانە هەرێمی کوردستان لەوە زیاتر فشاری دەخرێتەسەر یان بەکۆتا دەگات...؟!

کەشتییە نـەوت هەڵگرەکەی کوردستان هێشتا لە ئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسـوڕێـتـەوەو دەگـاتـە هـەر بەندەرێك کەناربگرێت، مالیکی ئاگاداری مەغریب و ئیتاڵیا دەکات ئەو کەشتییە نەوتی قاچاغی کوردستانی هەڵگرتووەو نابێت نەوتەکەی بکڕن.

ماناو مەغزا سیاسییەکانی روونە، کە بۆ رێگا بە کەشتییەکانی عومان و بەحرێن دەدەن لەو ئاوانەدا تەراتێن بکەن، چونکە ئەوان

خاوەنی کیان و دەوڵەتی دۆستە ئەمریکیەکانیشمان چرای سەوزی بۆ هەڵکردوون تەنانەت هەرکاتیش شیعەکان سەرهەڵدەدەنەوە، ئەمریکا بە ناوی مانۆر، هێزەکانی دەنێرێتە ئاوەکانی کەنداوی فارس.

بەڵام لە سەرەتای قەیرانەکانی نەوتی هەولێرو بەغدا، واشنتۆن رایگەیاند "کە نابێت، هەرێم بێ ئیزنی بەغدا نەوت بفرۆشێت، ئەمەش رێك پێچەوانەی دۆستایەتی عومان و دژایەتی هەرێمە"، لەلایەکی تریشەوە سەردان روو لە ئەوروپاکانی بارزانی و پشت لە ئەمریکاش، ئەمجارە هەر لە روانگەی ئەو هەڵوێستانەی ئەمریکاوە دروستبووە کە هێشتا دیار نییە بە کوێ دەگات...؟

قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بە تەنها قەیرانی هەرێمی فیدراڵ و ناوەند نییە، بەڵکو ململانێی ناوچەیی جەمسەرە بەهێزەکانی شیعەو سوننەشە، یان ئێران لەلایەك و تورکیاو وڵاتانی سوننەش لەلایەکی ترەوە، بەتایبەت سێ فاکتەری گرنگ لەم ململانێیەدا رۆڵدەگێڕن:

یەکەم: قەیرانی چەند ساڵەی سوریا بۆ مانەوە یان رووخان لە نێوان هەردوو بلۆکی شیعی و سوننی، تەنانەت ئەمریکاو رووسیش.

هەرێمی کوردستانیش لەم نێوەندەدا بووەتە تەرەف، بەڵام بە دوو تێڕوانینی جیاواز، بە واتایەکی تر کورد دابەشبووەتە سەر دوو بلۆکی ئێرانی، روسی، تورکی و ئەمریکی هەردوولاش، ئەنکەرەو تاران کاریگەرییان لەسەر هەرێم هەیەو لەم قەیرانەدا داوی رۆڵگێڕان و تەرەفداری زیاترو گرنگتر لە کورد دەکەن.

گرفتەکەش ئەوەیە کە کورد لەم نێوەندەدا لە نێوان ئەم دوو

تەرەفە خەریکە دەبێتە قوربانی، چونکە ئەنکەرە رێگا دەدات نەوتەکەی کورد بڕوات، بەڵام تاران لە رێگەی مالیکییەوە رێگا نادات بیفرۆشێت و بە ئاسوودەیی پارەکەی نۆشبکات.

واتا قەیرانەکانی ئێستای هەولێرو بەغدا یەکێك لە رەگەکانی و قەیرانەکانی سوریایە، ئنجا رەهەندەکانی تری.

دووەم: کێشەو ململانێکانی رابردووی نێوان هەولێرو بەغدا بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە کابینەی دووەمـی مالیکی لەپاڵ سوننەکان، هێندەی تر مالیکی توشی رق و دژایەتی کرد، سەرەنجام سەریکێشا بۆ بڕینی موچەو فشار هێنان لە کەیسی نەوت و شکاندنی بێدەنگی لە رۆڵ و هەیمەنەی ئەنکەرەو سەردانە بێ پرسەکەی داود ئۆغلۆ بۆ کەرکوك.

ئێستاش کە چاوەڕوان نەدەکرا، مالیکی هێزی یەکەم بێت لەم هەڵبژاردنەدا، جارێکی تر کورد باس لەوە دەکات کە مالیکی قبوڵناکات (کە پێناچێت ئەم بۆچوونە هی هەموو لایەنە کوردستانییەکان بێت)، لەکاتێکدا مالیکی لە هەموو لایەنەکان چانسی باشترە بۆ ویلایەتی سێیەم و لەمکاتەشدا دەبێت کورد مامەڵە لەگەڵ دیفاکتۆ بکات نەك بایکۆتکردن، خۆ ئەگەر ئەڵتەرناتیڤێکیش لە ئەوروپاوە چرای سەوزی بۆ هەڵکراوە، کە کورد دەگەیەنێتە دوورگەیەکی ئارام، ئەوا باشتر، بەڵام هێشتا ئەمەل بەخش نییەو بایکۆتیش بێ ئەلتەرناتیڤ، کارێکی سیاسی و لۆژیکی نییە.

سێیەم: فاکتەری نـەوت، ئەگەر بگاتە فرۆشتن، بێ ئیزن و لە رێگەی بەغدا، هەنگاوێکە کـورد فیدراڵی تێدەپەڕێنێت بەرەو کۆنفیدراڵی، ئەمەش ئەو مەترسییەی هەیە کە کورد لە

چوارچێوەی عیراقدا نامێنێت، وەکو دەوترێت "سەربەخۆیی ئابووری، سەربەخۆیی سیاسیشی بەدوا دێت".

جیالەوەی تاران دەیەوێت فشارەکانی زیاتر بکات لەسەر ئەنکەرە، کە دەبێت ئەویش وەکو تورکیا لە داهات و قازانجی ئەم نەوتە بەهرەمەند بێت، بەڵام لە پەیوەست بە نەوت، ئایا بۆچوونی کورد یەکگرتووانەیە..؟، کە رەنگە رەغمی هەموو بۆچوون و تێڕوانینێکی سیاسی و حزبی، بەڵام پشتیوانی بکرێت، گرنگ ئەوەشە کە داهاتەکەی شەفاف و بۆ خەڵك بێت.

لانیکەم جوڵەی کەشتییەکەی (دوورگەکانی مارشاڵ) کە نەوتی کوردستانی هەڵگرتووە بووەتە سەردێڕی میدیا جیهانییەکان و باس و خواسی سەر مێزی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان و تەنانەت ئۆپێکیش.

99

## کۆنگرەی نەتەوەیی کەی دەستپێدەکاتەوە؟

پاش ساڵێك لە کارەکانی، کۆنگرەی نەتەوەیی وابڕیار بوو لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەستپێبکاتەوەو ئەجێندایەکی کوردستانیانەی گشتگیرترو دوور لە کاریگەری ئایدۆلۆژی و حزبی و بەمانیفیستۆی کوردایەتی هەنگاو هەڵبگرێت.

ئەگەرچی وەکو زانراوە، هەوڵێکی نوێ هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبونەوەکانی لە هەولێر، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا گرفتەکانی سەر رێگای لانەچوون، رەنگە کۆکردنەوەی (72) حزب و (114) رێکخراو کە هەرکامیان لە پارچەیەکەوەو بە تێڕوانینی سیاسی، فکری و ئایدۆلۆژی جیاواز، ئەگەر لێبوردەیی و نەرمی نواندن نەبێت هەرگیز ناگاتە ئامانج.

گرفتەکانی بەردەم کۆنگرە لە رابردوو داهاتووشدا زۆرو زەوەندن، بەڵام گرنگترینیان:

- دەستهەڵگرتن لە رۆحی پاوانخوازی چەند هێزێك لە باشوور و باکور، کە چەند هێزێك بیانەوێت هەیمەنەی تەواوو بکات بەسەر

کۆنگرەدا، بێگومان بەم تێڕوانینە هەرگیز لە کارەکانی سەرکەوتوو نابێت، هەندێك هێزی پارچەکانی تر ئەگەر بچووکیش بن، بەڵام ئامادە نین بچنە ژێر هەیمەنەی ئەم رۆحە پاوانخوازییەوە.

- میکانیزمی سەرۆکایەتی کۆنگرە، کە خاڵێکی جێی مشتومڕی کارەکانی پێشووی بوو، کە ئایا کێ سەرۆکایەتی دەکات؟ چۆن دەکرێت؟ ئایا بۆ شەش مانگ یان دەوری؟ کە هەموو هێزەکانی نەگەیاندە رێککەوتن.

- بوونی دیفاکتۆیەکی حکومەتی هەرێم و ئیمکانیاتی سیاسی، ئابووری، ماددی و ئارامی، نابێت وابکات هێزەکانی تر هەست بە بچوکبوونەوە بکەن، بەڵکو پێویستی بە رۆحی لێبوردەیی هەیە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە چ وەکو حکومەت، چ وەکو خانەخۆێیی.

- گلەیی و ناڕەزایی هەموو هێزەکان گوێ لێبگیرێت، بۆ نموونە کۆمەڵی ئیسلامی بۆ کورسی پێنەدرابوو؟ پژاك بۆ توشی بەرکەوتن بوو لەگەڵ کۆمەڵەو دیموکرات؟ سازمانی خەبات بۆ کورسی پێنەدرا؟ گرفتەکانی نێوان PYD و بۆ یەکتری قبوڵ ناکەن؟.

- کەمینە ئیتنی و مەزهەبییەکانی کوردستان وەك ئێزیدی، یارسان، کاکەیی، گلەییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت و بەقەدەر رێژەی خۆیان بەشداریان پێبکرێت.

رەنگە لە ئێستادا کاتەکەی لە هەموو وەخت باشتر بێت بۆ بەستنی کۆنگرە، بەو دەلیلەی..

یەکەم: هەر ئێستا بەواقیعی هاوپەیمانێتیەی هێزە کوردستانییەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتووە بۆ بەگژداچوونەوەی داعش و مەترسییەکانی و رۆحی مقاوەمەتی هێزەکانی YPG لە کۆبانێ ئەم پەیوەندییە کوردستانیەی گەیاندە

ترۆپك و تەنانەت هەرپارچەیەك لانی کەم شەهیدی لە پێناو باشوور یان رۆژئاوا داوە کە لە مێژووی سەد ساڵی رابردووەوە بێ وێنە بووە.

دووەم: پشتیوانی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر رۆحی مقاوەمەتی کۆبانێ و بەرگری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە، وایکردووە چانسێکی باش بۆ کورد بێتە پێشەوە، کە رەنگە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەگەر یەك ئەجێندای کۆنکرێتی دابڕێژێت، بتوانێت سودی باش لەو دەرفەتە وەربگرێت بە قازانجی دۆزی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان.

ئەگەرچی کورد لە پێشتر خاوەنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی وەکو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) بوو لە ساڵی (1999) لە برۆکسل، بەڵام چونکە ئەو فاکتەرانەی پێشتر لە بەرچاو نەگرتبوو، نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، یان نەیتوانی جێگەی رەزامەندی هێزەکانی تری پارچەکانی کوردستان بێت، بۆیە لە ئێستادا ئەم کۆنگرەیە پێش ئەوەی دەست بە کارەکانی بکاتەوە، پێویستە لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان، رێکخراوە سنفی، سەنعەتی، پیشەییەکان و کەسانی سەربەخۆ دابنیشێت و راوێژ بکات و بۆچوونەکانیان بەهەند وەربگیرێت، بۆ رێگرتن لەهەر پێشێلکارییەك.

بۆ نموونە دەکرێت ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی زیاتری لە (21) کەس هەبێت یان ئەو خاڵە هەڵوەشێتەوە کە دەڵێت (35%) کورسییەکان بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بێت، چونکە لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەم رێکخراوانە فەعال و چالاك و ئاشکرا نین.

دوو خاڵی زۆر گرنگ کە پێشتر جێگەی مشتومڕ بوون، رەنگە لە

ئێستاشدا سەرهەڵبدەنەوە، ئەوانیش...

یەکەم: چەمکی ئاشتی، باسکردنی چەمکی ئاشتی و گفتوگۆ لە نێوان هێزە سیاسییەکان و وڵاتانی داگیرکاری کوردستان، جێگەی مشتومڕو بەدحاڵیبوون بوو، بۆ نموونە لەو کۆنگرەیەدا مستەفا هیجری و ئیبراهیم عەلیزادە وتبویان ئاشتی مانای چییە؟ بەهەمانشێوە PKK ش گومان و دوودڵی هەبوو لەوەی کە ئایا کۆنگرە دەیەوێت مەسجی ئەوە بدات، کە ئەم هێزانەی باکور و ڕۆژهـەڵات واز لە خەباتی چەکداری بهێنن، کە ئەو هێزانە وەڵامەکەیان بۆ مەسجی ئەوان نەخێر بوو...!

دووەم: بەشێکی هێزەکانی ئەو پارچانە بەسەر دوو بۆچووندا بەشداربوون، لەوەی کە ئایا وڵاتانی دراوسێی هەرێم (تورکیا، ئێران، سوریا، عیراق) میوانداری بکرێن؟ هەندێکیان وتیان ئەگەر ئەوان بێنە کۆنگرەکە ئێمە بەشداری ناکەین.

ئەم دوو خاڵە دەبێت بە گرنگی باسی لێبکرێت و پێشتر سازانی لەسەر بکرێت و ڕوونکردنەوەی بۆ بدرێت.

لەوانەش گرنگتر، خاڵێکی نێگەتیڤ بەرۆکی کۆنگرە دەگرێت، ئەویش هێزەکانی هەر پارچەیەك لە ناوخۆدا کێشەو گرفتی زۆریـان هەیە لەهەر چـوار پارچەی کوردستان و هێزەکانی هەرچوار پارچەش پێکەوە کێشەو خیلافەتی زۆرو زەوەندەیان هەیە، کە تائێستا هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی کۆنگرەکە بووە کە پێویستی بە ئەڵتەرناتیڤ هەیە، بەڵام خاڵێکی جەوهەری گرنگ هەیە کە بێ ئەڵتەرناتیڤە، ئەویش ئەوەیە کە کۆنگرە بەبێ PKK و یەکێتی و پارتی و کۆمەڵەو دیموکرات سازناکرێت و نابەسترێت.

## 100
## ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی سەردانەکەی ئۆغلۆ

هۆکارگەلی زۆرو زەوەندە هەن بۆ سەردانەکەی داود ئۆغلۆ بۆ بەغداو هەولێر، چ سیاسی، ئابووری، سەربازی و تەنانەت موخابەراتی و هەواڵگریش.

بەڵام دەکرێت ئاماژە بە دیوە نێگەتیڤەکانی ئەو سەردانە (48) کاتژمێرییە بکەین، کە ماناو مەغزاکانیان هەڵگری نادۆستایەتی، بێ متمانەیی، ترس و نیگەرانییە لە بەغداو هەولێر، کە خودی داود ئۆغلۆو حکومەتەکەی بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو لێی بەرپرسن و دەستیان تێیدا هەیەو رۆڵیان تێدا گێڕاوە.

ئۆغلۆ، کە بە داڕێژەری سیاسەت و ستراتیژی قوڵ و پانوپۆڕی حکومەتەکەی ئەنکەرە ناسراوە، هەمیشە بە نەرێنی روانیویەتیە وڵاتانی دراوسێی و ویستویەتی رۆڵی کارەکتەرو سیناریۆگێڕی پڕئاژاوەو ترس و پێکدادانی هەبێت لە عیراق و سوریاو وڵاتانی عەرەبیدا.

ئۆغلۆ، کاتێك ناتوانێت شەو لە یەکێك لە هۆتێلە پێنج

ئەستێرەکانی بەغدا بە ئارامی بخەوێت و هەر ئەو شەوە ناچارە کاتژمێر 2:00 بە فڕۆکەکەی بگاتە هەولێر..
ئەم حاڵەتە ئاماژەیە بۆچی...؟

لەکاتێکدا باڵیۆزخانەیەکی گەورەی وڵاتەکەی لەوێ هەیە؟ ئەی چۆن بەغدا کە هێندە پڕمەترسییە ئینسانەکانی ئەو باڵیۆزخانەیەی لەو وڵاتە جێگیرکردووە بەتەنها جێیهێشتووە؟
ئاماژەکانی ئەو نەمانەوەی ئۆغلۆ، ئەوەیە کە ترسی لە حاڵەتی ئەمنی و تیرۆرو ڕووداوگەلی چاوەڕواننەکراو لەو وڵاتە هەیە، کە خۆی باش دەزانێت چەندە نائارام و پڕمەترسی کردووە.
شەڕی تائیفی شیعەو سوننە، کوشتنی دەیان هەزار کەس لایەنی یەکەمی و بەرپرسیاری ئەنکەرە بووە..!
حکومەتەکەی ئۆغلۆ بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو سیناریۆی پەلاماردانی موسڵ بە گروپی تیرۆریستی داعش دەسپێرێت، بەمەبەست نائارامکردنی زیاتری عیراق و پشتیوانی سوننەکان و ڕێگا خۆشکردن بۆ هێنانە پێشەوەی دۆستە ئیسلامییەکانی ئیخوان موسلمین و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پرسیاری ئەوە دروست دەبێت بۆ یەکەم سیناریۆی داعش داگیرکردنی موسڵە؟ وەڵامەکەی ڕوونە، کە خەون بینینە بە گەڕانەوەی موسڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەتا نەوتەکەی بە هەرزان بەرێت وەکو چۆن ئێستا بەرمیلی بە (25) دۆلار لە داعش دەکڕێت..!
ئۆغلۆ، کاتێك دراوسێیەکەی وەها شێواندووەو سیناریۆی دوژمنکارانەی بۆ داڕشتووە، ناهەقی نییە کە شەو ناتوانێت لە بەغدا بمێنێتەوە.

ڕادەستکردنەوەی سەرکردە سوننیەکانی عیراق کە پەناهەندەن لە ئەنکەرە لەسەر داوای حکومەتەکەی عەبادی (تاریق هاشمی و زاواکەی کە ئێستا لە ئوردونە، حارس زاری، عەدنان دلێمی) ئاماژەن بۆ کەینوبەینی ئۆغلۆو عەبادی، ئەگەرچی دیار نییە، ئۆغلۆ تا چەند ڕەزامەندی بۆ ئەو کارە نیشانداوە، بەڵام بێ سێ و دوو مەرجی ئەوەی هەبووە کە عیراقیش هاوکاری ئەنکەرە بکات لە فشار خستنە سەرو پەشیمان بوونەوە لەو قسانەی عەبادی کە وتی "ڕێگا نادەین ئەنکەرە لە خاکی عیراق هێرش بکاتە سەر گەریلاکانی PKK".

ئۆغلۆ، نیگەرانی زۆری هەیە لە هاوکارییەکانی عیراق بۆ PKK و بەتایبەتی بۆ PYD و کانتۆنەکانی خۆرئاوا، بۆیە دورنییە ئەو ڕەدەڵ و بەدەڵە بکەن، بەتایبەتی کە ئەنکەرە ئامادەیە نرخی زۆر زیاتر بدات لە گیانی هاشمی و دلێمی، ئەگەر کۆتایی بە PKK بهێنێت.

ئۆغلۆ، نیگەرانییەکانی هەر ئەوە نییە کە شەو لە بەغدا نامێنێتەوە، بەڵکو کە دێتە هەولێریش، ئەم نیگەرانی و فۆبیایەی کۆتایی نایەت.

کاتێك دەچێتە کامپی ئاوارەکانی تورکمان لە (بیرسفێ) لە زاخۆو منداڵێك دەگرێتە باوەش و دەیەوێت میهرەبانی خۆی نیشانبدات بۆ ئاوارەکان، کە خۆی و حکومەتەکەی سەبەبکاری ماڵوێرانی ئەو منداڵانەو تورکمان و ئێزیدیەکانی شەنگال بوون بەو قەتلوعام و دەرپەڕاندنیان و تەعەدا کردن لە کچانی بێ دیفاعیان.

هاوکات لەگەڵ چوونی بۆ کامپەکە، سێ هەلیکۆپتەری جەنگی و دەیان کۆماندۆس دەگەنە گۆڕەپانی کامپەکە بۆ پارێزگاری لە

سەلامەتی ئۆغلۆ.

بۆچی..؟

لەبەرئەوەی ئۆغلۆ هیچ متمانەیەکی بە هەرێم و بەغدا نەماوەو پێیوایە لەهەر دەرفەتێکدا گەریلایەکی PKK ی لێ قوتدەبێتەوە یان ئاوارەکانی کامپەکە رق و تورەبوونی خۆیانی بەسەردا برێژن، ئەگەرنا سێ هەلیکۆپتەر بۆچی کە لەژێر پارێزگاری دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندانین؟

یەکێکی تر لە دیمەنەکانی بێ متمانەیی ئۆغلۆ، ئەوکاتەیە سەردانی یەکێك لە بنکەکانی راهێنانی مەشقی پێشمەرگە دەکات، لەوکاتەدا کە پێشمەرگەیەك خەریکی نیشاندانی مەشقە لەسەر چەکە نوێیەکەی بەردەستی، ئۆغلۆ دەچێتە پێشەوە، بەڵام کۆماندۆسێکی تورك بێ پرەنسیپی میوانی دەچێتە پێشەوە، کە دیارە ترس و گومانیان لە پێشمەرگەش هەیە.

لەوانەش خراپتر، هێشتا قسە سواوەکانی چەند ساڵی رابردوویان واز لێ نەهێناوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی دیفاکتۆ بە (ئیدارەی هەرێم) ناودەبەن و بە PKK ی شۆڕشگێڕیش دەڵێن (تیرۆریست).

ئۆغلۆ، ئامادەیە بچێتە بەغداو هەولێر، وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا بە مەبەستی سیاسی، ئـابـووری، سەربازی، موخابەراتی و هەواڵگری، بەڵام لەکاتێکدا رۆژانە دەیان وەفدی جۆراوجۆری کوردستانی، عیراقی و بیانی سەردانی مام جەلال دەکەن، ئامادە نەبوو سەردانی سلێمانی و مام جەلال بکات، تەنانەت تائێستا هیچ کام لە سەرکردە باڵاکانی تورك ئەوکارەیان نەکردووە، کە دیارە هۆکارەکانی چییە؟!

ئەمانە بەشێك بوون لە دیوە نێگەتیڤەكانی سەردانەكەی ئۆغلۆ بۆ عیراق و هەرێمی كوردستان، لەكاتێكدا دڵنیام هەرگیز ناتوانێت خەونە پان توركیسزمەكەی خۆی و ئاتا تورك بهێنێتەدی.

## 101
## تێڕوانینی جیا بۆ تیرۆریزم

بەدرێژایی چەندین ساڵە، بەردەوام گوێبیستی چەمکی تیرۆریزم دەبین، وەکو ئاراس فەتاح دەڵێت "تیرۆریزم ئەوکاتە دەبێت بە کێشە، کە ببێت بە زاراوەیەکی بەدیهی و بەسەر زمانی هەموو کەسێکەوە بێت، ئایدۆلۆژیگەرانەو ئارەزوومەندانە بەهەموو هێزێك بوترێت تیرۆریست یان فاشی...".

لە ئێستای سەردەمی گلۆبالیزمدا، پۆلێنکردنی ئەم چەمکە زۆرترو زیاتر لەلایەن ئەمریکاو خۆرئاواوە بەمەبەستی سیاسی، ئابوری بەکاردەبرێت و هەیمەنەی تەواووی ئەوانی بەسەرەوەیە، جیالەوەی پۆلێنکردن و تێڕوانینی ئەوان زۆرجار پڕیەتی لە دوو فاقیەت و بەرژەوەندیخوازانە.

بۆ ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپا، چەمکی تیرۆریزم، هەڵگری ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانە، ئەگەرچی وەستان لەسەر گروپگەلی ئیسلامی و سەلەفیەکان کە هەڵگری رادیکاڵیزم و قەتلوعامی خەڵکی سڤیل و مەدەنی و بێ دیفاعن.

که وردتر دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو ململانێکانی بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیانگرت، بەرچاوترینیان ئەلقاعیدە بوو، کە بە دڕندەترین و تیرۆرسترین گروپی ئیسلامی رادیکاڵ ناسرابوو تا هاتنی داعش، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەمریکاو ئەوروپا خۆشیان دەستیان هەبوو لە باربۆکردنی ئەم رێکخراوە دژی حکومەتە کۆمۆنیستیەکەی نەجیبوڵڵا لە ئەفغانستان، کە نوێنەرایەتی بلۆکی بەناو کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد.

تەنانەت هاوکاری گروپە ئیسلامیەکانی تری وەك (ئەحمەد شا مەسعود، عبدالرشید دۆستەم، رەببانی...) دەکرد تا ئەوکاتەی زۆربەی ئەم هێزانە لەژێر کۆنترۆڵیان دەردەچن و دەبنە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان و دواتر دەیانخەنە لیستی تیرۆرەوە.

ئەو لیستەی کە ساڵانە واشنتۆن ئەبدێتی دەکاتەوەو ناوەکان کەم و زۆر دەکات.

تازەگی داعش لەسەروی قائیمەکەیاندایە، لەپاڵ بەرەی نوسرە، بزوتنەوەی گەنجانی سۆماڵ، سوپای شەریعەتی لیبیا، بزوتنەوەی نەجاتی جەزائیری، بۆکۆ حـەرام...) کە هەموویان لە دامێنی ئەلقاعیدەو داعش داکەوتوون.

بەڵام هەلومەرج و زەمینەسازیشیان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاو خۆرئاواوە بۆ کرابوو، لەبابەتی شکستی ئەجێندای بەهاری عەرەبی، کە زۆربەی ئەو گروپە ئیسلامیە رادیکاڵانە زادەی ئەو شکستەن، یان زادەی تێکشکانی رۆڵ و دەخالەت و هەیمەنەی ئەمریکان لە ئەفغانستان، سوریاو عیراقدا، تا دەگات بە سەرهەڵدانی داعش کە تەواووی ناوچەکەی توشی مەترسی

گەورە کردوەتەوە، کە دیسان ئەنکەرەی هاوپەیمانی واشنتۆن و وڵاتە نوێیەکانی دۆستی لەپشتیەوەن.

بەڵام پۆپۆلیستی ئەمریکا سەبارەت بە تیرۆریزم و لیستی تیرۆر کاتێك ئاشکرا دەبێت کە دەیان رێکخراوی چەپ و مارکیستی شۆڕشگێڕ، یان ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی لەگەڵ ئەو گروپگەلەی لەسەرەوە باسمانکردن، ریزبەند کراون.

ئەمریکا، بەخاتری بەرژەوەندییەکانی لە ئەمریکای لاتین بزوتنەوەی مارکیستی چەکداری فارك لە کۆڵۆمبیا، پڵنگەکانی تامیل لە سریلانکا، تۆپاك ئامارۆ لە بۆرما، لەناو ئەم لیستە داناوە.

بەڵام رەنگە پۆپۆلیستی ئەمریکا سەبارەت بەچەمکی تیرۆریزم و تێڕوانینی ئەوکاتە باشتر دەربکەوێت کە پێرار ساڵ سازمانی مجاهیدین خەلقی ئێرانی لەو لیستە دەرهێنا، بەڵام تا ئەوساکەش پەکەکەی لەو لیستە هێشتووەتەوە، لەکاتێکدا باشدەزانێت، کە ئەم بزوتنەوەیە لەڕیزی پێشەوەی دژایەتی تیرۆریزمدایە، بەتایبەتی دوای کۆبانێ، کە بووە هۆی تێکشکاندنی فۆبیای داعش بەهۆی رۆحی مقاوەمەت و شۆڕشگێڕی شەڕڤانانی پەیەدە.

بۆیە دەکرێت بڵێین، تێڕوانینی خۆرئاوا بۆ چەمکی تیرۆریزم هێشتا زۆر پۆپۆلیستی و بەرژەوەندیخوازانەیە کە پێویستی بە پێداچوونەوەو تعریفی تازەیە.

## 102
## ڕێککەوتنی چاوەڕواننەکراو

سەرئەنجام بە ئەجێندایەك کە پێدەچێت ئێران سازیکردبێت و رۆڵـی گرنگی هەبوبێت تێیدا، هەولێر - بەغدا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سیاسی، ئابوری و ئەمریکاش پشتیوانی خۆی لەوکارە دەربڕیووە.

پێدەچێت ڕێککەوتنەکە پێشتر ئەندازیارێکی پسپۆڕ ئەجێنداکەی دارشتبێت و بە شێوەیەکی کۆنکرێتی کە بە لایەنەکانی هەولێر - بەغدا بێنە سەر خەت، چونکە کاتی دانیشتنەکانی وەفدی هەرێم و بەغداو ڕۆژانی یەکەمیشی لێدوان و بۆچوونەکانی هەردوولا هێندە گەشبینانەو چاوەڕوانکراو نەبوون کە ڕێککەوتنێکی ئەرێنی لێبکەوێتەوە، بەهەمانشێوە حکومەتی عیراقیش هەڵوێست و بۆچوونەکانی بەوشێوەیە نەبوو کە ئەمەی لێبکەوێتەوە، واتا دەکرێت بڵێین ئەوە دروستە، کە ئێران ئەجێنداسیتنگی و سیناریۆ دارێـژەری سەرەکی ئەم ڕێککەوتنە خێراو چاوەڕواننەکراو و ئەکتیڤەیە.

فاکتەرەکانی پشت ئەم رۆڵەی ئێران چییە..؟

ئێران لە سەرەتای قەیرانەکەشدا لە سەردەمی مالیکی-دا ئەجێنداسیتنگی سەرەکی خوڵقاندنی قەیرانەکە بوو، لەبەر کۆمەڵێك فاکتەری کوردستانی، عیراقی، ناوچەیی، هەربۆیە رەنگە ئاسان بێت بۆ وڵاتێکی وەکو ئێران کە خوڵقێنەری قەیرانەکەیەو ئەندازیاری چارەسەریشی بێت.

ئێران پێیوایە، درێژەکێشانی قەیرانەکانی هەولێر – بەغدا، لە قازانجی ئەجێنداو بەرژەوەندییەکانیدا نییە، بۆیە پێی باشبوو کۆتایی پێبهێنێت.

ئەمریکا بەنهێنی لەگەڵ سەرۆك خێڵ و هۆزەکانی ناوچە سوننیەکان دانیشتنی کردووەو بڕیاریداوە کە سەد هەزار کەسیان بۆ چەکدار بکات و لە داهاتووشدا بیر لە هاوکاری زیاتریان بکاتەوە، ئەم خاڵە زۆر مایەی نیگەرانی ئێرانە، چونکە پێیوایە هێندە جیاوازی نییە لە نێوان داعشی سەلەفی و رادیکاڵی ئیسلامی سوننی و خێڵ و عەشائیرە فیودال و کۆنە بەعسی و ناسیۆنالیستە سوننیەکان، کە مایەی هەڕەشەن لەسەر بەغداو شیعەکان و هەیمەنەی ئێران لە عیراقدا، ئەمە یەکێکە لە فاکتەرەکان کە تاران رێککەوتننامەکەی خێراتر کرد.

یەکێکی تر لە فاکتەرەکان باس لە رێککەوتنێکی نهێنی ئەمریکاو خۆرئاواو وڵاتانی کەنداو دەکرێت بۆ پارێزگاری بـەردەوام و درێژماوە لە سوننەکان و کوردەکان و دانانی بنکەی سەربازی لەو دوو ناوچەیە، کە ئێران لەم سیناریۆ نهێنییەش نیگەرانە، بەهۆی پەراوێزخستنی شیعەکان و کەمکردنەوەی رۆڵی ئێران، بەتایبەتی سوننەکان زۆر نیگەرانن لە رۆڵی ئێران و رەنگە بەشێك لە هێزە

سیاسییەکانی هەرێمیش خۆشحاڵ نەبن بە رۆڵی ئێران.

ئەو دوو خاڵە، بەهۆی دەخالەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە رۆڵیان هەبوو لەوەی ئێران ئەجێندایەك ئامادەبکات کە بۆ هەولێرو بەغداش چاوەڕوان نەکراو بێت.

جیا لەوانە، چەند فاکتەری تر رۆڵیان هەبوو لە دەخالەتی خێرای ئێران بۆ ئەو رێککەوتنە، لەوانە:

شکستی دانوستانەکانی نێوان گروپی (5+1) لەگەڵ تاران لەسەر فایلی ئەتۆمی ئێران، فشاری زۆرتری خستە سەر تاران کە لە ئاستی ناوچەیی، سیاسەتەکانی تا رادەیەکی باش چوونەتەپێش لە یەمەن، بەحرێن، عیراق، سوریا، لوبنان و هەرێمی کوردستان، بۆیە نابێت بە ئاڕاستەیەکی تردا بڕۆن کە پێچەوانە بێتەوە، بەتایبەتی رۆڵی ناوچەیی ئێران کێرڤێکی هەڵکشاوی بەخۆیەوە بینیوەو تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە بەرامبەر تورکیاو سعودیەو وڵاتانی سوننی، بۆیە نایەوێت شکستی دانوستانەکانی (5+1) کاریگەری گەورە لەسەر سیاسەتەکانی دابنێت و رێککەوتنی نێوان هەرێم و عیراق یەکێکە لەو کارتانە.

یەکێکی تر لە فاکتەرەکان، ئەو سیناریۆ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەیە کە ئەمریکاو خۆرئاواو سعودیە دایانڕشتووە دژی روسیاو ئێران و بلۆکی ئەنتی خۆرئاوایی بە دابەزینی نرخی نەوت بۆ (70) و کەمتریش بەهۆی چەند پێشبینییەکی پسپۆڕانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی تا ساڵی (2018) ئەم دابەزینە بەردەوامی دەبێت.

واتا دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر رەوشی ئابوری ئێران دانـاوەو بەهای دراوی (تمەن - ریـاڵ)ی ئێرانی

بەتەواووی پەکیخستووە، بۆیە بۆ ئێران واباشە قەیرانەکانی کە دەبنە مایەی رۆڵی هەیمەنەی ئەوە دەتوانێت بە قازانجی ئابوری ئێران بێت لە بابەتی باشبوونی پەیوەندییەکانی عیراق و هەرێم یەکێکە لەو فاکتەرانە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە لەڕووی ئابورییەوە سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت و تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە، بۆیە ئەم هەوڵەی هەرێم نیگەرانی لای حکومەتی عیراقی دروستکردووەو ناچاریکرد ملبدات بۆ رێککەوتن لەگەڵ هەرێم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هیچ لایەك تەنازولی لە داواو مافەکانی نەکردووە، بەڵام شتێکی سادەو ئاسانە کە لە دانوستان و گفتوگۆکاندا دەبێت شتێك بدەیت و شتێك وەربگریت، بەڵام قسەکە ئەوەیە رۆڵ و دەخالەتی ئێران رۆڵی گرنگی گێڕاوە لەم پرۆسەیەو فایلەکانی تری عیراق و هەرێم و ناوچەکە، کە بێگومان هەر ئێران نییە، بەڵکو ئەمریکاو تورکیاو وڵاتانی سوننەش فایل و ئەجێندای خۆیان هەیە لەو قەیرانانەی عیراق و هەرێمدا.

## 103
## جنسیە، ئیقامەو پاسپۆرت کرێچین...!

فەرمانگەکانی (جنسیە، ئیقامەو پاسپۆرت) وەکو سێ یەکەم و گرنگترین فەرمانگەکانی حکومەت و یەکەم و یەکەمترین شوێنی پێویست بۆ ژیانی هاووڵاتیان، ئەو سێ فەرمانگەیەن.
یەکێك لە سیماو خەسڵەتەکانی دامــەزراوەی حکومەت و بەسیستمکردنی هەیکەلەی حکومەت، رێکخستنی کارەکان و گرنگیدانە بە دەزگاو دامەزراوەو فەرمانگەکانی و ئەوەش دەبێتە ئەلف و بێی دەرچوون لە رۆتین و راییکردنی کارەکانی هاووڵاتیان، کە بەداخەوە هەرێمی کوردستان لەماوەی (23) ساڵی رابردوودا کەمتەرخەمی گەورەی کردووە، چ بەرامبەر سیستماتیزەکردنی دامەزراوەکانی حکومەت، چ بەرامبەر ئەوەی کە تا ئەم ساتەش سەدان دامودەزگای حکومەت لە کرێچی و شوێنی نەشیاودان، کە بۆ هەیبەتی حکومەت باش نییەو لەوەش خراپتر ئەو شوێنانە شایستەی ئەو بەڕێوەبەرو کارمەندە دڵسۆزانەی ئەو سێ فەرمانگەیەی سـەرەوەو زۆر لە فەرمانگەکانی تری حکومەت

نییە، جیالەوانەش بە شێوەیەك لە شێوەكان ڕێزنەگرتنە لە مافی هاووڵاتیان لە سەردانكەرانی ئەو دامودەزگایانە.

ئەگەرچی لەو فەرمانگەیانەشدا ئیشوكارەكان زۆرباش ڕێكخراون و ژوورەكان یەك یەك ژمارە كراون و فەرمانبەرەكانیان ڕێنمایی هاووڵاتیان دەكەن بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانیان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، بۆ سێ فەرمانگەی گرنگی وەك (پاسپۆرت، ئیقامەو جنسیە)ی شارێكی گەورەی وەك سلێمانی و بێگومان بۆ هەولێرو دهۆك و گەرمیانیش، ئەم شوێنانە شیاوە، لەكاتێكدا لانیكەم دەبێت بۆ بیناو خانووەكانی ئەم فەرمانگانەو فەرمانگاكانی تری حكومەت تایبەتمەندێتی فەرمانگەكەو كارەكانی دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، كە لە ئێستای ئەم شوێنانە، ڕەچاو نەكراوە، چونكە بیناكان بۆ ئەمجۆرە فەرمانگانە دروستنەكراون و بچووكن و لەناو گەڕەك و ماڵاندان و زۆریان هاوینان گەرمن و زستانان ساردن و ئاو دێتە ژوورەكانیانەوەو سیستمی تەكنەلۆژیاو IT ی ئەم فەرمانگانە ڕێكنەخراوە.

ئێستا قسەكە ئەوەیە، ئایا ڕۆژێك سەرۆكی حكومەت، سەرۆكی پەرلەمان، وەزیری ناوخۆ سەردانی ئەم فەرمانگانەیان كردووە؟ ئەم خانوە نەشازانەیان بینیوە؟ كە شایستەی ئەم دامەزراوە گرنگانەی هەرێم نین و پەیوەستن بەژیانی خەڵكەوە؟

حكومەت ئەوە دەزانێت هیچ كەس لە دونیا، لە هەرێم نییە هەڵگری جنسیەو نفوس و پاسپۆرت نەبێت، یان لە ئەولەویاتەكانی ژیانی نەبێت، كەس هەیە ڕۆژانە پێویستی بە جنسیەو نفوس و پاسپۆرتەكەی نەبێت؟ بێگومان نەخێر.

ئەگەر وابێت و ئـەم فەرمانگانە هێندە گرنگن، سەرۆكی

حکومەت نەدەکرا رۆژێك سەردانیان بکات و بە بڕیارێك فەرمانی ئەوە دەربکات کە بینای ئەم سێ دامەزراوەیەو دامەزراوەکانی تر لەسەر یەك فۆرم و دیزاین بۆ هەموو پارێزگاکان دروستبکرێت و تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی تاپۆو کەلوپەلەکانی لەبەرچاو بگیرێت.

خۆ ئەگەر حکومەت ئێستا بڵێت پارە نییە، خۆ پێنج ساڵ پێش ئێستا پارەی هەبوو؟ باشە کە پارەی نییە، با داهاتەکانی ئەو شوێنانە بۆ خۆیان بێت و لەوە دروستی بکەن.

پرسیارێکی سادە دەکرێت، بۆچی ساڵانە سەدان ئاپارتمانی زەبەلاح لە هەرێم دروستدەکرێت کە خەڵك گومان دەکەن بەتەنها هی سەرمایەدارەکان بن و پێیانوایە حزب و بەرپرسانی حکومەت شەریکن، بۆیە زەبەلاحترین ئاپارتمانی بازرگانی لە کامپ و شوقەو خانوو ساڵێکی پێناچێت و تەواو دەبێت، چونکە خێرو قازانج و داهاتی تێدایە، بەڵام ئەم سێ فەرمانگەیەو زۆربەی فەرمانگەکانی تری هەرێم، کە وابەستەیە بە ژیانی رۆژانەی خەڵکییەوە ئاوڕیان لێنادرێتەوە..؟!

لەکوێی دونیا شتی وا ماوە، فەرمانگەی گرنگی دەوڵەت کرێچی بن و لە خانووی کرێدا بن...؟َ

ئەگەر حکومەت چارەسەری راستەوخۆی پێنییە، فەرموو لە سەدا بیستی موچەی وەزیرو پەرلەمانتارانی کورد لە هەرێم و بەغدا ببڕێت و خانوی بۆ ئەم شوێنانە پێ دروستبکات، نەك سەرۆکی پەرلەمان بیر لە کڕینی (111) وەنەوشە بۆ پەرلەمانتاران بکاتەوە.

دەبێت سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و وەزیر لە ژوورەکانیان بێنە دەرەوەو مانگی جارێك سەردانی ئەم فەرمانگانە بکەن، چاو

له دڵسۆزی و گوزەران و شوێنەکانیان بکەن، بەتایبەتی پارێزگاری سلێمانی و هەولێرو دهۆك، ئەمکارانە لە سەرەتاییترین کارەکانیانەو دەبێت چارەسەریان بۆ بکەن، نەك خۆیان لە ڤێلاو ئاپارتمانی سپۆرت و شازدا بن و فەرمانگە گرنگەکانیش لە کۆڵانان و لەناو ماڵان و کرێچی بن.

باشترین بەڵگەش بۆ دڵسۆزی ئەم فەرمانگانە بە پلەی یەکەم بەڕێوەبەرو فەرمانبەرەکانیانن کە رۆژانە مامەڵەی هەزاران کەس رایی دەکەن و لە ژوورەکانیان دێنە دەرو خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن.

لایەنێکی تری بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەری ئەو شوێنانەو فەرمانگەکان، کە دەبێت فشار بکەن لەسەر حکومەت و تەنها بە راگرتنی یەك رۆژ دەوامی خۆیان، دەتوانن ئەو پەیامە بە حکومەت بگەیەنن، چونکە دڵنیام و دەزانم کە هەرکامیان دەیانجار کتاب و داوای رەسمیان پێشکەش بە حکومەت و پەرلەمان و وەزیر کردووەو جێبەجێیان نەکردووەو گوێیان لێنەگیراوە.

# 105
# تاكسی: موڵكی هاووڵاتیانە

ئەوە یەكەمجار بوو، گوێم لە قسەی یەكێك لە شۆفێری تاكسیەك بێت، هێندە هەست بە بەرپرسیاریەتی بكات، رێز لە پیشەكەی بگرێت و بڵێت، "راستە ئەم تاكسیە هی منە، بۆ بژێوی ژیانم كاری پێدەكەم، بەڵام چونكە رۆژانە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیان دەكەم، كەواتە تاكسی موڵكی هاووڵاتییە".

حیكایەتی تاكسیەكان لە سەرتاسەری دونیادا زۆرە، نووسەرێكی میسری كتێبێكی هەیە، وەكو نۆڤلێت  هەر بەناوی (تاكسی)، كە بەسەرهات و ژیانی شۆفێری تاكسیەكان دەگێڕێتەوە، كە جیهانێكی تایبەتەو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە.

جارێك لە فەڕەنسا لەگەڵ هاوڕێیەكم نزیكەی سێ چارەك وەستاین تا تاكسیمان دەستكەوت، بەڵام شوێنەكە دوور و بۆ سەنتەر بوو، نزیكەی (100) یۆرۆی لێوەرگرتین، بەڵام عەدادەی لەسەر بوو.

لە دوبەی، رۆژێك زۆر وەستاین بۆ تاكسی، بەڵام هیچ كامیان نەدەوەستان، كە پرسیارمان كرد؟ بۆمان دەركەوت پاسی پاسەوان

وێستگەی وەستانیان هەبوو، هاووڵاتیان سەرەیان گرتبوو بەسەرە سواری تاکسی دەبوون.

هاوڕێیەکم لە ئەوروپا تاکسی پێیە، تاکسیەکە هەموو ژیانی گۆڕیوە، هێندە کردویەتی بە کەسێکی یاسایی، ڕێزگرتن لە مافی هاووڵاتیان، وەکو خۆی دەڵێت، من جلوبەرگی یاساییم لەبەرە، دەبێت بەرپرسیارانە مامەڵە بکەم، ئەو سەرەڕای ئەوەی مەشروب دەخـواتـەوە، بـەڵام لەکاتی ئیشکردندا ئیلتیزاماتی هەیە بە پیشەکەیەوە، جارێك دەیوت، "ئەگەر ئیشەکەم و پیشەکەم نەبێت، من وەکو کورد، ڕەنگە زۆر شتم پێ قبوڵنەکرێت کە لەناو تاکسیەکەم ڕوودەدات".

لە ئێرانیش، تاکسیەکان نەك هەر چوار کەس سواردەکەن، بۆ چوار شوێنی جیاوازو ئاساییە ژن و پیاو بەیەکەوە سواربن، کە لە هەندێك لە پاسەکان ڕێپێنەدراوە.

بەپێی ئاماری نێودەوڵەتی، چۆن کۆمەڵگە دابەشدەکرێت بەسەر ئەوەی چەندە دکتۆر، مامۆستا، ئەندازیار چی پێویستە، تاکسیش لەناو هەمان ئەو پێوەرانەدایە، بەڵام لە کوردستان ئەم پێوەرە حسابی بۆ نەکراوە.

ئەی لە کوردستان، بارودۆخی تاکسی چۆنە، لە سلێمانی لە کەسێکم پرسی، بۆچی ڕێگا دەدەن ئەو هەموو تاکسیە بێتە سلێمانی، وتی، پێشتر ڕێککەوتووین لەگەڵ هەولێر، تاکسی بەپێی پێویست بهێندرێت، بەڵام ئەوان نەیانکرد، ئێمەش هەروا.

فەرمانگەی پۆلیسی هاتوچۆ، کە ئەرکیان خول و وۆرکشۆپە بۆ شۆفێری تاکسیەکانی بکەنەوە، بەڵام مانگانەو ساڵانە بە هەزاران مۆڵەت دەدەن، سەدان گەنج و ژمارە ئەدەن بە ئۆتۆمبێلەکانیان،

بەڵام فێری ئەوەیان ناکەن کارەکەی ئەوانیش پیشەیە.

حیکایەتی زۆر هەیە لە بارەی شۆفێری تاکسیەکانەوە، یەکێکیان رۆژێك وتی، "من ئەم تاکسیەم تەنها بۆ راو کڕیوە"؟

یەکێکی تریان وتی، "ئەم کاغەزە بچووکانە دەبینی، وتم ئەوە چییە، وتی ژمارەکەی خۆمی لەسەرە، هەر ئافرەتێك پێی خۆشبێت، دەیدەمێ".

یەکێکی تریان وتی، "من بۆ کاسبیم کڕیوەو شتی ناشرینی پێناکەم، چونکە خۆشم خاوەن خێزان و خوشك و دایکم".

یەکێکی تریان "عەزیز وەیسی خستبووە سەرو زیاد لەپێویست دەنگەکەی بەرزکردبووەوە، کە وتم کاکە تۆزێك کەمیکەرەوە، وتی برا خۆشە".

یەکێکی تریان کاسێتێکی قورئانێکی خستبووە سەر بە دەنگی بەرز.

یەکێکی تریان دەڵێت، "من تاکسیەکی مۆدێل کۆنم پێبوو، بەڵام چونکە کچان سوارنەدەبوون، ناچار گۆڕیم بۆ ئەم مۆدێل بەرزە کە ئێستا لاکشمیبایەو، جۆری تریش هەروەکو سەباوو..."

کوڕێکی گەنج دەڵێت، "چەندینجار دەستم لە تاکسی راگرتووە، نەوەستاوە، سەیرم کردووە لەولاتر بۆ کچێك وەستاوە، ئەمە پیشەی هەندێك لە شۆفێرە تاکسیەکانە، بەتایبەتی ئێواران".

برادەرێکم وتی، جارێك خێزانەکەم جانتاکەی لەناو تاکسیەك لێ بەجێما، کە هەموو ئاڵتوونەکانی تێدابوو، رۆیشتیش و خورا.

جارێك یەکێکیان پێیوتم، مامۆستا تۆ رۆژنامەنووسیت، دە شتێکیش بۆ ئێمە بنووسە، بڵێ ئەو هەموو غەرامەیە چییە بۆمان دەکەن.

حیکایەتی تاکسیەکان لە کوردستان زۆروزەوەندە، نووسینەکەشم

لەوەوە هات کە تاکسیەکان هێندە زۆربووە، هەم شەقامەکانیان قەرەباڵغ کردووە، هەم دیاردەی زۆر ناشرینیش لای هەندێکیان سەریهەڵداوە، کە ئیشی حکومەتە ئەم کێشەیە چارەسەربکات و ئەم دیاردە ناشرینەی ناو تاکسیەکان حەلبکات.

مانگی جارێك لانی کەم لەگەڵ تاکسیەك سواردەبم، هەر بۆ هەمان پرسیارو جواب، بزانم بارودۆخی شارو وڵات چییە، چونکە ئەوان وەڵامیان بۆ هەموو شتێك پێیە، حیکایەتی سەیر سەیریشیان لایە.

رۆژێك لە شەقامی سەهۆڵەکە، دەستم لە تاکسیەك راگرت، بەڵام لە ناوەڕاستی شەقامەکە وەستا، کە سواربووم، پێموت، "کاکە بۆ لە ناوەڕاستی شەقامەکە وەستایت، نازانی موخالفەیە، تۆزێك سەیری کردم و وتی، کوڕی باش من موخالفم یان تۆ، بەردەوام لەسەر تەلەفزیۆن بەرگری لە حکومەت دەکەیت، دە دوو قسەش بۆ ئێمە بکە، لە بەرامبەر ئەو هەموو غەدرەی لێمان دەکرێت".

## چاپکراوەکانی نووسەر

**1-خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا**
(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2003

**2-تیرستان**
(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2003

**3-قەدەر**
(شیعر) 2003

**4-کورد لەئاڵوگۆڕانکارییەکانی عیراقدا**
(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2005

**5-ئاشنایی بە ئەفلاتوون**
(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2005

**6-ئاشنایی بە ئەرستۆ**
(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2006

**7-فایل**
(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2006

**8-یاداشتەکانی ڕۆژانی تەنیایی، گابریێل گارسیا مارکیز**
(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2008

**9-دۆکیومێنت**
(گۆشەی ڕۆژنامەنووسی) 2008

**10-ڕۆمانێك لەگفتوگۆدا – چەند دیدار سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی**
(دیدارو چاوپێکەوتن) 2006

**11-کورد و قەیرانەکانی عیراق**
(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2008

**12-دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران**
(دیداری ئەدەبی) 2009

**13-لەئارێزەوە تا سازو زوڵفا**

(دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) 2010

**14-چاوەکانی باران**
(شیعر) 2010

**15-عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین**
(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**16-کاتی دواین قسەیە**
(گۆشەی ڕۆژنامەنووسی) 2011

**17-مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان**
(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**18-لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفیەو**

(فەلسەفە) 2011

**19-سەردەمی چاوەڕوانی**

(شیعر) 2012

**20-پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2012

**21-قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە**

(دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی) 2012

**22-شاهێنی ئاناوازا**

(دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە) 2012

**23-گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز**

(دیدار لەگەڵ ناسر رەزازی) 2012

**24-ملوانکەی شین، دیوانی شیعری شەریف**

(کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان رەئوف)(شیعر) 2013

**25-دیوانی بۆ ئازادی،**

دیوانی شیعری مصلح شێخولئیسلامی (رێبوار) کۆکردنەوە و ئامادەکردن وپێشەکی (شیعر) 2013

**26-چۆن بۆت بدوێم**

دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، (شیعر) 2013

**27-رۆڵی یەکێتی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2013

**28-مەلا بەختیار-گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی**

(وتاری سیاسی) 2013

**29-پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیدا**

(دیدار و چاوپێکەوتن) 2013

**30- بەهاری عەرەبی و مەترسییەکانی فێندەمێنتالیزم**

(سیاسی) 2015

**31- لە قەندیلەوە بۆ کۆبانی**

(دیدار لەگەڵ جەمیل بایك هاوسەرۆکی pkk و موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی pkk) (دیدار و چاوپێکەوتن) 2015

**32- هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش**

(سیاسی) 2015

**33- هەژموونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵـاتی ناوەڕاستدا**

(سیاسی) 2015